حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان /بەشی مێژوو

# ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان

## لە بەرەنگاربوونەوەی هزری شیعیدا (٤٥٩-٥٩٠ك/١٠٦٦-١١٩٣ز)
## خوێندنگەی بەغداد بە نموونە

**توییژینەوەیەکە:**

**ڕێکەوت عزیز حسن**

**پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو لە  پسپۆڕیی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست**

**بە سەرپەرشتی:**

**پرۆفیسۆر د. سەلاح کانەبی ئیسماعیل**

٢٧٢٣ کوردی　　١٤٤٤ کۆچی　　٢٠٢٣ زاینی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

**ئەم نامەی خوێندکار(ڕێکەوت عزیز حسن) بە ناونیشانی(ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی هزری شیعیدا (٤٥٩-٥٩٠ک/١٠٦٦-١١٩٣ز)خوێندنگەی بەغداد بە نموونە) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.**

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د. صەلاح کانەبی ئیسماعیل

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: ٥ / ٦ / ٢٠٢٣

بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.د.پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن

سەرۆکی بەشی (مێژوو).

ڕێکەوت: ٥ / ٦ / ٢٠٢٣

## ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار (ڕێکەوت عزیز حسن) بە ناونیشانی (ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی هزری شیعیدا (٤٥٩-٥٩٠ک/١٠٦٦-١١٩٣ز) خوێندنگەی بەغداد بە نموونە) (توێژینەوەیەکی مێژووییە) مان خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی (            ) بڕوانامەی (ماستەر)ی لە (مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د.
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ١٣ / ٤ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د. کامل ئەسوەد قادر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ١٠ / ٤ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د.
پلەی زانستی: پ. ی
ئەندام
ڕێکەوت: ١١ / ٤ / ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د.
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ١٣ / ٤ / ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی-پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ. یاریدەدەر د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: ١٧ / ٤ / ٢٠٢٣

# پێشکەشە بە

- ڕۆحی باوکم، دایکی ئازیزم، هاوسەری خۆشەویستم(شنۆ) منداڵەکانم(ڕێنوا، ڕوانی، بەندێر، باری).
- براو خوشکەکانم، هاوڕێ و خۆشەویستانم.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی لە سەرەتای خوێندنمەوە تاوەکو ئێستاش ڕووناکی ڕێگام بوون.
- هەموو ئەوانەی شەیدای فێربوونن.

# سوپاس و پێزانین:

- سوپاسی سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.د. سەلاح کانەبی ئیسماعیل) دەکەم کە لە ماوەی نووسینی ئەم نامەیەدا بەردەوام ڕێنیشاندەر و هاوکار و پشتیوانم بووە.
- سوپاسی سەرجەم مامۆستایان و سەرۆکایەتی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی دەکەم، بەتایبەت سەرۆکی بەشی مێژوو(پ.د.پشکۆ حمە طاهر عبدالرحمن) هەروەها(پ.ی.د.هاوار کمال)کە هەمیشە وەک برا و هاوڕێ هاوکارم بوون.
- سوپاسی هاوسەری ئەزیزم(م.شنۆ صالح) دەکەم، هەمیشە هاوکار و پاڵپشتم بووە لە تەواوی ژیانی هاوبەشمان، بەتایبەت لەماوەی ئەم نووسینەدا.

# لیستی هێما و کورتکراوەکان

| هێما کوردییەکان | |
|---|---|
| ب | بەرگی |
| ز | زاییني |
| چ | چاپ |
| ك | کۆچی |
| ل | لاپەڕە |
| و | وەرگێڕانی |
| **هێما عەرەبییەکان** | |
| ت | توفي |
| د. ت | دون تأريخ |
| تح | تحقيق |
| تخ | تخريج |
| تر | ترجمة |
| تص | تصحيح |
| ج | الجزء |
| د | الدكتور |
| ص | الصفحة |
| ص ص | الصفحات |
| ط | الطبعة |
| م | السنة الميلادية |
| هـ | الهجرية |
| **هێما فارسییەکان** | |
| هـ .ش | السنة الهجرية الشمسية |

# ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ١ |
| بەشی یەکەم: ڕەوشی مەزهەبیی جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی (٤-٥ک/ ١١-١٢ز) | ٩-٤٩ |
| باسی یەکەم: دەرکەوتنی ململانێی سوننە و شیعە لە جیهانی ئیسلامیدا | ١٠ |
| تەوەری یەکەم: سەرەتایەکی مێژوویی | ١٠ |
| تەوەری دووەم: لایەنە نارازییەکانی وەرگرتنی خیلافەت | ١٥ |
| تەوەری سێیەم :ململانێ هزری و سیاسییەکان | ١٨ |
| باسی دووەم: بوەیهییەکان و ڕۆڵیان لە شیعەگەرییدا | ٢٢ |
| تەوەری یەکەم: دەرکەوتنی بوەیهییەکان | ٢٢ |
| تەوەری دووەم: هەڵوێستی بوەیهییەکان بەرامبەر خەلیفە و خیلافەتی عەباسی | ٢٥ |
| تەوەری سێیەم: شیعەگەرایی بوەیهییەکان | ٣٠ |
| باسی سێیەم: دەرکەوتنی سەلجوقییەکان و هەوڵی ڕێگریی لە بڵاوبوونەوەی شیعەگەریی | ٣٨ |
| تەوەری یەکەم: کۆتایی بوەیهی و سەرەتای سەلجوقییەکان. | ٣٨ |
| تەوەری دووەم: دەرکەوتنی سەلجوقییەکان و ڕۆڵیان لە گۆڕانکارییەکانی ڕەوشی خیلافەتی عەباسی دا | ٤١ |
| تەوەری سێیەم: پەیوەندی سەلجوقییەکان بە خیلافەت و ڕێگرییان لە شیعەگەرایی | ٤٥ |
| بەشی دووەم: کەسایەتی (نظام الملک) (ڕۆڵ و سەردەمەکەی) | ٥٠-٧٩ |
| باسی یەکەم: کەسایەتی (نظام الملک) | ٥١ |
| تەوەری یەکەم: (گەورەبوونی، فێربوونی زانست، گەشتنی بەوەزارەت) | ٥١ |

| | |
|---|---|
| تەوەری دووەم: ڕۆڵی خواجە لە وەزارەتدا | ٥٤ |
| تەوەری سێیەم: کوژرانی (نظام الملک) | ٥٨ |
| باسی دووەم: ڕۆڵ و پێگەی (نظام الملک) لە دەوڵەت دا | ٦٢ |
| تەوەری یەکەم: توانا و دەسەڵاتی وەزیر لە وەزارەتەکەیدا | ٦٢ |
| تەوەری دووەم: ڕۆڵە سەربازییەکانی (نظام الملک) | ٦٦ |
| تەوەری سێیەم: (ملک شا) و وەزیر (نظام الملک) تەواوکاری یەک دەسەڵات بوون | ٦٩ |
| باسی سێیەم: کاریگەریی سیاسەتی (نظام الملک) لە سەر جیهانی ئیسلامی | ٧١ |
| تەوەری یەکەم: کاریگەرییەکانی لە ڕووی سیاسی، سەربازیی و کارگێڕییەوە | ٧١ |
| تەوەری دووەم: تورکان خاتوون، ئاستەنگ لەبەردەم خواجەی وەزیردا | ٧٦ |
| تەوەری سێیەم: کاریگەریی (نظام الملک) لەڕووی زانستییەوە | ٧٨ |
| بەشی سێیەم: خوێندنگە نیزامییەکان، دامەزراندن و بەرەو پێشچوونیان | ٨٠–١١٧ |
| باسی یەکەم: دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان | ٨١ |
| تەوەری یەکەم: سەرەتای دامەزراندنی خوێندنگەکان | ٨١ |
| تەوەری دووەم: ئامانج لە دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان | ٨٣ |
| تەوەری سێیەم: هەڵبژاردنی شاری بەغداد وەک یەکەم وێستگەی دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان | ٨٨ |
| تەوەری چوارەم: بۆچوونی مێژوونووسان سەبارەت بە سەرەتای دامەزراندنی خوێندنگە لە جیهانی ئیسلامیدا | ٩١ |
| تەوەری پێنجەم: خوێندنگەی نیزامییە بەکۆنترینی خوێندنگەی جیهانی ئیسلامی دادەنرێن | ٩٣ |
| تەوەری شەشەم: شێوازی وانە وتنەوە، مەزهەبی شافیعی و ڕێچکەی ئەشعەری، مەرجی سەرەکی وانە وتنەوە و وەرگیرانی مامۆستا و خوێندکار بوون | ٩٥ |
| تەوەری حەوتەم: دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان لە میسر و شام | ٩٨ |

| | |
|---|---|
| باسی دووەم: لقەکانی خوێندنگە نیزامییەکان، نیزامییەی بەغداد وەک گرنگترین لقیان | ١٠٠ |
| تەوەری یەکەم: گرنگترین خوێندنگە نیزامییەکان | ١٠٠ |
| تەوەری دووەم: نیزامییەی بەغداد | ١٠٢ |
| تەوەری سێیەم: لقەکانی دیکەی خوێندنگە نیزامییەکان | ١٠٥ |
| باسی سێیەم: ئەو زانایانەی لە خوێندنگە نیزامییەکان وانەیان وتۆتەوە و ڕۆڵیان هەبووە | ١٠٨ |
| تەوەری یەکەم: هەڵبژاردنی زانا و وانەبێژانی نیزامییەکان لەلایەن (نظام الملك)ەوە | ١٠٨ |
| تەوەری دووەم: هەڵسەنگاندنی توانای ئەو کەسانەی ئارەزووویان دەکرد ببنە مامۆستای نیزامییەکان، مەرج و پێوەرەکانی وەزیر بۆ ئەو پلەیە | ١١٠ |
| تەوەری سێیەم: گرنگترین ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنگە نیزامییەکاندا وانەیان وتۆتەوە | ١١٢ |
| بەشی چوارەم: ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە بەرەنگاربووەنەوەی شیعەگەرییدا | ١١٨-١٥٥ |
| باسی یەکەم: ئەو وانانەی لە خوێندنگە نیزامییەکان دەخوێندران | ١١٩ |
| تەوەری یەکەم: گرنگترینی ئەو وانانەی لە خوێندنگە نیزامییەکاندا دەخوێندران | ١٢٢ |
| تەوەری دووەم: زنجیرە و پلەبەندی ڕێبازی خوێندن | ١٢٤ |
| تەوەری سێیەم: میتۆدی خوێندن و ئازادی خوێندکار لە هەڵبژاردنی وانە و مامۆستاکەیدا | ١٢٦ |
| تەوەری چوارەم: تەمەنی خوێندکار و ماوەی خوێندن لە نیزامییەکاندا | ١٢٨ |
| تەوەری پێنجەم: دەمارگیریی مەزهەبی لە خوێندنگە نیزامییەکاندا | ١٢٩ |
| باسی دووەم: ڕۆڵی (الغزالي) مامۆستا و زانایانی خوێندنگە نیزامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی شیعەگەرییدا | ١٣١ |
| تەوەری یەکەم: پێگەی زانایان لای سەلجوقییەکان | ١٣١ |
| تەوەری دووەم: ڕێبازی (الغزالي) لە ڕووبە ڕووبوونەوەی باتنییەکان | ١٣٤ |
| تەوەری سێیەم: تێڕوانینی ئیبن عەرەبی و ئیبن تەیمیە سەبارەت بە باتینییەکان | ١٣٨ |

| | |
|---|---|
| تەوەری چوارەم: هەڵوێستی شیعە(ئیسماعیلی و باتینی) بەرامبەر (الغزالي) | ١٤٢ |
| باسی سێیەم:  ڕۆڵ و کاریگەریی خوێندنگە نیزامییەکان لە نێو کۆمەڵگە و دەسەڵات | ١٤٦ |
| تەوەری یەکەم: ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە نێو دەسەڵاتدا | ١٤٦ |
| تەوەری دووەم: ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا | ١٥١ |
| ئەنجام | ١٥٦ |
| سەرچاوەکان | ١٥٩ |
| الملخص | ا–ب |
| Abstract | I–II |

# پێشەکی

کاتێک ئاینی ئیسلام لە نیمچە دوورگەی عەرەب دەرکەوت و مسوڵمانە یەکەمینەکان لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بەهۆی هێزی ئایینەوە سەرکەوتوو بوون، پاشان ڕووەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا فراوانخوازییان کرد و وڵات و شاری زۆریان فەتح کرد، دانیشتووانی ئەو شوێنانە ئارەزوومەندانە یاخود بەناچاریی دەهاتنە نێو ئاینی نوێوە، هەندێکیان لەپێناو هەل و بەرژەوەندیەکی تایبەتی یاخود سەرزەنشتکاریی ئاینی لێرە و لەوێ بچوک و گەورە وەک گروپ و کەسایەتی دەرکەوتن، لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسی هەریەک لە ڕەگەزەکانی بووەیهی و سەلجوقی هەوڵی دەستگرتنیان بەسەر دەسەڵاتی خیلافەتداوە لەژێر ناوی پارێزگاریی و سەرخستنیدا، بەڵام ڕووداوە مێژووییەکان و ئەنجامی ئەو ڕووداوانە پێچەوانەی ئەو بانگەشانەیان تۆمارکردووە، لەسەردەمی دەسەڵاتی سەلجوقی(٤٤٧-٥٩٠ک/١٠٥٥-١١٦٩ز)سوڵتان و دەسەڵاتدارەکان دەستیان بەسەر کاروبارە سیاسی، ئابووریی، کارگێڕیی و سەربازییەکاندا گرت، تەنانەت دەستیان بۆ کەسایەتی خەلیفە درێژکرد و دەسەڵات و تواناکانیان تاوەکو ئەوپەڕی سنوردارکرد.

هەموو ئەوانە نەبوونە ڕێگریی لە دەرکەوتنی ڕۆڵ و جێدەستی کەسایەتییە بەهێز و بەتواناو کاریگەرەکانی نێو مێژووی ئیسلامی، (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقی یەکێکە لەوانەی ڕۆڵی لە وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکان و ڕەوتی مێژووی بەڕێگایەکی جیاواز لەوانەی پێش خۆی ئاڕاستە کرد و تۆمارێکی گرنگی بۆ مێژووی ئیسلامی و شارستانییەتی ئیسلامی جێهێشتووە، ئەویش جێ پەنجەیەتی لەبوارەکانی چاکسازیی، کارگێڕیی، سەربازیی و لایەنەکانی دیکەی دەوڵەتداریدا، (نظام الملک) لەو سەردەمەی تێیدا ژیاوە ڕۆڵی سەرەکی گێڕا و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکانەوە هەبووە، وەزیری هەردوو وەزارەتی (الب ارسلان) و (ملک شا)ی کوڕی بووە، پاشان هۆکاری پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سەلجوقی و پەیوەندییان لەگەڵ خیلافەت و ڕێکخەری بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان ئەو دوولایەنەبووە، لەهەمان کاتدا بەڕووی ئەو ڕەوش و ئاڵۆزییانە وەستاوەتەوە، کە بۆ هەردوولایەن و بە بڕوای ئەو بۆسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی بەگشتی مەترسی بوون، بەهۆی بڵاوبوونەوەی هزر و بیری شیعەگەریی بەگشتی و گروپەکانی سەر بەو مەزهەبە بەتایبەتی، لەو پێناوە و بۆ ئەو مەبەستە هەوڵی جۆراو جۆر و جیاوازیی هزری و سەربازیشی داوە، بەتایبەت هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان، لە سەردەمی سەلجوقییەکاندا لە ڕێگای

دامەزراندنی ئەو خوێندنگایانەوە و بەسیستمێکی پەروەردەیی و ئامانج و پلانی دیاریکراو توانی سەرنجی خوێندکار و زانایان بۆلای خۆی رابکێشێت لەوکاتەدا و جێگەی سەرنجی هەمووان بێت.

**(١) گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەوڵدراوە تیشکبخرێتە سەر هەوڵەکانی (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقی بۆ دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان و هۆکاری دامەزراندنیان خراوەتەڕوو، پاشان ڕۆڵی ئەو خوێندنگە نیزامییانە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی وەزیر و دەسەڵاتی سەلجوقی کە بۆیان داڕشتبوو لەپێناو بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی هزری شیعەدا، چ کاریگەریەکی دوور و نزیکیان بۆ جیهانی ئەوکات و ئێستای ئیسلامی لێکەوتەوە، بەگرنگ زانراوە لە مێژوو و چۆنییەتی بەرنامە و ڕۆڵی زانایانی ئەو خوێندنگایانە و هەوڵەکانیان بۆ سنورداركردن و نەهێشتنی گروپە شیعییەکان بکۆڵرێتەوە.

**(٢) ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ نزیکبوونەوە لەو ڕاستیانەی کە بوونی بیر و هزری سیاسی و مەزهەبی جیاواز هەر لەسەرەتاکانی دوای کۆچی دوایی پەیامبەری ئیسلام(د.خ) بوون بە بەشێک لە مێژووی ئیسلام و هەریەکەیان بە پشت بەستن بە بەڵگەیەکی مێژوویی یاخود ئاینی جیاواز خۆیی پێ ڕەوا و بەرامبەری پێ ناڕەواو نادرووست بووە، لەم پێناوەشدا هۆکاری جۆراوجۆریان گرتۆتەبەر بۆ سڕینەوەی نەیارەکانیان، ویستوومانە هەڵوێستەیەک لەسەر گەیشتن بە هۆکاری دامەزراندنی نیزامییەکان بکەین و وەک خاڵی بەریەککەوتنی هەردوولایەنی سوننە و شیعە و گروپەکانیان بیانخەینەڕوو، هەروەها هەوڵدانە بۆئەوەی سەرەتاو دامەزراندنی خوێندنگاکان و هۆکارەکانی دامەزراندنیان و میتۆد و وانەکانی خوێندن لەم خوێندنگایانە و گرنگی دامەزراندنیان بۆ جیهانی ئیسلامی بخرێنەڕوو، هەروەها خوێندنگە نیزامییەکان بودجە و شوێنی تایبەت بەخۆیان هەبووە، ئەمەش بۆخۆی داهێنراوێکی نوێ و بەسودی (نظام الملک)ی وەزیر بوو لەم خوێندنگایانەدا، کەبوونە هۆی سەربەخۆ بوونی خوێندنگاکان و ئاتاج نەبوونی مامۆستا و خوێندکارانی ئەو خوێندنگایانە.

**(٣) هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:**

سەبارەت بە هەڵبژاردنی (ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی هزری شیعیدا (٤٥٩-٥٩٠ک/١٠٦٦-١١٩٣ز) خوێندنگەی بەغداد بە نموونە)، لە دوولایەنەوە هۆکاری هەڵبژاردنی خراوەتەڕوو، یەکەمیان خوێندنگە نیزامییەکان بەسەرەتا و یەکەم خوێندنگە لە جیهانی ئیسلامیدا دادەنرێن کە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سەربەخۆی هەبووە جیا لە مزگەوتەکان، مامۆستای تایبەت بەخۆی و وانەی دیاریکراوی تێدا خوێندراوە.

دووەم بۆ دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسیارانە سەبارەت بە خوێندنگە نیزامییەکان، ئایا ئەو خوێندنگایانە لە جیهانی ئیسلامییدا کۆنترینی خوێندنگە ڕێکخراوە زانستییەکانن؟ ئامانجی ئەم خوێندنگانە تەنها ڕووبەڕووبوونەوەی هزری شیعە بووە؟ هەڵبژاردنی بەغداد بۆ ئەم خوێندنگانە چ گرنگییەکی هەبووە؟ هزری ئەم خوێندنگانە چ کاریگەرییەکی بۆ ئەو کات و دواتری جیهانی ئیسلامی هەبووە؟

**(٤) گرفتی توێژینەوەکە:**

خۆی دەبینێتەوە لە فراوانی بابەتی توێژینەوەکە لەڕووی بوونی بیروڕای جیاوازی هزری، مەزهەبی و سیاسی لەسەر دامەزراندنی خوێندنگەکان و ئەو ئەنجام و لێکەوتانەی لەو خوێندنگایانە کەوتونەتەوە، مێژووی ئیسلامی بەهۆی گرنگی دان بەژیاننامەی پەیامبەر(د.خ)، هەروەها نووسین و سەرچاوەی زۆر لەسەر مێژوو و لایەنەکانی دیکەی هزری ئەوسەردەمە، خەڵکانی خوێندەوار و زانا ئەو مێژووەیان بەوردی تۆمارکردووە، سەردەمی سەلجوقییەکان و خوێندنگەکانیش لەنێویدا نووسین و بابەتی زۆری لەسەر هەن، هەربۆیە ڕەنگە لەم توێژینەوەیەدا نەتوانرابێت بەتەواوی باس و لایەنەکانی خوێندنگا نیزامییەکان شەن و کەو بکرێن.

**(٥) میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە میتۆدی مێژوویی، وەسفی و شیکاری بەستراوە، بەپشتبەستن بە سەرچاوەی ڕەسەن و نزیک لە ڕووداوەکان، وێڕای فەرامۆش نەکردنی سەرچاوە لاوەکییەکان، بەتایبەت لە شیکاری بیروڕاو ئاڕاستە جیاوازە هزرییەکاندا.

**(٦) پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە چوار بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەم باس لە ڕەوشی مەزهەبی جیهانی ئیسلامی لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دەیەم ویازدەیەمی زایینیی دەکات، لە باسی یەکەمدا ئاماژەمان بە دەرکەوتنی ململانێی سوننە و شیعە لە جیهانی ئیسلامیدا کردووە، لەم باسەدا باس لە سەرەتاکانی درووستبوونی دەوڵەتی ئیسلامی و پاشان هۆکارەکانی سەرهەڵدانی هەردوو مەزهەبی سوننە و شیعە و دابەش بوونی ئەو بوارە هزریە کردووە، لە باسی دووەمدا هاتنی بوەیهییەکان و ڕۆڵیان لە بڵاوبوونەوەی شیعەگەریی دێت، سەرەتای سەرهەڵدان و وەرگرتنی دەسەڵات لە بەغداد و هەڵوێستیان بەرامبەر خیلافەتی عەبباسی و هەوڵەکانیان لەگەڵ دەسەڵاتی خیلافەتی فاتیمی و هەوڵی شیعەگەریی و کارەکانیان لەوپێناوەدا و بەکورتی کۆتایی ئەو دەسەڵاتە باسکراوە، باسی سێیەمیش تایبەتە بە هاتنی سەلجوقییەکان و هەوڵدانیان بۆ ڕێگریی لە بڵاوبوونەوە شیعەگەریی، سەرەتای سەلجوقییەکان و بانگهێشتییان بۆسەر گۆڕەپانی دەسەڵاتی عەبباسی و هەوڵەکانیان بۆ گۆڕانکاریی لەو دەسەڵاتەدا و پەیوەندییان لەگەڵ خیلافەت و ڕێگرییەکانیان لە شیعەگەرایی باسکراوە.

بەشی دووەم تایبەتە بە کەسایەتی (نظام الملک)، ڕۆڵ و سەردەمەکەی، لە باسی یەکەمدا تیشکخراوەتە سەر کەسایەتی خواجەی وەزیر، تایبەت بە ژیاننامە و چۆنیەتی گەیشتنی بە وەزارەتی سەلجوقییەکان، پاشان هۆکارەکانی کوشتنی لەلایەن باتنییەکانەوە، باسی دووەم ئاماژەکردنە بە ڕۆڵ و پێگەی ئەو وەزیرە لە دەوڵەتدا، لێرەدا باسی کارەکانی وەزیر لە ڕووی سەربازی و کارگێڕیی و بوارەکانی دیکەی دەوڵەت کراوە، لەگەڵ توانا و سنوری دەسەڵاتی وەزیر لە دەوڵەتی سەلجوقیدا، لە باسی سێیەمدا کاریگەریی سیاسەتی (نظام الملک) لە سەر جیهانی ئیسلامی دەخرێتەڕوو، کە کاریگەریی لەسەر دەوڵەتی سەلجوقی و خیلافەتی عەبباسی و کۆمەڵگەی ئیسلامی بەگشتی هەبووە و بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی جیهانی ئیسلامی کاری کردووە.

بەشی سێیەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ خوێندنگە نیزامییەکان دامەزراندن و بەرەو پێشچوونیان، لە باسی یەکەمیدا دامەزراندنی ئەو خوێندنگانە لەڕووی مێژوویی و سەرەتاکانی دامەزراندنیان باس دەکات، هەروەها هۆکاری دامەزراندن و ئامانجی خوێندگەکان و بۆچوونی مێژوونووسان سەبارەت بەو خوێندنگایانە دەخاتەڕوو، باسی دووەم تیشک دەخاتە سەر لقەکانی خوێندنگە نیزامییەکان و نیزامییەی بەغداد وەک گرنگترین لقیان باس دەکات، لە باسی سێیەمیشدا ئەو

زانایانەی لە خوێندنگە نیزامییەکان وانەیان وتۆتەوە و ڕۆڵیان لەو بوارەدا هەبووە و مەرج و چۆنیەتی هەڵبژاردنیان لە لایەن وەزیرەوە بۆ وانە وتنەوە لە خوێندنگەکاندا باس دەکات.

بەشی چوارەم ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی شیعەگەرییدا دەخاتەڕوو، تێیدا لە باسی یەکەمیدا ئەو بابەتانەی وەک وانە و پڕۆگرام لە خوێندنگە نیزامییەکاندا خوێندراوون ئاماژەپێدەکات، هەروەها بەرەوپێشچوون، بیر و هزری خوێندن، تەمەنی خوێندکار، کاتی خوێندن، قۆناغەکانی خوێندن، ڕێبازی خوێندن و دەمارگیری مەزهەبی باس دەکات، باسی دووەمی بۆ ڕۆڵی (الغزالي) ماموستای نیزامییە و زانای دیاری مێژووی ئیسلام و هەندێک لە هەڵگرانی هەمان بیری هزری نیزامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی شیعەگەرییدا تەرخانکراوە، ڕێبازی (الغزالي) بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گروپی باتنی و هەڵوێستی ئیسماعییلی و باتنییەکانیش بەرامبەر (الغزالي) باسکراوە، باسی سێیەم و کۆتا باسی بەشی چوارەم و توێژینەوەکە کاریگەریی ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکانە بۆ نێو کۆمەڵگە و دەسەڵات، تێیدا گرنگی ڕۆڵی زانایان و پەیوەندییان لەگەڵ دەسەڵاتی سەلجوقی و (نظام الملك)ی وەزیر و کاریگەریی ئەوان لەسەر کۆمەڵگە و پێگەیاندنی نەوەیەک لە خەڵکی خوێندەوار و بەکارهێنانیان بۆ ئامانجەکانی ئەو خوێندگایانە باسکراوە، هەروەها درێژبووەنەوەی ڕۆڵی ئەو خوێندنگایانە بۆ ماوەیەکی دواتر و ڕۆڵیان لەسەردەمی بنەماڵەکانی زەنگی و ئەیوبییەکان لە پاشتردا دەخرێتەڕوو.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند خاڵێک ئاماژە بەو ئەنجامانە کراوە کە لە توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین.

**(٧) شیکردنەوەی سەرچاوەکان:**

بەهۆی ئەوەی ماوە و سەردەمەی توێژینەوەکەمان سەردەمی ئاڵۆزی هزریی و گروپ ومەزهەب و دەسەڵاتە سیاسییە جیاوازەکانە، هەروەها خودی بابەتی خوێندنگە نیزامییەکان و ژیاننامەی (نظام الملك)ی وەزیر، زۆرێک لە سەرچاوەمێژووییەکان ئاماژە و گێڕانەوە و نووسینی زۆریان لەو ڕوانگەوە خستوەتە نێو دووتوێی بابەت و نووسینەکانیانەوە، هەربۆیە زۆرترین مێژوونووسەکانی ئەو سەردەمە و ئەوانەی پاشتریش ڕوودا و ڕەوشەکانیان بۆ گواستووینەتەوە و ئێمەش بەگوێرەی پێویستی و دەستکەوتنیان سوودمان لێوەرگرتوون.

یەکەم: ئەو سەرچاوە بنەڕەتیانەی تایبەتن بە گێڕانەوەی فەرمودە و سوودمان لێ وەرگرتوون وەک (مسند الامام احمد بن حنبل) (احمد بن حنبل ت ٢٤١هـ/٨٥٥م) و (صحيح البخاري) (البخاري ت

٢٥٦هـ/٨٦٩م) و (صحيح مسلم) (مسلم ت ٢٦١هـ/٨٧٤م)، هەروەها (سنن أبي داود) (أبو داود ت ٢٧٥هـ/٨٨٨م)، (السنن الكبرى) (النسائي ت ٣٠٣هـ/٩١٥م)، ئەم سەرچاوانە هەڵسەنگاندن یان خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکان ناکەن، بەڵکو تەنها تۆماری دەقەکانی فەرموودەیان لەخۆگرتووە.

دووەم: ئەو سەرچاوە ڕەسەنانەی بۆ ناساندن و خستنەڕووی گروپە مەزهەبییە جیاوازەکان سوودییان لێوەرگیراوە، لەوانە کتێبی(الفرق بين الفرق وبيان الفرقه الناجية) ی (البغدادي ت ٤٢٩هـ)، نووسەری ئەم کتێبە ئەشعەری بووە و ئەوەش زاڵ بووە بەسەر ئەو نووسینەیدا، هەرچەندە زۆرهەوڵی داوە زانستییانە مشتومڕی هەموو گروپەکان بکات، (الملل والنحل) (الشهرستاني ت ٥٤٨هـ/١١٥٣م)، ئەم نووسەرەش ئەشعەری و کەلامی بووەو تۆمەتباریش کراوە بە هەواداریی بۆ باتنییەکان، هاوکات بەشێکی سەرچاوەی زانیارییەکانیشی بۆ ئەم کتێبە لە باتنییەکان و زەیدی و (المعتزيلة)کانەوە بووە.

سێیەم: ئەو سەرچاوە و کتێبانەی کە نووسەرەکانیان خۆیان لە نێو ڕەوش و ڕووداوەکاندا بوون و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئاڕاستەی بیر و هزری خوێندنگەکان هەبووە، وەک: کتێبەکەی (نظام الملك)ی وەزیر خۆی (سير المولك (سياست نامه)، یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکانی مێژوو لە بواری پێشکەشکردنی ڕاوێژ و ئامۆژگاری بە دەسەڵاتداران لە بواری سیاسیدا، نووسەر کۆی تێڕوانینی خۆی بۆ سیاسەت و دەوڵەتداری و ململانێ هزرییەکانی لەو نووسینەدا جێکردووەتەوە، یاخود (احياء علوم الدين) و (المنقذ من الضلال) و (فضائل الانام من رسائل حجة الاسلام)ی (الغزالي ت ٥٠٥هـ/١١١١م)، ئەو سەرچاوە گرنگەی ئەو مامۆستایەی نیزامییە کە تایبەتی کردووە بە باسکردنی گروپی باتنییەکان و لەبەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا بۆ خستنەڕووی ئاڕاستەی هزرو تێڕوانینی نووسەرەکەی سوودی زۆرمان لێ بینیوە کتێبی(فضائح الباطنية)ی غەزالییە، کە نووسەر لەسەرداوای سەلجوقییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هزری باتنییەکان نووسیویەتی و ئامانجی لێدانی بیری باتنییە لەم نووسینەیدا.

چوارەم: ئەو سەرچاوە ڕەسەنانەی لایەنگری خوێندنگە نیزامییەکان دەکەن و نەیاری شیعەن، وەک (العواصم من القواصم) و (احكام القران) (ابن العربي ت ٥٤٣هـ/١١٤٨م)، نووسەر هەوڵیداوە بگەڕێتەوە سەر ڕیشەی ئەو پرسانەی شیعە پشتیان پێ دەبەستێت بەتایبەت تانەدان لە هاوەڵان، (ابن العربي)سەرسەختانە بەرپەرچی دید و تێڕوانینی شیعەکان دەداتەوەو بەرگریی لە دید و تێڕوانینی ئەهلی سوننە دەکات، هەروەها کتێبی (منهاج السنة النبوية في نقض كلام الشيعة القدرية)، (مجموع

الفتاوى) (ابن تيمية ت ٧٢٨هـ/١٣٢٧م) كە نووسەر ئەم کتێبەی وەک پەرچەکردارێک لەسەر نووسینێکی ابن المطهر الحلی  بە ناونیشانی (منهاج الكرامه) نووسی، هەروەها وەک کتێبێکی مەزهەبی کە بەتەواوەتی لایەنگری مەزهەبی خوێندنگە نیزامییەکان و خودی وەزیری سەلجوقی و لەزۆربەی بەشەکانی توێژینەوەکەدا سوودی لێ وەرگیراوە(طبقات الشافعية الكبرى) (السبكي ت٧٧١هـ/١٣٦٩م)یە.

پێنجەم: ئەو سەرچاوە و کتێبانەی لایەنگری شیعە و گروپە شیعییەکان و نەیاری وەزیر و خوێندنگە نیزامییەکانن، وەک: (فرق الشيعية) (النوبختي ت ٣١٠هـ/٩٢٢م)، یاخود (اتعاض الحنفاء باخبار الائمة الفاطميين الخلفاء) (المقريزي ت ٨٤٥هـ/١٤٤١م) کە سەرچاوەی ڕەسەنن، جیاڵەوانە سەرچاوەی ناوەندی(تاريخ ادبيات در ايران) (ذبيح الله صفا) بەزمانی فارسی باس لە مێژووی ئێران دەکات لە دووتوێی هەشت بەرگ دا، تێیدا بەوردی باس لە (نظام الملک)ی وەزیر و هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکانیش دەکات و لەم توێژینەوەیەدا سوودی زۆرمان لێ دیووە.

شەشەم: سەرچاوە و کتێبە مێژووییە ڕەسەنەکان، ئەوانەی بەشێوازێکی گشتی باس لە ڕووداو و کەسایەتییەکانی نێو مێژووی ئیسلامی دەکەن بۆ تەواووی توێژینەوەکە سوودی لێ وەرگیراوە، وەک: (المنتظم في تاريخ الامم والملوک) (ابن الجوزي ت ٥٩٧هـ/١٢٠٠م)، (معجم البلدان) (الحموي ت ٦٢٦هـ/١٢٢٨م) بۆ ناساندن و زانینیی شار و شوێنە جوگرافییەکان لەتوێژینوەکەدا پشتی پێبەستراوە، (الكامل في التاريخ) (ابن الاثير ت ٦٣٠هـ/١٢٣٢م)، (وفياب الاعيان) (ابن خلكان ت٦٨١هـ/١٢٨٢م)، هەروەها(تاريخ الاسلام و وفيات المشاهر والاعلام)ی مێژوونووس (الذهبي ت ٧٤٨هـ١٣٤٧م) کە نووسەر پسپۆڕی زانستی (الجرح و التعديل) بووەو ئەو پسپۆڕییەش ڕەنگدانەوەی هەبووە بەسەر کۆی نووسینەکەیدا، تێیدا ڕووداوەئیسلامییەکان لەسەرەتای کۆچەوە تاوەکو (٧٠٠ک/١٣٠٠ز) و ژمارەیەکی زۆری کەسایەتییە دیارەکانی مێژووی ئیسلامی باس دەکات، لە کوژرانی وەزیرەوە تاوەکو دامەزراندنی خوێندنگەکان سوود لەوسەرچاوە ڕەسەنە وەرگیراوە، (الوافي باالوفيات) (الصفدي ت٧٦٤هـ/١٣٦٢م)، (تاريخ دولة ال سلجوق) (ابن العماد الاصفهاني ت ٥٩٧هـ/١٢٠٠م) سوود لەزانیارییەکانی سەبارەت بە هەڵوێستی (نظام الملک) لەکاتی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ (ملک شا) و ڕۆڵی وەزیر لەسەردەمی دەسەڵاتیدا وەرگیراوە.

حەوتەم: سەرچاوە نوێیەکان، توێژینەوەکە زیاتر پشتی بە سەرچاوە ڕەسەن و کتێبە مێژووییەکان بەستووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەشێک لە توێژینەوەکە بابەتی شیکاریی هزری لەخۆی دەگرێت، هەربۆیە پێویست بە لێکدانەوە و بۆچوونی نوێ هەبوو بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان هزر و بیرە

جیاوازەکان و ڕەخنەگرتن لەهەریەک لەو بۆچوونانەی بابەتی توێژینەوەکەن، لەوانە: (تاريخ العراق في العصر السلجوقي) (حسين امين)، (التاريخ السياسي والفكري) (ابو الفتوح بدوي) یەکێکە لەسەرچاوە گرنگ و بەسوودەکانی ئەم توێژینەوەیە، کە جگە لە ڕووە مێژووییەکەی تیشکی زۆر دەخاتە سەر هزری وەزیر(نظام الملک) و دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان، هەروەها (التربية والتعليم في الاسلام) (محمد اسعد طلس)، (الفكر السياسي عند الباطنية و موقف الغزالي منه، احمد عرفات)، هەندێک لە سەرچاوە نوێییەکان لە لێکدانەوە و خستنەڕووی ستەم و لایەنگری شیعە و گروپەکانیان توێژینەوەکە سوودی لێوەرگرتوون، لەوانە: (صراع الاسماعيليون في العصور الوسطى) (شفيق ن. فيراني)، پاشان (الاسماعيليون تاريخهم وعقائدهم) (فرهاد دفتري)، و هەندێکی دیکە لەو سەرچاوانە ئەنجام و لێکەوتە هزرییەکانی خوێندنگە نیزامییەکان و زانایانی ئەو خوێندنگایانەی بەستۆتەوە بە لێکەوتە و بەشێک لەو توند و تیژیانەی لەنێو جیهانی ئێستاماندا دەردەکەون و بەردەوامییان هەیە، وەک:(نصوص المتوحشة) (علي احمد الديري).

# بەشی یەکەم

# ڕەوشی مەزهەبیی جیهانی ئیسلامی

# لە سەدەکانی (٤-٥ک/ ١١-١٢ز)

**باسی یەکەم**

**دەرکەوتنی ململانێی سوننە و شیعە لە جیهانی ئیسلامیدا**

**باسی دووەم**

**بوەیهییەکان و ڕۆڵیان لە شیعەگەرییدا**

**باسی سێیەم**

**دەرکەوتنی سەلجوقییەکان و هەوڵی ڕێگریی لە بڵاوبوونەوەی شیعەگەریی**

# باسی یەکەم

## دەرکەوتنی ململانێی سوننە و شیعە لە جیهانی ئیسلامیدا

### تەوەری یەکەم

### سەرەتایەکی مێژوویی

قورئانی پیرۆز بەڕوونی ئاماژە بە پێویستی یەکێتی ئومەت دەکات (إِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاعْبُدُونِ)،[١] (وَإِنَّ هَٰذِهِ أُمَّتُكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَأَنَا رَبُّكُمْ فَاتَّقُونِ).[٢]

پەیامبەر(د-خ)توانی ئاشتەوایی بخاتە نێوان خێڵەکانی ئەوس و خەزرەج و یەکیان بخات، پێشتر و بۆ ماوەیەکی درێژ جەنگ لە نێوانیاندا هەبوو،[٣] برایەتی خستە نێوان کۆچەر و پشتیوانەکان،[٤] پاشان پەیمانی لەگەڵ جولەکە نیشتەجێکانی مەدینە بەست، ئەمانەو ڕێکخستنە کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و لایەنەکانی دیکەی بەڕێوەبەرێتی شاری مەدینەی لەنێو(الوثیقة) [٥] دەستووری مەدینەدا ڕێکخست، بەمەش لە یەکێتی ئومەتەوە بەرەو یەکێتی دەوڵەت هەنگاوی نا.

هەرچەندە ئەم یەکێتییە لە خەوش و دەمارگیریی و بەرژەوەندی سیاسی خاڵی نەبوو، هەندێک لەوانە زۆری نەمابوو لە نێوان کۆچەر و پشتیوانەکانی مەدینەدا ناکۆکی درووستبکات، بەتایبەت بە

---

(١) (سورة الأنبياء: الأية ٩٢).(بەڕاستی ئەم پەیامبەر و ئوممەتانەن هاوبیر و هاوڕێبازی ئێوەن کە یەک گەل ویەک ئومەتن منیش پەروەردگاری ئێوەم تەنها من بپەرستن.(ئەحمەد کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان لە مانا و مەبەستی قورئان، چ٢، دار الفكر، بەیروت، ٢٠٠٩ز، ل٦٦٠).

(٢) (سورة المؤمنون: الأية ٥٢).(ئەمە ئایین و بەرنامەی تاک و تەنیای ئێوەیە ئەی پەیامبەران ئومەتەکەشتان یەک ئومەتە، من پەروەردگاری ئێوەم لە سەرپێچی و نافەرمانی من خۆ بپارێزن).(ئەحمەد کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان، ل٦٩١).

(٣) ابن الاثير: الكامل في التاريخ، تح/ عمر عبد السلام تدمري، ط١، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٩٧م، ج١، ص ص٥٨٦-٦٩٢.

(٤) عبدالملك بن هشام بن ايوب الحميري المعافري: السيرة النبوية لابن هشام، تح/ طه عبد الرءوف سعد، شركة الطباعة الفنية المتحدة، القاهرة، ١٩٧٤م، ج٢، ص ص١٠٠-١١٧؛ محمد بن سعد بن منيع الزهري: الطبقات الكبير، تح/ علي محمد عمر، ط١، مكتبة الخانجي، القاهرة، ٢٠٠١م، ج١، ص٢٠٤؛ صالح بن طه: سبل السلام من صحيح سيرة خير الأنام، ط٢، مكتبة الغرباء، اسطنبول، ١٤٢٨هـ ج١، ص٢٨٩.

(٥) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە (دەستوری مەدینە) بڕوانە: (برهان زريق: الصحيفة ميثاق الرسول دستور المدينة المنورة اول دستور لحقوق الانسان، ط٣، المكتبة القانونية، سورية، ٢٠١٥م).

کاریگەریی سەرکردەی پێشتری ئەو شارە کە عەبدوڵای کوڕی ئوبەی بوو،[١] بەهۆی کوژرانی کەسێک[٢]لە پشتیوانەکان عبد الله لۆمەی خێڵەکەی خۆی کرد، وتی:''ئەمە ئەوەبوو کە بە دەستی خۆتان بە خۆتان کرد''،[٣] واتە ڕەزامەند نەبوو بەو یەکێتی و برایەتییەی پەیامبەر (د.خ) درووستی کردبوو. (عمر بن الخطاب) وتی:''ئەی پەیامبەری خودا ئەو پیسە(عەبدوڵای کوڕی ئوبەی) نەکوژین؟ پەیامبەر(د.خ) فەرمووی''خەڵکی ناڵێن هاوەڵێکی خۆی کوشت''.[٤]

ئەگەر یەکێتی نێوان کۆچەر و پشتیوانەکان جۆرێک لە ناکۆکی یاخود جیاوازیی تێدا بووبێت، بەهۆی بوونی دووڕووەکان لە مەدینەدا، مانەوەی پاشخانی هەستی دەمارگیریی خێڵەکی لای هەندێک، هێشتا داردەستی ململانێی سیاسی نێوان ئەو دوولایەنە بوو، مسوڵمان بوونی ژمارەیەکی زۆریش لە ئەعرابیەکان بەبێ زاڵبوونی جەوهەری باوەڕی تەواو لە دڵیاندا، هۆکارێکی دیکەی ئەو ڕەوشە بوون، بەتایبەت کاریگەریان لەدوای کۆچی دوایی پەیامبەر(د-خ) و لەکاتی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان زیاتر بەدەرکەوت، (قَالَتِ الْأَعْرَابُ آمَنَّا قُلْ لَمْ تُؤْمِنُوا وَلَكِنْ قُولُوا أَسْلَمْنَا وَلَمَّا يَدْخُلِ الْإِيمَانُ فِي قُلُوبِكُمْ وَإِنْ تُطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ لَا يَلِتْكُمْ مِنْ أَعْمَالِكُمْ شَيْئًا إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ).[٥]

پەیامبەر (د.خ) خۆی وەک دەسەڵاتداری دەوڵەتێکی سیاسی نەناساندبوو، هێندەی دەسەڵاتێکی ئاینی بە واتەی ئێستا شێوە لامەرکەزیی وەرگرتبوو، بەتایبەت بۆ ئەو دەسەڵاتانەی نیمچە دوورگەی عەرەبی هەبوون وەک حەزرەمەوت و یەمامە، ئەمانە هەر لەژیانی پەیامبەردا مسوڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاندبوو، پەیامبەریش (د.خ) بەڵێنی هێشتنەوەی دەسەڵاتیانی پێدابوون، وەک لەو نامەیەی پەیامبەر (د.خ) بۆ (وائل بن حجر) دەسەڵاتداری حەزرەمەوتی نارد و پێی ڕاگەیاند:'' ئەگەر مسوڵمان ببێت،

---

(١) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، تح/ خليل شحادة، ط١، دار الفكر، بيروت، ١٩٨١م، ج٢، ص٤٤٥.

(٢) ابن هشام: السيرة النبوية، ج٢، ض١٢٠.

(٣) أبو الفدا: المختصر في أخبار البشر، ط١، الحسينية المصرية، مصر، ١٩٠٧م، ج١، ص١٣٧.

(٤) البخاري: صحيح البخاري، تح/ جماعة من العلماء، ط١، المطبعة الكبرى الأميرية، مصر، ١٤٢٢هـ ج٤، ص١٨٣. (فقال عمر: ألا نقتل يا رسول الله هذا الخبيث؟ لعبد الله، فقال النبي صلى الله عليه وسلم:(لا يتحدث الناس أنه كان يقتل أصحابه).

(٥) (سورة الحجرات: الأية ١٤). عەرەبە دەشتەکییەکان وتیان:'' باوەڕمان هێناوە''بڵێ:''نەخێر باوەڕتان نەهێناوە، بەڵکو سەرزارییە و لەدڵدا ڕاست ناکەن، ئەگەر ئیمان بچێتە دڵتانەوە گوێڕایەڵی خودا و پەیامبەرەکەی بن، خوداش هیچ لە پاداشتی کردەوەکانتان کەم ناکاتەوە، بەڕاستی خوایەکی لێبووردەو میهرەبانە''.(ئەحمەد کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان، ل١٠٠١).

ئەوەی لەژێر دەستتدایە موڵکی خۆت دەبێت و تەنها دەیەکت لێ وەردەگیرێت..."[١]، ئەمەش هێندەی پاپەندبوون و پێکەوەبەستنێکی ئاینی بووە، ئەوەندە پەیوەستبوونێکی سیاسی هەمیشەیی نەبوو، وەک ئەوەی لەدوای کۆچی دوایی پەیامبەر(د-خ) و لە بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکاندا بە دیارکەوتن.[٢]

سیاسی نەبوونی دەسەڵاتی مەدینەش زیاتر بەدیار کەوت، کاتێک پەیامبەر(د.خ) لە پێش کۆچی خۆیدا هیچ کەس و خەلیفەیەکی بەدیارییکراوی بۆ جێنشینی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتەکەی دیاریی نەکرد.[٣]

هەریەک لە کۆچەر و پشتیوانەکان[٤] بە دووستوون و پاڵپشتی سەرکەوتنی پەیامەکەی پەیامبەر(د-خ) لە مەدینە لەقەڵەم دراوون، هەریەک لای خۆیەوە پێی وابوو لەسایەی ئەواندا سەرکەوتنەکان وەدی هاتوون.

پشتیوانەکان پێیان وابوو، ئەوان پارێزەری ئیسلام بوون[٥] کەس وەک ئەوان قوربانی نەداوە، چونکە نەک تەنها سەرخەری پەیامبەر(د.خ) بوون، بەڵکو قوربانیان بە کیانە سیاسییە تایبەتەکەی

---

(١) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٢، ص٤٧٧.

(٢) لە دوای کۆچی دوای پەیامبەر (د.خ) زۆرینەی ئەعەرابییەکان لە ئیسلام هەڵگەڕانەوە، جگە لە خەڵکی مەککە، مەدینە و تائیف، زەکاتیان نەدا، خەلیفە(ابو بكر) جەنگی لەدژیان ڕاگەیاند، هەندێک لە هاوەڵانی وەک (عمر بن الخطاب) و جگە لەویش وتیان:" با وازیان لێبێنین و جەنگیان لەدژ نەکەین"، بەڵام (ابو بكر) وتی:"سوێن بەخوا لەگەڵ هەرکەسێک دەجەنگم جیاوازی لەنێوان نوێژ و زەکاتدا بکات"، هەربۆیە لەزنجیرەیەک شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەدا و لەماوەی ساڵێکدا خەلیفەی یەکەم توانی بەسەریاندا سەرکەوێت و بۆ فەرمانەکانی ئیسلام بیانگەڕێنێتەوە، لەنێویشیاندا زەکات دان.(الواقدي: الردة مع نبذة من فتوح العراق وذكر المثنى بن حارثة الشيباني، تح: يحيى الجبوري، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٠م، ص٥١؛ الذهبي: تاريخ الإسلام و وفيات المشاهر والأعلام، تح/ عمر عبدالسلام التدمري، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٩٣م، ج٣، ص٢٧؛ ابن الاثير: الكامل، ج٢، ص٢٠١).

(٣) ابن العربي: العواصم من القواصم، تح/ محب الدين الخطيب، محمود مهدي الاستانبولي، ط٢، دار الجيل، بيروت، ١٩٨٧م، ص٥٦؛ النوبختي: فرق الشيعية، ط١، منشورات الرضا، بيروت، ٢٠١٢م، ص٣٩.

(٤) (لَقَدْ تَابَ اللَّهُ عَلَى النَّبِيِّ وَالْمُهَاجِرِينَ وَالْأَنْصَارِ الَّذِينَ اتَّبَعُوهُ فِي سَاعَةِ الْعُسْرَةِ مِنْ بَعْدِ مَا كَادَ يَزِيغُ قُلُوبُ فَرِيقٍ مِنْهُمْ ثُمَّ تَابَ عَلَيْهِمْ إِنَّهُ بِهِمْ رَءُوفٌ رَحِيمٌ).(سورة التوبة: الاية ١١٧).(خوای گەورە لە پەیامبەر و کۆچەر و پشتیوانەکان خۆشبوو، ئەوانەیان کە لەجەنگە سەختەکەدا(تبوك)دوای پەیامبەر(د-خ) کەوتن و پێڕەوییان لێکرد، پاش ئەوەی هێندێکیان خەریک بوو دڵیان لارێ بێت و نەچنە جیهادەکەوە، پاشان خودا دووبارە تۆبەی لێوەرگرتنەوە، خودا بەرامبەر بەوانە زۆر بەلوتفە زۆریش میهرەبانە لەگەڵیان). (کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان، ل٤٢٢).

(٥) الطبري: تاريخ الطبري، تاريخ الرسل والملوك، ط٢، دار التراث، بيروت، ١٣٨٧هـ ج٣، ص٢٠٥.

خۆیان داوە، ئەوەی لە پێش کۆچی مسوڵمانانندا بە نیازبوون دایبمەزرێنن، لە گفتووگۆی دیاریکردنی خەلیفەدا لە پێشینەبوونی خۆیان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات دەخستەڕوو، بەهۆی ئەو پەنادان و پشتیوانیکردنەی بۆ پەیامبەر (د.خ) و کۆچەرەکانیان هەبووە،[١] لەم ڕووەوە ڕاستەوخۆ لەدوای کۆچی دوایی پەیامبەر (د.خ) وەک ئەوەی چاوەڕێی ڕەوشێکی لەو شێوەیەیان کردبێت، خێرا دەستپێشخەرییان کرد و لە سەقیفە[٢]ی بەنی ساعیدە کۆبوونەوە[٣] بۆ هەڵبژاردن و دانانی (سعد بن عبادة[٤]ی سەرکردەیان[٥]، هەربۆیە ڕووداوی سەقیفە بەیەکەم دابەشبوون لە نێوان مسوڵمانانندا دادەنرێت،[٦] ئەمەش بەهۆی نەبوونی وەسیەتی پەیامبەر (د.خ) بۆ دیاریکردن و دانانی هیچ کەسێک ڕاستەوخۆ بۆ جێنشینی و خەلیفایەتی،[٧] یاخود بوونی دەستورێک سەبارەت بەو بابەتە، ئەگەر دەستوبردی (ابو بكر، عمر و ابو عبيدة بن الجراح) نەبوایە و پێ ڕانەگەشتنایە، ڕەنگە پشتیوانەکان لە دانانی جێگری پەیامبەردا (د.خ) سەرکەوتوو بوونایە، کۆچەرەکان بەتوندی بیری جێگرایەتی پەیامبەریان (د.خ) لە پشتیوانەکان ڕەتکردەوە و تەنانەت بیری ئاڵوگۆڕ و هاوبەشی پێکردنی کرداری دەسەڵاتیشیان بەلاوە پەسەند نەبوو:''لە ئێمە پێشەوا و لە ئێوە پێشەوایەک''،[٨] بەڵکو ئەبوبەکر پێی

---

(١) ابراهيم حركات: السياسة والمجتمع في عصر الراشيدين، الاهلية للنشر، بيروت، ١٩٨٥م، ص١٦.

(٢) سەقیفە: کەپر بانێکی درێژ و فراوانە، کە لەسەر کۆڵەکە بێت، شوێنی کۆبوونەوە و چارەسەری کێشەکانی (بني ساعدة) بوو، پشتیوانان لەوێ کۆبوونەوە تاوەکو وەک خەلیفە بەیعەت بە (سعد بن عبادة)، بدەن. (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ط٢، دار صادر، بيروت، ١٩٩٥م، ج٣، ص٢٢٩؛ جيفري S.H.M.: اصول التشيع الاسلامي وتطوره المبكر (المعارضة)، تر/ مهيب عيزوني، ط١، دار الكنوز الادبية، بيروت، ٢٠٠٨م، ص٣٢).

(٣) ابن حبان: السيرة النبوية واخبار الخلفاء، تص/ عزيز بك وجماعة من العلماء، ط٣، الكتب الثقافية، بيروت، ١٤١٧هـ ج٢، ص٤١٦؛ المقدسي: البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية، بور سعيد، مصر، د. ت، ج٥، ص٦٥.

(٤) ( سعد بن عبادة): گەورەی خەزرەجییەکان بوو، لە بەیعەتکردن بە (ابو بكر بن الصديق) وەستا، بەڵام نەیتوانی سەرکەوتوبێت و پاشان ڕووی لە شام کرد و لەسەردەمی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففاندا کۆچی دوایی کرد.(ابن سعد: الطبقات الكبير، ج٣، ص٥٦٦؛ المقدسي: البدء والتاريخ، ج٥، ص١١٥).

(٥) الطبري: تاريخ الطبري، ج٣، ص٢٠١.

(٦) جيفري: اصول التشيع، ص٣٢.

(٧) لێرەدا ڕایەک هەیە ئاماژە بەوە دەکات پەیامبەر (د.خ) لەو نەخۆشیەی کە تێیدا کۆچی دوایی کرد فەرموویەتی:'' خێراکەن با نوسراوێکتان بۆ بنووسم لەدوای ئەوە هەرگیزگومڕا نابن''، عومەری کوڕی خەتاب ڕێگای نەدا کەس بچێتەژوورەوە بۆلای پەیامبەر(د-خ). (ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٢١٥). فقال النبي صلى الله عليه وسلم: ''هلموا أكتب لكم كتابا لا تضلوا بعده''.(البخاري: صحيح البخاري، ج٦، ص٩، الرقم ٤٤٣٢).

(٨) ابن جوان الفسوي: المعرفة والتاريخ، تح/ أكرم ضياء العمري، ط١، مطبعة الإرشاد، بغداد، ١٩٧٤م، ج١، ص٤٥٤.

وتن:''ئێمە پێشەوا و ئێوە وەزیربن''،[١] (سعد بن عبادة) وتی:'' ئێمە پشتیوان و یەکەی پارێزەری ئیمان بووین، ئێوەش کۆچەرو پەنادراوی ئێمە بوون[٢] دەتانەوێت بە کەممان بگرن و لەم کارە دەرمانکەن (وەرگرتنی دەسەڵات) ''،[٣] ئەمە بەیەکەم جیاوازی و ململانێی سیاسی لە دوای پەیامبەرەو(د.خ) لە نێو مسوڵمانانادا دادەنرێت.[٤]

یەکلابوونەوەی خیلافەت بەهۆی توانای وەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن کۆچەرەکانەوە و پشت بەستن بە بەڵگەی فەرمانکردنی پەیامبەر (د.خ) بە پێشنوێژیکردنی (ابو بکر بن الصدیق) لە کاتی نەخۆشییەکەی و لەپێش کۆچی دوایی دا، هەربۆیە خەڵکی وتیان پەیامبەر(د.خ) بۆکاری ئاینیمان پێی ڕازی بووە و ئێمەش بۆکاری دونیامان پێی ڕەزامەندین،[٥] هەروەها سوربوونی (عمر بن الخطاب)،[٦] پێی وتن:''ئیمامەکان لە قورەیشن''،[٧] عومەر ڕازی نەدەبوو لەو کەسەی لەدەرەوەی پرس و ڕاوێژ (المشورة) بە یعەت بەکەسێکی دیکە، جگە لە ئەبوبەکر بدات،[٨] تەنانەت گەیشتە ڕادەی ئەوەی عومەر گەشتە ماڵی (علي بن ابي طالب) و هەڕەشەی سوتاندنی ماڵەکە بەسەریاندا بکات، ئەگەر نەچن و بەیعەت بە (ابو بکر بن الصدیق) نەدەن، جگە لە (طلحة بن عبيد الله) و (زبیر بن عوام) ژمارەیەک لە پیاوانی کۆچەریی لەو ماڵەدا بوون.[٩]

---

(١) ابن سعد: الطبقات الكبير، ج٣، ص٥٦٩؛ ابن عساكر: تاريخ دمشق، تح: عمرو بن غرامة العمروي، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٥م، ج٣٠، ص٢٧٥.

(٢) الطبري: تاريخ الطبري، ج٣، ص٢٠٥؛ المقدسي: البدء والتاريخ، ج٥، ص٦٥.

(٣) عبد العزيز الدوري: النظم الاسلامية، ط١، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨م، ص٢٨.

(٤) المسعودي: التنبية والإشراف، تص/ عبد الله إسماعيل الصاوي، دار الصاوي، القاهرة، ٢٠١٦م، ج١، ص٢٤٧.

(٥) النوبختي: فرق الشيعية، ص٣٢.

(٦)جيفري: اصول التشيع الاسلامي، ص٣٥.

(٧) (ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج٣٠، ص٢٨٦). ''الأئمة من قريش، إن لهم عليكم حقا، ولكم عليهم مثل ذلک، ما إن استرحموا رحموا، وإن عاهدوا وفوا، وإن حكموا عدلوا، فمن لم يفعل ذلک منهم فعليه لعنة الله، والملائكة، والناس أجمعين''.(النسائي: السنن الكبرى، تص و تخ أحاديثه/ حسن عبد المنعم شلبي، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ٢٠٠١م، ج٥، ص٤٠٥).

(٨) الشهرستاني: الملل والنحل، مؤسسة الحلبي، القاهرة، ١٩٦٨م، ج١، ص٢٣.

(٩) الطبري: تاريخ الطبري، ج٣، ص٢٠٢؛ جيفري: اصول التشيع الاسلامي، ص٦٣.

## تەوەری دووەم

## لایەنە ناڕازییەکانی وەرگرتنی خیلافەت

بابەتەکە هەر هێندەنەبوو لەنێوان کۆچەر و پشتیوانەکاندا، بەڵکو چەند لایەنێکی دیکەی وەک بنەماڵەی (بني هاشم) [1] و (ابي سفيان) لەبنەماڵەی ئومەوی و هەروەها (علي بن ابي طالب) ئامۆزا و زاوای پەیامبەر (د.خ) بوون، لەو کاتەدا سەرقاڵی بەخاکسپاردنی پەیامبەر(د.خ)بوون.[2]

کەواتە لایەنە ناڕازی و ئارەزوومەندەکانی وەرگرتنی خیلافەت لە دوو زیاتر بوون، بە لەدایکبوونی سیاسەتی دەسەڵات ویستی و ئۆپۆزسیۆن بوون، هەر لە سەروبەندی کۆچی دوایی پەیامبەر (د.خ) چوارچێوە و شێوەیەکی وەرگرت کە نەتوانرا لە دواتریشدا چارەسەری ڕیشەیی و یەکجاری بە شێوازێکی ئاشتییانە بۆ بدۆزرێتەوە، بە پێچەوانەوە کۆتایی هات و بوو بەسەرەتای دەستپێکی ڕووداوێکی خوێناوی کە تێیدا سێیەم خەلیفەی مسوڵمانان کۆتایی بە ژیانی هات، ئەو ڕووداوەش بە (الفتنة الكبرى) [3] ناسرا و بەردەوامی هەبوو، لە سەردەمی خیلافەتی (علي بن ابي طالب)یشدا بە دەرچوونی هەندێک لایەنی ناڕازی لە هاوەڵانی وەک (طلحة بن عبيد الله) [4] و (زبير بن العوام) و (عائشة)ی هاوسەری پەیامبەر(د.خ)،[5] کە هاوشێوەی (معاوية) کوژرانی خەلیفە (عثمان)یان بە زوڵم دەبینی و داوای خوێنی ئەویان دەکرد،[6] هەروەها (معاوية بن ابي سفيان) والی شام تۆڵەستێنیی خوێنی کردە بیانوویەک بۆ ناڕازی بوون لە خیلافەتی (علي بن ابي طالب)'' ..وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُورًا''،[7] بیانوویی بۆ دەرچوون لە بەیعەتدان ئەوەبوو، کە هەڵبژاردن بۆ

---

(١) ابن العربي: العواصم من القواصم، ص٥٦.

(٢) الشهرستاني: الملل والنحل، ج١، ص٢٣.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڕووداوی(الفتنة الكبرى) بڕوانە: (طة حسين: الفتنة الكبرى-١-عثمان، دار المعارف، مصر، ٢٠٠٧م(.

(٤) ئەم هاوەڵانەی پەیامبەر (د.خ) جگە لە(عائشة) لە موژدەپێدراوانی بەهەشتن و پەیامبەر لەفەرموودەی خۆیدا پێویستبوونی بەهەشتی ڕاگەیاندوون''أوجب طلحة''، واتە کارێکی کردووە بەهەشتی بۆ پێویستکراوە.(ابن حبان: صحيح ابن حبان، تح و تخ/ شعيب الأرنؤوط، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٨م، ج١٥، ص٤٣٦، حديث المرقم ٦٩٧٩).

(٥) الطبري: تاريخ الطبري، ج٤، ص ص ٤٤٦-٤٦٠.

(٦) الطبري: تاريخ الطبري، ج٤، ص٤٥٩؛ ابن الاثير: الكامل، ج٢، ص٥٥٨.

(٧) (سورة الإسراء: الاية٣٣).(..هەرکەس بە ناڕەوا کوژرا دەسەڵاتمان داوە بە میراتگرەکەی داوا لە دادوەر بکات بیکوژێتەوە، یان خوێنی لێوەرگرێتەوە یاخود لێی خۆشبێت، نابێت لە کوشتنەوەدا زێدەڕۆیی بکرێت). (کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان، ل٥٧١).

ئەوانەیە لە مەدینە و ناوچەکانی دیکەن، فەرمانڕەوایەتی تەنها بۆ عەلی نیە، چونکە هەڵبژاردنی لەلایەن مسوڵمانانەوە لە تەواوی ناوچە ئیسلامییەکاندا نەبووە.[١]

خەلیفە (علي بن ابي طالب)، لەوەڵامی موعاویەدا جەختی لەوەکردبووەوە، لەلایەن کۆمەڵێک بەیعەتی پێدراوە، کە هەمان ئەو کەسانە بەیعەتیان بە (ابو بکر، عمر و عثمان) داوە، ئاماژەی بەوە کردبوو، بۆ کەسێکی ئامادە نییە بەیعەت بدات و کەسێک ئامادە نەبووە ڕەتیبکاتەوە، بەڵکو (الشورى)ڕاوێژکردن بۆ کۆچەر و پشتیوانەکانە، ئەگەر لەسەر ئیمامەتی کەسێک کۆدەنگ بوون، ئەوە بەواتای ڕەزامەندییە، و تانە لێدان و ڕەتکردنەوەی، پێویستی بە جەنگانە دژیان لەلایەن باوەڕدارانەوە.[٢]

بەهۆی وەرگرتنی بەیعەتەوە مافی گوێڕایەڵی مسوڵمانانی بۆ خەلیفە بە ئەرکێک لە گەردنی هەمووواندا دەزانی، هەربۆیە (علي بن ابي طالب) مافی جەنگانی بۆ ئەوانەی پێچەوانەی بەیعەتن بە خۆی دەدا تاوەکو ئەو کاتەی دەیانهێنێتەوە ژێر فەرمانڕەوایەتی خودا.[٣]

هەر هۆکارێکی خێڵەکی و دونیایی و تەنانەت ئەوەی بە پیلانی جولەکە لە ڕۆڵی (عبد الله بن سباء)[٤] دا[٥] دادەنرێت، دەکرێت هەموویان لە ململانێکی سیاسیدا دیاری بکرێت و بەوەرگرتنی خیلافەت لەلایەن کۆچەرەکان و دوورخستنەوەی ئەوانی دیکە کە پاشتر و بەدرێژایی مێژووی ئیسلامی خۆی

(١) مصطفى حلمي: نظام الخلافة في الفكر الاسلامي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٤م، ص٢٤٠.

(٢) ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج٥٩، ص١٢٨.

(٣) الطبري: تاريخ الطبري، ج٤، ص٤٥٨.

(٤) (عبد الله بن سباء): جولەکەیەکی خەڵکی سەنعا بوو، لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا مسوڵمان بوو، هەوڵی داهێنانی نوێی لەنێو ئیسلامدا داوە، زۆرشوێن و ناوچەی ئیسلامی گەڕاوە، دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بیروڕایانە:''من سەرم سوڕماوە لەوانەی باوەڕ بە گەڕانەوەی عیسا دەکەن و گەڕانەوەی موحەمەد بەدرۆ دەزانن''. خودا دەڵێت:''إن الذي فرض عليك القرآن لرادك إلى معاد''.هەروەها وتوویەتی:''هیچ پەیامبەرێک بەبێ شوێنگرەوە نیە، عەلی شوێنگرەوە و وەسی موحەمەدە''. (مسكويه: تجارب الأمم وتعاقب الهمم، تح/ أبو القاسم إمامي، ط٢، سروش، طهران، ٢٠٠٠م، ج١، ص ص٤٣٥– ٤٣٦؛ ابن الأثير: الكامل، ج٢، ص٥٢٦؛ ابن كثير: البداية والنهاية، تح/ عبد الله بن عبد المحسن التركي، ط١، دار هجر، سوريا، ١٩٩٧، ج١٠، ص٤٨٤). بەپێچەوانەوە هەندێک سەرچاوە بەتایبەت ئەوانەی لایەنگری شیعە دەکەن، ئەوکەسایەتییە(بن سباء) بەکەسایەتییەکی دروستکراو چیرۆکێکی ئەفسانەیی ناوی دەبەن،- لەوڕووەوە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە(مرتضى العسكري: عبدالله بن سباء اساطير اخرى، تح/ نورالدين، ضياء الدين واخرى، ط٦، طبع في نجف الاشرف، ج١، ١٩٩١م).

(٥) مسكويه: تجارب الأمم، ج١، ص٤٣٥.

له ململانێی هەردوو بەرگی مەزهەبی سوننە و شیعەدا بینییەوە و بە جەنگەکانی جەمەل(٣٦ک/٦٥٦ز) و سەفەین(٣٧ک/٦٥٧ز) وەک ململانێی سەربازیی و دەرچوون و سەرهەڵدانی خەواریجەکان[١] (الشراة) وەک گروپی هزری جیاواز، دەستی پێکرد و جیهانی ئیسلامی دابەشی ئەو دووبەرە و پاشتر چەندین بزاف و گروپی هزری و ئاینی و سیاسی جیاواز کرد، هەریەکە لەو گروپ و مەزهەبە جیاوازانە خۆیان پێ لەسەر حەق و ئەوانی دیکەیان بە لادەرودەرچوو لەقەڵەم دەدا.[٢]

(١)''هەر کەس دژی ئیمامی متمانەپێکراو بووەستێتەوە بە دەرچوو ناودەبرێت، جا ئەو دەرچوونە لە سەردەمی هاوەڵان دژی خەلیفەکانی ڕاشیدین بوبێت، یاخود دواتر و لەسەردەمی شوێنکەوتووان، هەروەها هەموو ئیمامەکانی پاشتریش''.گەورەترینی گروپە خەواریجیەکان ئەمانەن(الأزارقة، النجدات، الصفرية، العجاردة، الإباضية و الثعالبة). (الشهرستاني: الملل و النحل، ج١، ص ص١١٤، ١١٩، ١٢٤، ١٢٩، ١٣٢، ١٣٧).

(٢) بۆ نموونە، خەواریج خۆی پێ ڕاست و خەلیفە عوسمانیان بەدەرچوو لە ئایین دادەنا، چونکە هەندێک لە سەرکردەکانیانی گۆڕیی و هی دیکەی لە جێگا دانان، هەروەک خەلیفە عەلییان بەدەرچوو دادەنا، بەهۆی ڕازی بوونی-بە(التحكيم) ناوبژیوانی قورئان، تێڕوانینیان بۆ خیلافەت بە هەڵبژاردنی ئازادانەی مسوڵمانان بێت، پێچەوانەی شیعە کە ئیمامەتیان لە بنەماڵەی پەیامبەر(د.خ) و پێچەوانەی سوننە کە لە قورەیشی بووندا کورتیان کردبوەوە.(ابن العربي: العواصم من القواصم، ص١٧١).

## تەوەری سێیەم

## ململانێ هزری و سیاسییەکان

هەرلەسەردەمی پەیامبەردا(د-خ)، دابەش بوون و بیروڕای جیاواز لە نێو هاوەڵاندا دەرکەوت، باشترین نموونە ئاماژەدانی پەیامبەرە(د-خ) بە دابەشبوونی حەتمی پەیڕەوانی ئایینی پێش خۆیان، لە فەرموودەیەکدا ئاماژە بەو گروپ و لایەنە جیاوازانە و فرەییان دەکات:''جولەکە جیابوونەوە بۆ حەفتاویەک یاخود حەفتاو دوو گروپ، مەسیحییەکانیش بەهەمانشێوەوە، نەتەوەی منیش بۆ حەفتاو سێ گروپ دابەش دەبن''،[١] دەڵێن:''پەیامبەر(د.خ) فەرموویەتی:''ڕۆژێک بەسەر ئومەتەکەی مندا دێت، بەسەر مەسیحییەکاندا نەهاتووە، ئەوان بۆ حەفتاو دوو گروپ دابەش بوون، ئومەتی من بۆ حەفتاو سێ گروپ و زیاتریش دەبن''،[٢] ئەم دابەشبوونە لەسەردەمی (ابو بکر) و (عمر بن الخطاب)دا زیاتربوو، لەسەردەمی خەلیفە (عثمان)دا گەیشتە لوتکە و بەکوشتنی خەلیفە نەک کۆتایی هات، بەڵکو لەسەردەمی (علي بن ابي طالب)دا بوو بەهۆی دابەشبوونێکی مێژوویی لەڕیزی پەیڕەوانی ئیسلامدا، کەتاوەکو هەنووکەش بەشێکی دانەبڕاوە لەدابەشبوونی مەزهەبی و هزری لەنێو مسوڵمانانندا.

هەریەک لەو گروپ و لایەنانە بەپشت بەستن بە بەڵگە و بنەمای لێکجیاواز خۆی پێ ڕەوا و ڕاستە و بەرامبەر ناڕەوا و لەڕێ دەرچووە، بۆنمونە (اهل السنة والجماعة) ([٣] پێیان وایە لە هەردوو جەنگی (جمل و صفين)دا،[٤] (علي بن ابي طالب) ڕاست و هاوەڵانی پەیامبەر (د.خ) لە (طلحة، زبير، عائشة و معاوية بن ابي سفيان) هەڵەن و ڕاستییان نەپێکاوە.[٥]

بێگومان لایەن و گروپەکانی دیکەش بەڵگەی ڕەوایەتی بۆ وەرگرتنی ئەو ئاڕاستەیەی لەسەری دەڕۆن دێنن، بەڵام لە بنەڕەتەوە ئەم جیاوازییانە جیاوازی سیاسی دروستی کردوون وەک (أحمد الکاتب) دەڵێت:'' ئەگەر دادگایەکی دەستوری هەبوایە جیاوازیی و ململانێکانی لە نێوان خەلیفە

---

(١) أبو داود: سنن أبو داود. تح/ محمد محيي الدين، المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، د. ت، ج٤، ص١٩٧.

(٢) البغدادي: الفرق بين الفرق وبيان الفرقة الناجية، ط٢، دار الأفاق الجديدة، بيروت، ١٩٧٧م، ص٤.

(٣) أهل السنة والجماعة: هاوەڵانی پەیامبەر(د.خ) و ئەوانەن کە پابەندی سوننەتی پەیامبەر(د.خ)ن، (اهل الجماعة) ناسراون بە ئەهلی حەدیس و شوێنکەوتووانی پەیامبەر(د.خ)یش، وردبوونەتەوە لە فەرموودەکانی پەیامبەر و ڕوونکردنەوەیانداوە و جیاکاریی ڕاست و دروستی و ئەوانەی تێیان ئاخنراوەو لێکیان جیاکردۆتەوە.(ع. أمير مهنا وعلي خريس: جامع الفرق والمذاهب الإسلامية، ط٢، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤م، ص٣١).

(٤) ابن جوان: المعرفة والتاريخ، ص ص٣١٢-٣١٣.

(٥) البغدادي: الفرق بين الفرق، ص٩٩.

عوسمان و نەیارەکانی چارەسەر دەکرد و ڕەوشەکە بەو شێوەیە ئاڵۆز نەدەبوو و بەکوشتنی خەلیفە کۆتایی نەدەهات"،[١] نەک هەرئەوەندە بەڵکو سیستمێکی ڕاوێژیی کە نوێنەرایەتی تەواوی مسوڵمانان بکات و هەستایە بە هەڵبژاردنی خەلیفە و چاودێریکردن و لێپرسینەوە و دیاریکردنی سنوری دەسەڵاتەکانی خەلیفە هەبوایە، ئەو کات نە خەلیفە لە ڕێگا لای دەدا، نە (عائشة، طلحة و زبیر) دەردەچوون، موعاویەش لە خەلیفە (علي بن ابي طالب) هەڵنەدەگەڕایەوەو خەواریجیان لێ جیانەدەبوویەوە.

لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچی کۆتایی سەدەی حەوتەمی زاینیی، لە نێو ململانێی فراوانی سیاسی نێوان ئومەوی فەرمانڕەوا و بەشێک لە سوننە و شیعەی نەیاردا، ژمارەیەک مەزهەبی هزری و فیقهیی و سیاسی هاتنەئاراوە، [٢] هەریەکەیان هەوڵی دەدا خۆی وەک نوێنەری ڕاستەقینە و سەرەکی ئیسلام بخاتەڕوو، لە کاتێکدا مەزهەب و ڕێچکەکانی دیکە بەدەرچوون و لەڕێ لادان و جیابووەوە لە هێڵی سەرەکی ئیسلام و مسوڵمانان دەناساند، هەندێکیان وەک (المرجئة)، (القدرية) و(الجبرية) مەیلی لای فەرمانڕەوایان هەبوو، هەندێکی دیکەیان وەک (المعتزلة) [٣] و (امام ابي حنيفة) [٤] ئارەزووی ئۆپۆزسیۆن بوونیان هەبوو.

---

(١) لماذا تفرق المسلمون؟ الحقيقة والوهم في الخلافة الطائفي، مؤسسة الانتشار العربي، بيروت، ٢٠١٦م، ص٧٣.

(٢) لە ڕاستیدا ناتوانرێت کاتێکی دیاریکراو بۆ سەرهەڵدانی هیچ مەزهەبێک لە مێژوودا دیارییبکرێت، لە سەرەتادا وەک ناوکێکی بچووکن پاشان گەشە دەکەن و بەرەو پێش دەچن، بەکۆبوونەوەی هزر و تێڕوانینەوەکانیان لە ماوەیەکی بەردەوامدا، دواتر ناوێک لە خۆیان دەنێن و لە بۆنەیەکدا یاخود بە هۆی کەسێکەوە خۆ رادەگەیەنن، سەبارەت بە مەزهەبی سوننە دکتۆر مصطفى حلمي تاڕادەیەک لەم بارەیەوە جیاوازەو پێی وایە سوننە درێژکراوەیەکی سرووشتی مسوڵمانە یەکەمینەکانن ئەوانەی پەیامبەر(د.خ) لێیان ڕازی بووە، هەربۆیە ناتوانین سەرەتایەک بۆ ئەوان دیاری بکەین وەک دەستپێکی کاتی، بەڵکو بۆ گروپ و لایەنەکانی دیکە دەتوانرێت کاتێکی دیاری کراو دابنێن وەک سەرەتا و دەستپێک بخرێتەڕوو. (نظام الخلافة في الفكر الاسلامي، ط١، دار الكتب العلمي، بيروت، ٢٠٠٤م، ص٢٤٤).

(٣) (المعتزيلة): کۆمەڵێک لەو مسوڵمانانە بوون کە بەشداری هەردووجەنگی (الجمل والصفين)یان نەکرد و وازیان لە هاوەڵێتی (علي بن ابي طالب) و لایەنگری بۆ سەرکردەکانی جەمەل و (معاوية)ش هێنا، کۆمەڵێکی زاهیدبوون ڕوویانکردبووە خواپەرستی و وازهێنان لە دونیا، هەر ئەم ناوە لەوانەش نرابوون کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی حوکمڕانی ئومەویدا بەهۆی جیاوازی بیروڕایانەوە وازیان لە کۆڕەکانی حەسەنی بەسری هێنا.(ع. امیر مهنا: جامع الفرق، ص١٨٨).

(٤) (ابو حنيفة النعمان بن ثابت بن النعمان بن المرزبان ٨٠-١٥٠هـ/٦٩٩-٧٦٧م): یەکێکە لە چوار سەر مەزهەبەکەی سوننەو جەماعە، خەڵکی کوفە بووە، لە ڕەچەڵەکەوە فارسە، لە ژیانیدا دووجار توشی گرفت و ناڕەحەتی گەورە بووە،

له ئەنجامی ئاوێتە بوون و دەرچوون و دواتر تێکەڵی لە نێوان مەزهەبەکاندا، هەندێکیان بۆلای هەندێکی دیکەیان[1] هەردوو مەزهەبی (السنة) [2]و (الشیعة) [3] دەرکەوتن، لەو کاتەوە ئومەتی ئیسلامی وەک دوو گروپی گەورە دابەشی ئەو دووبەرە و مەزهەبە بوون و ناکۆکییەکانیش بەردەوامن،[4] بە درێژایی مێژووی ئەو دوو مەزهەبە تۆمەتبارکردنی یەکتر و پێکدادانی زۆر لە نێوانیاندا ڕوویداوە، شیعە وای دەبینێت، سوننەکان لەدەسەڵاتدا بەدرێژایی مێژوو ستەمی زۆرییان لە شیعەکردووە،

---

یەکێکیان لەسەردەمی ئومەوییەکان بەهۆی وەستانەوەی هاوشانی شۆڕشەکەی زەیدی کوڕی عەلی، ئەوی دیکەیان لە سەردەمی عەبباسییەکان دووبارە وەستانەوەی هاوشانی شۆڕشەکەی موحەمەد نەفس زەکیە.(البغدادي: تاريخ بغداد. تح/ بشار عواد، ط١، دار الغرب الاسلامي، بيروت، ٢٠٠٢م، ج١٥، ص ص ٤٤٤-٤٤٨؛ الذهبي: سير اعلام، ج٦، ص٣٩٠).

(١) بۆ نموونە: ڕێبازی ئەشعەری دایەپاڵ مەزهەبی سوننە و بوونە یەک دەستە، بەڵام هەندێک گروپی دیکەی وەک (البكرية، الضرارية، المعتزلة...) بەهۆی جیاوازی لە تێڕوانیان بۆ هەندێک لە تواناییەکانیان بۆ خودا و پێکهاتەی مرۆڤ لە ڕۆح بەبێ جەستە و زۆرێک لە بابەتەکانی دیکەی فیقهی و عەقیدەیی کەوتنە جیاوازی و ڕاجیاییەکی زۆرەوە لە گەڵ ئەهلی سوننە و جەماعەت دا. (البغدادي: الفرق بين الفرق، ص ٢٠٠).

(٢) ئیبن تەیمیە مەزهەب و ئەهلی سوننە و جەماعە بە مەزهەبێکی کۆن و ناسراو دادەنێت و پێش ئەوەی خودا ئەبا حەنیفە، مالیکی، شافیعی و ئەحمەد درووست بکات ئەو مەزهەبە هەبووە.(ابن تيمية: منهاج السنة النبوية، تح/ محمد رشاد سالم، ط١، جامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية، المملكة العربية السعودية، ١٩٨٦م، ج٢، ص٦٠١)؛ هەروەها (القفازي) دەربارەی مەزهەبی سوننە دەڵێت:''هیچ ناوێکی جگە لە سوننە نیە، کاتێک دەربارەی سوننە پرسیاریان لێکرد، وتی: ئەهلی سوننە ئەوانەن هیچ ناسناوێکیان نیە پێی بناسرێنەوە''. (مسألة التقريب بين أهل السنة والشيعة، ط٢، دار طيبة، الرياض، ١٤١٣هـ ج١، ص٣٥).

(٣)بەهەمان شێوە ناتوانرێت کاتێکی دیاری کراو بۆ سەرهەڵدان و درووست بوونی مەزهەبی شیعە دابنرێت، ئەویش کۆبوونەوە و کەڵکەبوونی کۆمەڵێک هزر و بیردۆزە و هەڵوێست و وێستگەی سیاسییە لەماوەیەکی دوورو درێژی مێژوویی دا.(ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٢١٤؛ المقريزي: المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤١٨هـ ج٤، ص١٥١؛ إحسان إلهي ظهير الباكستاني: الشيعة والتشيع-فرق وتاريخ، ط١٠، إدارة ترجمان السنة، لاهور، ١٩٩٥م، ص١٣؛ أحمد الكاتب، لماذا تفرق المسلمون؟، ص ص٢٠٩-٢١٠؛ سليمان عبدالله السلومي: اصول الاسماعيلية(دراسة-تحليل-نقد)، ط١، دار الفضيلة، الرياض، ٢٠٠١م، ص٥٣؛ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە (زاراوەو چەمک و سەرهەڵدانی شیعەو شیعەگەریی) بڕوانە:(بەختیار عبدالله كريم: سەرهەڵدانی شیعەگەریی و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلام، ماستەرنامە، بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، (٢٠١٠ز) ).

(٤) أحمد الكاتب: لماذا تفرق المسلمون، ص١١٣.

بەتایبەت لە سەردەمی ئومەوی و عەبباسی و دواتر، لە بەرامبەر ئەو ستەم و زوڵمەدا شیعەکان چەندین شۆڕشیان هەڵگیرساندووە وەک شۆڕشی قەرامیتە[1] و (محمد نفس الزكية) [2] و...هتد.

(١) لە زەوییەکانی کوفە خەڵکانێکی لێ بوون بە قەرامیتە ناسرابوون، ئەم مەزهەبە بیروڕای سەبارەت بە زۆرێک لە سروت و واجبە ئیسلامییەکان زۆر جیاواز بوو لەوەی کە لەشەریعەتی ئیسلامیدا هەیە، وەک لە ساڵەکەدا تەنها دووڕۆژ ڕۆژوو بگیرێت و پێیان وابوو پێویستە مرۆڤ شەوڕۆژێک پەنجا نوێژ ئەنجام بدات، (ابن الاثير: الكامل، ج٦، ص ص٤٦١، ٤٦٣؛ ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، تح: أنطون صالحاني اليسوعي، ط٣، دار الشرق، بيروت، ١٩٩٢م، ج١، ص١٥٠؛ مراكشي: الاستبصار في عجائب الأمصار، دار الشؤن الثقافية، بغداد، ١٩٨٦م، ج١، ص٢٠٥؛ ع. أمير مهنا: جامع الفرق، ص١٥٧). شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی سیاسیان بەرپاکرد دژی دەوڵەتی عەباسی و لە شیعەکانی دیکەی ئیسماعیلییە جیابوونەوە دوای ئەوەی نەیانوویست بەیعەت بە ئیمامەتی عەبیدوڵای مەهدی دامەزرێنەری دەوڵەتی فاتیمی بکەن،(البكري: المسالك والممالك، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٢م، ج١، ص٤٠٤).

(٢) موحەمەد کوڕی عەبدوڵا کوڕی حەسەن کوڕی حەسەن کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبە، بە ئەبا عەبدوڵا ناسرابوو، زانایەکی ئاینی زیرەک بوو، ئەبولعەباسی سەفاح و ئەبو جەعفەری مەنسوریش خۆشیان لە خۆی و ئیبراهیمی برای نەدەهات، بەهۆی ئەو دەرکەوتن و بەیعەت پێکردنەی بۆیە کەوتنە ڕاوە دونانیان و لە کۆتایدا کوژران. (ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٤، ص ص٧-٩؛ الاصبهاني: مقاتل الطالبيين، تح: السيد أحمد صقر، دار المعرفة، بيروت، د. ت، ص٢٠٧).بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە (شۆڕشەکەی نەفس زەکییە و ئیبراهیمی برای) بڕوانە:(امينة بيطار: تاريخ العصر العباسي، مطبعة جامعة دمشق، كلية الاداب، سوريا، (٢٠١٧-٢٠١٨م)، ص ص١١٨-١٢٤).

# باسی دووەم

# بوەیهییەکان و ڕۆڵیان لە شیعەگەریی دا

## تەوەری یەکەم

## دەرکەوتنی بوەیهییەکان

(بنو بويه) سێ برابوون (علي، حسن و احمد) کوڕانی (ابي شجاع) [١] بۆییە، ڕیشەیان بۆ فارسەکان دەگەڕێتەوە، دەسەڵاتی بوەیهییان[٢] لەسەردەمی خیلافەتی عەبباسی لە ساڵی(٣٢١ک/٩٢١ز) لەناوچەی فارس دامەزراندووە، پاشان درێژ بوونەتەوە ڕووەو عێراق لە ساڵی(٣٣٤ک/٩٤٥ز) تاوەکو کەوتنیان لەسەر دەستی سەلجوقییەکان لەساڵی(٤٤٧ک/١٠٥٥ز).[٣]

یەکەم کەسێک کە فەرمانڕەوایی بنەماڵەی بوەیهیی کردووە(عماد الدولة أبو الحسن علي بن بويه فناخسرو)ی دەیلەمی بووە، ئەم بنەماڵەیە سەرچاوەی ژیانیان ڕاوکردن بووە،[٤] بەتایبەت ڕاوی ماسی،[٥] هۆکاری ئازایەتی و توانای (فناخسرو) سەرباز بووە بەتایبەت لە سوپای (ناصر حق

---

(١) ناسناوەکەی (أبوالشجاع) بووە، (بويه بن فناخسرو بن تمام بن كوهي بن شيرزلي صغير بن شيركو بن شيرزل كبير بن شيران شاه بن شيرفنه بن شستان شاه بن سسن فيروز بن شيرزل بن سناد بن بهرام جور الملوك بن يزدكرد الملك) و دوای ئەویش دێت تاوەکو دەگاتەوە سەر ئەردەشێری کوڕی بابک.(ابن الاثير: الكامل، ج٧، ص٥؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦م، ج١، ص٢٥٥؛ ابراهيم سلمان الكروى: البويهيون والخلافة العباسية، ط٢، دار الاسكندرية، مصر، ٢٠٠٨م، ص٨٤).

(٢) بوەیهییەکان بەرەچەڵەک دەچنەوەسەر دەیلەمییەکان، لەسەر مەزهەبی شیعەی زەیدی مسوڵمان بوون، بەهۆی ئەو ڕەوش و سرووشتەی تێدابوون زیاتر پیشەی سەربازی و ڕاو وشکاریانکردووە.(ابن الاثير: الكامل، ج٧، ص ص٥-١٠؛ الكروى: البويهيون والخلافة العباسية، ص٨٢-٨٣).

(٣) المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، تح/ محمد عبد القادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧م، ج١، ص١٣٠؛ بۆزانیاری دەربارەی(بوەیهییەکان) بڕوانە:(حسن منيمنة: تاريخ الدولة البويهية(السياسي والاقتصادي والاجتماعي والثقافي-مقاطعة فارس-٣٣٤-٤٤٧هـ ٩٤٥-١٠٥٥م)، دار الجامعية، بغداد، ١٩٨٧م).

(٤) محمد اسعد طلس: تاريخ العرب، ط٢، دار الاندلس، بيروت، ١٩٧٩م، ج٦، ص٩٦.

(٥) الذهبي: تاريخ الإسلام و وفيات المشاهير والاعلام، تح/ عمر عبد السلام التدمري، ط٢، دار الكتب العربي، بيروت، ١٩٩٣م، ج٢٤، ص١٢.

العلوي)،[١] ئەمەش بۆ دواتری هەرسێ کوڕەکەی لە ئازایەتی و دامەزراندنی دەسەڵاتدا کاریگەریی باشی هەبووە.[٢]

لەسەرەتادا دەسەڵاتیان بەسەر باشوری هەرێمی فارس دا هەبووە، یەکەم شار بوەیهییەکان باڵادەستی بوون ئیسفەهان بووە لەساڵی (٣٢١ک/٩٣٣ز)،[٣] عەلی کوڕی ئەبی شوجاع (أمير الأمراء) بووە، فەرمانڕەوای شیرازی دەکرد لە(٣٢٢ک/٩٣٣ز تاوەکو ٣٣٨ک/٩٤٩ز)، لەکاتێکدا حەسەنی برای باڵادەست بوو بەسەر شاری ڕەی و ئیسفەهان دا، لەدوای مردنی عەلی برای ئەو بوو بە(أميرالأمراء)[٤].

ئەحمەد کوڕی ئەبی شوجاع(٣٣٤-٣٥٦ک/٩٤٥-٩٦٦ز) [٥] بەفەرماندەی هێزێکەوە چووە سەر بەغداد لە (ڕۆژی شەممە یازدەی جماد الاولى ٣٣٤ک/ ٩٤٥ز) [٦] بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆدەستی بەسەرداگرت،[٧] خەلیفە (المستكفي بالله)ی عەباسیی[٨] دیاری و جل و بەرگی پێبەخشی و دەسەڵاتی

---

(١) النويري: نهاية الأرب في فنون الأدب، ط١، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ١٤٢٣هـ ج٢٦، ص١٦٣.

(٢) الدواداري: كنز الدرر وجامع الغرر، تح/ دوروتيا كرافولسكي، الناشر عيسى البابي الحلبي، مصر، ١٩٩٢م، ج٥، ص ص٣٨٨- ٣٨٩.

(٣) النويري: نهاية الأرب، ج٢٦، ص١٦٨.

(٤) ابن الاثير: الكامل، ج٧، ص١٨٨.

(٥) ئەحمەدی کوڕی بوەییە ڕوویکردە بەغداد، سەربازە تورکەکان بەرەو موسڵ هەڵاتن، ڕووی لە موستەکفی کرد، ئەحمەد لە (الشماسية) دابەزی، خەلیفە دیاری و شتی گرانبەها و جل و بەرگی فەرمی بۆ نارد، پاشان ئەحمەد ئامادەی لای خەلیفە بوو، ئەویش بەیعەتی پێکرد.(الذهبي: سيراعلام النبلاء، تح/ مجموعة من المحققين، ط٣، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٥م، ج١٥، ص١١٢).

(٦) المقريزي: السلوک، ج١، ص١٣٣.

(٧) ابن الاثير: الكامل، ج٧، ص١٥٧.

(٨) (المستكفي بالله ابو القاسم عبد الله: کوڕی (المكتفي)کوڕی (المعتضد)ە(٢٩٢-٣٣٨ک/٩٠٤-٩٤٩ز) لە خەلیفەکانی عەبباسییە، لە(٣٣٣بۆ٣٣٤ک/٩٤٤بۆ٩٤٥ز) فەرمانڕەوایی کردووە، بەیعەتی پێکراوە لەدوای لابردنی خەلیفە (المتقي)، بوەیهییەکان لە خیلافەت لایانبرد و زیندانیانکرد تاوەکو مرد(٣٣٨ک/٩٤٩ز).(السيوطي: تاريخ الخلفاء، تح: حمدي الدمرداش، ط١، مكتبة نزار مصطفى الباز، المملكة العربية السعودية، ٢٠٠٤م، ص٢٨٦).

ڕادەستکرد[١] و ناوی هەرسێ براکەی لەسەر دراو لێدا[٢] و ناسناوی (معز الدولة)ی پێ بەخشی و (عماد الدولة)ی بە عەلی برا گەورەی و حەسەنیش (روکن الدولة) ی پێ بەخشین،[٣] بەو جۆرە بنەماڵەی بوەیهیی توانییان باڵادەست ببن بەسەربەغداد،[٤] و دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسیدا بۆ ماوەی زیاتر لە سەدوسیازدە ساڵ و بیخەنە ژێر هەژموونی خۆیانەوە.[٥]

---

(١) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص٩٨.

(٢) الذهبي: سيراعلام،ج١٥، ص١١٢.

(٣) الدواداري: كنز الدرر، ج٥، ص٣٨٨.

(٤) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٥، ص٧١.

(٥) یازدە فەرمانڕەوا لە بنەماڵەی بوەیهی فەرمانڕەوایەتی بەغدادیانکردووە، ماوەی فەرمانڕەوایەتییان لە بەغداد تاوەکو ئەو کاتەی لەسەر دەستی سەلجوقییەکان کۆتاییان هاتووە.(النويري: نهاية الأرب، ج٢٦، ص ص٢٦٥-٢٦٧). (المقريزي) بە سەدو سێ ساڵ و سێ مانگ و چوار ڕۆژی دادەنێت، بەڵام ماوەی فەرمانڕەوایەتیان لە عیمادودەولەوە لە وڵاتی فارس بە سەدو یازدە ساڵ و سێ مانگ و شەش ڕۆژ دەژمێرێت. .(السلوك، ج١، ص١٣٦).

## تەوەری دووەم

## هەڵوێستی بوەیهییەکان بەرامبەر خەلیفە و خیلافەتی عەبباسی

لەسەرەتای باڵادەستی بوەیهییەکانەوە بەئاشکرا دەسەڵاتی خەلیفە المستكفي بالله یان سنوردارکرد و مووچەیەکی سەد و پەنجا هەزار درهەمییان مانگانە بۆ دیاریکردبوو،[١] واتە خۆیان دەسەڵاتداری ڕاستەقینەی خیلافەت بوون، لە ڕۆژگاری (معز الدولة) تەنانەت خەلیفە وەزیریشی[٢] نەبوو، بەڵکو نووسەرێکی[٣] هەبوو بۆ نووسینی باج و خەراج و هیچی دیکە، وەزارەت کەوتەدەست (معز الدولة) و خۆی هەرکەسێک مەبەستی بوایە دایدەنا و لایدەبرد.[٤]

لەپێش هاتنی بوەیهییەکانیش دەسەڵات و ناوچەیەکی ئەوتۆ بەدەست خیلافەت و خودی خەلیفەوە نەمابوو، جگە لە بەغداد و دەوروبەری، واتە ئەوەی لە نێوان دیجلە و فورات بوو، وەک ئاماژەمان پێکرد خەلیفە (المستكفي) دەسەڵاتی ڕادەستی (معز الدولة) و براکانی کردو بوون بە فەرمانڕەوا،[٥]

---

(١) الذهبي: سيراعلام، ج١٥، ص١١٢؛ النويري: نهاية الأرب، ج٢٣، ص١٨٤.

(٢) (الوزراة) خۆرهەڵاتناسەکان پێیان وایە زاراوەی وەزارەت لە زمانی فارسییەوە هاتووەتە نێو هزری سیاسی ئیسلامی، بیروڕای جیاوازهەیە لەوەی میسری و یۆنانیەکۆنەکان بۆیەکەمجار زاراوەی وەزارەتیان بەکارهێناوە، لەقورئانی پیرۆزیشدا بەکارهاتووە(سورة طه: الاية ٢٩)، لەفەرموودەی پەیامبەر(د-خ) و لە سەقیفەی بەنی ساعیدە(نحن الامرراء وانتم الوزراء) بەکارهاتووە، کاری وەزیر هاوکارییە لەبەرێکردنی کاروباری وڵاتدا، هاوبەشە لە دانانی بیروڕای دەسەڵاتدار، لایەنێکی گرنگی سیاسەتە.( الوزارة (أداب الوزير)، تح/ د. محمد سليمان داود، د. فؤاد عبد المنعم أحمد، ط١، دار الجامعات المصرية، اسكندرية، ١٩٧٦م. ص ص٢٩-٣١؛ رحيم كاظم محمد الهاشمي، عواطف محمد العربي شنقارو: الحضارة العربية الاسلامية(دراسة في تاريخ النظم)، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، ٢٠٠٢م، ص ص١٧-١٨. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە (وەزارەت) بڕوانە:(صلاح الدين بيسونى رسلان: الوزارة فى الفكر السياسى، دار قباء، القاهرة، ٢٠٠٠م).

(٣) (الكتابة): لە دەوڵەتی ئیسلامیدا پیشەی نووسەری لەسەردەمی پەیامبەر(د-خ) دەرکەوت، یەکەم کەس کەپیشەی نووسەری لە مەککە وەرگرت، سفيان بن امية بن عبد شمس بوو، لەسەردەمی دەسەڵاتەکانی دواتری ئومەوی و عەبباسی پیشەی نووسەری بوو بە یەکێک لە پیشەفەرمییەگرنگەکانی دەوڵەت.(على حسنى الخربوطلى: الحضارة العربية الاسلامية، ط٢، مكتبة الخانجى، القاهرة، ١٩٩٤م، ص٣١؛ رحيم كاظم: الحضارة العربية، ص٢١؛ رابح اولادضياف: محاضرات في تاريخ النظم الاسلامية (مذكرة بيداغوجية موجهة لطلبة السنة الاولى ماستر تاريخ وسيط)، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم التاريخ، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة، الجزائر، (٢٠١٥-٢٠١٦م)، ص ص٦٦-٧٤).

(٤) ابن الاثير: الكامل، ج٧، ص١٦٠.

(٥) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٥٢١؛ محمد مسفر الزهراني: نظام الوزارة في الدولة العباسية(٣٣٤-٥٩٠هـ)، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٠م، ص١٩.

(معز الدولة) شیعەیەکی زەیدی دەمارگیربوو،[١] لێرە بەدواوە خەلیفە بە دەسەڵاتێکی ڕووکەش و لاواز مایەوە و هیچی بەدەست نەبوو،[٢] ئەو ڕەوشە لەسەردەمی خەلیفە (المستكفي)یەوە بەردەوام بوو، لە سەردەمی بوەیهیی و سەلجوقییەکانیشدا هەموویان بێ دەسەڵات کرابوون.[٣]

کاروباری خیلافەت وەک پێویست نەدەڕۆیشت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هیچ دەسەڵاتێک بۆ خیلافەت نەمابوویەوە، تەواوی عێراق ڕادەستی نوێنەرانی (معز الدولة) کران،[٤] عێراق و ئەهواز و تەواوی فارس بوونە موڵکی بوەیهییەکان.[٥]

بنەماڵەی بوەیهی لەسەرەتادا شیعەی زەیدی[٦] بوون و باوەڕیان وابووە عەبباسییەکان خیلافەتیان داگیرکردووە و دەسەڵات زیاتر بە بنەماڵەی پەیامبەر(د.خ) ڕەوایە، نەک کەسانی دیکە،[٧] (معز الدولة) ویستی لەدوای داگیرکردنی بەغداد و دەستگرتنی بەسەر خیلافەتی سوننی دا خیلافەتێکی شیعی[٨] دابمەزرێنێت و بیگوازێتەوە بۆ(معزلدين الله العلوي) [٩]،[١٠] بەڵام لەوە پەشیمان بووەوە و پێکەوەژیان و کارکردنی لەگەڵ عەبباسییەکان هەڵبژارد، ئەمەش دوو هۆکاری سەرەکی لەپشتەوەبوو:

یەکەم: ترس لە هەڵوێستی مسوڵمانانی سوننە، سەرکردەکانی ناوچەکە لەگەڵ دەوڵەتی عەبباسی بوون و گوێڕایەڵییان بە فەرمانبەرداری خودا و پەیامبەرەکەی دەزانی و دەیانوویست (أولي الامر) یان

---

(١) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص٩٨.

(٢) المقريزي: السلوک، ج١، ص١٣٣؛ الزهراني: نظام الوزارة في الدولة العباسية، ص٢٢.

(٣) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٥٢١.

(٤) ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج١، ص٢٦٩؛ ابن قلانسي: تاريخ دمشق، ص١٩.

(٥) ابن خلكان: وفيات الأعيان، وانباء ابناء الزمان، تح/ احسان عباس، ط١، دار صادر، بيروت، مكتبة الشاملة عن طبعة (١٩٠٠- ١٩٩٤م)، ج٣، ص٣٩٩.

(٦) جمال الدين سرور: سياسة الفاطميين الخارجية، دار الفكر العربي، القاهرة، ١٩٩٤م، ص١٦٨.

(٧) ابن الاثير: الكامل، ج٧، ص١٦٠.

(٨) جمال الدين سرور: سياسة الفاطميين، ص١٦٩؛ طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص٩٨.

(٩) (المعز لدين الله): خەلیفەی چوارەمی فاتیمییەکانە، ناسناوی(معد)، کونیەکەی(ابوتميم)، (المنصور بالله) باوکیەتی، لەساڵی (٣١٩ک/٩٣١ز) لەدایکبووە، لەساڵی(٣٤٢ک٩٥٣ز) لەتەمەنی (٢٣)ساڵیدا خیلافەتی وەرگرتووە، لە قاهیرە لەساڵی(٣٦٥ک/٩٧٥ز) کۆچی دوایی کردووە.(الدواداري: كنز الدرر، ج٦، ص١١٩؛ عارف تامر: المعزلدين الله الفاطمي، ط١، دار الافاق الجديدة، بيروت، ١٩٨٢م، ص٦٧).

(١٠) جمال الدين سرور: سياسة الفاطميين، ص١٦٩.

هەبێت،[١] (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ فَإِنْ تَنَازَعْتُمْ فِي شَيْءٍ فَرُدُّوهُ إِلَى اللَّهِ وَالرَّسُولِ إِنْ كُنْتُمْ تُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ذَلِكَ خَيْرٌ وَأَحْسَنُ تَأْوِيلًا).[٢]

دووەم: ترس لەوەرگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئیمامی زەیدی و شکۆی بەسەر فەرمانڕەوایی و زاڵ بوونی بەسەر بوەیهییەکاندا، ئامۆژگاری (معز الدولة) کرا ڕێگربێت لە گۆڕینی خیلافەت لە عەبباسییەوە،[٣] بەوەی:''ئەگەر خەلیفەکانی عەبباسی پێ شیاونییە بۆ خیلافەت و فەرمانبکات بە کوشتن و لەناوبردنیان دەکرێت، بەڵام کێ ناڵێت ئەوەی ئێستا تۆ بەشیاوی دەسەڵات دەزانێت سبەی فەرمانی لەناوبردنت نادات، هەربۆیە ڕێگربە لەو کارە''.[٤]واتە گۆڕینی خیلافەت لە عەبباسییەوە بۆ عەلەوی.

بەو جۆرە بوەیهییەکان پێکەوەژیانیان لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی لاواز پێباشتربوو، چونکە دەیانزانی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خیلافەتدا دەسەپێنن و هەرچییان بووێت ئەوە دەکەن، خەلیفە (المستكفي) کە خۆی بوەیهییەکانی بانگهێشتکرد بۆ ڕزگاربوون لە دەست تورکەکان، هەر لەسەرەتاوە (معز الدولة)، (المستكفي) بێدەسەڵات کرد و خستییە زیندانەوە تاوەکو مرد، لە جێگای ئەو بەیعەتی بە (المطيع لله)کرد لە (جماد الاخرة ساڵی ٣٣٤-٣٦٣ک/٩٤٥-٩٧٣ز)، بڕیاری دا ڕۆژانە تەنها سەد دیناری بداتێ،[٥] ئەوە نەبێ ئەم خەلیفەیە زۆر دەستکراوەو بەدەسەڵات بووبێت، جگە لە نوێژی هەینی هیچی دیکەی بەدەست نەبووە، پاشان ناچارکرا واز لە خیلافەت بێنێت بۆ (الطائع لله) ی کوڕی[٦] (٣٦٣-

---

(١) البيروني: الجماهر في معرفة الجواهر، تح/ يوسف الهادي، ط١، شركة النشر العلمى والثقافى، تهران، ١٩٩٥، ص١٠.

(٢) سورة النساء: الأية ٥٩.(ئەی ئەوکەسانەی باوەڕتان هێناوە، گوێڕایەڵی فەرمانی خودا و پەیامبەرەکەی بن، وە بەفەرمانی کاربەدەستانی خۆتان بن، ئەگەر لەشتێکدا ناکۆکیتان هەبوو بگەڕێنەوە بۆ لای خودا و پەیامبەرەکەی، ئەگەر باوەڕتان بەخودا و ڕۆژی دوایی هەیە، ئەو گەڕانەوەیە بۆ لای قورئان و سوننەت جوانتر و چاکترە. ئەحمەد کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان، ل٢٠٠).

(٣) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص ص٩٨-٩٩.

(٤) ابن الاثير: الكامل، ج٧، ص١٦٠.

(٥) الذهبي: سير اعلام، ج١٥، ص١١٣؛ السيوطي: تاريخ الخلفاء، ص٢٨٦.

(٦) مؤلف مجهول: أخبار الدولة العباسية وفيه أخبار العباس وولده، تح/ عبدالعزيز الدوري، عبدالجبار المطلبي، دار الطليعة، بيروت، د. ت ، ص٤١٣.

٣٨١ک/٩٧٣-٩٩١ز)،[١] ئەمیش هەموو دەسەڵاتەکانی بەشێوازی (التفویضي) [٢] ڕادەستی (عضد الدولة) (بەختیار کوڕی موعیز ٣٥٦-٣٦٧ک/٩٦٦-٩٧٧ز) بوەیهی کرد، (الطائع) پێی وت:'' دەبینیت ئەوەی خودا وەک نوێنەر پێی بەخشیووم لە کاروباری خەڵکی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕادەستی تۆی دەکەم و سەرپشکمکردوویت''.[٣]

بوەیهییەکان دەسەڵاتیان بەسەر خیلافەتی عەبباسیی لە عێراق و ناوچەی فارس دا گرت، لەسەدەی چوارەمی کۆچی دەیەمی زاینیی، لقێکی دیکەی شیعەی ئیمامی[٤] کە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە سەر ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری سادق لە (٢٦٦ک/٨٧٩ز) دەسەڵاتیان بەسەر یەمەندا سەپاندبوو، یەکەم دەوڵەتی ئیسماعیلییان لە مێژوودا دامەزراند،[٥]

---

(١) السیوطي: تاریخ الخلفاء، ص٢٩١.

(٢) (التفویضي): ئەو دەسەڵاتەیە کە خەلیفە دایدەنێت بۆ ئەوەی لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایدا بەرپرسیاریەتی لەگەڵ هەڵگرێت، سەرپشکی دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەپێی بیروڕای خەلیفە و ڕاوێژی خەلیفە لەسەر بنەما شەرعییەکان.(الماوردي: الأحکام السلطانیة، دار الحدیث، القاهرة، ٢٠٠٦م، ص٥٠؛ رحیم کاظم: الحضارة العربیة، ص٢١؛ صلاح الدین بسیونی: الوزارة فی الفکر السیاسی، ص٤٩).

(٣) السیوطي: تاریخ الخلفاء، ص٢٩٢؛ الزهراني: نظام الوزارة في الدولة العباسیة، ص٢٤.

(٤) (الشیعة الامامیة او الاثنا عشریة): گروپێکن لە مسوڵمانانی شیعە کە پێیان وایە ئیمامەت بۆعەلی کوڕی ئەبی تالیب و نەوەکانیەتی، هەروەها پێویستە خەڵکی چاوەڕوانی ئیمامی چاوەڕوانکراوبن کە لە کۆتایی دونیادا دێت، باوەڕیشیان بە دوازدە ئیمام هەیە، بە عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەستپێدەکات و بە محمد بن الحسن المهدي کۆتایی دێت.(الباکستاني: الشیعة والتشیع، ص٢٦٩؛ مصطفی حلمي: نظام الخلافة، ص١٨٠)

(٥) (ابن خلدون) ئاماژەدەکات:''بنەڕەتی ئەم شیعە ئیسماعیلییانە کە خۆیان چیرۆکی بێ بەری بوونی خۆیان لەهەردوو شێخ واتە (ابو بکر وعمر) و زۆرێک لە هاوەڵان دەبەستنەوە بە دوژمنایەتیان بۆ ئەوان، بەهۆی بەیعەت-نەکردنیان بە (علی بن ابي طالب)، وێڕای وەسیەتی پەیامبەر (د.خ) بۆ ئەو بابەتە، بەمەش جیادەکرێنەوە لە شیعەی دیکەی جگە لەوان، زەیدییەکان ڕێگرنین لە ئیمامەتی خەلیفە ئەبو بەکر، هەروەها لای کیسانییەکانیش، چونکە بانگەوازیان نەکردووە بۆ ئەو وەسیەتەی پەیامبەر(د.خ)، (ابن خلدون) پێی وایە ئەم وەسیەتە لە ئەهلی (نقل) گواستنەوەی فەرموودەوە نەزانراوە، بەڵکو بابەتێکە و شیعەی ئیمامی درووستیانکردووە.(تاریخ ابن خلدون، ج٤، ص ص ٣٧-٣٨).

پاشان (أبا عبدالله) ([١])ی شیعی بەهۆی لاوازیی خیلافەتی عەبباسییەوە چووە ئەفریقاو کەوتە بانگەواز بۆ شیعە و (الاسماعیلیون)،[٢] دەوڵەتی فاتیمی لە (٢٩٦ک/٩٠٨ز) دامەزرا و دواتر درێژبووەوە بۆ میسر لە ساڵی (٣٥٩ک/٩٦٩ز) و پاشان (٣٦٣ک/٩٧٣ز) فاتیمییەکان هاتنە نێو دیمەشقەوە[٣].

بوەیهییەکان لە بەغداد و فاتیمییەکان لە دەرەوەی دەسەڵاتی خیلافەت هەردوولا هەوڵیان دەدا شەرعیەت لە دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسی وەرگرنەوە بە سەرنج خستنە سەر ڕۆژی غەدیر[٤] و دانانی وەک سێیەم جەژنی مسوڵمانان لە دوای هەردوو جەژنی ڕەمەزان و قوربان.

---

(١) أبو عبدالله الشيعي: أبو عبد الله حسێن کوڕی ئەحمەد کوڕی موحەمەد کوڕی زەکەریا ناسراو بە ئەلشیعی، بانگەواز یبۆ عەبیدوڵا مەهدی دەکرد، خۆی خەڵکی سەنعای یەمەن بووە. (ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٢، ص١٩٢-١٩٣؛ أبو الفدا: المختصر، ج٢، ص٦٣).

(٢) ابن الاثير: الكامل، ج٦، ص ص٥٨٣-٥٨٤.

(٣) هلز رشيد توفيق: سقوط الدولة الفاطمية، رسالة الماجستير، جامعة الفرات، معهد العلوم الاجتماعية، قسم العلوم التاريخية، العراق، ٢٠١٧م، ص٢.

(٤) غدير خم: ئەو ڕۆژەیە کە پەیامبەر (د.خ) لەحەجی ماڵئاواییدا عەلی کوڕی ئەبی تالیبی لە دوای خۆیەوە وەک جێنشینی خۆی دەستنیشانکرد.(ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٤، ص٣٧).ئەو بۆنە لە ڕۆژی ١٨ی مانگی (ذي الحجة) دەستپێدەکات، شەوەکەی بە نوێژکردن بەرز ڕادەگرن و ڕۆژەکەی بە دوورکات نوێژ پێش خۆرهەڵاتن و ڕۆژبوونەوە دەست پێ دەکەن، پۆشاک و بەرگی نوێ دەپۆشن، گەردنی یەکتر ئازاد دەکەن، چاکە و خێری زۆری تێدا دەکەن. (الخطيب البغدادي: تاريخ بغدا، ج٩، ص٢٢١؛ المقريزي: المواعظ والاعتبار، ج٢، ص٢٥٥).

## تەوەری سێیەم

## شیعەگەرایی بوەیهییەکان

دەستگرتنی ئەم هێزە(بوەیهییەکان) بەسەر کورسی دەسەڵات و فەرمانڕەوایی لە عێراقدا هۆکارێکی راستەوخۆی جوڵاندنی دەمارگیریی مەزهەبیی بوو، کە پاشتر ناکۆکییە هزرییەکان گۆڕان بۆ ململانێی خوێناوی وێرانکەر بەتایبەت لە سەردەمی (شیعەی ئیسماعیلی).[١]

لە دامەزراندنی دەسەڵاتی بوەیهییەکانەوە (٣٣٤ک/٩٤٨ز) و بەردەوامییان تاوەکو (٤٤٧ک/١٠٥٥ز) پاڵپشتێکی بەهێزی شیعەبوون، ئەو مەزهەبەیان ئاڕاستە کردووە و شیعەگەراییان بەهێز و بڵاوکردووەتەوە،[٢] لەسەردەمی بوەیهییەکاندا شکۆی شیعە بەهێزبوو، بەتایبەت (الاسماعیلیون) توانییان باشتر خۆیان ڕێکبخەنەوە، بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایەتییان هانی مەزهەبی شیعەیان داوە و ئەوانەی ئارەزوومەندی ئەو مەزهەبە بوون لەخۆیانیان نزیک کردۆتەوە، بەتایبەت لەسەردەمی (عضد الدولة) (٣٦٦-٣٧٢ک/٩٧٦-٩٨٢ز) دەستیکرد بە دامەزراندنی مزگەوت و بازاڕ و بەخشینەوەی پارە بە زانایان و بانگبێژان[٣]، تاوەکو هاوکاریان بێت لە بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسیەکانیان لە عێراقدا.[٤]

بوەیهییەکان نەک نەوەستان لە هەڵمەتی شیعەگەرایی، بەڵکو هانی خەڵکی بەغدادیان لە بەشیعەکردن و یاریکردن بەهەستی سوننەدا دەدا، ئەمەش دەبووە مایەی ئاژاوە و ئاڵۆزی تاکو وەهای لێهات زۆربەی کاتەکان بەریەککەوتن لەنێوان هەردوو مەزهەبەکەدا ڕووی دەدا، خوێنڕشتن و سوتاندنی بازاڕو شوێنە تایبەتی وگشتییەکانی هەردوولا بەردەوام بوو،[٥]زۆرێک لە دەقە مێژووییەکان

---

(١) مريزن سعيد: الحياة العلمية في العراق في العصر السلجوقي، رسالة دكتوراه، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، قسم الدراسات العليا الحضارية، جامعة ام القرى، المملكة العربية السعودية، ١٩٨٤-١٩٨٥م، ص١٢٠.

(٢) المقريزي: المواعظ، ج٤، ص١٩١.

(٣) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص ص ١٠٣، ١٠٤.

(٤) محمد جمال: سياسة الفاطميين، ص١٧٢.

(٥) ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الامم و الملوك، تح/ محمد عبد القادر عطا، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢م، ج١٤، ص١٥٥.

ئاماژە بەڕووداوی توندوتیژانەی نێوان هەردوو مەزهەبی سوننی و شیعی دەکەن،[١] هەروەها ئاماژە بە زۆربوونی ئاژاوەو ئاڵۆزیی لەنێوان ئەو دوو مەزهەبەدا دەکرێت.[٢]

''جەژنی غەدیر جەژنێکی باو نەبوو کەسیش یادی نەدەکردەوە لە پێشتردا، بۆیەکەمجار لە ئیسلامدا و لە عێراق لە ڕۆژگاری (معز الدولة) ساڵی (٣٥٢ک/٩٦٣ز) ناسێنرا و شیعە لەوێ بەدواوە وەریگرت و کردیان بە جەژن بۆخۆیان''،[٣] لە پێش ناساندنی غەدیر وەک جەژنێکی تایبەتی شیعەکان، لە ساڵی(٣٥١ک/٩٦٢ز) لە بەغداد شیعەکان لەسەر دەروازەی مزگەوتەکان نەفرینی موعاویەیان دەنووسی، هەروەها نەفرین لەوەی مافی فاتیمەی لە فەدەک نەدا و داگیری کرد، ئەو کەسەی ڕێگریی ناشتنی تەرمی حەسەنی لە تەنیشت باپیرییەوە کرد،[٤] نەفرەت بۆ ئەوکەسەی (أبا ذر)ی دوورخستەوە بۆ تاراوگە، هەروەها ئەو کەسەی عەبباسی لە شورا دەرکرد.[٥]

هەرچەندە هەموو ئەمانە لەشەودا ڕەشدەکرانەوە، (معز الدولة) ویستی وەک خۆیان لێبکاتەوە، بەڵام (المهلبي) [٦] وەزیر پێشنیاری کرد لەشوێنی نووسراوە ڕەشکراوەکان بنووسرێت:''لعن الله الظالمین لآل رسول الله -صلى الله علیه وسلم''،[٧] بەمەش بەڕوونی نەفرەتی موعاویەیان دەکرد، (معز

(١)ابو الفدا: المختصر، ج٢، ص١٧٢؛ حسام الدین السامرائي: الحیاة العلمیة في العراق في العصر السلجوقي، رسالة الدکتوراه، کلیةالشریعة والدراسات الاسلامیة، قسم الدراسات العلیا الحضاریة، جامعة ام القرى، المملکة العربیة السعودیة، ١٩٨٤-١٩٨٥م، ص١٢٢.

(٢)ابن کثیر: البدایة والنهایة، ج١٦، ص٦٥؛ المقریزي: المواعظ والاعتبار، ج٤، ص١٩١.

(٣) الذهبي: تاریخ الإسلام، ج٢٧، ص٩؛ المقریزي: المواعظ والاعتبار، ج٢، ص٢٥٥.

(٤)حەسەن ڕایسپارد لەدوای مردنی لەتەنیشت باپیرەی نێردراوی خودا (د.خ) ەوە بنێژرێت، ئەو کات مەروانی کوڕی حەکەم لە لایەن مەعاویەوە فەرمانڕەوای مەدینە بووو ڕێگری لەو کارەکرد، خەریک بوو لە نێوان بنەماڵەی ئومەوی و بنەماڵەی هاشمدا ئاژاوە ڕووبدات، عائیشەش وتی:'' ماڵ ماڵی خۆمە و ڕێگا نادەم تێیدا بنێژرێت''، پاشان لە گۆڕستانی بەقیع نێژرا. (أبو الفدا: المختصر، ج١، ص١٨٣؛ ابن الوردي: تاریخ ابن الوردي، ج١، ص١٥٨).

(٥) المقریزي: المواعظ والاعتبار، ج٤، ص١٩١.

(٦) (أبا محمد الحسن بن محمد المهلبي) لە (جماد الاولى ٣٣٩ک/٩٥٠ز) لە دوای مردنی (الصمیري) (معز الدولة) کردی بە وەزیری خۆی، تواناو لێهاتوویەکی باشی لە بواری بەڕێوەبەرێتی و بەرژەوەندی وڵاتدا هەبوو، یەکێک لە کارە دیارەکانی لەبواری بەڕێوەبەرێتیدا کەمکردنەوەی (المظالم) بووە بەتایبەت لە بەسرە، بەهەمانشێوە لەبواری سیاسی و بەرژەوەندی ئامانج و سیاسەتی دەوڵەتدا کاری زۆری کردووە.(ابن الاثیر: الکامل، ج٧، ص١٨٩؛ ابن کثیر: البدایة والنهایة، ج١٥، ص٢٠٥).

(٧) السیوطي: تاریخ الخلفاء، ص٢٨٨.(نەفرینی خودا لە ستەمکارانی بنەماڵەی پەیامبەر(د.خ)بێت).

الدولة) خەڵکی بەغدادی ناچارکرد ماتەمگێڕیی بۆ حوسێنی کوڕی عەلی ئەنجام بدەن و دوکان و بازاڕی پێ داخستن، ڕێگای بە چێشتلێنەرەکان دا خواردن ئامادەکەن و ئافرەتان بە لەخۆدان و خۆدەرخستنەوە هاتنە دەرەوە، (الذهبي) ئەو کارە بە ئاژاوەگێڕیی دادەنێت.[1]

شیعەکان لەم بابەتەدا پشت دەبەستن بەو فەرموودەیەی پەیامبەر (د.خ) لە غەدیر خوم دا، :''ئایا نازانن من لەپێشترینی خەڵکم بۆ باوەڕداران لە نەفسی خۆیان''؟ وتیان:''بەڵێ پەیامبەری خودا'' فەرمووی:''هەرکەس من بە پێشەوای خۆی دەزانێت ئەوە پێشەوایەتی'' دەستی عەلی گرت و بەرزیکردەوە خوایە سەریخە ئەوەی سەری دەخات، خۆت دوژمنی بە ئەوەی دوژمنیەتی''،[2] لەڕاستیدا یادکردنەوەی ماتەمگێڕی[3] لە ڕۆژی عاشوردا بەهۆی شەهیدکردنی ئیمام حوسێنی کوڕی عەلی لە کەربەلا لە (١٠ی محرم ٦١ک/٦٨٠ز)، وەک بۆنەیەکی هاوسۆزی لەگەڵ بنەماڵەی پەیامبەر (د.خ) و تۆڵە سەندنەوە لە دوژمنانیان، فاتیمییەکانیش لە میسر هەمان کاریان ئەنجامدا، (بهاء الدولة) (٣٧٩-٤٠٣ک/٩٨٩-١٠١٢ز) هەستا بە پشتگیری و پاڵپشتی چالاکییە شیعییەکان، بۆ نموونە لە ساڵی(٣٨٣ک/٩٩٣ز)دا سابوری کوڕی ئەردەشێر[4]ی وەک وەزیر دیارییکرد، خانەی زانستی لە گەڕەکی

کەرخی[5] شیعی دامەزراند و ژمارەیەکی زۆری وەقفی بۆ دانا، کتێبی زۆری بۆ گواستەوە و ژمارەیەک مامۆستای لە زانا دیارە ئیمامییەکانی بۆ وانە وتنەوەی تێیدا دانا، وەک (القاضي أبي عبد

---

(١) العبر في خبر من غبر، تح/ ابو هاجر محمد السعيد بن بسيوني زغلول، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٥م، ج٢، ص٨٩.

(٢) ابن حبان: صحيح ابن حبان، ج١٥، ص٣٧٦؛النسائي: السنن الكبرى، تح/ حسن عبد المنعم شلبي، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ج٧، ٢٠٠١م، ص٣١٠.

(٣) لەزمانی فارسیدا پێی دەوترێت(عزاداری).بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (اصغر فروغی البری: ایرانیان وعزاداری عاشورا(مراسم سوگواری در گذر تاریخ)، چ٣، انتشارات مؤسسه اموزشی و پژوهشی امام خمینی، قم١٣٨٨).

(٤) (سابور بن اردشیر): بهاء الدولة ابو نصر یەکەم وەزیری بهاء الدولة بن عضدالدولةی بوەیهی بوو، لە بەغداد خانەیەکی زانستی هەبووە، لە ساڵی (٤١٦ک/١٠٢٥ز) لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایي کردوە.(الذهبي: سيراعلام، ج١٧، ص٣٨٧).

(٥) ئەو ململانێ مەزهەبیەی کە خەڵکێکی زۆری بەغداد بۆماوەیەکی دوورو درێژ پێیەوە دەیناڵاند ، وای کردبوو هەڵگرانی مەزهەبێکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیار و تایبەتدا کۆببنەوە، حەنبەلییەکان ناوچەی ڕەسافەی ڕۆژئاوای بەغداد و شیعەی عەلەوی زۆرینەی لایەنی کەرخی ئەو شارەیان پێک دەهێنا، بەجۆرێک دەوترا خەڵکی کەرخ هەموویان شیعەی ئیمامین. (حسام الدين السامرائي: الحياة العلمية في العراق، ص١٢١).

الله بن هارون الضبي و الشيخ ابا بكر محمد بن موسى الخوارزمي) ئەمەی کۆتاییانی کردە سەرپەرشتیاری خانەکە و ناوی نا (دار العلم) بۆ بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی بنەماکانی هزری شیعەی ئیمامی.[١]

هەوڵی بوەیهییەکان بۆ شیعەگەریی ڕۆڵ وکاریگەریی زۆری هەبوو لە هاندانی زانایان لە تێڕوانین و هەوڵیان بۆ گرنگیدان بە مەزهەبی شیعە و ئەو زانیارییانەی پەیوەندییان بەو مەزهەبەوە هەبوو،[٢] ئارەزوویان بۆ شیعەگەریی هانیدان بۆ دامەزراندنی ژمارەیەک لە ناوەندە شیعییەکان لە عێراق و گۆڕانی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەرەو باوەڕهێنان بە بنەماو بیروباوەڕەکانی ئەو مەزهەبە، لەم پێناوەشدا نووسینی زۆر و گرنگیدان بە تایبەتمەندییە هزری و فەلسەفییەکان و هانیدان، بەتایبەت بۆ دانانی ئەو زانستانەی خزمەت بە مەزهەبی شیعە دەکات، بەو جۆرە ژمارەیەک لە ناوەندی تایبەت بە دانانی فەرموودەی پەیامبەر (د.خ) دەرکەوتن، وەک گێڕەرەوەی فەرموودە (الرافض أبي الفضل الشيباني) (ت ٣٨٧ک/ ٩٩٧ز) ژمارەیەک فەرموودەی سەرسوڕهێنەری هێناوە لەو جۆرانەی فەرموودەی (الرافضة)ن.[٣]

لەو کاتەی بوەیهییەکان وەک دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە باڵادەست بوون بەسەر خیلافەتی عەبباسی، فاتیمییەکان هەڵگری بیروباوەڕێکی هزری تەواو جیاوازبوون، خۆیان دەبینییەوە لە بیروباوەڕی ئیمامەتی خودایی و دەق لەسەر (علي بن ابي طالب) بۆ خیلافەت، مافی ئەوان (نەوەکانی) لە پشتاوپشتی دەسەڵات دا، ئەمانە تیۆری (الامامة) بوون بەلای شیعەی ئیمامییەوە.[٤]

لە کاتێکدا عەبباسییەکان دوودڵ و ڕاڕا بوون لە دیاریکردنی سەرچاوەی شەرعییەتی سیاسەتیان، لە وەرگرتنی دەسەڵاتیانەوە(١٣٢ک/٧٤٩ز) جارێک سەرچاوەی شەرعییەتیان بە ئیمام عەلی و جارێکی

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٤، ص٣٦٦.

(٢) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص٩٩؛ حسين امين: تاريخ العراق في العصر السلجوقي، الارشاد، بغداد، ١٩٦٥م، ص٣٣.

(٣) ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج٤٣، ص١٠٩.

(٤) گوێڕایەڵی ئیمام و بەردەوام بەگەورەڕاگرتنی بەلقێک لە لقەکانی پێویستی گوێڕایەڵی بۆ پەیامبەر(د-خ) دانراوە، هیچ جیاکارییەک لە نێوانیاندا نیە، جگە لە پێغەمبەرێتی و هاتنی سرووش بۆ پەیامبەر(د-خ)، تەواوی گەورەیی و ڕێزی پەیامبەر بۆ ئیمامیشە، تەنها پەیامبەرێتییەکەی نەبێت.(محمد حسن قدردان قراملكي: الامامة، تر/ حسن علي حسن مطر الهاشمي، تخ/ نصير شكر، ط١، دار الكفيل، كربلاء، ٢٠١٦م، ص١٤).

دیکە بەوەی ئەوان کوڕی مامی پەیامبەر و لەو بنەچەن، دەیانووت:''بە (شوری)''[١] و هەڵبژاردن بووە، یاخود ئەوەیان دەهێنایە گۆڕێ سەرچاوەی شەرعییەتیان هێز و زۆرینە بووە.

عەبباسییەکان هەندێک جار پشتگیری یەکێک لە سەرمەزهەبەکانیان دەکرد وەک حەنبەلی، شافیعی و حەنەفی، ئەم مەزهەبانەش زیاتر نزیکایەتیان لە (الفیقهیة) و یاساوە هەبوو، خاوەنی وێنایەکی سیاسی تەنها نەبوون کە بەهێزەوە پشتگیری عەبباسییەکان بکەن، تەنانەت ئەهلی سوننە لە سەدەی چوارەمی کۆچی دەیەمی زاینی دا، بەدیدگایەکی پیرۆزەوە تەماشای خیلافەتی عەبباسیان نەدەکرد، هێندەی ڕەوایەتی خیلافەتیان تەنها لە خەلیفەکانی ڕاشیدیدا[٢] کورت کردبووەوە و بە پیرۆزیان دەزانی، ئەو ڕەوایەتی پێدانەی ئەهلی سوننە تەنها بە ڕاشیدی، ڕێگای دەدا بەهەر فەرمانڕەوایەک دەست بگرێت بەسەر دەسەڵات دا، ئەگەر ئەو دەسەڵاتە فاتیمیش بێت، وەک ئەو هاوکاریەی لەگەڵ بوەیهییەکان کردیان بەشێوەیەکی ئاسایی، هەربۆیە بوەیهی و فاتیمییەکان توانیان هزری شیعەگەریی ئەوەی بەدەق ئیمامەتی عەلی دەسەلمێنێت بڵاو بکەنەوە، ئەمەش بۆخۆی تەختی خیلافەتی عەبباسی لەرزاند، لە سەدەی چوارەمی کۆچی دەیەمی زایینی بابەتەکە دەستی پێکرد کاتێک بابەتی ڕۆژی غەدیریان گۆڕی بۆ بۆنەیەکی گەورەی تایبەت بە شیعە کە لەوە پێشتر بۆنەیەکی ڕێ پێ دراو و باو نەبوو.[٣]

دواتر و لەسەردەمی خەلیفە قادربالله (٣٨١-٤٢٢ک/٩٩١-١٠٣٠ز) بەهۆی زیاتر هەستکردنی بەمەترسی شیعەگەریی لەسەر خیلافەتی عەبباسی، هەوڵی دا بەهەر هۆیەک بووە دەسەڵات بگێڕێتەوە بۆ عەبباسییەکان و کەوتە تۆبە پەشیمانکردنەوەی زۆرێک لە دەستە و گروپە ئاینییە جیاوازەکان لە مەزهەبی سوننە، لەوانەش (الرافضة) [٤] و شیعەی (الاسماعیلیة)، سەرەتاش

---

(١) (وأمرهم شورى بينهم. سورة الشورى: الاية)٣٨. (کاروباریان لە نێوخۆیاندا بە مشورەت و پرس و ڕاوێژبوو. کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان، ل ٩٤٤).

(٢) ''الخلافة بعدي ثلاثون سنة، ثم تكون ملكا''، (خیلافەت لە دوای من(پەیامبەر(د.خ) سی ساڵە، پاشان پادشایەتییە). قال:''أمسك خلافة أبي بكر رضي الله عنه سنتين، وعمر رضي الله عنه عشرا، وعثمان رضي الله عنه اثنتي عشرة، وعلي رضي الله عنه ست''. (ابن حبان: صحيح ابن حبان، ج١٥، ص٣٩٢، الرقم: ٦٩٤٣؛ مسلم: صحيح مسلم، ج٣، ص١٤٥٢، الحديث المرقم ١٨٢١).

(٣) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٢٧، ص٩.

(٤) (الرافضة): ئەوانەن کە ئیمامەتی (ابو بکر، عمر وعثمان)یان ڕەتکردووەتەوە و کۆکن لەسەر ئەوەی پەیامبەر(د.خ) بەدەق لەدوای خۆی خیلافەتی کردووە بەناوی عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە، پێیان وایە زۆرترینی هاوەڵان گومڕابوون لەوەی پابەندی ئەو جێنشینییە نەبوون، پێشیان وایە ئیمامەت بە دەق و نزیکایەتی لەپەیامبەرەوە دەبێت، (الاجتهاد) لە حوکمەکاندا هەڵئەوەشێننەوە، چونکە ئیمام لە باشترینی خەڵکییە عەلی کوڕی ئەبی تالیب لەهەموو ڕووەکانەوە ئەو مەرجانەی تێدایە بۆ بە خەلیفەبوون.(ع. أمير

بەوەستانەوە[1] بەڕووی هەردوو ڕۆژ و بۆنەی غەدیر و عاشورا و گۆڕینی بۆ ڕۆژی ئەشکەوت لە (٢٦ی ذي الحجة)، ڕۆژی سەردانی گۆڕی موسعەبی کوڕی زوبێر لە (١٨ی محرم)، بەڵام ئەمانە هەروا بە ئاسانی تێپەڕ نەبوون، بەهۆی بڵاوبوونەوەی هزری شیعەگەرییەوە لەسەردەمی بوەیهییەکاندا شەڕی دوولایەنەی سوننە و شیعەی زۆر و دوورمەودای بە دوای خۆیدا هێنا، کە لەبنەڕەتەوە ڕەهەندێکی سیاسی هەبوو، تاکو ئەو ڕادەیەی زۆرێک لە مێژوونووسان بە نوێبوونەوە[2]ی ئاژاوەی نێوان شیعە و سوننەی ناوزەد دەکەن، وەک ئەو ڕوداوەی لە سەرەتای مانگی (الصفر ٤٤٣ک/١٠٥١ز) [3] لە نێوان پەیڕەوانی هەردوو مەزهەبدا لە بەری کەرخی بەغداد ڕوویدا و کێشەو ئالۆزییەکی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، شیعەکان بە ئاپۆڕا و نووسینی جۆراوجۆری بیروباوەڕی خۆیان لەسەر دەرگاو زۆرشوێنی دیکەدا،[4] بابەتی بەشیعەکردن هێندە گرنگی پێدرابوو سروتە شیعییەکان[5] و (إستفزاز) [6] جوڵاندنی هەستی سوننییەکان و وتەی نەشیاو بە هاوەڵان باو بوو، ڕەگ و ڕیشەی ئەم ململانێ مەزهەبییە وای لێهاتبوو نەک تەنها لەم کات و شوێنەی وەک شاری بەغداد، بەڵکو ڕەوشەکە تەشەنەی سەند بۆ ناوچەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی بوەیهی و تەنانەت ساڵانی دوای دەسەڵاتی ئەمانیش وەک لە (٥٨٢ک/١١٨٦ز) [7] لەو ساڵەدا و لە یادی ڕۆژی عاشورادا، شیعەکان قسەی نەشیاویان بەرامبەر هاوەڵان کردووە، (الذهبي) ئاماژە بەم جۆرە ڕووداو وململانێی سوننە و شیعە دەکات،[8] بە ئاژاوە و ئاڵۆزیی ناوی دەبات، وتەی نەشیاو زۆر لەسەر هاوەڵان و خێزانەکانی پەیامبەر (د.خ) بەربڵاوبوو،[9] ئیتر سوننەکان دەوروژان و دەکەوتنە هەڵچوون[10] و ڕێگری کردن و ڕەشکردنەوەی زۆرێک لە نوسین و نوسراوەکانی سەر دەرگای مزگەوتەکان و نووسینی ئەو دروشمانەی خۆیان بەڕەوایان دەزانی،

---

مهنا: جامع الفرق، ص١٠٤؛ محمد هداية نور وحيد: النوافض للروافض (لمحمد بن رسول البرزنجي المتوفي سنة ١١٠٣هـ)، رسالة الدكتوراه، كلية الدعوة واصول الدين، قسم الدراسات العليا، شعبة العقيدة، الجامعة الاسلامية بالمدينة المنورة، المملكة العربية السعودية، ١٤١٢-١٤١٣هـ ص ص٣٢-٣٤).

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٥، ص٧٩.

(٢) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٠، ص٩.

(٣) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٥، ص ص ٣٢٩، ٣٣٠.

(٤) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٤، ص٦٥٥.

(٥) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص٩٥؛ ابن الجوزي: المنتظم، ج١٥، ص ص٣٢٩-٣٣٠.

(٦) الرافضة كتبوا على الأبراج" محمد وعلي خير البشر، فمن رضي فقد شكر، ومن أبي فقد كفر". (ابن العماد: شذرات الذهب، ج٥، ص١٩١).

(٧).( العبر في خبر، ج٣، ص٨٤).

(٨) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٤١، ص١٢.

(٩) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص١١٣.

(١٠) الذهبي: سيراعلام، ج١٨، ص٣١٠.

وەک''باشترینی خەڵکی لە دوای پەیامبەر(د.خ) ئەبو بەکرە''[١] و ئاستەنگ خستنە بەردەم بەجێهێنانی ڕۆژەکانی ماتەمگێڕی عاشورا و بۆنەکانی دیکەی شیعەکان، بانگدان لە شوێنە شیعییەکان (حي على خير العمل) و لە شوێنە سوننییەکان (الصلاة خير من النوم) بوو.[٢]

پشتگیری کردنی دەسەڵات بۆ هەوڵی بڵاوکردنەوەی شیعەگەریی لە لایەن بوەیهی و فاتیمییەکانەوە و دروستکردنی مەترسی لەسەر دەسەڵاتی سیاسی خیلافەتی عەبباسی لەسەدەکانی چوار و پێنجی کۆچی دەیەم و یازدەیەمی زایینیدا، زیاتر سوننەکانی دەوروژاند ڕووەو کۆبوونەوە و هەڵمەت و هێرشبردنە سەر گروپ و کۆبوونەوە و بۆنە ئاینییەکانی ئەو مەزهەبەی دەسەڵات،[٣] هەروەها لەسەردەمی بوەیهییەکان و پێشتریش زۆر بزوتنەوەی فەلسەفی و هزری هەبوون و دەرکەوتن،[٤] وەک (اخوان الصفاء)،[٥]کە مەترسی ئەمانیش زۆر کەمتر نەبوو لەسەر مەزهەبی سوننە و دەسەڵاتی سیاسی خیلافەتی عەبباسی، لە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونیاندا هزری جیاواز لە هزری بنەڕەتی ئیسلامی لەو پەیامانەی بە مسوڵمانانیان دەگەیاند، کە بە (رسائل إخوان الصفاء) ناسران و پەنجاویەک نامە بوون،[٦] پەیامەکانیشیان ناوەڕۆکێکی فەلسەفی هەبوو، بە پێی ئەو بانگەشەیەی دەیانکرد[٧] و خەڵکیان پێ پەروەردە دەکرد،[٨]هەروەک هەندێ لە مێژوونووسان بنەڕەتی ئیخوان سەفا دەبەنەوە سەر شیعەی (الاسماعيلية)، بەڵکو ئەمان داڕێژەری بنەڕەتی فەلسەفەی (الاسماعيلية)ن پشتیش بەو دەستنووسە دۆزراوانەی لە فەلسەفەی ئیسماعیلییەدا دەرکەوتوون دەبەستن.[٩]

---

(١) ابن العماد: شذرات الذهب، ج٥، ص٣٥٣.

(٢) أبو الفدا: المختصر، ج٢، ص١٧٠.

(٣) الذهبي: العبر، ج٢، ص٣٨٣.

(٤) ''زۆرێک لە گروپەکانی وەک: (القدرية، الجهمية، المعتزلة، الكرامية، الخوارج، الروافض، القرامطة،و الباطنية)، دەرکەوتن تاوەکو زەویان لێ پڕبوو''.(المقريزي: المواعظ والاعتبار، ج٤، ص١٩١).

(٥) بۆزانیاری زیاتر لەسەر(اخوان الصفاء) بڕوانە:(فؤاد معصوم: اخوان الصفاء فلسفتهم وغايتهم، ط١، بيروت، ١٩٩٨م).

(٦) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٥، ص١٢٠.

(٧) الصفدي: الوافي بالوفيات، دار إحياء التراث، بيروت، تح/ احمد الارناؤوط و تركي مصطفى، بيروت، ٢٠٠٠م، ج١٥، ص٣١.

(٨) أبو حيان: الإمتناع والمؤانسة، ط١، المكتبة العنصرية، بيروت، ١٤٤٢هـ ج٢، ص١٦٣.

(٩) منال إسماعيل عجوب: الإنسان والأدب في رسائل إخوان الصفا، الهيئة العامة السورية للكتاب، وزارة الثقافة السورية، دمشق، ٢٠١٠م، ص٣٦.

وێڕای ئەوەی لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی بوەیهی و بەهێزی و بەهۆی بەرگریکردنی سەلجوقییەکان لە مەزهەبی سوننە و دروستبوونی دەسەڵاتێکی سەربازیی، ڕەوشەکە بەجۆرێکی دیکە گۆڕا و ڕێگریی کردن لەو تەشەنەسەندنە بەربڵاوەی شیعەگەرایی کە لە باسی سێیەمی ئەم بەشەدا ئاماژەی پێدەکەین، تاڕادەیەک ئەو شەپۆلە خاوبووەوە.

# باسی سێیەم

# دەرکەوتنی سەلجوقییەکان و هەوڵی ڕێگریی لە بڵاوبوونەوەی شیعەگەریی

## تەوەری یەکەم

### کۆتایی بوەیهی و سەرەتای سەلجوقییەکان

لەسەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی یازدەیەمی زایینی، خیلافەتی عەبباسی لەڕووی سیاسی و جوگرافییەوە بەدەست بەریەککەوتن و خراپی ڕەوشییەوە دەیناڵاند،[1] بەهۆی ململانێی سەرکردە بوەیهییەکان لەسەر دەسەڵات، بەتایبەت دوای دابەشبوونی جوگرافیایی لەنێو بنەماڵەی بوەیهیدا لەم ماوەیەشدا سەلجوقییەکان[2] دەرکەوتن، کۆتاییان بەدەسەڵاتی بوەیهیی هێنا.

ململانێ لەنێو کوڕانی (عضدالدولة) لەسەر فەرمانڕەوایی هاتەئاراوە و دەسەڵات کەوتە دەست (بهاءالدولة) تاوەکو هەڵگیرسانەوەی ململانێی دووەم جار لەنێو کوڕەکانیدا (سلطان الدولة، شرف الدولة و جلال الدولة) و بەرپابوونی جەنگ لەنێویانداو لاوازبوونیان تاکو ئەندازەی کۆتاییهاتنیان لەسەردەستی (طغرل بک)ی سوڵتانی سەلجوقی بوو،[3]

لە ساڵی(٤٣٢ک/١٠٤٠ز) دەسەڵاتی سەلجوقییەکان زیاتر برەوی سەند و سەرەتای دەستپێکی دەسەڵاتی سەلجوقی بوو،[4] (طغرل بک) و جغری بک داودی برای کە هەردووکیان کوڕی میکائیل کوڕی سەلجوق کوڕی دەقاق، تورکە مسوڵمانەکان لە دەوریان کۆبوونەوە و دەستیانگرت بەسەر

---

(١) محمود عرفة محمود: الأحوال السياسية والدينية في بلاد العراق والمشرق الإسلامي، ١٩٨٩م، ص١٤.

(٢) (آل سلجوق): سەلجوقییەکان لە وڵاتی ئەودیوڕووبار دەرکەوتن و بەسەرکردایەتی (طغرل بک) ڕووبەڕووی مەسعودی غەزنەوی بوونەوە تاوەکو لە خوراسان دەریانکرد و دەستییان بەسەر خوراسان و غەزنە دا گرت و دەسەلاتی سەلجوقییان دامەزراند. لە پەراوێزی (احمد عبدالقادر الشاذلي: مسالك الابصار في ممالك الامصار، ج٣، ص١٤٢).

(٣) (طغرل بک) (٤٢٩-٤٥٥ک/ ١٠٣٧-١٠٦٣ز)یەکەم دەسەڵات داری سەلجوقییەکان بوو، کەسێتییەکی بەهێز و زیرەکییەکی زۆری هەبووە، خەڵکێکی زۆری گەلەکەی لەدەوری کۆبوونەتەوە، لەشکرێکی دامەزراندووە و چاوی لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقی بووە، لەم پێناوەشدا هەوڵی داوەو لەدوای مردنی مەحمودی غەزنەوی دەستی گرتووە بەسەر هەرێمی خوراساندا و بووە بە دەسەڵاتداری سەلجوقی لە (٤٢٩ک/ ١٠٣٧ز).(ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٥، ص٧٩٢؛ المقريزي: المواعظ والاعتبار، ج٣، ص٣٥٦؛ الزركلي: الاعلام، ج٧، ص١٢٠).

(٤) العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ط١، المجمع الثقافي، أبوظبي، ١٤٢٣هـ ج٢٧، ص١٧٣.

ناوچەیەکی فراواندا، وەک جورجان(گورگان) و (طبرستان) یان لە ساڵی(٤٣٣ک/١٠٤١ز) ([1]) و گەڕانەوە بۆ نیسابور[2]و ئەوێشیان گرت،[3] پاشان خەلیفە (القائم بامرالله) ی عەبباسی (طغرل بک)ی بۆ دەستگرتن بەسەر بەغداد دا بانگهێشتکرد، بەهۆی لاوازیی (ملک رحیم) کۆتا فەرمانڕەوایی بوەیهی و باڵادەستی (البساسیري) یە[4]وە،[5] کە دەستی بەسەر بەغداد دا گرت و وتاری بەناوی خەلیفەی عەبباسییەوە ڕاگرت[6] و وتاری بەناوی خەلیفە (مستنصربالله٣٠٢-٣٦٦ک/٩١٥-٩٧٦ز)ی فاتیمییەو خوێندەوە،[7] ئەو ماوەیە[8] نزیکەی ساڵێکی خایاند، (البساسیري) لە دڵی خەڵکدا جێگای خۆی کردبووەوە، سەرکردەکان لێی دەترسان، بوەیهییەکان تەنها ناویان بۆ مابووەوە، لەنێوان ئەو و خەلیفە

---

(١) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢٥.

((٢ لە زمانی فارسییدا پێی دەوترێت: نیشابور، بنیادنانی شارەکە لەسەردەمی ساسانییەکان لەلایەن شاپوری یەکەم یاخود دووەمەوە بووە، مێژوونووس و جوگرافیناسەکان ئاماژەیان بە ساڵی(٣٣٠ز) کردووە کە ئەو شارە پایتەختی ساسانییەکان بووە.( الحاكم: تاريخ نيشابور، تلخيص: احمد بن محمد بن الحسن بن احمد المعروف(بالخليفة النيسابوری)، کتابخانه ابن سينا، تهران، د. ت، ص٢١).

(٣) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٥، ص٦٨٤.

(٤) ئاژاوەی (البساسیري) لە عێراق (٤٥٠ک/ ١٠٥٨ز): (البساسیري) تورک بوو، لە سەرکردە نزیکەکانی خەلیفەی عەبباسی بوو، بانگەوازی هەبەتوڵای شیرازی کاریگەریی لەسەردانا و لەناوچەرگەی دەسەڵاتەوە کاری بۆ بەرژەوەندی فاتیمییەکان دەکرد، لەساڵی (٤٤٧ک/١٠٥٥ز)، دەیویست بەغدادی پایتەختی خەلافەتی عەبباسی سوننی بگۆڕێت بۆ پایتەختی خیلافەتی فاتیمی شیعی، خەلیفە قائیم بیئەمریلا پەنای بۆ سەلجوقییەکان برد لەپێناو ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی (البساسیري) ولە ڕێگای (طغرل بک)ەوە توانی ئاژاوەی ئەم سەرکردە سەربازییە دامرکێنێتەوە، واتا تاوەکو (٤٥١ک/ ١٠٥٩ز)، لە کۆتاییدا (طغرل بک)ی سەلجوقی (البساسیري) و پرۆژەی گۆڕینی خیلافەی سوننی بۆ فاتیمی شیعی لەناوبرد و کەللە سەری (البساسیري) پێشکەش بە خەلیفە قائیمی عەبباسی کرد.(البغدادي: تاريخ بغداد، ج١١، ص٤٧، ج١٣، ص٣٢٦؛ العمراني: الإنباء في تاريخ الخلفاء، تح/ قاسم السامرائي، ط١، دار الافاق العربية، القاهرة، ٢٠٠١م، ص ص١٨٨-٣٠٣؛ المنتظم، ج١٥، ص ص٣٤٣-٣٤٩؛ الكامل، ج٧، ص ص٧٦٢-٧٨١، ج٨، ص ص٢٠-١٠٩؛ النويري: نهاية الأرب، ج٢٣، ص٢٢٤).

(٥) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٥، ص٧٩٢.

(٦) ابن القلانسي: تاريخ دمشق، ج١، ص١٤٦.

(٧) المقريزي: اتعاظ الحنفاء باخبار الائمة الفاطميين الخلفاء، تح: محمد حلمي محمد احمد، ط١، المجلس الاعلى للشؤن الاسلامية، القاهرة، ج٢، ١٩٩١م، ص٢٥٢.

(٨) لە ١٦ی ذي القعدة ساڵی (٤٥٠ک/١٠٥٨ز) وتار بەناوی خەلیفەی میسرەوە خوێندرایەوە بەردەوام بوو تاوەکو ١٦ی ذي القعدة ساڵی (٤٥١ک/١٠٥٩ز) وتارخوێندنەوە گەڕایەوە بەناوی خەلیفە(القائم بامرالله ٤٢٢-٤٦٧ک/١٠٣١-١٠٧٥ز)ی عەباسییەوە.(ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص٤١٢).

(قائم بامرالله)دا ئاڵۆزی هاتبووه ئاراوه، تاوەکو ئەو ڕادەیەی خەلیفە دەیزانی ئەو سەرکردە سەربازیە دەیەوێت خەلیفە دەستگیربکات.[1]

زیادبوونی ناکۆکی و توندبوونی ململانێی سەربازی لەنێوان تورک و دەیلەمییەکان تاڕادەی دەستوەردان لە کاروباری فەرمانڕەوایی و کۆنترۆڵکردنی دەسەلات، دەوڵەتیان بەرەو لاوازتر بردبوو،[2] خەلیفەش بۆ (طغرل بک)ی نووسی ڕێگای بەغداد بگرێتەبەر،[3] و بێت بۆ ڕزگارییان، ئەوکات سوڵتان (طغرل بک) لە دەوروبەری ڕەی بوو،[4] ئەویش گەشتە بەغداد و (ملک رحیم)ی دەستگیرکرد[5] و ڕەوانەی قەڵای سیروانی کرد،[6] پاشان دەستگیرکراوی و بەقۆڵبەستراوی[7] ڕەوانەی ڕەی[8] کرد و لە ڕەمەزانی ساڵی(٤٤٧ک/١٠٥٥ز) ناوی لە وتاری ڕۆژی هەینی لابرد،[9] خەلیفەی عەبباسی دانی بەدەسەلاتی سەلجوقی دا نا و ناسناوی پادشای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا[10]ی بە (طغرل بک) بەخشی، (طغرل بک) لێرەوە شەرعییەتی دەسەلاتی بۆ خۆی بەدەستهێنا،[11] (طغرل بک) بەشێوازی فەرمی دەسەلاتی تەفویزی خەلیفەی وەرگرت و فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی خیلافەتی عەبباسی گرتەدەست،[12] کۆتایی بە دەوڵەتی بوەیهی هات[13] و سەلجوقییەکان جێگەیان گرتنەوە.

---

(١) المقريزي: السلوك، ج١، ص١٢٦.

(٢) محمود عرفة محمود: الأحوال السياسية والدينية ص١٦.

(٣) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص١٤٤.

(٤) النويري: نهاية الارب، ج٢٦، ص٢٨٨.

(٥) المقريزي: السلوك، ج١، ص١٣٦.

(٦) النويري: نهاية الارب، ج٢٦، ص٢٩٠؛ المقريزي: اتعاظ الحنفاء، ج٢، ٢٣٣.سیروان: شارۆچکە یاخود گوندێک بووە لە ناوچەیەکی شاخاوی، لە نزیک ڕەی بووە.(ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص ص٢٩٦-٢٩٧).

(٧) عماد الدين الاصفهاني: تاريخ دولة ال سلجوق، تخ/ الفتح بن علي بن محمد البنداري الاصفهاني، مطبعة المسوعات، مصر، ١٩٠٠م، ص١٠.

(٨) ڕەی شارێکی بەناوبانگ بووە و بەدایکی شاران دانراوە، لە نێوان ئەم و نەیسابوردا سەدو شەست فەرسەخە(٧٧٢،٤٨کیلۆمەتر)، تاوەکو قەزوینیش بیست و حەوت فەرسەخە(١٣٠،٣٥کیلۆمەتر)،(١فەرسەخ= ٨٢٨.٤کیلۆمەترە)، دامەزراندنی شارەکەش لەلایەن فەیروزی کوڕی یەزدەگوردەوە بووە. (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣، ص١١٦)..

(٩) النويري: نهاية الارب، ج٢٦، ص٢٨٨.

(١٠) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٠، ص٢٧.

(١١) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٥، ص٧٩٢.

(١٢) الاصفهاني: تاريخ دولة ال سلجوق، ص١٣.

(١٣) العمري: مسالك الأبصار، ج٢٧، ص١٧٣.

## تەوەری دووەم

## دەرکەوتنی سەلجوقییەکان و ڕۆڵیان لە گۆڕانکارییەکانی ڕەوشی خیلافەتی عەبباسی دا

لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچی یازدەیەمی زاینی، سەلجوقییەکان لەسەرگۆڕەپانی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوچەکەدا بینی، دەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ پێشتر و کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی یازدەیەمی زاینیی، لەو جۆرەهۆزانەبوون کاری شوانکارەییانکردووە، بەپێی گونجاوی کەش و هەوا گەرمیان و کوێستانیان کردووە،[١] هاوینان ڕوولە وڵاتی بولگار و زستانان ڕووەو تورکستان ڕۆشتوون، هەرچییان دەستکەوتووە لەو ڕێگایانەدا [٢] کۆیانکردۆتەوە و ماشیویانەتەوە،[٣] دواتر لە ناوچەیەکی بەپیتی نێوان بوخارا[٤] و سەمەرقەند[٥] جێگیربوون، چونکە ناچاربوون لە نیشتیمانی بنەڕەتی خۆیان کە ناوەڕاستی ئاسیا بووە، بەهۆی کەم بوونەوەی ڕووبەری لەوەڕگا [٦] و لەژێر ڕەوشێکی نالەباری ئابووریی دا کۆچ بکەن.

---

(١) الراوندی: راحة الصدور وأية السرورفي تاريخ الدولة السلجوقية، تر/ ابراهيم امين الشواربي وآخرون، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٥م، ص١٤٥.

(٢) المقريزي: السلوک، ج١، ص١٣٦.

(٣) خواردن و لێستنەوەی شت بە ناپڵۆخی.(شێخ محمدی خاڵ: فەرهەنگی خاڵ، چ٢، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٥ز، ل٤٤٣).

(٤) بوخارا: لە خوارەوەی ڕووباری جەیحۆنە، گەورەی گێڕەرەوەی فەرموودە ئەبو عەبدوڵا موحەمەد کوڕی ئیسماعیل (البخاري) خەڵکی ئەوێیە، کاتی خۆی تەنکیزی تەتەری ئەو وڵاتەی وێرانکردووە. (ابن بطوطة: رحلة ابن بطوطة، أكاديمية المملكة المغربية، الرباط، ١٤١٧هـ ج٣، ص١٧).

(٥) سەمەرقەند: لە گەورەترین و جوانترین و باشترین شارەکانە، لەسەر کەناری دۆڵێک بنیاد نراوە ناسراوە بە دۆڵی قەسارین کانیاوی تێدایە بۆ ئاودانی بێستانەکانی. (ابن بطوطة: رحلة ابن بطوطة، ج٣، ص٣٥). ئەم شارە هێشتا ماوە لە کۆماری ئۆزپاکستانە، پێشتر بە وڵاتی ئەودیو ڕووبار (ما وراء النهر) ناسرابوو. لە پەراوێزی (احمد عبدالقادر الشاذلي: مسالك الابصار في ممالك الأمصار، ج٣، ص١٤٢).

(٦) الراوندی: راحة الصدور، ص١٤٥.

بنچەیان دەگەڕێتەوە سەر کەسێک بە (دقاق) [1] یاخود(تقاق، دیقاق) [2]ناسراوە، سەلجوقی باپیریان کوڕی دەقاقە، پاشان دەگەنە دەوروبەری ئەو ناوچانەی مسوڵمانانی لێیە، وەک بوخارا و دەستیانگرتبوو بەسەر زۆرێک لە هۆزە تورکەکاندا و دواتر شوێنکەوتوانی ئیسلامییان لەسەر مەزهەبی سوننی(حەنەفی) وەرگرت،[3] پابەندییان بۆ ئەو مەزهەبە و ڕۆڵ و کاریگەریشییان لە خیلافەتی ئیسلامییدا هەبوو، بەتایبەت لەسەردەمی خەلیفە (قائم بأمرالله) ی عەبباسی (٤٢٢-٤٦٧ک/١٠٣٠-١٠٧٥ز).[4]

سەلجوقییەکان بەهۆی پابەندێتییان بۆ سەرکردەکانیان گوێڕایەڵ و ملکەچی فەرمان و ڕێگرییە - کانیان بوون،[5] لەم ڕووەوە توانیان خۆیان پڕچەک و ئامادەبکەن و لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا بە قۆستنەوەی ئەو ململانێیەی لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا و لە ئەنجامی دابەشبوونی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی سامانییەکان(٢٦١-٣٨٩ک/٨٧٤-٩٩٩ز) [6] لە نێوان غەزنەوییەکان و قەرەخانییەکان[7] لە دوای لاوازبوونی دەسەڵاتی سامانییەکان ساڵی (٣٨٩ک/٩٩٨ز)، دواتر لەناوچونی دەسەڵاتەکەیان،[8] بەوجۆرە سەلجوقییەکان دەستیان بەسەر بەشێکی زۆری ناوچەکانی سامانییەکاندا گرت، پاشان بەریەکەوتنیان لەگەڵ غەزنەوییەکان و دەستپێکردنی ململانێی سەلجوقی و غەزنەوی بەهۆی ترسی زیاتری سوڵتان (محمود الغزنوي) لە زیادبوونی هێزو دەسەڵاتی سەلجوقییەکان.[9]

---

(١) ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج١، ص٣٣٥.

(٢) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص١٥٨.

(٣) الحنفية: یەکێکە لە چوار مەزهەبەکەی ئەهلی سوننە و جەماعە، یەکەم مەزهەبی فیقهیی شەرعییە، شوێنکەوتەی(أبي حنيفه النعمان بن ثابت)ن، لەبنەڕەتدا فارسە، لەکوفە لەدایک بووە(٨٠ک/٦٩٩ز)، ناسناوی (إمام الأعظم)ی هەبووە بەهۆی زانست و شەرعزانییەکەیەوە، لە (١٥٠ک/٧٦٧ز) کۆچی دوایی کردووە، (ع.أميرمهنا: جامع الفرق، ص٨٤).

(٤) (القائم بامرالله): لە (٣٩١ک/١٠٠٠ز) لە دایکبووە، لەدوای مردنی باوکییەوە بەیعەتی پێکراوە، لە (٤٥٠ک/١٠٥٨ز) لەلایەن بەساسیرییەوە دەستبەسەر کراوەدواتر ئازاد بووە و لە (٤٥١ک/١٠٥٩ز) گەڕاوەتەوە سەر خەلافەت، لە (٤٦٧ک/١٠٧٤ز) کۆچی دوایی دەکات.(الذهبي: سيراعلام، ج١٥، ص ص١٣٨-١٤١؛ البغدادي: تاريخ بغداد، ج١١، ص٤٧)،

(٥) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص٦.

(٦) امينة بيطار: تاريخ العصر العباسي، ص٢٨٦.

(٧) محمود عرفة محمود: الأحوال السياسية والدينية، ص٣٩.

(٨) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٧.

(٩) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص١٥٨.

لە ساڵی(٤١٦ک/ ١٠٢٥ز) ڕێگای پەڕینەوەی بە سەلجوقییەکان و سەرکردەیان (میکائیل بن دقاق) دا لە ڕووباری جەیحۆن بەرەو خوراسان بڕوات، سەرەڕای ئەوەی میکائیل بەدەستی غەزنەوییەکان کوژر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاش هاتنی (طغرل بک) و مردنی سوڵتان (محمود الغزنوي) [١] (٤٢١ک/١٠٣٠ز)،[٢] سەرەتای دامەزراندنی دەسەڵاتی سەلجوقی بوو، لەوکاتەوە سەلجوقییەکان زیاتر بەرەوپێش چوون و لەدوای یەکلابوونەوەی ململانێکەیان لەگەڵ غەزنەوییەکان و زاڵ بوونی سەلجوقییەکان دەستیان بەسەر زۆرترینی ناوچە لەهەرێمی فارسدا گرت،[٣] وەک نیسابور، بەلخ، جورجان، (طبرستان)، خواریزم، هەمەدان، ڕەی و ئیسفەهان.[٤]

لەسەردەمی سوڵتان (طغرل بک) و لەپاش گەیشتنیان بە بەغداد ساڵی(٤٤٧ک/١٠٥٥ز)، ئینجا ڕوویکردە (نصیبین) (باکوری کوردستان)و دواتر دەستی بەسەر موسڵدا گرت و (ينال ابراهيم) برای لەسەر دانا، (ينال) دواتر لە (طغرل بک) هەڵگەڕایەوە و ڕۆشتە هەمەدان،[٥] (طغرل بک) شوێنیکەوت و کوشتی،[٦] و گەڕایەوە بەغداد و بەخۆی و سوپاکەیەوە ڕوەو ڕووباری فورات بەڕێکەوت، ڕووبەڕووی (البساسيري) بووەوە[٧] سەرکەوت بەسەریدا و کوشتی، کەللەسەری (البساسيري) لە بەغداد هەڵواسی،[٨] بەو شێوەیە چارەسەری ئاژاوەی (البساسيري) کرد.[٩]

---

(١) سوڵتان مەحمودی غەزنەوی: گەورەترینی سوڵتانەکانی دەوڵەتی غەزنەوی بووە (٣٨٧-٤٢١ک) و هەوڵی گرتنی هیندی داوە و ئەو وڵاتەی گرت و ئیسلامی تێدا بڵاوکردۆتەوە. (الذهبي: سيراعلام، ج١٩، ص١٥٦؛ الزركلي: الاعلام، ج٧، ص١٧١؛ المؤلف مجهول: أخبار سلاجقة الروم، ج١، ص١١٤؛ عبد الستار مطلك درويش: السلطان محمود الغزنوي(سيرته ودوره السياسي والعسكري في خرسان وشبهه القارة الهندية ٣٦١-٤٢١هـ)، ط١، دار عالم الثقافة، عمان، ٢٠١٥م، ص ص٢٩-٣٦).

(٢) محمود عرفة محمود: الأحوال السياسية والدينية، ص٤٠؛ محمد سعد السيد: الحياة الفكريي في اقليم خراسان في العصر السلجوقي(٤٢٩-٥٥٨م/١٠٣٦-١٠٦٢م)، اطروحة الدكتوراه، قسم التاريخ، كلية اداب، فرع التاريخ الاسلامي، جامعة الزقاق، مصر، (٢٠٠٦م)، ص٢٦.

(٣) محمود عرفة محمود: الأحوال السياسية والدينية، ص١٦.

(٤) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص ص ١٥٨-١٥٩؛ الزهراني: نظام الوزارة في الدولة العباسية، ص٣٣.

(٥) ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص٤١٢؛ ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص١٥٢.

(٦) الراوندی: راحة الصدور، ص١٧١.

(٧) ابن القلانسي: تاريخ دمشق، ج١، ص١٤٩.

(٨) الراوندی: راحة الصدور، ص١٧٥.

(٩) المقريزي: السلوک، ج١، ص١٤٠.

سەلجوقییەکان لەدوای سەرکەوتنیان و بوونیان بە دەسەڵاتێکی بەهێز کۆبوونەوە و بڕیاریان دا (طغرل بک) بکەنە سوڵتانی دەسەڵاتەکەیان،[1] دەستیانکرد بە ڕێکخستن و دابەشکردنی دەوڵەتەکەیان بۆ چەند هەرێمێک، لەسەر هەر هەرێمێک فەرمانڕەوا(حاکم) یێکیان لە بنەماڵەی سەلجوقی دانا و ناسناوی (شا) و (ملک) یان پێبەخشی، سەرۆکی دەسەڵاتەکە ناسناوی سوڵتانی وەرگرت و وتەی ئەو لەسەرتاسەری وڵات بڕیاری سەرەتا و کۆتایی بوو.[2]دەسەڵاتی سەلجوقی بە سەرکردایەتی (طغرل بک) وتاری لەسەر دوانگەکان بەناوی خۆیەوە خوێندەوە و ناسناوی (السلطان المعظم رکن الدنیا والدین) [3] ی بۆخۆی هەڵبژارد.

لێرەوە دەسەڵاتی سەلجوقی کیانێکی سیاسی تەواوبوو، تەنها پێویستی بە دەسەڵاتێکی متمانە پێبەخشراوی تەفویزیی شەرعی هەبوو لە لایەن خیلافەتی عەبباسییەوە تاوەکو فەرمانڕەوایەتییەکەیان تایبەتمەندییەکی شەرعی هەبێت، دواتر توانی ئەو دەسەڵاتەش لە خەلیفەی عەبباسی وەربگرێت،[4] هەربۆیە لەدوای زیادبوونی دەستڕۆیشتوویی سەلجوقییەکان، خەلیفەکانی عەبباسی تەنها دەسەڵاتێکی ڕۆحییان هەبوو دەسەڵاتی ڕاستەقینە کەوتەدەست سوڵتانە سەلجوقییەکان، خەلیفە هەر بۆخۆی لەکۆشکی خیلافەتدا تەواوی دەسەڵاتەکانی ڕادەستی سوڵتانی سەلجوقی کرد.[5]

---

(١) محمود عرفة: الأحوال السياسية والدينية، ص٤٣.

(٢) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص١٥٩.

(٣) الراوندی: راحة الصدور، ص١٥٩.

(٤) الاصفهاني: تاريخ دولة ال سلجوق، ص١٣.

(٥) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٢٠.

## تەوەری سێیەم

## پەیوەندی سەلجوقییەکان بە خیلافەت و ڕێگرییان لە شیعەگەرایی

سەلجوقییەکان لە ساڵی(٤٤٧ک/١٠٥٥ز)ەوە گەورەترین هێزی جیهانی ئیسلامی بوون، بەتایبەت لەدوای سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتی فارس و باڵادەستییان بەسەر دەسەڵاتی غەزنەوی،[١] کۆتاییان بە بوەیهییەکان هێنا، هەروەها توانیان ڕووبەڕووی سوپای بێزەنتی ببنەوە و ئەو زەویانەی خیلافەتیان لێ وەرگرنەوە کەلەسەردەمی دەسەڵاتی بوەیهییەکان داگیریانکردبوو، خیلافەتی عەبباسییش بەهۆی لاوازیی و نەبوونی توانایەوە نەیتوانیبوو ڕووبەڕوویان ببێتەوە، دواتر ئەو سەلجوقییانەی لەوێ مانەوە پێیان دەوترا سەلاجیقەی ڕۆم.[٢]

ئەم جۆرە هەوڵانە زیاتر دەسەڵاتی سەلجوقی لەجیهانی ئیسلامیدا بەرەو پێش برد و بەهێزتر بناغەیان بۆ داهاتووی دەسەڵاتەکەیان دانا، هەرلەوڕووەوە کاریگەرییەکی گەورەیان لە جەنگی دژی ڕۆمەکاندا هەبووە و دەستکەوتی زۆری جەنگییان دەستخستووە،[٣] بەتایبەت پاشتر و لە جەنگی یەکلاکەرەوەی مەلازگرد(٤٦٣ک/ ١٠٧١ز)دا.[٤] (الب ارسلان) ئەو جەنگەی وەک دەستکەوت و کلیلی سەرکەوتن لەگەڵ بیزەنتەکان و ڕێگای دەستگرتن بەسەر ئاسیای ناوەڕاست و کردنی بەناوەندێک بۆ دەسەڵات و فراوانخوازییەکانی، ڕووەو وڵاتی ئەرمەن، قەوقاز و ڕووسیا[٥] لەبەرژەوەندی سەلجوقییەکان و جیهانی ئیسلامی کۆتاییپێهێنا.

سەلجوقییەکان جگە لەهاتنیان بۆ بەغداد و ڕزگارکردنی خودی خەلیفە لەدەست (البساسيري)، خیلافەتیشیان لەدەست کێشمەکێشم و ململانێ و پەرتبوونی ڕیزەکانی سوپای بوەیهی هەردوولقی

---

(١) الراوندي: راحة الصدور، ص١٥٧.

(٢) طلس: تاريخ العرب، ج٦، ص ١٥٩.

(٣) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص١١٦.

(٤) جەنگی مەلازگرد: ئەو جەنگە بوو لە نێوان ئیمپراتۆری بیزەنتی ڕۆمانۆس دیوجنیس و سوڵتانی سەلجوقی (الب ارسلان) لەناوچەی مەلازگرد (وڵاتێکی بەناوبانگ بووە لە نێوان خەلات و وڵاتی ڕۆم دا.(ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٥، ص٢٠٢).) ڕوویدا و تێیدا سەلجوقییەکان سەرکەوتن بەسەر بیزەنتەکان و ئیمپراتۆری بیزەنتی بەدیل گیرا و دواتر بە ئاگربەستێکی پەنجا ساڵە هەردوولا ڕێککەوتن و ئیمپراتۆریش ئازاد کرا.(ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص ص٢٢٣-٢٢٤؛ ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ج١، ص١٨٥).

(٥) مجهول: أخبار سلاجقة الروم، ص٤.

سەرەکی تورکی و دەیلەمی ڕزگارکرد، هەربۆیە ڕەوشی سیاسی بەغداد لەباربوو بۆ سەلجوقییەکان لەدوای دەستگرتنیان بەسەر خیلافەتدا، خۆیان فەرمانڕەوای ڕاستەقینەی وڵات بن، سەلجوقییەکانیش هاوکاری خیلافەت بوون لەڕزگاری ڕەوشی سیاسی و بگرە ئاینیشدا، چونکە لە نیشانەکانی لاوازیی دەسەڵاتی سیاسی خیلافەتی عەبباسی بوونی بەغداد و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بە کانگای چالاکی گروپە ئیسلامییە جیاوازەکان بوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی چوارەمی کۆچیی چارەکی کۆتایی دەیەمی زایینییەوە، وەک ژینگەیەکی لەبار بۆ جوڵە و بزاوتی ئەو گروپ و بزوتنەوانە، بەتایبەت دەیانزانی بوەیهییەکان هانی بزوتنەوە موعتەزیلییەکان دەدەن دژی خیلافەتی عەبباسی، ئەمەش بووە هۆی نزیکبوونەوەی (المعتزلة) و شیعە لەڕووی بیروباوەڕی سیاسییەوە،[1] هەروەها فاتیمییەکان هانی بانگخوازە شیعەکانیان دا و دەیانناردنە ناوچەکانی دەوڵەتی عەبباسی بۆ بڵاوکردنەوەی شیعەگەریی، هەروەها سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی لە دەست بنەماڵەی عەبباسییەکان دەربهێنن.[2]

سەلجوقییەکان هەر لە دوای شوێنگرتنەوەی غەزنەوییەکان وەک دەسەڵات بوونە هەڵگری مەزهەبی سوننی لەسەر ڕێچکەی حەنەفی وێڕای ئەوەی (عمید الملک) [3]ی وەزیریان لەسەر ڕێچکەی موعتەزیلی[4] بوو، تاوەکو سەردەمی (نظام الملک)ی وەزیری (الب ارسلان)یش بەردەوام بوو لە نەفرینکردن لە ئەشعەرییەکان و زویرکردنی زۆرێک لە زانایانی سوننی ئەشعەری[5] وەک

(١) محمود عرفة: الأحوال السياسية والدينية، ص٥٥.

(٢) جمال الدين سرور: سياسة الفاطميين، ص ص١٦٦-١٦٧؛ الزهراني: نظام الوزارة في الدولة العباسية، ص٣٤.

(٣) (عميدالملک الكندري٤١٥-٤٥٦ک/١٠٢٤-١٠٦٤ز) وەزیری (طغرل بک)، لەپیاوانی ڕۆژگاربوو، بەیەکەم وەزیری سەلجوقییەکان دادەنرێت دەمارگیریەکی توندی لەسەر مەزهەبی شافیعی هەبووە، لەسەردەمی (الب ارسلان)دا لەسەر دوانگەی مزگەوتەکان نەفرینی ڕافیزەی لە خوراسان کردووە، پاشان ئەشعەریەکانیشی بۆ ئەو نەفرینە زیاد کردووە، دواتر (الب ارسلان) لە وەزارەت لای دەبات بەهاوکاری (نظام الملک)ی وەزیر زیندانی دەکەن و پاشان دەیکوژن. (الذهبي: سير اعلام، ج١٨، ص١١٣؛ الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٥، ص ص٤٩-٥٠).

(٤) القزويني: آثار البلاد وأخبار العباد، دار صادر، بيروت، ٢٠٠٧م، ص٤٧٤.

(٥) الذهبي: العبر، ج٢، ص٣٠٥؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج١، ص٣٥٨؛ امينة بيطار: تاريخ العصر العباسي، ص٢٧١.

(إمام الحرمين[١]، وأبا القاسم القشيري) [٢]،[٣] دواتر و بەهۆی هاتنی (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقییەکان ڕێگریی کرد لە نەفرینکردنی ئەشعەرییەکان[٤] و زانایانی دوورخراوەی ئەو مەزهەبەی گەڕاندەوە[٥] زێد و سەرکاری پێشووتری بانگخوازیی و بڵاوکردنەوەی مەزهەبی سوننی و سەرخستنی مەزهەبی شافیعی[٦] ئەشعەری و دامەزراندنیان لەنیزامییەکاندا، پشتیوانی ماددی و ڕۆحییان لە دژایەتی و ڕێگریی بڵاوبوونەوەی شیعەگەریی و هەر گروپ و مەزهەبێک کە مەترسی لەسەر ئەهلی سوننە درووست بکات، بەو شێوازە دەمارگیریی مەزهەبێکی دیاریکراویان بۆ خزمەتی ئامانجی سیاسی خۆیان بەکارهێنا.[٧]

سەلجوقییەکان مەزهەبی سوننەیان گەشەپێدا کە لەڕێگای ئاوابوون و تیاچووندا بوو، بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی شیعەگەریی بوەیهییەوە لە هەردووناوچەی فارس و عێراق و دەسەڵاتی فاتیمی

---

(١) (امام الحرمین): (٤١٩-٤٧٨ک/ ١٠٢٨-١٠٨٥ز) (عبد الملك بن عبد الله بن يوسف بن محمد الجويني، أبو المعالي، ركن الدين، ناسناوی(امام الحرمین)بووە، لە جوین لە دەوروبەری نەیسابور لەدایکبووە، بۆ خوێندن ڕوویکردووەتە بەغداد و مەککە و مەدینە، لە کۆتاییدا گەڕاوەتەوە نەیسابور و خواجەی وەزیر خوێندنگەیەکی لەوێ بۆ دامەزراندووە، دانراو و نووسینی زۆری هەیە وەک(غياث الأمم في التياث الظلم، العقيدة النظامية في الأركان الإسلامية، البرهان في أصول الفقه، نهاية المطلب في دراية المذهب، الشامل في أصول الدين، على مذهب الأشاعرة، الإرشاد في أصول الدين، الورقات في أصول الفقه، مغيث الخلق) هەر لە نەیسابور کۆچی دوایی کردووە.(الذهبي: سير اعلام، ج١٠، ص٦٣؛ الزركلي: الأعلام، ط١٥، دار العلم، ٢٠٠٢م، ج٤، ص١٦٠).

(٢) (عبد الرحيم بن عبد الكريم بن هوازن القشيري)، خوێندکاری (امام الحرمین) بووە، پێگەیەکی گەورەی لەزانست و لە وانەوتنەوە لە نیزامییەی بەغداد هەبووە، پەیوەندیکردووە بە شیرازییەوە، ئاژاوەیەک لەنێوان ئەم و حەنبەلیەکاندا درووست بووە، بۆ دامرکاندنەوەی ئاژاوەکە وەزیر ئاماژەی پێدەکات ڕووبکاتەوە نەیسابور تاوەکو ڕەوشەکە هێور دەبێتەوە، ئەویش دەچێتەوە ئەوێ و وانەدەڵێتەوە تاوەکو کۆچی دوایی دەکات ساڵی(٥١٤ک/١١٢٠ز).(الذهبي: سير اعلام، ج١٩، ص٤٢٤؛ ابن قاضي شهبة: طبقات، ج١، ص٢٨٥-٢٨٦).

(٣) ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي: ج١، ص٣٥٨.

(٤) السيوطي: تاريخ الخلفاء، ص٣٠٠.

(٥) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٠، ص٢٨٤.

(٦) ابن العماد: شذرات الذهب في اخبار من ذهب، تح/ محمود الارناؤط، ط١، دار ابن كثير، دمشق، بيروت، ١٩٨٦م، ج٥، ص٢٣٤.

(٧) محمود عرفة: الأحوال السياسية، ص٥٧.

عوبێدی لە میسر و شامدا، سەلجوقییەکان کاریگەرییەکی ئاشکراو دیاریان لە لاوازکردنی شکۆی شیعە و گەڕاندنەوەی خەلیفە (قائم بأمرالله)ی عەبباسی سوننی لە وڵاتی عێرقدا هەبوو.[١]

سەلجوقییەکان توانیان بوەیهییەکان لەناوبەرن و بەڕووی فاتیمیەکانیشدا بووەستنەوە تاوەکو دواتر و بەکاریگەریی هزری ئەمان و لەسەردەمی سوڵتان (صلاح الدین) ئەیوبی کوردی دا فاتیمییەکانیشیان لەناوبرد.[٢]

سەلجوقییەکان هەستیان بەو مەترسییەی دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی فاتیمی کردبوو لە ناوچەکانی خیلافەتی عەبباسییدا و دەیانزانی چ هەڕەشەیەکی بۆ سەر ئەوان هەیە، چونکە بانگەوازی (الاسماعیلیون) [٣] لە عێراقدا لە هەموو ویلایەتەکانی دیکەی عەبباسیی گەورەتر و کاریگەریشیان زیاتربوو،[٤] هەربۆیە کەوتنە گرتنەبەری سیاسەتی لەناوبردنی کەسانی ڕیزی پێشەوە، ئەوانەی نوێنەرایەتی بانگەشەی فاتیمییان لە بەغداد دەکرد و توندکردنەوەی سزای کەسایەتییە دیارەکانی ئەو بانگەوازە و سزادانی ئەوانەی بانگەشەی (الفاطمیة)ت دەکەن لە وڵاتی فارس دا، هەروەک هەستان بەلابردنی فەرمانبەرە میرییە فاتیمییەکان و ئەوانەی لەسەر مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلییە لە دامودەزگا میرییەکاندا کاریاندەکرد و لە جێگایان خەڵکی سوننی مەزهەبیان دادەنا، ئەمەش سیاسەتێک بوو پێشتر مەحمودی غەزنەوی و پاشانیش سەلجوقییەکان لە گۆڕینی فەرمانبەرە میرییەکاندا لەسەر ئەوانەی شیعەبوون پیادەیان دەکرد،[٥] بۆ نموونە (أبي حسین ابن المهتدي) یان لە وتاردانی مزگەوتی مەنسور لابرد، چونکە لەسەردەمی ئاژاوەکەی (البساسیري)

---

(١) محمود عرفة: الأحوال السیاسیة والدینیة، ص٦٢؛ مریزن: الحیاة العلمیة في العراق، ص٢٤٨.

(٢) المقریزي: السلوک، ج١، ص١٥٠.

(٣) ئیسماعیلییەکان بە چالاکترین گروپە شیعییە گرنگەکانی سەردەمی سەلجوقییەکان دادەنرێن. (مریزن: الحیاة العلمیة في العراق، ص١٢٨),

(٤) جمال الدین سرور: سیاسة الفاطمیین، ص١٦٣.

(٥) البیهقي: تاریخ بیهق، ط١، دار اقرأ، دمشق، ١٤٢٥هـ ص٤٨.

وتاری بەناوی خەلیفە (مستنصر بالله) [1]ی فاتیمییەوە خوێندەوە و لە جێگەی ئەو(أبا علي حسن ابن عبد الودود ابن المهتدي) یان وەک وتاربێژ لە ساڵی(٤٥١ک/١٠٥٩ز) دانا.[2]

لە لایەکی دیکەوە خیلافەتی فاتیمی بانگەشەیان لە عێراق کشانەوە بەئاراستەی میسر گەڕانەوە، بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە سەپاندنی باڵادەستی و نفوزیان و لەناوبردنی ئاژاوەی ناوخۆییەوە، وەک دەرچوونی سەرکردەی تورکی(ناصر الدولة ابن حمدان التغلبي) ساڵی(٤٦٥ک/١٠٧٢ز) لە فەرمانی خەلیفە (مستنصر بالله)ی فاتیمی و داواکردنی هاوکاریی لە خەلیفەی عەبباسی تاوەکو وتار بەناوی خیلافەتی عەبباسییەوە لە میسر بخوێنێتەوە.[3]

ڕووبەڕووبوونەوەی سەلجوقییەکان بۆ ڕێگریی لە بڵاوبوونەوەی شەپۆلی شیعەگەریی و گروپەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و عێراق بەتایبەتی، هەروا بەسادەیی و بێ ئاژاوە و ڕووبەڕووبوونەوە تێپەڕنەبوو، بەڵکو ململانێیەکی توندی نێوان شیعە و سوننەی لە بوارە کارگێڕیی و سیاسی و بگرە ناوچەییەکانیشدا هێنایە ئاراوە، ململانێکانیان بۆ ساڵانێکی زۆر بەردەوامی هەبوو،[4] نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لەسەردەمی سەلجوقییەکاندا ململانێکان لە نێوان هەڵگرانی یەک مەزهەبیشدا ڕووی لە توندیی کرد، واتە جگە لە ناکۆکی و ململانێی ی سوننە و شیعەی ئیسماعیلییە ناکۆکی کەوتە نێوان لایەنگرانی مەزهەبی سوننە خۆشیان،[5] وەک ئاماژەمان پێکرد کار گەیشتە نەفرین کردنی ئاشکرای ئەشعەرییەکان لەسەر دوانگەی مزگەوت بەتایبەت لە ناوچەی نیسابور.[6]

---

(١) (المستنصر بالله ابو تميم معد بن الظاهر لاعزاز دين الله بن الحاكم بن العزيز بن المعز لدين الله العبيدي الفاطمي): لە دوای باوکییەوە و لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە (٤٢٧ک/١٠٣٦ز)بووە بە هەشتەم خەلیفەی فاتیمییەکان و تاوەکو (٤٨٧ک/١٠٩٤ز) بەردەوام بووە، دەسەڵاتی عوبێدی لەسەردەمی ئەمدا گەیشتە ئەوپەڕی هێز و گەشەکردنی خۆی.(الذهبي: سيراعلام، ج١٥، ص١٨٦).

(٢) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص١٦٧.

(٣) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢٤٢.

(٤) محمود عرفة: الأحوال السياسية والدينية، ص٦٢.

(٥) مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص١٢٠.

(٦) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٥٨.

# بەشی دووەم

# کەسایەتی (نظام الملک)

# (ڕۆڵ و سەردەمەکەی)

## باسی یەکەم

## کەسایەتی (نظام الملک)

## باسی دووەم

## ڕۆڵ و پێگەی (نظام الملک) لە دەوڵەت دا

## باسی سێیەم

## کاریگەریی سیاسەتی (نظام الملک) لە سەر جیهانی ئیسلامی

## باسی یەکەم

## کەسایەتی (نظام الملک)

### تەوەری یەکەم

### (گەورەبوونی، فێربوونی زانست، گەشتنی بەوەزارەت)

ناوی (حسن کوڕی علی کوڕی اسحاق کوڕی عباس، ناسراو بە ابو علی (الطوس) [١]ی،[٢] (ڕۆژی هەینی بیست و یەکی مانگی (ذي القعدة) ی ساڵی(٤٠٨ک/١٠١٧ز) لە شارۆچکەی بەیهەق[٣] لە طوس لەدایکبووە، (ابن خلكان) دەڵێت:''لە نوقان[٤] کە یەکێکە لە شارۆچکەکانی طوس'' لەدایکبووە،[٥] لە نەوەی دەهقانەکان بووە، ئەوانەی لە بێستانەکانی دەوروبەری طوس کاریان کردووە.[٦]

(نظام الملک) منداڵێکی ساوا بووە دایکی مردووە، هەربۆیە باوکی دەیگەڕاند بە سەر ئەو ئافرەتانەی لەبەر خوا شیریان دەدا بەو جۆرە منداڵانە، باوکی لەوانە بوو لە ڕیزی خزمەتکردن بە مەحمود سەبەک تەکین دا بوون، (نظام الملک) گەورەتردەبێت و لە تەمەنی یازدە ساڵیدا فێری زمانی عەرەبی بووە و قورئان و فەرموودە و ڕێزمانی عەرەبی خوێندووە، هەموو ئەمانەش لەسەر مەزهەبی شافیعی فێربووە، توانایەکی باش و ئامانجێکی گەورەی هەبووە، بەهۆی ئەو باروگوزەران و

---

(١) (الطوس): شارێکە لە خوراسان لە نێوان ئەو و نەیسابوردا نزیکەی دە فەرسەخ ماوە هەیە، دوو شارۆچکە دەگرێتەوە یەکێکیان (طابران) و ئەوی دیکەش (نوقان)ە، لە ڕۆژگاری (عثمان بن عفان)دا فەتح کراوە، ژمارەیەکی زۆر لە زانستخوازان لە شاری (طوس)ەوە پێگەشتوون، وەک (ابو حامد الغزالي)، خاوەنی مەسنەدی (الحافظ) و(نظام الملک)ی وەزیر، ئەو شارە بەکانزا و بەردی بەنرخ ناسرابوو.(ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٤، ص ص٤٩-٥٠؛ القزويني: آثار البلاد، ص٤١١).

(٢) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٢، ص٧٧.

(٣) (البيهق)لە فارسیدا واتاکەی بە چاکتر، باشتر دێت، ناوچەیەکی گەورە و شارۆچکەیەکی فراوان بووە ئاوەدانی و باڵەخانەی زۆری تێدا بووە لە دەوروبەری نەیسابوردا بووە. ( ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص٥٣٧).

(٤) نوقان: یەکێکە لە شارۆچکەکانی طوس، چونکە طوس ویلایەتێک بووە دوو شارۆچکەی تێدا بووە، یەکێکیان(طابران) و ئەوی دیکە نوقان بووە.(ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٥، ص٣١١؛ ناجي معروف: مدارس قبل النظامياة، مطبعة المجمع العلمي العراقي، ١٩٧٣م، ص٨٠).

(٥) وفيات الأعيان، ج٢، ص١٣٠.

(٦) السبكي: طبقات الشافعية الكبرى، تح/ محمود محمد الطناحي، عبد الفتاح محمد الحلو، ط٢، هجر للطباعة، مصر، ١٤١٣هـ ج٤، ص٣١٢.

نەهامەتییانەی بە بێ دایکیی و پاشان خراپبوونی ڕەوشی ئابووری باوکییەوە، هەموو ئەمانە بەشداربوون لە دروستکردنی کەسایەتی و دەرخستنی پێش وەختەی بەهرەکانی، لەبەرئەوە هەرزوو فێری زانستەکانی ئەو کات بووە، لەم پێناوەشدا دەستی بەکاروبارە کارگێڕییەکان ڕاگەشتووە و پاشان وردە وردە پلەکانی بڕیوە، تاوەکو ئەو کاتەی بە پلەی وەزارەت گەیشتووە وبە یەکێک لە وەزیرە شارەزا ولێهاتووەکانی مێژووی خیلافەتی عەبباسی دادەنرێت.[1]

دوای پەروەردەو پێگەشتن و دەرچوونی لای باوکی وەک نووسەری دیوانەکان لە خوراسان، غەزنە و بەڵخ دامەزرا، پاشان ڕۆشتە نێو دەربار و کاروباری سوڵتانەوە و لای(علي بن شاذان) [2]ی وەزیری (الب ارسلان)، دوای مردنی (بن شاذان) بەهۆی ئەوەی پێشتر بە سوڵتانی ناساندبوو توانای لە خزمەتکردندا هەیە،[3] ئەویش پاش مردنی وەزیر کاروباری پێ ڕاسپارد و (نظام الملک) بە باشی کارەکانی ڕایی دەکرد و سوڵتانیش کردی بە وەزیر.[4]

(ابن العماد) ئاماژە بەوە دەکات، (نظام الملک) لە (بن شاذان) هەڵاتووە و ڕوویکردۆتە جغري بک داود کوڕی میکائیل کوڕی سەلجوقی باوکی (الب ارسلان)، و بەهۆی بەتوانایی (نظام الملک)، جغري بک خۆشی ویستووە و سپاردەی (الب ارسلان)ی کوڕی کردووە، پێی وتووە:''پێچەوانەی بیر و ڕای (نظام الملک) هەڵسوکەوت نەکات''،[5] لە کاتی دەسەڵاتی (الب ارسلان)دا کاروبارەکانی زۆر بە باشی بەڕێوەبردووە، لە ڕۆژگاری ئەودا دادپەروەری بڵاوبووەتەوە و کارەکانی خیلافەتی ڕێکخستووە، مزگەوت و خوێندنگاکانی دامەزراندووە، ڕۆڵێکی گەورەیان لە بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاری هەبووە، هەروەها ژمارەیەکیش (وقف)ی تایبەت کردووە بەو خوێندگایانە تاوەکو بەردەوامیان هەبێت

---

(١) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص١٢٥؛ هيفاء عبد الله العلي البسام: الوزير السلجوقي نظام الملك ، رسالة الماجستير، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، الدراسات العليا التاريخية والحضارية، جامعة الملك عبدالعزيز، المملكة العربية، (١٩٧٩-١٩٨٠م)ص٣٨.

(٢) وەزیر (ابو علي بن شاذان): وەزیری دەسەڵاتدارانی سامانییەکان بووە، وەزیری باوک و کوڕیان بووە، بەڕادەیەک بۆ ماوەیەکی زۆر لە وەزارەتدا ماوەتەوە، بەهۆی درێژی ماوەی وەزارەتەکەیەوە ئەم پارچە هۆنراوەیەی بۆ وتراوە:

وقالوا العزل للعمال حيض      نجاه الله من حيض بغيض

فإن يک هكذا، فأبو علي      من اللاتي يئسن من المحيض. (القزويني: آثار البلاد، ص٣٦٠).

(٣) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣١٢؛ هيفاء: الوزير السلجوقي، ص٥٥.

(٤) إبن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥، ص١٥.

(٥) شذرات الذهب، ج٥، ص٣٦٢؛ هيفاء: الوزير السلجوقي، ص٥٥.

و پێداویستییەکانی خۆیانی پێ دابین بکەن،[١] بەو جۆرە بەهۆی کارو کردەوەکانی لە بواری دەوڵەتداریدا وردە وردە پێگە و کەسایەتییەکەی بەهێزتر بووە و بۆماوەی دە ساڵ لە خزمەتی (الب ارسلان) دا بووە.[٢]

دوای مردنی (الب ارسلان) و کۆبوونەوەی کوڕەکانی لەسەر وەرگرتنی موڵکی باوکیان و وەرگرتنی دەسەڵات، (نظام الملک) تەخت و دەسەڵاتی بۆ (ملک شا)ی کوڕی (الب ارسلان) ئامادەکرد، بەهۆی لێزانی و ڕاوێژی (نظام الملک)ەوە، (ملک شا) بوو بە سوڵتان، پلە و ڕێزی وەزیریش زیادی کرد،[٣] لێرەوە دەسەڵات و کاروبارەکان هەمووی بۆ (نظام الملک) بوون و سوڵتانیش تەنها تەخت و تاجی بۆ مایەوە، زۆرینەی کاروبارەکان لەژێر هەژموون و فرمانی (نظام الملک) دا بوون، فەرمانداری ڕاستەقینە وەزیر خۆی بوو،[٤] ئەم ڕەوشە بۆ ماوەی بیست ساڵی دواتر بەردەوامی هەبوو.[٥]

(ابن الاثير) سەرەتای کاری (نظام الملک) بەم جۆرە دەخاتە ڕوو و دەڵێت:''ئەو کاری نووسەری بۆ کاربەدەستێکی بازرگان دەکرد، خاوەنی بەڵخ بوو، فەرمانداریش بوو''،[٦] دەرکردەی هەمووساڵێکی پێ دەکرد و پاشان لێی وەردەگرتەوە، واتە ئەوەی وەک مافی کارکردن وەری دەگرت لێی وەردەگرتەوە، هەربۆیە (نظام الملک) بۆلای (جغري بک) باوکی (الب ارسلان) بۆ (مرو) هەڵات، ئەوەش سەرەتای خۆشی و دەستپێکی ئەو بوو، بەوجۆرە لە هەوڵ و کارەکانی بەردەوام بوو تاوەکو گەیشتە ئەو پێگەو خزمەتەی خۆی دەیویست.[٧]

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٦.

(٢) إبن العماد: شذرات، ج٥، ص٣٦٣.

(٣)ابن العبري: تاريخ مختصرالدول، ج١، ص١٨٦؛ السبكي: طبقات، ج٤، ص ٣١٢.

(٤) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣١٧.

(٥) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٢، ص١٢٨.

(٦) الكامل، ج٨، ص٣٥٧.

(٧) أبو الفدا: المختصر، ج٢، ص٢٠٢.

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵی خواجە لە وەزارەتدا

ناسناوی (نظام الملک)، هەروەها ناسناوی (قوام الدين و الدولة) و (رضي أمير المؤمينين) هەبووە،[١] هیچ کەس لەوەزیرەکانی خیلافەت پێشتر ئەو ناسناوەیان وەرنەگرتووە،[٢] (صدر الإسلام شمس الكفاة سيد الوزراء)ی پێ وتراوە،[٣] هەرچەندە لە پێشتردا پێی وتراوە (خواجە بزرگ)واتە خواجەی گەورە،[٤] بە(تاج الحضرتين) بەناوبانگ بووە،[٥] الذهبي لە باسیدا بە:'' ژیر، سەردار، شارەزا، دڵخۆش، دیندار و پارێزکار، ناوزەدی دەکات، بە وەزیری گەورە ناوی دەبات''.[٦]

بەهۆی بەهێزیی و لێهاتوویی کەسایەتی و پابەندی خۆی بە مەزهەبی شافیعی و ئەشعەرییەوە[٧] لەسەردەمی وەزارەت و دەسەڵاتیدا ڕێگریی لە بەردەوامی نەفرین لە ئەشعەرییەکان لە دوانگەی مزگەوتەکانەوە کردووە،[٨] پێشتر و لە سەردەمی (عميد الملک) وەزیری (طغرل بک) ئەو کارە کرابوو،[٩] (القزويني) بە:''سوڵتانی (المعتزيلة) و وەزیری شیعی''[١٠] ناویان دەبات، جگە نەفرینکردنی

(١) ابن العمراني: الانباء في تاريخ الخلفاء، ص١٩٩؛ ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٢، ص١٢٨.

(٢) سيف الدين حاجى بن نظام عقيلى: آثار الوزراء، تص وتع/ مير جلال الدين حسينى ارمورى، چ٢، انتشارات اطلاعات، تهران، ١٣٦٤ ش، هـ ص٢٠٧.

(٣) ابن العمراني: الإنباء، ص ١٩٩.

(٤) ابن القلانسي: تاريخ دمشق، ج١، ص٢٠٠؛ ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٨٨؛ إبن كثير: البداية والنهاية، ج١٥، ص٧٩٤.

(٥) عقيلى: آثار الوزراء، ص٢٠٧.

(٦) سيراعلام، ج١٩، ص٩٤.

(٧) (الاشعري): دەگەڕێتەوە بۆ ناوی(اشعر) یەکێکە لە گوندە بەناوبانگەکانی یەمەن، (ابو موسى الاشعري) خەڵکی ئەو گوندەیە، ژمارەیەکی زۆر لە زانایان لە ناوچە جیاوازە ئیسلامییەکان شوێن ئەو ڕێبازە عەقیدەییە کەوتوون، وەک (البيهقي، الباقلاني، القشيري، الجويني، الغزالي، الفخري، الرازي و النووي و...هتد..)ئەشعەری بەوکەسانە دەوترا شوێن (امام ابى حسن الاشعري) دەکەوتن بە کردارییی نەوەک چاولێکەری، پەیوەستبوون بە ئەشعەرییەوە هاوشێوەی- پابەندییە بە ئیمامەکانی وەک (ابي حنيفة و ماليک و شافعى و احمد)ەوە.(حمد السنان، فوزي العنجري: اهل السنة الاشاعرة شهادة علماء الامة وادلتهم، دار الضياء، الكويت، ٢٠٠٥م، ص ص٣٢-٤٠؛ ناجى معروف: مدارس قبل النظامية، ص٧٥٩).

(٨)ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٥٨؛ الذهبي: العبر، ج٢، ص٣٠٥.

(٩) إبن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥، ص١٥؛ الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٥، ص٤٩.

(١٠) آثار البلاد، ص٤٧٤.

ئەشعەری نەفرین لە زۆرێکی دیکەی بیروباوەڕەکان دەکران، لەبەرئەوە زۆرێک لە ئیمامەکانی وڵات وەک (امام الحرمین و ابي قاسم القشيري) و جگە لەوانیش ئاوارەبوون،[١] بەم ڕێگرییی کردنەی (نظام الملک) بوو بە پارێزەری ڕێبازی ئەشعەری و پەناگەیەکی بەهێز بۆ زانا شافیعییە سوننی مەزهەبەکان.[٢]

لە سەردەمی وەزارەتی (نظام الملک) دا ئامادەبووانی کۆڕەکانی قورئان خوێن و شارەزایانی بواری زانستە ئاینییەکان بوون،[٣] تەنانەت پێی وتراوە:''ئەوانە بەرژەوەندی و سودییان لێتەوێت هەربۆیە لەگەڵتن''، ئەویش پێیان دەڵێتەوە:'' ئەوانە لە جوانییەکانی دونیا و دواڕۆژن، ئەگەر لەسەر سەرم دایان بنێم بەزۆری نازانم''،دانیشتنی لەم کۆڕ و کۆبوونەوەی زانایانەدا کاریگەریی لەسەر دەروون و بەشدارییەکی باشییان هەبووە لە بەرەو پێشچوونی هزری (نظام الملک)دا، هەربۆیە دوای وەرگرتنی پۆستی وەزارەت، ئامادەبوونی لەم جۆرە کۆبوونەوانەدا بەردەوامی هەبووە.[٤]

(نظام الملک) پابەندی پەرستشە ئاینییەکانی بوو، بەهێزیی کەسایەتییەکەی بەشێکی پەیوەندی بەو ئارەزووەوە هەبووە، کە بۆ فێربوون و زانست، بەتایبەت زانستی ئاینیی هەیبووە، وەک گوێ گرتنی بۆ فەرموودە و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی، هەروەک خۆی وتویەتی:''من دەزانم شیاونیم بۆ ئەوە، بەڵام دەمەوێت خۆم پەیوەستی زنجیرەی گواستنەوەی فەرموودەی پەیامبەر(د.خ) بکەم''.[٥]

---

(١) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص ٣٥٨.

(٢) ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص٦.

(٣) الذهبي: سيراعلام، ج١٩، ص٩٤؛ الصفدي: الوافي، ج١٢، ص٧٧.

(٤) إبن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص١٢٦؛ هيفاء: الوزير السلجوقي، ص٤٠.

(٥) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٥٨؛ إبن العماد: شذرات، ج٥، ص٣٦٣.

چەند کوڕێکی هەبووە و پێنج لەکوڕانی لەدوای خۆی پۆستی وەزارەتیان وەرگرتووە[١] بە نموونە (احمد)ی کوڕی (نظام الملک) وەزیری سوڵتان (محمد) کوڕی (ملک شا) و خەلیفە (مسترشدبالله٤٨٥-٥١٢هـ/١١١٨-١١٣٥م) بووە.[٢]

(نظام الملک) وەزیری هەردوو سوڵتانی سەلجوقی (الب ارسلان) ([٣] و (ملک شا) ([٤] ی کوڕی بووە لە ماوەی بیست و نۆ[٥] ساڵی یەک لە دوای یەکدا،[٦] هەندێک لە سەرچاوەکان ماوەی وەزارەتەکەی بە سی ساڵ دیاری دەکەن،[٧] دە ساڵیان وەزیری (الب ارسلان) و بیست ساڵیان وەزیری (ملک شا)ی کوڕی بووە.[٨]

(١) ابن العمراني: الانباء في تاريخ الخلفاء، ص٢٠٧؛ ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٥.

(٢) الذهبي: سيراعلام، ج٢٠، ص٢٣٦.

(٣) محمد کوڕی سوڵتان جغری بک داود کوڕی میکائیل کوڕی سلجوق کوڕی توقاق کوڕی سلجوق ی تورکمانی، غوزی، لە گەورە سوڵتانەکانی سەلجوقییە، (طغرل بک)ی مامی بەڵێنی بە (سلیمان)ی برای (الب ارسلان) دا کە مرد دەسەڵات و موڵکی ڕادەست کات، بەڵام (الب ارسلان) و (قتلمش)ی مامی لەدژی ئەو کارەی (سلیمان) جەنگان و (الب ارسلان) بوو بە دەسەڵاتدار، تەنانەت دواتر (قتلمش)یش کەوتە ململانێ ی لەسەر دەسەڵات و (الب ارسلان) ئەویشی تێکشکان، بەو شێوەیە دەسەڵاتی (الب ارسلان) فراوان بوو، وە لەپاش خۆی دەسەڵاتی ڕادەستی (ملکشا)ی کوڕی کرد.(الذهبي: سيراعلام، ج١٨، ص٤١٥؛ الذهبي: العبر، ج٢، ص٣٠٥؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٥، ص٧٩٣).

(٤) (ملکشا)ە جلال الدولة ابو الفتح کوڕی (الب ارسلان) ی سەلجوقی، لە ساڵی (٤٤٧ک/١٠٥٥ز) لەدایکبووە، لە ساڵی(٤٨٥ک/١٠٩٢ز) کۆچی دوایی کردووە، لەدوای باوکی دەسەڵاتی وەرگرت، بەهۆی وەسیەتی (الب ارسلان)ی باوکییەوە، بەڕاوێژی (نظام الملک)ی وەزیر کاروباری دەوڵەتی بە ڕێوەدەبر، لە ساڵی (٤٦٥ک/١٠٧٢ز) دەسەڵاتی وەرگرت، هەرچەندە (قاروت)ی مامی دەسەڵاتداری کرمان بەڕوویدا وەستایەوە، بەڵام بە یارمەتی وەزیر تێکیشکاند و بە دیل گرتی و پاشان خنکێنرا. (الذهبي: سير اعلام، ج١٩، ص ص٥٤-٥٥؛ أبو الفدا: المختصر، ج٢، ص ٢٠٣).

(٥) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان في توارخ الأعيان، تح/ محمد بركات و اخرون، ط١، دار الرسالة العالمية، دمشق، ٢٠١٣م، ج١٩، ص٤٣٩.

(٦) إبن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص ٣٠٢؛ عبد الرزاق قنيفي: مدارس التعليم بالمشرق في عهد السلاجقة و الزنكيين، رسالة ماجستير، كلية العلوم الإنسانية، قسم التاريخ، جامعة الجزائر ٢ بوزريعة، (٢٠١٥-٢٠١٦)، ص٥٣.

(٧) عقيلي: آثار الوزراء، ص٢٠٧.

(٨) ابن العمراني: الإنباء، ص٢٠٠.

(نظام الملک) خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و سیاسی بووە،[١] ئارامی و خۆڕاگریەکی زۆری هەبووە بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی ویستوویەتی، لەگەڵ خەڵک وگەلەکەیدا تاڕادەیەک نەرم و نیان بووە، خەڵک توانیویەتی گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.[٢]

(نظام الملک) بە پێگەو دەسەڵاتێک گەیشت[٣] هیچ یەکێک لە وەزیرەکانی دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسی پێینەگەیشتووە،[٤] (ابن کثیر) بە باشترین وەزیرەکانی دادەنێت،[٥] سەردەمی ئەو بە سەردەمی خێر و خۆشی لە وڵاتی مسوڵمانان، بە هۆی کار و کردەوەکانی لە دامەزراندن و پێش خستنی زانست و بوارە کارگێڕییەکانی لەوڵاتدا دادەنرێت.[٦]

---

(١) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٤٣٩.

(٢) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص١٤٦.

(٣) ابن العديم: بغية الطلب في تاريخ حلب، تح: سهيل زكار، دار الفكر، بيروت، د. ت، ج٥، ص٢٤٩٩.

(٤) أبو الفدا: المختصر، ج٢، ص٢٠٢.

(٥) البداية والنهاية، ج١٦، ص١٢٥.

(٦) ابن العمراني: الإنباء، ص١٩٩.

## تەوەری سێیەم

## كوژرانی (نظام الملک)

سەبارەت بە كوشتنی (نظام الملک)ی وەزیر، هۆكار و ڕای جیاواز هەیە، هەندێكی دەبەستنەوە بەو دژایەتییەی وەزیری سەلجوقی بۆ ڕێگریی و لەناوبردنی شیعەی ئیسماعیلی و باتنییەكان هەیبووە، چونكە بە هەموو شێوازێكی دژایەتی بەرامبەر بانگەشەكارانی شیعە وەستابووەوە، لە سەروو هەمووشیانەوە (حسن صباح)،[1] كە فەرمانی بە لەناوبردن و كوشتنی نەیارانی خۆیان دەكرد، بەجۆرێک باتنییەكان هەركەسێكیان بیویستایە دەیانڕفاند و لەناویان دەبرد یاخود دەیانخستە نێو بیرەوە،[2] یان دەیانكوشت،[3] ژمارەیەكی زۆر بوونە قوربانی دەستی خۆبەختكارە باتنییەكان و ئەوانیش توانیان لە كۆتاییدا ئەو ئاستەنگ و بەربەستەی ڕێگایان و هۆكاری سەركوتكردنیان لەناوببەن، بەهۆی یەكێک لە شوێنكەوتە خۆبەختكارەكان كە بۆ كوشتنی (نظام الملک) وەزیری (ملک شا)ی سەلجوقی ناردبوویان، بوو بە یەكەم كەس كوشتیان و بە دڵخۆشییەوە دەیانووت:''دارتاشێكتان لێكوشتین، ئێمە لە بریدا (نظام الملک)مان لێ كوشتنەوە''،ئەو دارتاشە لە باتنییەكان بوو بانگبێژێكی مزگەوتی كوشتبوو، وەزیریش لە بری ئەوەدا كوشتییەوە.[4]

بەشێكی دیكە كوشتنەكەی دەبەستنەوە بەو وناكۆكییەی لە نێوان (ملک شا) و (نظام الملک) دا هەبووە، بەوەی سوڵتان هەستی بە سنوربەزاندنی دەسەڵاتی وەزیرەكەی كردووە و بە درێژایی ژیانی

(١) (حسن بن عەلی بن محمد بن جعفر بن حسین بن صباح) ە، لە ڕەی لەدایكبووە، لە باوكێكی شیعی لەسەر مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی، پاشان گۆڕاوە بۆ مەزهەبی ئیسماعیلی، دواتر لە ساڵی(٤٦٧ک/١٠٧٤ز) چووە بۆ ئیسفەهان و نزیكەی(٣)ساڵ تێیداماوەتەوە و لەو ماوەیەشدا (نظام الملک)ی بینیووە، لە ساڵی(٤٧١ک/١٠٧٨ز) سەردانی میسری كردووەو خەلیفە (المستنصر)ی فاتیمی بینیوە، پاشان گەڕاوەتەوە خوراسان و دەستیگرتووە بەسەر قەڵای ئەلەموت لەساڵی(٤٧٨ک/١٠٨٥ز) دواتر گروپی حەشاشییەكانی دامەزراند، كاتێكیش سوڵتان (ملكشا) قەڵاكەی بە هاندانی (نظام الملک)ی وەزیر داگیركرد، (حسن صباح) هەستا بە غافڵكوژكردنی وەزیر، (حسن صباح) تا كۆتایی تەمەنی لە قەڵای ئەلەموت مایەوە، تاوەكو لە ساڵی(٥١٨ک/١١٢٤ز) كۆچی دوایی كرد.(عبدالهادی محمد رضا محبوبة: نظام الملک، ط١، دار المصرية اللبنانية، القاهرة، ١٩٩٩م، ص ص٣١٢-٣١٣.)، بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە (حسن صباح) بڕوانە:(حەمەی حەمە سەعید: (حسن صباح)، چ٣، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، كەركوک، ٢٠١٤).

(٢) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٥١١.

(٣) ابن جوزي: المنتظم، ج١٧، ص٦٣.

(٤) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٥١١.

لێی بێزاربووە،[١] پێی ڕاگەیاندووە ئەگەر لە ژێر فەرمان و دەسەڵاتی ئەودایە، نابێت زیادەڕەوی لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا بکات،[٢] ئەگەر هاوبەشیەتی ئەوا جێگەی ڕەزامەندی سوڵتان نابێت،[٣] و ڕەتیدەکاتەوە هاوبەشی هەبێت، هەروەها سوڵتان پێی وتووە:''هەریەک لە منداڵەکانت(کوڕەکانی (نظام الملک)) دەستیانگرتووە بەسەر شارو ناوچەیەکی گەورەدا، هەربەوەشەوە نەوەستاوون، بەڵکو سنوریان تێپەڕکردووە و دەست لەکاری سیاسیش وەردەدەن''.[٤]

لە (١٠ی ڕەمەزانی ٤٨٥ک/١٠٩٢ز) لە کاتێکدا لەگەڵ (ملک شا) لە ئیسفەهانەوە بەرەو بە غداد دەگەڕانەوە،[٥] دوای بەربانگی ئێوارە نزیک نەهاوەند،[٦] لە گوندێک پێی وتراوە(سحنة)،[٧] (نظام الملک) بەرەو ڕەشماڵەکەی خۆی دەڕۆیشت، گەنجێکی دەیلەمی لە شێوازی دەرۆزەکەردا،[٨] بە چەقۆ[٩] لە (نظام الملک)ی دا، بەوهۆیەوە وەزیر هەر لەو شەوەدا کۆتایی بە ژیانی هات و مرد،[١٠] کۆتا وتەی (نظام الملک):''بکوژەکەم مەکوژنەوە، لێیخۆش بووم''،[١١] تەرمی (نظام الملک) برایەوە ئیسفەهان و هەر لەوێ نێژرا،[١٢] (ابن القلانسي) ئاماژە بەوە دەکات:''ئەو دەیلەمییە دوای لێدانەکەی (نظام الملک) هەڵات و هیچ شوێنەواری بەدیار نەکەوت''[١٣] ئەمە بۆ خۆی زیاتر گومان و ئاماژەیە لەسەر کوشتنەکەی وەزیر و گریمانەی زیاتری پیلانی خودی سوڵتان دەخاتەڕوو.[١٤]

---

(١) ابن خلكان: وفيات، ج٢، ص١٣٠.

(٢) ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ج١، ص١٩٣.

(٣) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٥٥.

(٤) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٣، ص٢٤.

(٥) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٥٤؛ ابن قلانسي: تاريخ دمشق، ج١، ص٢٠٠.

(٦) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص١٢٧؛ ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ج١، ص١٩٢.

(٧) ابن العديم: بغية الطلب، ج٥، ص٢٥٠٠.

(٨) أبو الفدا: المختصر، ص٢٠٢.

(٩) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٣، ص٢٣.

(١٠) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٥.

(١١) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٣، ص١٤٨.

(١٢) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣٢٦.

(١٣) تاريخ دمشق، تح/ سهيل زكار، ط١، دار حسان، دمشق، ١٩٨٣م، ج١، ص٢٠٠.

(١٤) ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص٦.

لەکاتی برینداربیەکەی (نظام الملک)، سولْتان چووەتە دیداری و وەزیریش پێی وتووە:''ئەی سولْتانی جیهان لەدەولْەتەکەی تۆ و باوکتدا گەورەبووم، ئارامگربوویت لەسەرم، تەنها کەمێکیش لە تەمەنم ماوە، دەرتکردم فەرمانیشت نەکرد وام بەسەر بێنن، سولْتان هاتە دەرەوە و قورئانێکی لە بن دەست بوو سوێندی پێ خوارد فەرمانی نەکردووە و ئاگاشی لەوە نیە، پاشان وتی:''چۆن شتی وادەکەم لە کاتێکدا تۆ پیت و فەڕی دەولْەتەکەمی و لەجێگەی باوکمی، ئەوەی تاوانباری دەکەم بەو کارە بەڕێوەبەری خەزان(تاج الملک أبا الغنائم)ە''،[١] هەروەها ئیبن خەلدون دەلْێت:''سولْتان (ملک شا) خۆی ئەو کەسە باتنیەی داناوە بۆ کوشتنی وەزیر بەهۆی ئەو ناکۆکیەی لە نێوانیاندا ڕووی داوە لە زۆربوونی دەسەلاتی خواجەی وەزیردا''،[٢] ئاشکرایە باتنییەکان دوژمنی راستەوخۆی (نظام الملک) بوون، بەهۆی ئەو ڕێگری سنوربۆدانانەی وەزیر بۆئەوانی هەبووە و ئەوانیش هەولْی لەناوبردنی وەزیریان داوە، بەلام ئەوەی پەیوەندی بە پیلانگێڕی (ملک شا)وە هەیە وەک مێژوونووسان ئاماژەیان پێکردووە، بەتایبەت لە کۆتاییەکانی تەمەنی (نظام الملک)ەوە بەهۆی هەلْکشانی سالْەکانی تەمەنییەوە دەسەلات کەوتبووە دەست کوڕو نەوەکانی و ئەوانیشئەودەسەلاتانەیان خراپ بەکارهێناوە و ئەمەش سولْتانی سەلجوقی توڕەکردوەو هەولْی لەنێوبردنی (نظام الملک)ی وەزیری خۆی داوە، هەرچەندە (السبکي) ڕایەکی جیاوازتر دەهێنێت و دەلْێت:''مانگی ڕەمەزانی سالْی(٤٨٥ک/١٠٩٢ز) سولْتان لە ئیسفەهانەوە بەرەو بەغداد بەڕێکەوت بەنیازی گۆڕینی خەلیفە، دەیزانی ئەو کارە بەدی نایەت گەربێتوو (نظام الملک) لەژیاندا بێت، بۆیە کاری لەسەر کوشتنی وەزیر کرد پێش ئەوەی بگاتەوە بە بەغداد لە سالْی(٤٨٥ك/١٠٩٢ز)''.[٣]

(نظام الملک) تەمەنی گەورە بووە بەرگەی برینەکەی نەگرت و گیانی سپارد، لەبەرئەوە کوشتنەکەی لەلایەن بەشێک لە مێژوونووسانەوە بە پیلانی سولْتان (ملک شا)ی دەزانن،[٤] هەرچەندە زۆری نەبرد و لە دوای سی و پێنج ڕۆژ، لە دەرۆژی کۆتایی مانگی (الشوال)، (ملک شا) لەتەمەنی سی و حەوت سالْیدا کۆچی دوایی کرد.[٥] لێرە بە دواوە باتنی و ئیسماعیلییەکان کەوتنە ئاهەنگگێڕان

---

(١) ابن العديم: بغية الطلب، ج٥، ص٢٤٩٧.

(٢) تاريخ ابن خلدون، ج٥، ص١٤.

(٣) طبقات، ج٤، ص٣٢٤؛ الزهراني: نظام الوزارة في الدولة العباسية، ص٤٤.

(٤) ابن الاثير: التاريخ الباهر، ص١٠؛ ابن العديم: بغية الطلب، ج٥، ص٢٤٩٧؛ ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ج١، ص١٩٤؛ الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٣، ص ص٢٤-٢٥؛ ابن العماد: شذرات، ج٥، ص٣٦٢.

(٥) أبوالفدا: المختصر، ج٢، ص٢٠٢؛ عقيلي: آثار الوزراء، ص٢١١.

و گۆڕەپانەکەیان بۆ چۆڵ بوو، بە بێ دەست پارێزی هەر کارێکیان بۆبکرایە لە کوشتن و فڕاندنی خەڵکی ئەنجامییاندەدا.[1] لەناو خەڵکی بەگشتی و خوێندەواران و هۆنەرانیشدا ڕێزێکی زۆرلە (نظام الملك) گیراوە لەپای خزمەتی کارگێڕیی و زانستخوازی لەماوەی دەسەڵاتیدا پێشکەشی جیهانی ئیسلامی کردووە و بەو هۆیەوە لەدوای مردنی هۆنراوە بۆلاواندنەوەی وتراوە:

(كان الوزير نظام الملك لؤلؤة يتيمة صاغها الرحمن من شرف
عزت فلم تعرف الأيام قيمتها فردها غيرة منه إلى الصدف).(مقاتل بن عطية).[2]

(١) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٥١١.

(٢)ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٥٦. واتە: (نظام الملك)ی وەزیر دوڕێک بوو هەتیوێک بوو خوای میهرەبان لە سەربەرزی ئامادەی کردبوو سەر بڵند بوو ڕۆژگار نرخی نەزانی جەربەزەییەکەی گەڕاندییەوە بۆ نێو سەدە).

لە هۆنراوەیەکی دیکەدا دەڵێت:

(كان النظام أبو علي للورى صدرا وللدين العقيم إماما
حتى إذا قتلوه ظلما منهم عاد الضياء على الأنام ظلاما
لم يقتلوا الشيخ الكبير وإنما قتلوا جميع الخلق والإسلاما).(مقاتل بن عطية)

بڕوانە: الصفدي: الوافي، ج١٢، ص٧٨.(ئەبو عەلی ناوی (نظام الملك)ە، بۆ خەڵک سەرۆک وەزیرو بۆ ئایین پێشەوایەکی پەنهان بووی ئەگەر بشیکوژن ستەمێکە لەوان ڕووناکی گەڕایەوە بەسەر تاریکی مرۆڤدا تەنها بەتەمەنێکی گەورەیان نەکوشتووە بەڵکو هەموو خەڵک و ئیسلامیان کوشت).

## باسی دووەم

## ڕۆڵ و پێگەی (نظام الملک) لە دەوڵەت دا

### تەوەری یەکەم

### توانا و دەسەڵاتی وەزیر لە وەزارەتەکەیدا

(ابن العدیم) (نظام الملک) بەهەوڵدان بۆکوشتنی (عمید الملک)ی وەزیر لەساڵی(٤٥٦ک/١٠٦٣ز) ئاماژەپێدەکات نەک (الب ارسلان)ی سوڵتانی سەلجوقی،[١] (عمید الملک)یش پەیامێکی ئاڕاستەی (نظام الملک) کرد. تێیدا لۆمەی وەزیری نوێی کردبوو:'' داهێنراوێکی خراپت داهێنا، یاسایەکی پیست دانا بە کوشتنی وەزیرەکان، هیواخوازم بەشوێنتەوە بێت و لە گەردنی تۆیشدابێت ئەم داهێنراوە کە شوێنکەوتەی بوویت لە گەڵ مندا''.[٢]

(ابن الاثیر) ئاماژە بە هەمان پەیام دەکات، کە بۆ (نظام الملک) نێردراوە و تێیدا هاتووە:''بڵێ بە (نظام الملک)، خراپترین ئاکارت فێری تورکەکان کرد بە کوشتنی وەزیرەکان و خاوەنی دیوانەکان، هەرکەس چاڵ هەڵبکەنێت بۆ کەسانی دیکە خۆی تێی دەکەوێت''.[٣]

لە ڕاستیدا وتەکەی (عمید الملک) هاتەدی، بەوەی کۆتایی (نظام الملک) بەهەمان شێوەی وەزیری کوژراو ڕۆیشت،[٤] هەروەها (الذهبي) ئاماژە بە هەمان پەیامی وەزیری پێشووتر دەکات[٥] بە پشت بەستن بەم فەرموودەیەی پەیامبەر(د.خ):''...هەرکەس لە ئیسلامدا داهێنراوێکی خراپ دابهێنێت، تاوانی ئەو خراپەیە و هەرکەسێکیش کاری پێبکات لە دوای ئەو لەئەستۆیدایە، بەبێ ئەوەی هیچ لە تاوانی ئەو کەمبێتەوە''.[٦]

(الراوندي) لە هۆنراوەیەکدا هاوسۆزی بۆ(عمید الملک)ی وەزیری کوژراوە دەردەبڕێت و ئاماژە بەم هۆنراوە دەکات:''

---

(١) بغية الطلب، ج٥، ص٢٤٩٧.

(٢) الراوندی: راحة الصدور، ص١٨٧؛ هيفاء: الوزير السلجوقي، ص٦٠.

(٣) الكامل، ج٨، ص١٩٠؛ الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٥، ص٥٠؛ ابن العماد: شذرات، ج٥، ص٢٤٦.

(٤) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٥، ص٥٠.

(٥) تاريخ الإسلام، ج٣٠، ص٤٢٥.

(٦) مسلم: صحيح مسلم، تح/ محمد فؤاد عبد الباقي، د، ط، دار إحياء الكتب العربيه، القاهره، ١٩٥٥م، ج٢، ص٧٠٤، الرقم ١٠١٧.

من أحب نفسه اجتنب الأثام          ومن أحب ولده رحم الأيتام''.[١]

ئەمەش واتا لە سەرەتا و پێش دەستبەکاربوونی لە وەزارەتدا بۆ یەکلاکردنەوەی بابەت و ڕووداوەکان باوەڕی بە هێز و لادانی نەیارەکانی هەبووە بۆ دەستخستنی ئامانجەکانی.

(نظام الملک) پێش پۆستی وەزارەت ڕۆڵی گرنگی لە یەکلاکردنەوەی زۆربواری سیاسی و دەسەڵاتیشدا هەبووە، وەک ئەوەی قاروتی مامی (ملک شا) [٢] خاوەنی کرمان ویستی لە ڕێگای هێزەوە[٣] دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت، بەڵام (ملک شا) بە هاوکاری (نظام الملک) توانیان وەڵامی بدەنەوە و لە ناوچەی هەمەدان شکستی پێبهێنن،[٤] بەم هۆیەشەوە (ملک شا) ناوچەیەکی گەورەی بەخشییە خواجە لە طوس و ناسناوی (الأتابک) ([٥] ئەتابەگیشی پێ بەخشی.

(ابن خلدون) ئاماژە بە توانای (نظام الملک) لە پاراستنی دەوڵەت و ژیریی و لێهاتوویی ناوبراو لەسەردەمی وەزارەتی (نظام الملک) دا دەکات،[٦] بە درووستکەری دەوڵەتی سەلجوقی و بناغە داڕێژەری یاسای ئەو دەوڵەتە دادەنرێت.[٧]

(نظام الملک) لەساڵی(٤٥٦ک/١٠٦٣ز) بوو بە وەزیری (الب ارسلان)ی سەلجوقی و لە سەرەتای دەستبەکاربوونیدا هەندێک لە کار و فرمانەکانی وەزیری پێشووی هەڵوەشاندەوە، وەک وتەی نەشیاو

---

(١) راحة الصدور، ص١٨٧ (واتە:هەرکەس خۆی خۆش بووێت، خۆی لە ئازاردان بەدوور دەگرێت هەر کەس منداڵی خۆی خۆش دەوێت سۆزی بۆ هەتیوویش دەبێت).

(٢) (ابن الوردي) بە (قاروت) ناوی دەبات).(تاريخ ابن الوردي، ج١، ص٣٦٤).

(٣) ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٦، ص٣٨؛ ابو الفدا: المختصر، ج٢، ص١٨٩.

(٤) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣١، ص١٧.

(٥) (الاتابک): پێکدێت لە هەردوو وشەی تورکی (اتا) واتە باوک یاخود پەروەرشیار، (بەگ) واتە سەرکردە، کۆی وشەکەش پەروەردەکاری سەرکردە، وردە وردە واتای وشەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و مانای دیکەی سیاسیی بەخشیووە، یەکەم کەسیش ئەم ناسناوەی پێدراوە (نظام الملک)ی وەزیربووە.(ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢٣٧)؛ بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە چەمک و واتای(الاتابک) بڕوانە:(محمد عبد الغني الاشقر: اتابک الاسعاکر في القاهرة عصر المماليک الجراكسة(٧٨٤-٩٢٣هـ-١٣٨٢-١٥١٧م)، ط١، مكتبة مدبولي ٦ ميدان طلعت حرب، القاهرة، ٢٠٠٣م).

(٦) تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٥٨٤.

(٧) ابن العديم: بغية الطلب، ج٥، ص٢٤٩٨.

بەرێبازی ئەشعەری،[1] و شافیعی کرد بە سەر مەزهەب و ڕێزی هەریەک لە ئیمام (الحرمين و القشيري) گرت و گەڕاندنییەوە بۆ وڵات،[2] هەروەک لە پێشووتردا ئاماژەمان پێ کردووە.

بە ئاماژەیەکی وەزیر، سوڵتان پلەی کەسێکی بەرزدەکردەوە یاخود بە پێچەوانەوە، زەوی و ناوچەیەکی دەدا بە کەسێکی سەربازیی و پلەدارێک ئەگەر (نظام الملك) پەسەندی بکردایە، وەک ئەوەی حەلەب و دەوروبەری بەخشی بە (آق سنقر) ئەتابەگ،[3] ئەمەش توانا و دەسەڵاتی (نظام الملك) بووە لە وەزارەت و دەوڵەت دا، هەرچەندە (سبط ابن الجوزي) ئاماژە بۆ ئەم بەخشینە دەکات، بەوەی وەزیر لە ئاق سەنقەر ترساوە، لەبەرئەوەبووە دووری خستۆتەوە.[4]

پێگە و دەسەڵاتی (نظام الملك) بەهێزبووە تاڕادەی ئەوەی سوڵتان (الب ارسلان) ئەگەر بیویستایە خەلیفە لاببات (نظام الملك)ی وەزیر دەبووە بەربەست و ئاستەنگ و بە پەنهانی و بێ ئاگاداریی کەس خەلیفەی لە مەترسییەکانی سوڵتان ئاگادار دەکردەوە ،[5] ئەم جۆرە کارانەش هۆکاری پشێوی نێوان سوڵتان و وەزیرەکەی بووە کە لە کۆتاییدا و لەسەردەمی (ملك شا)ی کوڕی (الب ارسلان) بووەهۆی لەناوچوونی (نظام الملك).

(نظام الملك) سیاسەتوانێکی دووربین و توانایەکی باشی لە ڕێکخستنی کاروبارەکان و بابەتە هەستیارەکان هەبووە، لە دەوروبەری ساڵی(٤٧٠ک/١٠٧٧ز) داوا لە خەلیفە المقتدي بامرالله(٤٦٧-٤٨٧ک/١٠٧٤-١٠٩٤ز) دەکات کچی سوڵتان (الب ارسلان) بخوازێت، تاوەکو ڕای خراپی سوڵتانی لە سەر بگۆڕێت، بۆ ئەمەش (ابو اسحاق الشيرازي) کردە نێوەند گیریان و کارەکەی بە ئەنجام گەیاند[6].

(نظام الملك) توانای باوەڕپێکردنی سوڵتانی لە بەجێهێنان و ئەنجامدانی هەر پڕۆژە و کارێک، کە خۆی بەلایەوە گرنگ بوایە و بەسوودی گشتی مسوڵمانان یاخود وەزارەت و دەسەڵاتەکەی بزانیایە، هەبووە، بۆ نموونە هەواڵ گەیشتبوو بە سوڵتان وەزیری دەوڵەت خەرجییەکی زۆری لە درووست کردن و بەڕێوەبردنی خوێندنگاکانداکردووە، (نظام الملك)یش بە سوڵتان دەڵێت:"پادشام جگە لەوەی

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٨٦؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج٢، ص٦.

(٢) الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٣٠، ص٢٨٤.

(٣) ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٦، ص١٤٣.

(٤) مراة الزمان، ج٢٠، ص٣٦٣.

(٥) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣٢٤.

(٦) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣٢٤.

سەربازەکان((نظام الملک) ناوی مامۆستاو حوێندکارانی خوێندنگە نیزامییەکان بەسەرباز دەبات) لە ڕۆژدا دەجەنگن، بەشەویش پارێزگاریت لێدەکەن و بۆت دەپاڕێنەوە، ناوی تۆ لەسەر دەرگای ئەو جێگەیانەیە کە ئەوسەربازانەی لێیە، ئەگەر دەتەوێ ناوتیان لەسەر ڕەشدەکەمەوە، (ملک شا) دەڵێت:''نامەوێت ناوم لەسەر شوێنی چاکە و نزیکی لە خوداوە ڕەشبکرێتەوە''،[١] ئەمە پایەی وەزیر و پێگەی لە دەوڵەتدا نیشان دەدات، کە توانای بڕیار و ڕاوەستانی بە ڕووی نەیارەکانیدا هەبووە.

هەندێکجار دەسەڵاتی وەزیر سنوری دەسەڵاتەکانی سوڵتانیی تێپەڕکردووە، ئەو کاتەی (ملک شا) دەڵێت:''بە خواجە بڵێن:''ئەگەر هاوبەشی دەسەڵاتمە با بزانم، ئەگەر شوێنکەوتەمە پابەندی سنوری خۆی بێت''.وەزیر لەوەڵامیدا:''بۆ نەیزانیوە کە هاوبەشیم تاوەکو ئەمڕۆ؟ ئەگەر من نەبوومایە بەوە دەگەیشت کە پێی گەیشتووە''؟،[٢] ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ دوای مردنی (الب ارسلان)ی باوکی و کۆبوونەوەی براکانی و مامی تاوەکو دەسەڵات بگرنە دەست، (نظام الملک) نەیهێشت و بۆ (ملک شا)ی ئامادەکرد و کردیە خاوەنی دەسەڵات.[٣]

سوڵتان زیاتر توڕە دەبێت و دەڵێت:''دەیبینیت فەرمان بە داماڵینی مێزەرەکەی سەرت دەکەم.. بەمەش (نظام الملک) دەبزوێت و دەڵێت:''ئەوەی کە تاجی خستوەتە سەری تۆ هەر ئەوکەسە مێزەرەکەی لە سەری من ناوە...((نظام الملک) مەبەستی الب ارسلان ی باوکی (ملک شا) یە)''،[٤] ئەم گفتوگۆ و ئاڵنگارییەی وەزیر بۆ سوڵتانی دەسەڵاتەکەی، نەک توانا و دەسەڵاتی لەوەزارەتدا، بەڵکو هێز و پێگەی ئەو لەسەرو توانا و چوارچێوەی وەزارەتەوە دەردەخات.

---

(١) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٤٣٧.

(٢) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٤٣٨؛ ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ج١، ص١٩٣.

(٣) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص٢٣٣.

(٤) الراوندي: راحة الصدور، ص٢٠٨

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵە سەربازییەکانی (نظام الملک)

لەڕووی سەربازییەوە بەهەمان تێڕامان و دووربینیەوە لە کار و بڕیارەکانیدا هەڵەشە نەبووە، ڕۆڵێکی زۆری لەماوەی وەزارەتەکەیدا بینیوە لە(فتح)کردنی ناوچەی زۆر و شوێنی نویٚ دا و خستنەسەر ناوچە و دەسەلاٚتی دەولەٚتی خەلافەت،[1] لەساڵی(٤٦٤ک/١٠٧١ز) لە ولاٚتی فارس خاوەنداری قەلاٚیەک بەناوی (فضلون) ڕێگریی کرد لەوەی قەلاٚکە ڕادەستی (الب ارسلان) بکات، بەلاٚم (نظام الملک) توانی بە هێزی سەربازیی ناچاری گوێڕایەڵی سوڵتانی بکات.[2]

بەشێکی زۆری ئەو تواناو لێهاتووییەی (نظام الملک)، جگە لە کەسایەتی خۆی و گرنگی پێگەکەی، سەرچاوەی لەو ژمارە زۆرەی مەمالیکانەوە وەرگرتبوو کەهەیبوو،[3] هەروەها بوونی هەست و خۆشەویستی لە لایەن فەرماندەی ئەو هێزانەوە، کە لەژێر فەرمانی (نظام الملک) دا بوون [4] بەجۆرێک خاوەن هێزی سەربازیی بوو، زۆرجار سوڵتانیش نەیدەتوانی پێچەوانەی بڕیاری وەزیرەکەی هەنگاوبنێت،[5] کە بەنزیکەیی ژمارەی مەمالیکەکانی لە حەوت هەزار سەرباز زیاتربوون، ئەمە جگە لەوەی هەستی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.[6]

ئاماژە بەوە دراوە (نظام الملک)ی وەزیر یەکەم کەسە زەوی بۆ سەربازەکان دابین کردووە، هیچ یەک لە خەلیفەکان و سوڵتانەکانیش جگە لە خەلیفە (عمر بن الخطاب)، کاری لەو جۆرەی نەکردووە، بەڵکو داهاتەکان دەگەڕێنرانەوە بۆ دیوان و پاشان لەوێوە، بەگوێرەی ئەو بڕەی بڕیاری لیٚ درابوو دەبەخشرانە فەرماندە و سەربازەکان، بەلاٚم خواجەی وەزیر وای دەبینی ناوچەیەک یاخود زیاتر و

---

(١) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص١٩٥.

(٢) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص٢٢٩؛ الذهبي: تاريخ الاسلام، ج٣١، ص١٥.

(٣) أبي شامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية والصلاحية، تح/ ابراهيم الزبيق، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٩٧م، ج١، ص٩٨.

(٤) ابن الأثير: التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية، تح/ عبد القادر احمد طليمات، دار الكتب الحديثة، بغداد، القاهرة، ١٩٦٣م، ص١٠.

(٥) ابي شامة: الروضتين ج١، ص٩٨.

(٦) ابن العديم: بغية الطلب، ج٥، ص٢٤٩٧.

کەمتر بداتە دەستیان و بەوشێوەیەش ئاوەدانییەکی زیاتر لەسەردەمی وەزارەتی ئەودا ڕووی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەلجوقییەکان کرد.(١)

لەلایەکی دیکەوە ئەو کاتەی هێرشیان بردەسەر ڕۆمەکان لە وڵاتی گورج لە دوای ئەوەی دەستییان بەسەر قەڵای شارەکەدا گرت، (ملک شا) نیازی وابووە قەڵاکە بڕوخێنێت، بەڵام (نظام الملک) ڕێگریی لێکردو وتی:''ئەوە سنورە بۆ مسوڵمانان''،(٢) و قەڵاکەی دایە دەست (نقجوان)ی فەرماندە و پێداویستی سەربازیشی بۆ پارێزگاریی کردن لەقەڵاکە دابین کرد.(٣) هەر لەوڕووەوە دوای گرتنی هەر قەڵاو شوێنێکی دوژمن خەڵاتی سەرباز و بەشداربووانی جەنگەکەی کردووە، بەمەش پێگە و شوێنی هەتا دەهات بەرزتر دەبووەوە لای سوڵتان بەتایبەت و خەڵکی بەگشتی.(٤)

توانای (نظام الملک) هەمەچەشنە بوو، هەروەک پێگەی جەماوەریی زانایانی بەکاردەهێنا بۆ پشتگیری دەسەڵات و پێگەی خۆی و وەزارەتەکەی(٥)، لەم ڕوانگەیەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی (الماوردي) دەبێتەوە، کە دەڵێت:''بیرو بۆچوونی (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقی لە دوورترین ئەو بیرانەیە، لە ڕۆحییەتی ئیسلامەوە دوورن لە بابەتی فەرمانڕەوایدا''، کە دەڵێت:''دەسەڵاتدار ڕاستەوخۆ چاودێری خودایی هەڵیدەبژێرێت، و ڕاستەوخۆش بەرپرسە لە بەردەم خودایا''،(٦) تەنانەت سوڵتانیش پشتی پێدەبەست و لەکاتی مەترسیدا بەهۆی ژیری (نظام الملک)ی وەزیرەوە ڕزگاری دەبوو لە مەترسی سەر دەسەڵاتەکەی، بۆ نموونە ئەوکاتەی(ملک شهاب الدولة قتلمش) کە لە بنەماڵەی (طغرل

---

(١) السبکي: طبقات، ج٤، ص٣١٧؛ هیفاء: الوزیر السلجوقي، ص١٢١.

(٢) (الثغور): لەڕووی زمانەوانیەوە هەر هێڵ و بۆشاییەکە لە چیا یاخود دۆڵێک یان ڕێگایەکی دیاریکراو، دەوترێت(ثغرناهم) واتە بۆشاییەکەمان لێگرتن، بەو جێگایەش دەوترێت کە جەنگی تێدا کراوە، لەڕووی زاراوەوە هەرشوێنێکی نزیکە لەزەوی دوژمنەوە، شوێنی مەترسی لەدەروازەی وڵاتدا، یاخود جێگای ڕوودانی جەنگە کەدەبێتە سنوری نێوان وڵاتی مسوڵمانان و بێباوەڕان(الکفار)، لەمێژووی ئیسلامیشدا زۆرجار مەبەست لە(الثغور) قەڵاو ئەو پێگە جەنگیانە بووە کە دامەزراوون بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆمەکان.(توفیق سلمان فریح حشاش: الثغور الشامیة في العهد العباسي الاول(١٣٢-٢٣٢هـ/٧٥٠-٨٤٧م)، رسالة الماجستیر، کلیة الاداب، شؤن البحث العلمي والدراسات العلیا، الجامعة الاسلامیة-غزة، (٢٠١٦م)ص ص١٥-١٦).

(٣) ابن الأثیر: الکامل، ج٨، ص١٩٤.

(٤) ابن الأثیر: الکامل، ج٨، ص٢١١.

(٥) لە باسی دووەمی بەشی چوارەمی توێژینەوەکەدا، ئاماژە بە سوودبینینی دەسەڵات لە ڕۆڵی زانیان و هێزە جەماوەرییەکەی دەکەین.

(٦) وەرگیراوە لەپەراوێزی( الأحکام السلطانیة، ص٢٤).

بک) بوو، له دەسەڵات یاخی بوو، ویستی دەستبگرێت بەسەر دەوڵەتدا، وەزیر بە (الب ارسلان)ی وت:''ئەی پادشام مەترسە سەربازگەلێکم بۆ داناوی بەشەواندا بۆت دەپاڕێنەوە و سەرتدەخەن بە نوێژ و خەڵوەتەکانیان، ئەوانیش زانایان و پیاوچاکانن''،ئەنجام سەرکەوتن بەسەر (قتلمش)دا و لەناویان برد،[1] ئەمەش بەهاندانی سۆزی جەماوەری ئاینیی.

لەم پارچە هۆنراوەیەی (أبو طالب علي بن الحسن العلوي) دا بەڕوونی پێگە و دەسەڵاتی (نظام الملک) و زاڵ بوونی بەسەر نەیارەکانیدا دەردەکەوێت، کە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی خواجە بووە لە وەزارەت و دەوڵەتدا:''(نظام الملک) لەگەڵ دڵخۆشاندا ژیا..(تەختەبەندی) دیوەخانی نوێنەری کۆڕ و کۆبوونەوە پارێزراوانبوو. هەمیشە بەنەمری وەک پادشایەکی خۆشەویست دەمێنێتەوە..وەک بەردەوامی تەخت و تاجی لە نێوماندا. ئەڵقەی زیوینی بەرزە هەرکەس تۆی کرد بەگەورە..تەخت و تاجی بڕاوە هەرکەس دوژمنایەتیت بکات''.[2]

---

(١) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٥، ص٧٩٣.

(٢) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٤٤١.

(نظام الملک عشت مع السرور　　　موفى الدست محفوظ السرير

ودمت مخلدا ملكا عزيزا　　　دوام الطين فينا والسرير

ومن والاک مرفوع السواري　　　ومن عاداک مقطوع السرير).

## تەوەری سێیەم

## (ملک شا) و وەزیر (نظام الملک) تەواوکاری یەک دەسەڵات بوون

وێڕای بەهێزی کەسایەتی (نظام الملک) و بەکارهێنانی دەسەڵاتی لە بوارەکانی خوێندن و خوێندەواری و بوارەکانی دیکەی سەربازیی و ڕێکخستنە ئیداری و کارگێڕییەکانی دەوڵەت، هەموو ئەمانە توانا و پێگەی ئەو لە دەوڵەت و دەسەڵاتدا پیشاندەدەن، بەڵام سەردەمی بەهێزی سوڵتانە سەلجوقییەکان بە تایبەت (الب ارسلان) و (ملک شا)ی کوڕیشی نادیدە ناگیرێن لە مێژووی باڵادەستی ئەو سەردەمەی (نظام الملک) تێیدا وەزارەتی بەدەستەوەبووە، (نظام الملک) خۆی ئاماژە بە ڕۆژەکانی پێشوازی نێردراوەکانی پادشای ڕۆم، خەزەر، زنج، سند، هند و چین دەکات.[١]

وێڕای بوونی دەسەڵات و بەهێزی کەسێتی (نظام الملک)، بەڵام هێشتا بۆ ئەنجامدانی کار و پڕۆژەیەک پرسی بەسوڵتان دەکرد و ئەویش بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەت ڕێگایی ئەنجامدانی دەدا،[٢] ئەمەش بۆخۆی پیشاندەری باڵادەستی سوڵتانی سەلجوقی و کاریگەریی ئەو بووە بەسەر هەرەمی سەرەوەی دەسەڵاتدا.

مێژوونووسان ئاماژە بۆ سەردەمی (ملک شا) دەکەن ڕێگەکان پارێزراوبوون و ژیانی خەڵک ئارام و یەکسان بووە، لاواز لە پەنایدا دەیتوانی بووەستێت، تەنانەت کاربەدەستانی دەوڵەت گازندەی ئەوەیان لێکردووە بەهۆی کەمکردنەوە و ئاسانکردنی باج لەسەر خەڵکی کاروبارەکان لەسەر ئەوان قورس بووە، بەڵام سوڵتانی سەلجوقی پێچەوانەی وتەکەی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان، کە دەڵێت:''ماڵ ماڵی ئێمەیە و دەستکەوت دەستکەوتی ئێمەیە هەرکەس بمانەوێ دەیدەینێ و هەرکەس نەمانەوێ پێی نابەخشین''[٣] ئەو دەڵێت:''ماڵ ماڵی خودایە و بەندەکان بەندەی ئەون، وڵات وڵاتی خودایە و من تەنها نێوەندگیرێکم''.[٤]

---

(١) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٤٤٤.

(٢) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص٢٣٦.

(٣)''المال مالنا والفئ فيئنا من شئنا أعطينا ومن شئنا منعنا''.(الذهبي: تاريخ الإسلام، ج٤، ص٣١٤؛ ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج٥٩، ص١٦٨).

(٤)''المال مال الله، والعبيد عبيد الله، والبلاد بلادالله، وإنما أنا واسطة''.(سبط ابن جوزي: مراة الزمان، ج١٩، ص٤٤٧).

سەردەمی دەسەڵاتی (ملک شا) زۆرێک لەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا نەبوون باج و خەراجیان دەدا،[١] وەک پادشای قوستەنتینیە، سەمەرقەند و هەموو وڵاتی ئەو دیو ڕووبار، لەسەردەمی ئەم سوڵتانەدا شکۆ بۆ خیلافەت گەڕابووەوە، بەڵام خودی خەلیفە ناوچەیەکی پێ دەدرا و داهاتی تەنها ئەو شوێنەی بەدەستەوە بوو،[٢] ئەمە واتا سوڵتان و وەزیر دوو دیوی یەک دراوی بەهێزی حوکمداری دەوڵەتێکی بەشکۆ بوون، هەریەکەیان لە سایەی ئەوی دیکەدا هێزی کەسێتی خۆی و هاوسەنگی بەلای خۆیدا خستووە، (نظام الملک) دەسەڵاتێکی (التفویضي) ([٣]ی هەبوو ئەمەش واتا دەبوو لە زۆربەی کاروبارەکاندا بگەڕێتەوە بۆ ڕاوبۆچوونی سوڵتانی سەلجوقی، بەشێکی گرنگی پێگە و دەسەڵاتی وەزیر ڕێپێدراو و لە ژێر سایەی سەردەم و بەهێزی سوڵتانە سەلجوقییەکاندا بووە.[٤]

---

(١) باج و خەراج لەئیسلامدا یەک جۆری دیاریکراو نەبووە، جگە لەو باجانەی تایبەت بوون بە(اهل الذمة) کە باجی سەرانەبووە و لە جولەکەو مەسیحییەکان وەرگیراوە، هەروەها زەکاتیش کەتایبەت بووە بەمسوڵمانان، ئەوانی دیکە جۆراوجۆربوون، بۆ نموونە(المکوس) کە (القلقشندي) دابەشی دەکات بۆ دووجۆری باج کەلەسەر کاڵای هاوردە وەردەگیرا لە ناوچە سنورییەکان و بەندەرەئاوییەکانیش.(احمد بن علي بن احمد الفزاري القلقشندي: صبح الاعشى في صناعه الانشاء، دار الکتب العلميه، بيروت، مکتبه الشامله عن(١٩١٠م)، ج٣، ص٥٣٨؛ راشد سليم احمد مصطفى: العلاقات التجارية بين العرب في بلاد الشام ومصر من جهة وبين بيزنطة والمدن التجارية الايطالية في القرن السادس الهجري-الثاني عشر الميلادي، اطروحة الدكتوراه، كلية الاداب، جامعة بغداد، (١٩٨٢م)، ص ص٢٣٦-٢٣٧).

(٢) ''وكان ياخذ الخراج من ملك القسطنطينية واطاعه صاحب طراز واسبيجاب وكاشغر وبلاسغون وغيرها من الممالك البعيدة وملك سمرقند وجميع ماوراء النهر''.( ابي شامة: الروضتين، ج١، ص ص١٠٠-١٢١؛ ابو الفدا: المختصر، ج٢، ص٢٠٣).

(٣) (وزير التفويض): ئەو وەزیر و دەسەڵاتەیە کە خەلیفە دایدەنێت بۆئەوەی لە دەسەڵات و فەرمانڕەوایدا بەرپرسیاریەتی لەگەڵ هەڵگرێت، سەرپشکی دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکان بەپێی بیروڕای خەلیفە و ڕاوێژی خەلیفە لەسەر بنەما شەرعییەکان.(الماوردي: الأحكام السلطانية، ص٥٠).

(٤) ابي شامة: الروضتين، ج١، ص٩٣؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ج١، ص٣٦٤.

## باسی سێیەم

## کاریگەریی سیاسەتی (نظام الملک) لە سەر جیهانی ئیسلامی

### تەوەری یەکەم

### کاریگەرییەکانی لە ڕووی سیاسی، سەربازیی و کارگێڕییەوە

یەکەم/ سیاسی: (نظام الملک) ڕۆڵ و کاریگەرییەکی دیاری لە داڕشتنی نەخشەی سیاسی دەوڵەتی سەلجوقی و خیلافەتی عەبباسییدا هەبووە، ڕۆڵێکی باشی لەسەردەمی وەزارەتی (الب ارسلان)دا گێڕا،[١] هەربۆیە داوای لە (ملک شا)ی کوڕی کرد لە دوای خۆی (نظام الملک) بکاتەوە بە وەزیر،[٢] بەمە هێزێکی گشتی بە چوارچێوەی دەوڵەت و پێکەوەبەستنێکی باشی بە پایەکانی خیلافەتی عەبباسی بەخشی، زانایانی بۆ نێو گۆڕەپانی دەوڵەت و پێگەی زانستی خۆیان بانگهێشتکرد،[٣] زانا زویرکراوەکانی گێڕایەوە نیشتیمانی خۆیان.[٤] لە ساڵی(٤٧٩ک/١٠٨٦ز) (ملک شا) فەرمانی بە زانا و کەسایەتییە دیارەکان کرد، بیر و تێڕوانینی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی دەسەڵات بنووسن، (نظام الملک)ی وەزیر تێڕوانین و ئەزموونی خۆی لە دووتوێی سیاسەت نامەدا بۆنووسی، و (ملک شا) ئەوکتێبەی لە نێو هەمووواندا پەسەند کرد، وتی:''ئەو کتێبەم کردووە بە ڕابەری خۆم و لەسەری دەڕۆم''،[٥]

دووەم/ سەربازی: سوپا لە تێگەشتنی سیاسییانەی (نظام الملک)ەوە بنەڕەتی تەواوکاریی و بەردەوامی و فراوانبوونی دەوڵەتە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت دەستوەرداتە فەرمانڕەواییەوە، فەرمانڕەوا بەتەنها سوڵتانە، لەسەر سوڵتانیش پێویستە هەمیشە ژمارەی سەربازانی سوپا زیادبکات، گرنگیان پێبدات و دەستکراوەبێت لەگەڵیان، پێویست مافەکانی سوپا و پێداویستییەکانیان بەبەردەوامی لەزیادبووندابن،[٦] سوپا بارگرانی نییە بۆسەر ئابووری دەوڵەت، بەڵکو لەگەڵ فراوانبوونی سنوری ئەو دەوڵەتەدا دەسکەوت زیاددەکات، بە پێچەوانەی دام و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەتەوە، کە جگە لە

---

(١) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٢، ص٧٧.

(٢) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٥٩١.

(٣) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٦.

(٤) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥، ص١٥.

(٥) وەرگیراوە لە: مقدمة سياست نامه(سيرالملوک)، تر/ يوسف بكار، ط١، دار المناهل، بيروت، ٢٠٠٧م، ص٢٧.

(٦) نظام الملک: سيرالملوک، ص١٣٧.

مسوڵمانی سوننی چاکەکار نابێت فەرمانبەری لە ئاینەکانی دیکە و گروپە شیعییەکان لەخۆبگرێت، بەڵکو لە سوپادا دەکرێت ڕەگەزی جۆراوجۆر لەنەتەوەی جیاوازی تێدابێت.[١]

(نظام الملک) کاروباری سەربازیی و سنوری جوگرافی دەوڵەتی سەلجوقی ڕێکخست و زۆرناوچەی لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواوە خستە سەر خیلافەتی عەبباسی، قەلای جۆراوجۆری بەهێزی سەربازیی گرت و بە دەسەلات و سوڵتانی سەلجوقی بەخشی،[٢] بەجۆرێک پادشای ڕۆم باجی بۆ سوڵتانی سەلجوقی دەنارد،[٣] (نظام الملک) وەک وەزیری ئەو دەوڵەتە ڕێگەی بە نێردراوی پادشای ڕۆم دا بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی و دەیوت:''پێمخۆشە لە مێژوودا باس بکرێین، کە باجمان لە پادشای ڕۆم وەرگرتووە''.[٤]

سێیەم/ کارگێڕی: وەزیر لە ڕووی کارگێڕییەوە شارەزابوو[٥] دەیڕوانییە کاروباری دەوڵەت و بەرژەوەندی دەوڵەتی پێشدەخست، بەو شێوەیە بەرژەوەندییەکانی ڕیزبەندی دەکرد، کە قازانجی گشتی و ویستی دەوڵەتداری بیخواستایە، گرنگی دانی (نظام الملک) بە ڕێکخستنە کارگێڕییەکان دەستێکی ئاراستەکراوی دەوڵەت بووە، لەسەردەمی سوڵتان (الب ارسلان) و دواتریش لەسەردەمی (ملک شا)دا دەسەلاتەکەی زیاتر فراوان بوو، بۆخۆی چاودێری نەخشەی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی دەوڵەتی دەکرد، بۆ ئەمانە و ڕێکخستنە کارگێڕییەکان سودی لە زانیاریی و تێگەیشتنەکانی خۆی لە کتێبی(سیاست نامە) کە بیرو هزری خۆی تێدا خستۆتەڕوو دەبینی، بەپشت بەستن بەو تیۆر و تێڕوانینە کارگێڕییانەی بە بنەڕەتی ڕێکخستنی فەرمانڕەوا و بەڕێوەبردنی دەوڵەتی سەلجوقی دادەنرا.[٦]

هەموو ئەو ڕەوشانە پێکەوە پێویستی مانەوەی وەزیری لە پێگەکەی دا کردبووە زەرورەت و پێویستی، نەک تەنها وەزیرێک بۆ (ملک شا)، بەڵکو فەرمانڕەوای ڕەهای دەوڵەت بوو، هێندە خۆی بەخاوەنی دەسەلات دەزانی ئەو کاتەی پادشای ڕۆم لە ساڵی(٤٦٣ک/١٠٧٠ز) [٧] بەدەستبەسەری

---

(١) نظام الملك: سيرالملوک، ١٣٨.

(٢) الذهبي: العبر، ج٢، ص٣٠٥.

(٣) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٢٥؛ أبو الفدا: المختصر، ج٢، ص٢٠٣.

(٤) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص٣٢٥.

(٥) ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوک مصر والقاهرة، دار الكتب، مصر، ٢٠١٦م، ج٥، ص١٣٦.

(٦) الزهراني: نظام الوزارة في الدولة العباسية، ص١٧٢.

(٧) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢٢٤.

کەوتە دەستی مسوڵمانەکان و بردیان بۆلای وەزیر، دەڵێت:''خۆزگەمان دەخواست ئاوا پادشای ڕۆم بێتە بەردەستمان''.[١]

(السبکي) لە باسی (نظام الملك) و ڕۆڵی لەسەر سنوری خیلافەتی عەبباسی ئەوکات هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی دەسەڵاتی بە هەزار ساڵ، و تێکڕای فەرمانڕەوایی وەزیر لە مێژوودا بەچاکە دەناسێنێت،[٢]بۆ نموونە لەساڵی (٤٥٦ک/١٠٦٣ز) ڕوویانکردە وڵاتی (الکرج)ی ڕۆمەکان و دوای کوشتنی فەرماندەی قەڵاکەیان و دەستگرتن بەسەریدا ، (ملک شا) [٣] ویستی قەڵاکە بڕوخێنێت، بەڵام (نظام الملك) ڕێگریی کرد و بەشوێنێکی گرنگی بۆ مسوڵمانان دانا،[٤] ئەمەش وێنەی کاریگەریی و ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی ئەو وەزیرە بووە بەسەر دەوڵەتی ئەوکاتەی خیلافەتدا.

''ئەگەر (نظام الملك) بە تەکبیر و ڕانەبووایە..ڕەوشی خەڵکی لە وڵاتدا بەردەوامی نەدەبوو.چەند فەرمانداری پێش ئەو بانگەوازی لەبەرزی دەکرد..بەڕاستی بە دەست بەتاڵی گەڕانەوە''..[٥]

(نظام الملك) لە منداڵییەوە پەروەردەکار و هاوڕێ ی (ملک شا) بووە، زیرەکیەکی بێ وێنەی لە چارەسەری زۆرێک لە گرفتە کاندا هەبووە،[٦] تا ئەوکات لە خیلافەتی عەبباسیدا وەزیرێک نەیتوانیبوو بەو کارانە ڕابگات، کە خواجەی وەزیری سەلجوقی لە ماوەی سی ساڵی وەزارەتیدا پێی ڕاگەیشتبوو،[٧] پارێزگاری لە دەوڵەت و پایەکانی کردووە.[٨]

(المعز أمير الشعراء) بە هۆنراوەیەک ئاماژە بە ڕۆڵ و پێگەی (نظام الملك) لە وەزارەتی سەلجوقیدا دەکات:''تۆ وەزیری دڵخۆشکاری بەهۆ گەورەیی تواناتەوە..سەری دەوڵەتی سەلجوقیت بۆ بەرزی و

---

(١) الدواداري: كنز الدرر، ج٦، ص٣٩٤.

(٢) طبقات الشافعية، ج٤، ص٣٠٩.

(٣) لەبەرئەوەی (ملکشا) لە ساڵی(٤٤٧ک/١٠٥٥ز) لەدایکبووە، لەو ساڵەدا تەمەنی تەنها نۆ ساڵ بووە، بۆیە پێمان وایە وەک ڕاهێنان لەبەرەکانی جەنگدا نێردراوەتە ئەو قەڵایە و توانای بڕیاردانی نەبووە، بەڵکو وەزیر خۆی ئەو کارەی کردووە.

(٤) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص١٩٤.

(٥) (لولا نظام الملك في تدبيره      لم يستقم في الملك حال الناس

كم من أمير قبله خطب العلى      وبجده رجعته بالإفلاس).( السيوطي: تاريخ الخلفاء، ص٣٥٥).

(٦) الذهبي: سيراعلام، ج١٩، ص٩٦.

(٧) أبو الفدا: المختصر، ج٢، ص٢٠٢؛ هيفاء: الوزير السلجوقي، ص٥٨.

(٨) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٥٨٤.

ئارامی بەرزکردەوە. تۆ مارشاڵی سەناکراوی کە پێنووسەکەت..دادەری شمشێری دەسەڵات بوو لە ڕزگاری و سەرکەوتندا''.[1]

(نظام الملک) لە سەر بەرژەوەندی دەوڵەت و پاراستنی لە نەیارانی کاری دەکرد، (الماوردي) پاراستنی بەرژەوەندی دەوڵەتی بە یەکێک لە مافەکانی سوڵتان لەسەر وەزیری داناوە،[2] لە (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقیدا بەدی کراوە، هەر لەسەرەتای کارکردنییەوە پەیوەست بووە بە فەرمانڕەوایی سوڵتان و توانای لەو بوارەدا بەدیارکەوتووە.[3]

(نظام الملک)ی وەزیری دەوڵەتی سەلجوقی لە کەسایەتییە دیار و ناسراوەکانی دەوڵەت بوو، بە دادپەروەری و ڕەوشت بەرزی ناسرابوو، لەو جۆرانەبوو کە یاسای فەرمانڕەوایی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان دەزانی، هەرکارێک سەری بکێشایە بۆ تێکدانی وڵات و گۆڕینی ئاڕاستەی سیاسی دەوڵەت سوڵتانی لێ ئاگادار دەکردەوە، ئەویش مافی چارەکردنی بەخودی وەزیر دەسپارد وەک ئەوەی لەگەڵ سەربازانی سوپادا کردی، داوای مافی خۆیان کرد لە ساڵی(٤٦٥ک/١٠٧٢ز) و مافەکانیانی بۆ گەڕاندنەوە.[4]

(نظام الملک) خۆی هەڵدەستا بە چاودێریکردنی هەموو ئەو کارانەی پەیوەستبوون و دەگەڕانەوە بۆ دام و دەزگا دەوڵەتییەکان، چ لە ڕووی سەربازیی، سیاسی و کارگێڕیی و هەروەها لایەنی ئابووری کە گرنگییەکی زۆری پێدەدان، لەڕۆژگاری ئەودا زۆرێک لە باج و خەراجەکانی لەسەر شانی خەڵکی و چینی گشتی کەمکردەوە ،[5] هەردوو یاخود سێ ساڵ جارێک والی و فەرمانبەرەکانی دەوڵەتی دەگۆڕی تاوەکو گەرێنتی خراپ بەکارنەهێنانی پێگە و کارەکانیان وەرگرێت،[6] بەمەش ڕۆڵێکی باشی بینیوە لە ئاسانکردنی باری گرانی سەرشانی خەڵکی نێو دەوڵەتەکەی.

---

(١) (أنت الوزير السعيد الذي بفضل كفاءتك رفعت دولة السلاجقة رأسها إلى عليين واستقر
أنت المشير الممدوح الذي صار قلمك قرين سيف الملك في الفتوح والظفر).(عباس إقبال: الوزارة في عهد السلاجقة، تر/ أحمد كمال الدين حلمي، مكتبة المهتدين، ١٩٨٤م، ص٧٠).

(٢) آداب الوزارة، تح/ محمد سليمان داود، فؤاد عبد المنعم احمد، ط١، دار الجامعات المصرية، اسكندرية، ١٩٧٦م، ص١٠١.

(٣) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٥٩١.

(٤) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢٣٦.

(٥) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٥٨.

(٦) محمد مسفر الزهراني: نظام الوزارة، ص١٧٣.

(نظام الملك) لەو قۆناغەی دەسەڵاتیدا کاریگەریی و ڕۆڵی دیار و گرنگی لەسەر سەردەمی عەبباسیی هەبووە، ئەمەش بەهۆی شارەزایی و درێژی ماوەی فەرمانڕەوایی و وەزارەتەکەیەوە، ئەزموونێکی باشی دەوڵەتداری پەیداکرد، بەتایبەت لە کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتەکەیدا، وای لێهاتبوو بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ دەستی لە دیاریکردنی وەزیر و لابردنیدا[١] وەردەدا، یاخود ئەگەر ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەو وەزیرەدا هەبوایە،[٢] وەک ئەوەی سەبارەت بە لادانی(أبي شجاع) [٣] و دانانی(عميدالدولة) ساڵی(٤٨٤ک/١٠٩١ز)لە جێگەی ئەو کردی.[٤]

لەزۆر کاروباردا هەردوو سوڵتانی سەلجوقی دەگەڕانەوە بۆ پرس و ڕاوێژی خواجە و دەیانزانی گرنگە، ئەمەش مافی وەزیرە لەسەر سوڵتان لە ڕوانگەی (الماوردي)یەوە،[٥] ڕای خۆی بۆ (ملک شا) بە دامەزراندنی سەرکردە و فەرماندەکان خستەڕوو، ئەوانەی ڕەوشتی جوان و باوەڕی بەهێز و ئازایەتی تێدا بەدی دەکردن، کاریگەریی ئەم سیاسەتەشی لەدواتردا دەرکەوت، بۆ نموونە(آق سنقر)ی باپیرەی نورەدین مەحمودی کرد بە والی حەلەب و دیاربەکر و جەزیرە،[٦] (ابن كثير) لەو بارەیەوە و لەسەر ئاق سەنقەر دەڵێت:''لە باشترینی دەسەڵاتدارەکان و چاکترینی تەختی هەبوو''.[٧]

ئەو کاتەی ئیمپراتۆری ڕۆم بۆ جەنگی (الب ارسلان) هات، ئەویش ڕاوێژی بە (نظام الملك) کرد و پێی ڕاگەیاند:''چی دەبینیت؟ دەڵێن سەربازەکانی لە سەربازی ئێمە زیاترە''! وەزیر دەڵێت:''سەرکەوتن بە زۆرو کەمی نیە، بەڵکو سەرکەوتن لەلای خوداوەیە..''،[٨] ئەمەش ڕۆڵ و کاریگەریی بیری وەزیربووە بەسەر سیاسەتی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عەبباسییەوە.

---

(١) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص٧١.

(٢) ابن طباطبا: الفخري في الاداب السلطانية والدول الإسامية، تح/ عبد القادر محمد مايو، ط١، دار القلم العربي، بيروت، ١٩٩٧م، ص٢٨٣.

(٣) ابن العمراني: الانباء، ص٢٠٢.

(٤) ابن طباطبا: الفخري في الاداب السلطانية، ص٢٨٦؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٥٨٩.

(٥) الوزارة، ص١٠٢.

(٦) أبي شامة: الروضتين، ج١، ص٩٣.

(٧) البداية والنهاية، ج١٦، ص١٤٣.

(٨) القزويني: آثار البلاد، ص٤١٢.

## تەوەری دووەم

## تورکان خاتوون، ئاستەنگ لەبەردەم خواجەی وەزیردا

هزر و هەوڵەکانی وەزیر بە سادە و ساکاریی و بەبێ کۆسپ تێپەڕنەبوون، لەم ڕووەوە زۆرجار نەیاری نێوخۆیی و دەرەکی بۆ درووست بووە، وەک ئەوەی تورکان خاتوونی[١] هاوسەری (ملک شا) ئەو کاتەی ویستی ئاژاوە بخاتە نێوانی سوڵتان و وەزیرەکەی، چونکە دەیویست مەحمودی کوڕی خۆی وەک جێگرەوەی (ملک شا) دیاری بکات، کە منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵان بوو،[٢] (ابن الاثیر) بە چوارساڵ و چەند مانگێک ئاماژەی پێداوە[٣] و (نظام الملک)یش بەلایەوە پەسەند نەبوو، مەترسی لەوەدا بینیووە.[٤]

تورکان خاتوون ئەو دژایەتییەی بەهاوکاری (تاج الملوک) [٥]ی وەزیر کردووە[٦] کە دوژمنی سەرسەختی (نظام الملک) بوو،[٧] (نظام الملک) زیاتر (برکیاروق) کوڕە گەورەی سوڵتانی پێ گونجاو بوو بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لەدوای باوکییەوە،[٨] وادیارە (نظام الملک) کاریگەریی ئافرەتی نەک لەسەر نەبووە، بەڵکو ئارەزووی نەبووە ئافرەت دەست لە کاروباری سیاسی وەربدات، هەروەک لە سیاسەت نامەکەیدا ئاماژەی پێدەکات و ئافرەتی بە پێناوی گرنگی وەچە خستنەوە داناوە، نەیویستووە بە

---

(١) تورکان خاتوون: کچی تغراج پاشایە لە نەوەی ئەفراسیاب پاشای فارس بووە، ژنی سوڵتان (ملکشا)بووە، کەسایەتیەکی بەهێز و خاوەن سوپابووە، دە هەزار ئەسپ سوار لەخزمەتیدا بوون، لەساڵی (٤٨٧ک/١٠٩٤ز) کۆچی دوایی کردووە.(الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٠، ص٢٣٥).

(٢) المقريزي: السلوک، ج١، ص١٤١؛ ابن العماد: شذرات، ج٥، ص٣٦٧.

(٣) الكامل في، ج٨، ص٣٦٢؛ أبو الفدا: المختصر، ج٢، ص٢٠٣؛ المقريزي: السلوک، ج١، ص ص١٤١-١٤٢.

(٤) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٧، ص٩٣.

(٥) لە دوای مردنی(ملکشا) تورکان خاتوون هێزی سەربازی دەنێرێتە سەر برکیارۆق بۆ لەناوبردنی و مانەوەی دەسەڵات بەتەنها بۆ مەحمودی کوڕی، (تاج الملک) لە نزیک ئیسفەهان بەدیلی دەکەوێتە دەست برکیارۆق و دەیەوێت چاکەی لەگەڵ بکات و بیکات بەوەزیر، بەڵام (نظام الملک) ناهێڵێت و دەیکوژێت، بەم جۆرە تورکان و هێزەکەی تێک دەشکێن.(أبو الفدا، المختصر، ج٢، ص٢٠٣).

(٦) ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ج١، ص١٩٤.

(٧) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٣٦٣.

(٨) الراوندي: راحة الصدور، ص١٣٢؛ عبدالمنعم: سلاجقة ايران والعراق، ط١، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٥٩م، ص٧٥.

ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتداربن، هەروەها دەڵێت:''با بزانن هەرکات کاروباری هەر وڵاتێک درایە دەست ئافرەت و منداڵ ئەوا پادشا لەو خێزانە دادەماڵرێت''.[١]

ڕۆڵگێڕانی (نظام الملك) لە لەناوبردنی نەیارەکانی، هۆکاری باشترکردنی پەیوەندی نێوان خۆی و خەلیفە لە لایەک و نێوانی لەگەڵ سوڵتان لە لایەکی دیکەوە پێگەکەی بەرزتر کردەوە لە نێو خیلافەت و دەسەڵاتدا، بەهۆی منەتی خزمەتکردنی چەند ساڵەی بۆ خۆی و باوکی (ملك شا)، ماف بەخۆی دا و فەرمانی لەناوبردنی(أبوالمحاسن) ڕاوێژکاری سوڵتان لەخودی (ملك شا) وەرگرت و توانی ئەو نەیارەشی لەنێوببات،[٢] نەک ئەوە، بەڵکو منەتی پێ ڕاگەیشتنی (ملك شا) بەسەرتەختی دەسەڵات دەکات و دەڵێت:''گەر من نەبام نەتدەتوانی بەوە بگەیت کە پێی گەیشتوویت''،[٣] ئەمەش ڕۆڵ و کاریگەریی (نظام الملك) لەسەر خیلافەتی عەبباسی و ناوەندی گرنگی ئەو خیلافەتە(بەغداد)بوو، لەگەڵ هاندانی ئەوانەی خەڵک گوێی بۆ ڕادەگرتن لە دەوڵەتدا دەدەخات، خۆی لە وەرگرتنی پەرپرسیاریەتی و لەئەستۆگرتنی حکومەتداریی وەک قەرزێکی خودایی و پێویستی دانەوەی ئەو قەرزە بەخەڵکی و پاداشتێکی خودایی بۆ بەڕێوەبردنی کاری وڵات وێنادەکات، ئەگەر نا بە پێچەوانەوە دەبێت چاوەڕێی سزابکات، ئەمانەش دەبنە وێناکردنێکی گشتی نەخشەی سیاسی دەوڵەت و کاریگەریی و ڕۆڵی بەڕێوەبەرانی بەدیاردەخەن، هەروەک (ابن الوردي) ئاماژەی پێ دەکات:''(نظام الملك) سیاسەتمەدارێکی باش و بەڕێوەبەرێکی چاک بوو''.[٤]

---

(١) سيرالملوك، ص٢٢١.

(٢) ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص٢٨٨.

(٣) ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ج١، ص١٩٣.

(٤) تاريخ ابن الوردي، ج١، ص٣٦٤.

## تەوەری سێیەم

## کاریگەریی (نظام الملک) لەڕووی زانستییەوە

ڕۆڵ و کاریگەریی (نظام الملک)ی وەزیر تەنها لە بەڕێوەبردن و کارگێڕیی و سەربازی و سیاسەتدا کورت نەبووبووەوە، بەڵکو لەبوارێکی دیکەی گرنگی زۆرکاریگەر بۆسەر ئەوکاتەی خیلافەتی عەبباسی و ڕەنگدانەوەی ئەوبابەتە لە دواتردا و دابەشکردنی جیهانی ئیسلامی بۆسەر ڕێبازە ئاینییەکان و تەنانەت لە نێوخودی ئەو ڕێبازانەشدا[1] دابەشکاری بنەڕەتی هزریی و دواتریش ئەو لێکەوتەهزریی و جیاوازییە فیکرییانە بەکارهێنانی هێزی بۆ یەکلایکردنەوە هێنایە کایەوە،[2] کە سەری بۆ غافڵکوژی سەربازی و جۆرێکی لەناوبردن کێشا، وەک ئەوەی لەسەردەمی نوێ و هاوچەرخماندا پێی دەوترێت(تیرۆر)غافڵکوژی.[3]

لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵی وەزیر لەو بوارەدا درەوشاوە و مێژوویەکی پرشنگداری بۆخۆی و سەردەمەکەی بینیوە، چونکە شوێنەوارێکی جوانی لە وڵاتدا جێهێشتووە،[4] (ابن الجبیر) بە نەمری و دەستکەوتێکی گەورە بۆ مێژووی وەزیری سەلجوقی دادەنێت،[5] چونکە زانستخوازیی لە مێژووی ئیسلامییدا بەسەرەتا و دەستپێکی ئەو ئایینە دادەنرێت، (نظام الملک)یش جێپەنجەی لەوڕووەوە لەمێژوودا دیارە،[6] کە بریتییەلە دروستکردنی ژمارەیەک لەو خوێندنگایانە لە شارە جیاوازەکانی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی دا، بەخوێندنگە نیزامییەکان ناسراوون.

بێگومان دامەزراندنی ئەم خوێندنگایانە و کاریگەرییان بۆسەر جیهانی ئیسلامی بە پلەیەکی گرنگ و لە پێشینە دەگەڕێتەوە بۆ (نظام الملک) [7] ئەمەش بەهۆی خوێندەواربوونی وەزیر [1]و شارەزایی

---

(١) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢٨٢.

(٢)ابن الأثير: الكامل، ج٨، ص٥٨٠؛ ابن شاكر الكتبي: فوات الوفيات، تح/ احسان عباس، ط١، دار صادر، بيروت، ١٩٧٤م،، ج٢، ص٣١١.

(٣) تیرۆر: بریتیە لە بەکارهێنانی توندوتیژی لەناکاو بە شێوازێکی پلان بۆداڕێژراو دژی دەسەڵات یاخود خەڵکی بەگشتی یان کەسێک بەئامانجی دەسکەوتی ڕامیاری (سیاسی).(مجمع الفقه الإسلامي: الإرهاب والسلام، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٧م، ص١٤).

(٤) ابن القلانسي: تاريخ دمشق، ج١، ص٢٠٠.

(٥) رحلة ابن جبير، ط١، دار بيروت، بيروت، د. ت، ص٢٠٥.

(٦) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٦.

(٧) ابن العمراني: الانباء، ص١٩٩.

زۆری لە بوارەکانی زانستی ئەوکاتەی جیهانی ئیسلامی، لەڕۆژگاری ئەودا بەڕادەیەکی باش گرنگیان بە زانست و زانیاری دەدا،[2] کە ناکرێت توانا و ڕۆڵی ئەو لەبواری بڵاوبوونەوەی خوێندن و خوێندەواریدا لەبەرچاونەگیرێت، چونکە ڕۆژگاری ئەو بە زیندووکەرەوەی زانست و زانستی ئاینی و ئارەزوومەندانی ئەو بوارە دادەنرێت،[3] بەگشتی زانستی لەناوچە ئیسلامییەکاندا بڵاوکردەوە.[4]

زۆرجار تکا (الشفاعة)ی لای سوڵتانەکان بۆ ئارەزوومەندانی بواری زانست کردووە، بەوەی ئەوانە فێرخوازن و لەباشترینەکانی خەڵکن، ئەگەر ئەرکیشیان هەبێت دەسەڵاتدارانی ڕازی کردووە لەئەرکیان بێدەنگ بن، چونکە ڕووی پاڕانەوەی ئەوانە بۆ دەوڵەت هەمیشە لە دەرگای خودایە، نەک ئەوەندە، بەڵکو (نظام الملک) یەکەم کەس بووە مافی داوە بە خۆی و بوێری ئەوەی هەبووە بتوانێت یەک لە دەی داهاتی سوڵتان بۆ دامەزراندنی خوێندنگاکان خەرج بکات،[5] (نظام الملک) ئەوڕاستییەی هەستپێکردووە هێندەی زانست و زانیاری ڕۆڵ و کاریگەرییان لەگەشەکردن و بەرەوپێشبردن هزری خەلک و ڕووبەڕووبوونەوەی نەیاراندا هەیە، هێندە سوپا و بوارەکانی دیکە بەئاسانی ناتوانن کۆتایی بەنەیارە فیکرییەکانیان بهێنن، هەربۆیە کۆمەڵێک لە زانستخوازانی پێباشتربووە لە ژمارەیەک سەربازیی سوپایی و دامەزراندنی خوێندنگەنیزامییەکانیش بەڵگەی مێژوویی ئەو ڕاستییەن.

---

(١) الصفدي: الوافي، ج١٢، ص٧٧.

(٢) ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٥، ص١٥.

(٣) الذهبي: سيراعلام، ج١٩، ص٩٦.

(٤) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص١٦٦.

(٥) القزويني: آثار البلاد، ص٤١٢؛ الطرطوشي: سراج الملوک، العربية، مصر، ١٨٧٢م، ص١٢٨.

# بەشی سێیەم
# خوێندنگە نیزامییەکان،
# دامەزراندن و بەرەو پێشچوونیان

**باسی یەکەم**

**دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان**

**باسی دووەم**

**لقەکانی خوێندنگە نیزامییەکان، نیزامییەی بەغداد وەک گرنگترین لقیان**

**باسی سێیەم**

**ئەو زانایانەی لە خوێندنگە نیزامییەکان وانەیان وتۆتەوە و ڕۆڵیان هەبووە**

## باسی یەکەم

## دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان

### تەوەری یەکەم

### سەرەتای دامەزراندنی خوێندنگەکان

خوێندنگە لە مێژووی ئیسلامی دا دامەزراوەیەک بووە بۆ لێکۆڵینەوە لەبوارەکانی فیقهی ئیسلامیی، ئەو خوێندنگایانە دامەزراندن و گەشەکردنیان لە ڕێگای مزگەوتەکانەوە بووە، بە جیاوازی شێوەی خوێندنی وانەکان، لە مزگەوتەکاندا هەر بابەتێکی شەرعی ئارەزوومەندی بوونایە دەخوێندرا، بەڵام لە خوێندنگەکاندا وانەکان دیاری دەکران لە چوارچێوەی خوێندنە ئیسلامییەکاندا.

خوێندنگە نیزامییەکان درێژەپێدەری زانستە شەرعییە ئیسلامییەجیاوازەکان بوون، وانە بنەڕەتیەکان لەو خوێندنگایانەدا بابەتە فیقهییەکان بوون، زانستەکانی دیکە وەک بابەتی لاوەکی و یاریدەدەر دەخوێندران.[١]

خوێندنی زانستە جیاوازەکان لە دەرەوەی خوێندنی مزگەوتەکان لەو بیرکردنەوانەبوون کە لە هزری هەندێک لە خەلیفەکانی عەبباسی دا هاتوون و چوون لە کاتێکی زووتری پێش ئەم خوێندنگە نیزامییانەوە، وەک وەرگێڕانی کتێبە زانستییە جیاوازە بیانیەکان[٢] لە (بيت الحكمة) سەردەمی هارونە ڕەشید (١٧٠-١٩٣ ک / ٧٨٦-٨٠٩ز) لە کۆتاییەکانی سەدەی دووەمی کۆچی هەشتەمی زاینی دا،[٣] کە بە بزوتنەوەی وەرگێڕان لە دەوڵەتی عەبباسیی دەناسرێن،[٤] هەروەها پادشایانی ڕۆم کتێبی فەیلەسوفە یۆنانییەکانی وەک ئەفلاتۆن و ئەرستۆیان بە دیاری بۆ خەلیفە(المأمون) ناردووە، ئەویش داوای وەرگێڕانیانی کردووە و خەڵکی بۆخوێندنەوەیان هانداوە،[٥] لەسەدەکانی دواتر، بەتایبەت سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دەیەم و یازدەیەمی زاینی ڕۆشنبیری ئیسلامی بەهۆی وەرگێڕانی

---

(١) جورج مقدسي: نشأة الكليات (معاهد العلم عند المسلمين وفي الغرب)، تر/ محمود سيد محمد، مر: محمد علي حبشي و عبدالوهاب ابراهيم ابو سليمان، ط١، مدارات للأبحاث والنشر، القاهرة، ٢٠١٥م، ص٥١.

(٢) محمد منير مرسي: التربية الإسلامية أصولها وتطورها فى البلاد العربية، عالم الكتب، القاهرة، ٢٠٠٥م، ص٢٧٧.

(٣) ناجي معروف: نشأة المدارس المستقلة في الإسلام، مطبعة الازهر، بغداد، ١٩٩٦م، ص٨.

(٤) بۆ زانیاری زیاترسەبارەت بە(حركة الترجمة) بڕوانە:(مريم سلامة-كار: الترجمة في العصر العباسي(مدرسة حنين بن اسحاق واهميتها في الترجمة)، تر/نجيب غزاوي، مكتبة الاسد، دمشق، ١٩٩٨م).

(٥) مرسي: التربية الإسلامية، ص ص٢٧٧-٢٧٨.

کتێبە بیانیەکانەوە زیاتر گەشەی کرد،[١] بەتایبەت یۆنانی و فارسی، هانی مسوڵمانانی دا لێکۆڵینەوە و کتێب بنووسن، ئەمەش بە پاڵپشتی خەلیفە و سوڵتان و ئەوکەسانەی زانستخوازبوون.[٢]

سەرەتای دامەزراندنی خوێندنگەکان لە وڵاتانی ئیسلامی لە ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچی دەیەمی زاینی بووە، زۆرینەی ئەو خوێندنگایانە لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلامی دا بوون، هاوکارییەکی زۆر لەشێوازی وەقفدا پێشکەش بەو خوێندنگایانە و مامۆستا و خوێندکارەکانیشی دەکران، جگە لەبوونی دووکان، گەرماو و بازاڕی تایبەت بە موڵکی خوێندنگاکان خۆیانەوە، تاوەکو دەستەبەری تێچووی خوێندن و خوێنگەکان بکات، ئەو بەخشینانە کاری خودی وەزیری سەلجوقی (نظام الملک) بوو، ئەو داهاتە لە دەیەکی ماڵی سوڵتان بوو، تایبەت بوو بە وەزیر و دەیتوانی چۆنی بوێت بەو شێوەیە خەرجی بکات، ئەویش لە دامەزراندنی ئەو خوێندنگایانەدا بەخەرجی دان،[٣] زۆرێک لە مێژوونووسان ئەو وەقف و بەخشینە زۆرە وەک گەورەیی و نەمری بۆ وەزیری سەلجوقی دەگێڕنەوە،[٤]''ئەوە خێرێکی گەورەیە و لەسەر دەستی تۆدا تەواودەبێت!'' [٥] تەنانەت لەکاتی پێدانی بیرۆکەی دامەزراندنی خوێندنگەکان، ئامانجی نەمری و گەورەیی ناوی خواجەی وەزیر دەخرێتە بەردەمی و ئەویش وێڕای زانستخوازی خۆی ئارەزووی لە نەمری ناو و ناوبانگی خۆی لە مێژوودا دەبێت، ''ئەی خواجە من خوێندنگایەکت لە بەغداد شاری ئاشتی بۆ دادەمەزرێنم، هاوشێوەی لە زەویدا نەبێت، ناوت بە نەمری تاوەکو ڕۆژی دوایی بمێنێتەوە''.[٦]

---

(١) عبدالمنعيم حسنين: سلاجقة إيران والعراق، ص١٩٥

(٢) حسن إبراهيم حسن: تاريخ الإسلامي السياسي والديني والثقافي والإجتماعي، (العصر العباسي الثاني في الشرق ومصر والمغرب والأندلس (٢٣٢-٤٤٧هـ/ ٨٤٧-١٠٥٥م)، ط١٤، دار الجيل، بيروت، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، ١٩٩٦م، ج٣، ص٣٣٩.

(٣) القزويني: آثار البلاد، ص٤١٢.

(٤) ابن جبير: رحلة، ص٢٠٥.

(٥) القزويني: آثار البلاد، ص ٣٤٠.

(٦) الطرطوشي: سراج الملوک، ، ص١٢٨.

## تەوەری دووەم

## ئامانج لە دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان

(نظام الملک) مەبەستی بوو ئەم خوێندنگایانە بەرەوپێشبچن و ئامانجە ئاینی و کارگێڕییەکانی خۆیان بەدیبهێنن، کە لەبنەڕەتەوە بۆ ئامانجی ئەو دوو بوارە دایمەزراندبوون، گرنگیدانی (نظام الملک)ی وەزیر بە بڵاوکردنەوەی بابەتە شەرعییەکان، بەتایبەت بەهۆی دەمارگیریی[١]مەزهەبی، خۆی شافیعی[٢] مەزهەب و ئەشعەری بوو،[٣] ئەوی بەرەو دامەزراندنی ئەو خوێندنگایانە پەلکێشکرد، بەوەش خزمەتی بەشارستانیەتی ئیسلامی، بەتایبەت مەزهەبی سوننی کرد، چونکە کەوتبووەبەر شاڵاوی بەهێزی گروپە شیعەگەراکانەوە، هەربۆیە وای دەبینی هزر و بیروباوەڕ پێویستە لەڕێگای پەروەردە و فێکردن و پاککردنەوەی دەروونەوە بچێنرێت نەک بەشمشێر،[٤] لەم ڕووەوە نەیدەتوانی زاڵببێت بەسەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە لەڕووی سیاسییەوە هێندەی دەیتوانی لەڕێگای هزر و زیندووکردنەوە و گرنگیدان بە بیری سوننی لەبەرامبەر گروپ و ڕەوتی شیعەدا بوەستێتەوە و بەرگری بکات،[٥] چونکە شیعە (بە تایبەت شیعەی ئیمامی و ئیسماعیلی) لەو کاتە و

---

(١) (التعصب): بریتیە لە دەمارگیری کە بانگەشەی پیاوان دەکات بۆ سەرخستنی بنەچەکەی و وەستانەوە لەگەڵیان دژی ئەوانەی دژایەتیان دەکەن چ ستەمکاربن یاخود ستەم لێکراوبن، ئەوەش پارێزەر و بەرگریکار و سەرکەوتنە.(ابن منظور: لسان العرب، تح/ لليازجي و جماعة من اللغويين، ط٣، دار صادر، بيروت، ١٩٩٣م، ج١، ص٦٠٦).

(٢) (نظام الملک) بەدەمارگیری بۆ مەزهەبی شافیعی ناسرابوو، ئیبن عەدیم دەڵێت:''هەرچەندە (نظام الملک) زۆرتر دەمارگیری بۆ مەزهەبی شافیعی هەبوو، بەڵام لەدادوەریدا مەزهەبی حەنەفی کارپێدەکرد و مەزهەبی شافیعیشی بۆ خوێندنگە نیزامییەکان کارپێدەکرد، چونکە شافیعی و زۆربەی زانایانی بواری ئەو مەزهەبە سەرقاڵی فیقهـ بوون، بە پێچەوانەی حەنەفیەوە زۆرتر کاریان لەدادوەریدا کردووە.(بغية الطلب، ج٥، ص٢٤٩٤). وادەردەکەوێت وەزیری سەلجوقی خۆی شافیعی مەزهەب بووە، بەڵام بەکارهێنانی مەزهەبی حەنەفی لەبواری دادوەریدا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی بووە لەنێوان خۆی و دەسەڵاتی سەلجوقیدا، چونکە زۆرینەی سەلجوقییەکان حەنەفی مەزهەب بوون، تەنانەت سوڵتانیش لەسەر هەمان مەزهەب(حەنەفی) بووە، هەربۆیە دەبوو وەزیر بەتوانا و لێزانی خۆیە ئەو بارە هاوسەنگ بکاتەوە.(توێژەر).

(٣) عبد الهادي: نظام الملک، ص٣٥٤.

(٤) مريزن: الحياة العلمية، ص٢٥٠.

(٥) أبوالفتوح بدوي: التاريخ السياسي والفكري للمذهب السني في المشرق الإسلامي من القرن الخامس الهجري حتى سقوط بغداد، ط٢، دار الوفاء، المنصورة، مصر، ١٩٨٨م، ص١٧٦.

پێشووتریشدا(لەسەردەمی بوەیهییەکان) [١] زیاتر لە ماوەی سەدساڵ بەهۆکاری هزریی جۆراوجۆر چالاکی و هێرشیان بۆ سەر سوننە هەبووە، بەتایبەت دوای ئەوەی شیعە هەوڵی دامەزراندنی دامەزاوەی زانستییان دەدا تاوەکو زیاتر گرنگی و بایەخ بە بیروباوەڕی مەزهەبی خۆیان بدەن و هەوڵی بڵاوکردنەوەیان دەدا، وەک هەوڵەکەی (أبو علي بن سوار) بۆ دروستکردنی (دار الکتب) لە بەسرە و هەوڵێکی دیکەی لە شاری ڕام هورمز[٢] بۆ هەمان مەبەست.[٣]

(نظام الملک) دەیویست لەڕێگایی ئامانجی ئەو خوێندنگایانەوە بیری مەزهەبی سوننی بڵاوکاتەوە و توانای هەبێت بەڕووی گروپ و ڕەوتی هزری شیعەکان بوەستێتەوە، تاوەکو ببێتە هۆی کەمکردنەوەی لایەنگرانی ئەو مەزهەبە و ڕێگریان لەزۆرناوچەی دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسی، بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو خیلافەتە، شکستی بیرو هزری فاتیمی و دەسەڵاتە سیاسییەکەی، کە نەیتوانی بۆ ماوەی ساڵێکی تەواو دەست بەسەر بەغدادی پایتەختی خیلافەتی عەبباسیدا(٤٥٠ک/١٠٥٨ز)بگرێت،[٤] زیاتر هانی دەسەڵاتی سەلجوقی و خودی خواجەی وەزیری داوە بۆ ڕێگرتن لە دووبارەنەبوونەوەی ئەو جۆرە هێرش وپەلامارە بۆسەر خەلیفە و خیلافەت، کە هێمای پیرۆزی مسوڵمانان بووە، لەوپەڕی ئەفغانستانەوە تاوەکو مەغریبی دوور جارێکی دیکە ڕووداوی لەوشێوەیە ڕوونەداتەوە، لەبەرئەوە پێویستە بابەتەکە لەبنەڕەتەوە و بە گۆڕانکاریی هزرو نەخشەیەکی نوێی مەزهەبیی کار بۆ ڕێگریی بیری شیعە و شیعەگەرایی بکرێت، چونکە بوونی ژمارەیەکی زۆری گروپەجیاوازەکان و لەنێویاندا شیعەگەرایی هۆکاری سەرەکی لاوازیی خیلافەتی عەبباسی بوون.[٥]

---

(١) احمد شلبي: تاريخ التربية الإسلامية، دار الكشاف، بيروت، ١٩٥٤م، ص١٩٥.

(٢) رام: لەفارسیدا واتە(ویست و مەبەست)، هورمز: مەبەست پێی یەکێک بووە لەکیسراکانی ساسانی، شارێکی بەناوبانگ بووە لەدەوروبەری خوزستان، خەڵکی بەگشتی پێیان وتووە(ڕامز) واتە ناوەکەیان کورتکردوەتەوە، رامهرمز یەکێک بووە لەشارەجوانەکانی خوزستان، کە بە درەختی خورما و گوێز و ترنج بەناوبانگ بووە.(یاقوت الحموي، معجم البلدان، ص١٧).

(٣) أبو الفتوح: التاريخ السياسي، ص ص١٧٦-١٧٧.

(٤) هيفاء: الوزير السلجوقي، ص٤٦؛ بڕوانە: بەشی یەکەم/ لە باسی سێیەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئاماژەمان بە بابەتی (البساسيري) و هەوڵەکانی بۆ دەستبەسەرداگرتنی خیلافەتی عەبباسی لەبەرژەوەندی خیلافەتی فاتیمی و شکستی ئەو سەرکردەیە کردووە.

(٥) حسن إبراهيم حسن: تاريخ الإسلام، ج٣، ص٣٣٩.

سیاسەت و ئامانجی گشتی لە دامەزراندنی خوێندنگاکان لەسەردەمی سەلجوقی دا و نیزامییەکان بەتایبەت، دەچێتە چوارچێوەی یەک ئامانجەوە، ئەویش پارێزگاری لە مەزهەبی سوننی و بەهێزکردنی شافیعی و ڕێچکەی ئەشعەری کە وەک ڕوپۆش و پارێزەری دەسەڵاتی سەلجوقی لێی دەڕوانرا، لە بەرامبەر بەرگریی و ڕووبەڕووبوونەوەی فیکری شیعە[1]و دەرچوونی خوێندکاری سوننی خاوەن زانست و باوەڕی بەهێز،[2] لەبەرامبەر ئەو فێرخوازە شیعە خوێندەوارانەی هەڵگری هزری دژ بە بنەماو سیاسەتی دەوڵەتی سەلجوقی دەهاتنە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی خیلافەتی عەبباسییەوە لەوکاتەدا، هەربۆیە ئەم خوێندنگایانە کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی بوون لە کۆی ئەو خوێندنگە و دامەزراوانەی وەزیر و دەسەڵاتی سەلجوقی دایانمەزراندن لەشارە جیاوازەکانی دەسەڵاتی ئیسلامی لەسەر دەستی شوێنکەواتووانی مەزهەبی سوننی، کە بوونە دامەزراوەیەکی فەرمی بۆ پێگەیاندنی چینێکی خوێندەوار و تێگەشتوو لەو مەزهەبە، تاوەکو ببن بە کەسێک ئەرکی بەرپرسیاری بگرنە ئەستۆ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەزهەبی شیعە و هزری ئەو مەزهەبە لە جیهانی ئیسلامیدا، لەو کاتەدا ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی خیلافەتی ئیسلامی کردبوو، بەڵکو گەیشتبوونە بەغدادی پایتەختی خیلافەتی عەبباسی.[3]

ئامانجی بنەڕەتی لە دامەزراندنی ئەم خوێندنگایانە بڵاوکردنەوەی هزری سوننە و بەرگری بەرامبەر گروپی شیعەگەرایی ئیسماعیلییە و کارکردن لەسەر کەمبوونەوەی لایەنگرو هەوادارى ئەو مەزهەبە بووە، چونکە ژمارەیەکی زۆری گروپە هزرییەکان بەتایبەت (المعتزلة) و (الاسماعيليون) ڕۆشنبیری و زانیارییان کردبووە ئامرازی بەدەستخستنی ئامانجە مەزهەبییەکانیان،[4] خواجەی وەزیر دەیویست هەمان ڕێگای هزری بگرێتەوە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان، لەبەرئەوە نەخشەی ئامانجەکانیان و چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی شیعەی بۆ خوێندنگەکان کێشا.[5]

---

(١) محمد عبدالله أحمد القدحات: الحياة الإجتماعية في بغداد في العصر العباسي الأخير، دار البشير، عمان، ٢٠٠٥م، ص٢٧٤.

(٢) مريزن: الحياة العلمية، ص٢٥١.

(٣) القدحات: الحياة الإجتماعية، ص٢٧٤.

(٤) حسن إبراهيم حسن: تاريخ السياسي، ج٣، ص٣٣٩.

(٥) شلبي: تاريخ التربية الإسلامية، ص١٩٥.

ئامادەکردن و پێگەیاندنی کەسانی خوێندەوار و پسپۆڕ و دامەزراندنی دەرچووی ئەو خوێندنگایانە وەک فەرمانبەری میری وپلەوپایە فەرمییەکانی دەوڵەت وەک دادوەریی، نووسەر، بانگخواز، وتاربێژی مزگەوت و مامۆستا، جگەلەوانەش ئامانجی کارگێڕیی و بەڕێوەبەرێتییەکەی بوو.[١]

وەزیر هێندە دامەزراندنی ئەم خوێندنگایانەی بەلاوە گرنگ و ئامانجدار بوو، جگە لە تێچووە ئابوورییەکەی، کە هەر لەسەرەتاوە بڕی شەست هەزار دیناری بۆ دابینکرد و پاش تەواوبوونی هەواڵ گەیشت بە خواجەی وەزیر ئەو بڕە پارەیەی تێنەچووە، بەڵام وەزیر ئامادەبوو چاو لەو بڕەی کە دەیزانی بەفیڕۆ دەچێت بپۆشێت و بێ دەنگی هەڵبژێرێت، بەهۆی ئەوەی ناوی (نظام الملک) لەسەر خوێندنگەکان بەزیندوویی بمێنێتەوە.[٢]

جگە لەوە هەندێک سەرکێشی و کاری گرنگ و هەوڵی جیاوازی بۆ دەدا کە هاوشێوەیان کەم و دەگمەن بووە، وەک ئەو هەوڵەی ویستی گۆڕی (امام الشافعي) لە میسرەوە بۆ خوێندنگەی نیزامییە بگوازێتەوە و جۆرێک لە پیرۆزی و گرنگی زانستی ببەخشێتە ئەو خوێندنگایانە، بەڵام هەوڵەکەی لەو بارەوە سەرکەوتوو نەبوو.[٣]

هزری (نظام الملک) و ئەو ئامانجانەی داڕشتبوون سەبارەت بە خوێندنگە نیزامییەکان تاڕادەیەکی باش بەدیهاتن و سەرکەوتوو بوون،[٤] خوێندنگاکانیش فرمانی خۆیان سەبارەت بەو ئامانجانە بەدیهێنا کە خۆیان لەڕوو بەڕووبوونەوەی هزری شیعەدا دەبینیەوە،[٥] زیاتر لەسەر ئەم بابەتە دەدوێین لە بەشی کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا.

ژمارەیەکی زۆر لەو خوێندنگایانە دامەزران، (ابن الجبیر) لە گەشتەکەیدا بۆ بەغداد ساڵی(٥٨٠ک/ ١١٨٤ز) ژمارەی ئەو خوێندنگایانەی بە سی خوێندنگە خەملاندووە و لەو بارەیەوە و دەڵێت:"

(١) حسين امين: تاريخ العراق في العصرالسلجوقي، ص٢٢٥ ؛ ميسون ذنون العبايجي: أثر المدرسة النظامية ببغداد على بعض علماء الموصل في عهد الدولة الاتابكية ( ٥٢١-٦٦٠ هـ / ١١٢٧-١٢٦٢ م)، مجلة دراسات موصلية، العدد (٤٩)، ذي الحجة ١٤٣٩هـ/ آب ٢٠١٨ز، ص٦٨.

(٢) الطرطوشي: سراج الملوک، ص١٢٩.

(٣) المقريزي: المواعظ، ج٤، ص٣٥٨.

(٤)مريزن:الحياة العلمية في العراق، ص٢٥٥؛ نادية بنت عبد الصمد بنعبد الكريم مقليه: دور العلماء في الحياة العامة في العراق خلال العصر السلجوقي، رسالة دكتوراه، كلية الشريعة والدراسات الاسلامية، قسم التاريخ، جامعة ام القرى، المملكة العربية السعودية، (٢٠١٤م)، ص١٣٥.

(٥) حسين امين: تاريخ العراق، ص٢٢٥.

گەورەترین و بەناوبانگترینیان خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد بووە، شەرەفی گەورە و نەمریی لە دامەزراندیان بۆ (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقی دەگەڕێنێتەوە".[١]

نیزامییەی بەغداد یەکێک بووە لەو خوێندنگایانەی (نظام الملک) دایمەزراندوون، خوێندنگەی بەڵخ، خوێندنگەی نیسابور، خوێندنگەی (هراة)، خوێندنگەی ئیسفەهان، خوێندگەی بەسرە، خوێنگەی (مرو)، خوێندگەی (آمل)، خوێندنگەی (طبرستان) و خوێندنگەی موسڵ.[٢]

(١) رحلة، ص٢٠٥.

(٢) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣١٣.

## تەوەری سێیەم

## هەڵبژاردنی شاری بەغداد وەک یەکەم وێستگەی دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان

بەغداد بە یەکێک لە وێستگە گرنگ و پڕبایەخەکان دادەنرێت، زانایان لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بۆ فێربوون ڕوویان تێکردووە، ئەو شارە گرنگییەکی زۆری هەبووە بۆ هەر فێرخواز و زانایەک لە گەشتەکانیاندا بۆفێربوون ڕوویان لە گەورەشەرع زانەکانی ئەوسەردەمە بکردایە لە بەغدادی پایتەختی خیلافەتی عەبباسی، لە ڕاستیدا ئەو شارە بە تێپەڕبوونی کات پارێزگاری لە پایەی زانستی خۆی کردووە، بەوپێیەی لەسەردەمی عەبباسی دا پایتەختی دەوڵەتی خیلافەت بووە، ناوەندی پێشکەوتنی سیاسەت و زانست و پێگەی کۆمەڵایەتی مسوڵمانان بووە، بەڕووی زۆرترین ڕۆشنبیری جیاواز لە جیهانی ئیسلامی دا کراوە بووە، بەتایبەت شارە ئیسلامییەکانی ڕۆژهەڵات، بەغداد دەرگای بینینی جیهان بووە، هەروەک دەڵێن (ابا ولید) وتی:"(شعب) پێی وتوم:"چویتە شاری بەغداد"؟ وتم:" نەخێر"، وتی:"وەک ئەوەیە دونیات نەدیتبێت.[١]

هەربۆیە هەڵبژاردنی بەغداد و ئەو شارانەی دیکە بۆ درووستکردن و دامەزراندنی خوێندنگاکان هەروا و لە خۆڕانەبووە، بەڵکو ئەو جێگایانەی دیاریکراوون لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا هەریەکەیان پێگەی تایبەتی خۆی هەبووە، وەک یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی خوێندنگەکان دیاریکراوون،[٢] هەروەک مێژوونووس(السبكي) ئاماژەی پێدەکات:"قوتابخانەیەک لە بەغداد و هەریەک لە شارەکانی بەلْخ، نیسابور، (هراة)، ئیسفەهان، بەسرە، (مرو)، (آمل)، (طبرستان) و موسڵ"،[٣] بۆ نموونە بەغداد پایتەختی خیلافەتی عەبباسی سوننی و بوونی ژمارەیەکی زۆری زانایانی سوننی مەزهەب گرنگییەکی زۆری بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیری شیعەگەرایی و ڕێگریی لەو شەپۆل و بڵاوبوونەوەیەی ئەو مەزهەبە بەرامبەر سوننە هەبووە، یاخود ئیسفەهان پایتەخت و ناوەندی سەرکردایەتی و بنکەی ئاڕاستەکردنی هزری[٤]دەسەڵاتی سەلجوقی لەسەردەمی (الب ارسلان) و (ملك شا)ی کوڕی لە

---

(١) الخطيب البغدادي: تاريخ بغداد. تح/ بشار عواد معروف، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ٢٠٠٢م، ج١، ص٣٤٦.

(٢) أبو الفتوح: التاريخ السياسي، ص١٧٩.

(٣) طبقات، ج٤، ص٣١٣.

(٤) عمر فلاح عبد الجبار: الوزير السجوقي نظام الملك اصلاحاتها الادارية واسهاماته الفكرية، مجلة الجامعة العراقية، العدد(٢٨)، بغداد، العراق، د. ت، ص٣٥٤.

گرنگترینی شارەکانی ئەوکاتەی جیهان و ئاوەدانییەکی فراوان و باڵەخانەی زۆریان تێدا درووستکردبوو.[١]

ناوەندی کۆبوونەوەی شیعە لەو ماوەیەدا بەسرە، نیسابور، (طبرستان) و جەزیرەی فوراتی بووە، هەموویان پێگەیەکی گرنگ بوون بۆ دامەزراندنی ئەو خوێندنگایانە، کە (نظام الملک) ئەو شوێن و جێگەیانەی بۆ هەڵبژاردوون، دیاریکردنی شوێن و جوگرافیای ئەم خوێندنگایانە کارێکی هەروا لەخۆوە نەبووە، بەڵکو ئاماژەیەکی ڕوون و مەبەستداری هەبووە، چونکە زۆربەیان کەوتبوونە شار و شوێنێکی چڕ و ناوەندی کۆبوونەوەی شیعەکان،[٢] ئامانجێکی پلان بۆ داڕێژراوی دەوڵەتی بوو بۆ گشتاندن و بەفەرمی کردن و باڵادەستیی مەزهەبێکی دیاریکراوی دەسەڵات و دەوڵەت کە مەزهەبی سوننی و ڕێچکەی ئەشعەری بوو.[٣]

(نظام الملک) نەک لە دیاریکردنی پێگە جوگرافییەکان، بەڵکو لەهەڵبژاردنی مامۆستاو ئەوکەسانەی وانەیان تێدا دەوتەوە بە وریایی و لێهاتووانەوە کاری کرد و زرنگی ئەو لەوبوارەشدا بەڕوونی دەرکەوت،[٤] لەسەرەتاوە ویستوویەتی (ابو اسحاق الشیرازي) [٥] وانەی تێدا بڵێتەوە، چونکە (نظام الملک) لەبەر ئەو زانا گەورەیە خوێندنگەکەی کردەوە[٦]و مەبەستیشی بوو ئەو خوێندنگەکە بەڕێوەببات، چونکە دەیزانی ئەو لەو زانا سۆفییانەیە شوێنکەوتە و هەوادارێکی زۆریان لەو سەردەمەدا هەیە،[٧] هەربۆیە ببوە جێگەی بایەخ و سەرنجی وەزیری سەلجوقی، وێڕای چاوەڕوانییەکی زۆر لەڕۆژی کردنەوەی خوێندگەکەدا، بەڵام (الشیرازي) بەدەم داواکاری وەزیرەوە نەهات، چونکە (الشیرازي) پێی وابوو ئەوزەویەی خوێندنگەکەی لەسەر دامەزراوە لەلایەن وەزیرەوە

(١) عبد المنعیم حسنین: سلاجقة إیران والعراق، ص٨٣.

(٢) المقدسي: أحسن التقاسیم في معرفة الأقالیم، ط٣، دار صادر، بیروت، ١٩٩١م، ص١٢٦.

(٣) نظام الملک: سیرالملوک، ص ص٢٢٩-٢٤٥.

(٤) عبدالهادي: نظام الملک، ص٣٥٦.

(٥) الشیرازي: (٣٩٣-٤٧٦ک/١٠٠٣-١٠٨٣ز) (إبراهیم بن علي بن یوسف الفیروز أبادي الشیرازي)، (ابو اسحاق): زانای پایە بەرز، لە فەیروز ئاباد لە (وڵاتی فارس) لەدایکبووە، ڕۆشتووە بۆ شیراز و لای مامۆستایانی ئەوێ خوێندویەتی، پاشان ڕوویکردووەتە بەسرە و بەغداد ساڵی(٤١٥ک/١٠٢٤ز) لەوێ کۆتایی بەو پڕۆسەیەی هێناوە بۆ خوێندن دەستی پێکردبوو، توانای لەبواری زانستی شەرعی ئیسلامیدا دەرکەوت، مەرجەع و موفتی سەردەمی خۆی بوو، لە بەهێزی و بەڵگەداریی لە گفتوگۆ و کۆڕەکانیدا بەناوبانگ بوو.(الزرکلي: الأعلام، ج١، ص٥١).

(٦) الزرکلي: الأعلام، ج١، ص٥١.

(٧) السبکي: طبقات، ج٤، ص٢٣٤.

زەوتکراوە،[١] (ان أرضها مغصوب!) [٢] لەبەرئەوە (ابي نصر ابن صباغ) ([٣]ی بەپلەی مامۆستا لە خوێندنگەکە دامەزارند و بوو بە یەکەم مامۆستای خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد،[٤] هەتا ئەوکاتەی (الشيرازي)بەدەم بانگەوازەکەیەوە هات، ئەمەش لەدوای بیست ڕۆژ لە کردنەوەی خوێندنگەکە بوو،[٥] دواتر وەک مامۆستای خوێندنگەکە مایەوە و بەردەوام بوو تاوەکو لەساڵی(٤٧٦ک/١٠٨٣ز)کۆچی دوایی کرد.[٦]

---

(١) الذهبي: العبر، ج٢، ص٣٠٩؛ ابن خلدون: تاريخ ابن خلدون، ج٣، ص٥٨٠.

(٢) القزويني: آثار البلاد، ص٢٣٨؛ ابن العماد: شذرات، ج٥، ص٢٥٣.

(٣) ابن الصباغ(٤٠٠-٤٧٧ک/١٠١٠-١٠٨٤ز) (عبد السيد بن محمد بن عبد الواحد، أبو نصر، ابن الصباغ): فەقیهێکی شافیعی، خەڵکی بەغداد بووە، لەدایکبوون و مردنیشی هەر لەو شارەبووە، یەکەم مامۆستای خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد بووە، لە کۆتایی تەمەنیدا نابینا بووە، (الشامل)ی لە فیقهدا و (تذكرة العالم) و (العدة)لە ئسوڵی فیقهدا هەیە.(الزركلي: الأعلام، ج٤، ص١٠).

(٤) الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٦، ص٤٢؛ السبكي: طبقات، ج٥، ص١٢٤.

(٥) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٣، ص٢١٨.

(٦) ابن العماد: شذرات، ج٥، ص٣٢٤.

## تەوەری چوارەم

## بۆچوونی مێژوونووسان سەبارەت بە سەرەتای دامەزراندنی خوێندنگە لە جیهانی ئیسلامیدا

بەشێک لە مێژوونووسان پێیان وایە (نظام الملك) وەزیری سەلجوقی یەکەم کەسە خوێندنگەی لە جیهانی ئیسلامیدا دامەزراندووە، لەوانەش (ابن خلكان) دەڵێت:"(نظام الملك) یەکەم کەسە خوێندنگەی دامەزراندووە و خەڵکیش شوێنی کەوتن"،[١] بەڵام هەندێکی دیکەی وەک (السبكي) بە پێچەوانەی ڕای زۆرێک لە مێژوونووسانەوە ڕای پێچەوانەی (الذهبي) دەهێنێت، بڕوای وایە وەزیری سەلجوقی یەکەم کەسە خوێندنگەی دامەزراندووە، (السبكي) دەڵێت:"وانییە"، بەڵکو خوێندنگەی (البيهقية) [٢] لە نیسابور پێش لەدایکبوونی (نظام الملك) هەبووە، خوێندنگەی (السعدية) ([٣]ی (الأمير نصر بن سبكتكين) برای سوڵتان مەحمود هەر لەنیسابور دایمەزراندووە، خوێندنگەی سێیەمیش دیسان لە نیسابور (أبو سعد إسماعيل بن علي بن المثنى الإسترابادي) بانگخواز و سۆفی و گەورەی وتاربێژان دایمەزراندووە، (أبي إسحاق الإسفرايني) چوارەم خوێندگەی لە نیسابور کردۆتەوە"،[٤] جگەلەوانەش لەدەوروبەری (٤٥٠ک/١٠٥٨ز)نیزامییەی نیسابور کە خودی (نظام الملك) پێش نیزامییەی بەغداد دایمەزراندووە، یەکێکە لەو خوێندنگایانەی لەڕووی مێژووییەوە پێش خوێندنگە نیزامییەکان دەکەوێت.[٥]

(المقريزي) پێی وایە، لەسەردەمی هاوەڵان و شوێنکەوتوانەوە (الصحابة و التابعين) خوێندنگە نەبووە، بەڵکو کاری ئەو خوێندنگایانە لە چوارسەد ساڵ لە دوای ڕووداوی کۆچەوە دەستی پێکردووە، بۆ یەکەم جاریش خوێندنگە لەلایەن خەڵکی نیسابورەوە دامەزراوە، کە خوێندنگەی

---

(١) وفيات الأعيان، ج٢، ص١٢٩؛ مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص٢٤٧؛ ناجي معروف: نشأة المدارس المستقلة، ص٦.

(٢) (المدرسة البيهقية بنيسابور): (تاج الدين السبكي) ئاماژەدەکات ئەو خوێندنگەیە سەدوپازدەساڵ پێش لەدایکبوونی نیزامولک دامەزراوە، علي بن حسين البيهقي کە نووسەر و شاعیر بووە دایمەزراندووە.(طبقات، ج٤، ص٢١٣).

(٣) (المدرسة السعدية): بەهەمانشێوەی خوێندنگەی (البيهقية) پێش لەدایکبوونی نیزامولک لەلایەن (نصر بن سبكتكين )برای سوڵتان (محمود الغزنوي) ەوە دامەزراوە.(السبكي: طبقات، ج٤، ص٣١٤).

(٤) طبقات، ج٤، ص ص٣١٣-٣١٤.

(٥) ناجی معروف: مدارس قبل النظامية، ص٤٩.

(البيهقية) بووە، ئەم مێژوونووسە بەهەمان شێوەی (السبکي) ناو و شوێنی خوێندنگەکان دەهێنێت و ڕیزیان دەکات.[١]

تۆماری دیکەی مێژوویی هەن ئاماژەبەوەدەکەن خوێندنگە لە ئیسلامدا لەسەردەمێکی پێشترەوە دامەزرێنراون،(ابو حاتم) کتێبەکانی کۆکردبووەوە و خستبونییە سەرپشت، لە ماڵێکدا ڕێکیخستبوون و وەقفی کردبوون''،[٢] ئەم (ابو حاتم)ە کە بەهەمانشێوە (یاقوت الحموي) ئاماژەی پێدەکات و نووسراو و پەرتوکی لە ماڵەکەی خۆیدا کۆکردووەتەوە و بێ بەرامبەر خستونیەتیەڕوو بۆ سوود لێوەرگرتنی، لە ساڵی(٣٥٤ک/٩٦٥ز) کۆچی دوایی کردووە،[٣] ئەم کات و بەروارەش هێمایە بۆ لەپێشتربوونی خوێندنگەکە، (ناجي معروف) دەڵێت:''ماڵی (ابو حاتم) ئەو خوێندنگەیە دەگرێتەوە کە ئەمڕۆ هەیە و جێگەیەکیش بووە بۆ ئەوانەی خەڵکی ئەوێ نەبوون (الغرباء)و بۆ خوێندنی فەرموودە و وانە شەرعییەکان هاتوون''،[٤] (ابو حاتم) بۆ خۆی ئاماژە بە گرنگی ئەو نووسرا و پەرتوکانە دەکات و پێویستی لەبەرگرتنەوەیان دەکات، تاوەکو ئەوانەی زانستخوازن کێبڕکێی فێربوونی بکەن و بیانووسنەوە و لە لەناوچوون بیانپارێزن،[٥] ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ژمارەی کتێبەکان کەم نەبوون و جێگایەکی تایبەتی وەک ماڵی ئەبی حاتەمیش شوێنی فێربوون بووە و فێرخوازیش هەبوون ڕوویان لەو جێگایە کردووە بۆ فێربوون بە ئاشکرا و شوێنێکی دیاریکراوی وەک خوێندنگە بووە.

(ناجي معروف) لە کتێبێکی تایبەت بە خوێندنگەکانی پێش خوێندنگە نیزامییەکان، ئاماژە بە ناوی(٣٣) خوێندنگە دەدات، کە لەپێش خوێندنگە نیزامییەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بوونیان هەبووە، بەهەمان شێوەی نیزامییەکان سەربەخۆ و جیا لە مزگەوت وانەیان تێدا خوێندراوە، هاوشێوەی ئەوان مامۆستای تایبەت و وانە و زمانی عەرەبیش زمانی خوێندن و نووسین بووە تێیاندا، پێی وایە ماوەی سەدوشەست و پێنج ساڵ لە پێش خوێندنگە نیزامییەکانەوە ئەو خوێندنگایانە بوونیان هەبووە و زانستیان تێدا بڵاوکراوەتەوە.[٦]

---

(١) المواعظ و الاعتبار، ج٤، ص١٩٩.

(٢) الخطیب البغدادي: الجامع لأخلاق الراوي وأداب السامع، تح/ محمود الطحان، مکتبة المعارف، الریاض، ١٩٨٣م، ج٢، ص٣٠١.

(٣) معجم البلدان، ج١، ص٤١٨.

(٤) نشأة المدارس المستقلة في الإسلام، ص٧.

(٥) العلل لابن أبي حاتم، تح/ فریق من الباحثین، ط١، مطابع الحمیضي، المملکة العربیة السعودیة، ٢٠٠٦م، ج١، ص٣٧.

(٦) مدارس قبل النظامیة، ص ص٣-٦١.

## تەوەری پێنجەم

## خوێندنگە نیزامییەکان بەکۆنترینی خوێندنگەی جیهانی ئیسلامی دادەنرێن

ڕەنگە هۆکاری ئەوەی زۆرێک لە مێژوونووسان خوێندنگەی نیزامییە بە کۆنترین خوێندنگە و (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقی بەیەکەم کەس بزانن کە خوێندنگەی لە جیهانی ئیسلامیدا دامەزراندووە،[١] پەیوەندی بەوەوەهەبێت بۆ یەکەم جار لەو خوێندنگایانەدا وانە شەرعییەکان بەشێوازێکی دیاریکراو و لەچوارچێوەیەکی زانستی ڕێکخراودا خوێندراوون، هەروەها مامۆستای تایبەت و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخانکراوە،[٢] و مووچەی بۆ مامۆستاکان دابینکردووە، جگە لە ئەرکی فێرکردن شوێنی مانەوەی بۆ خوێندکارەکانی دابین کردووە، بەتایبەت ئەوانەی لە ناوچە دوورەکانەوە بۆ فێربوون دەهاتن،[٣] (ابن جبیر) ئاماژە بۆ زۆری وەقف بۆ ئەو خوێندنگایانە لە بەغداد دەکات، هەروەها بوونی موڵکی زۆری ئەم خوێندنگایانە و بەخششێکی زۆر بۆ خوێندکار و مامۆستاکانی و بەجێهێنانی هەر داواکارییەک کە هەیانبووبێت،[٤] واتە تەواوی پێداویستییەکانیانی دابین دەکرد لە خواردن، پێنووس و تیانووس بۆ ئەوانەی خوێندکار و خەڵکی زانستخوازی ئەو خوێندنگایانە بوونایە،[٥] قەزوینی (نظام الملک) بەیەکەم کەس دادەنێت ئەم داهێنراوە باشەی داهێناوە،[٦] واتە دیاریکردنی داهات بۆ خوێندنگە و دابینکردنی پێداویستییەکانی.

خوێندنگە نیزامییەکان یەکەم دامەزراوەی پەروەردەیی فەرمی بوون دەوڵەت و دەسەڵات دەستوەردان لە ئامانج و دیاریکردنی ئەو وانانەی تێیاندا دەخوێندران بکات، و پلانی پەیڕەو و پرۆگرامییان بۆ سنووردارکرابوو،[٧] جێگیرکردنی هەندێک یاسای نوێ تایبەت بە ڕێکخستنی وانەوتنەوە و ئامادەکردنی هۆ و ئامرازی پێویست بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها دەستگرتن بەسەر ئەو

(١) ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج٢، ص١٢٩.

(٢) ابن جبير: رحلة، ص٢٠٥.

(٣) القدحات: الحياة الإجتماعية، ص٢٧٦.

(٤) رحلة، ص٢٠٥.

(٥) الطرطوشي: سراج الملوك، ص١٢٨.

(٦) آثار البلاد، ص٤١٢.

(٧) شلبي: تاريخ التربية الإسلامية، ص١٩٤.

بێ سەروبەریی و ئاژاوە زانستییەی پێشووتر هەبوون،[1] ئەمە جگە لە هەڵبژاردن و دیاریکردنی مەرجی بوون بە مامۆستا و خوێندکارەکان تێیدا و دیاریکردنی سەرچاوەی داهاتیان.[2]

خوێندنگە نیزامییەکان بەشێوازێکی سەربەخۆ و جیا لە مزگەوتەکان وانەی تێدا خوێندراوە، خەڵکیش بەگشتی حەزیانکردووە تێیدا بخوێنن، چ لە عێراق یاخود خوراسان یان وڵاتی ئەو دیوو ڕووبار و جەزیرە و دیاربەکر و تەواوی ناوچەکانی خیلافەتی ئیسلامی، بەتایبەت بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەو خیلافەتە.[3]

بەهەمان شێوە (السبكي) بەهۆی زاڵبوونی ئەو گومانەی نیزامییەی بە غداد بەیەکەمین خوێندنگە دادەنرێت، دەیباتەوە سەر ئەو ڕایەی ئایا پێش ئەوە خوێندنگاکان بەو جۆرە ڕێکخراوە و بوونی وانەی زانستی و هەبوونی مامۆستای دیاریکراو بودجەی سەربەخۆ کاری کردووە؟ هەربۆیە وێڕای ئەو خوێندنگایانەی ئەم مێژوونووسە ناو شوێن و کەسی دامەزرێنەریشی هێناون، دەستەوسان دەوەستێتەوە و بەسەرکەوتنی گوومانی ئەوەی یەکەم و کۆنترین خوێندنگەی ڕێکخراو خوێندنگاکانی (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقین.[4]

لەبارەی گرنگیدانی (نظام الملک) بەخوێندنگە و کاری زانستخوازی،[5] ئامانجی ئەو خوێندنگایانەوە لە وتارێک کە بەدەست خەتی ئیمام حەرەمەین لە وەسفی ئەو وەزیرەدا نووسیویەتی:''گەورەی خەڵک لایەنگری ژین و دین پەناگەی نەتەوە، بەکارهێنەری شمشێر و پێنووس، درێژە بەهاوکاری و هەوڵەکانی دەدات، هێزو ئاڵای سەرکەوتنی گرێدراوە، چەندان جار بەشدار و هەڵگری قورسایی جەنگ و بەڕێوەبەری بووە، نیگای پڕە لە شکۆمەندی هیچ ئیرادەیەکی چەمانەوە و هیچ هەوڵێکی لەوجۆرەی نەبووە، شمشێرەکانیان ڕێگاکانی مەترسی گرتووە و شانشینەکانیان بەهێزکردووە، زریانی دوژمنایەتییەکان دەسوڕێتەوە، شانشین تیغەکەی بەهێزتر دەبوو بە بەخشینەکان، بەڕاست و درووستییەکەی ئاسۆی بەوڵاتدا بڵاودەکردەوە، بەڕێنماییەڕوونەکانی پوچەڵکردنەوەی ڕەتدەکردەوە، تاریکی و نادادپەروەری ڕێک دەکردەوە، هەژاریی تێکدەشکاند و پلانی ئیسلام سەلامەترینەکان و دژەکانیش خاڵی''.[6]

---

(١) محمد أسعد طلس: التربية والتعليم في الإسلام، مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة، ٢٠١٤م، ص١١٠.

(٢) أبو الفتوح: التاريخ السياسي، ص١٧٦.

(٣) المقريزي: الخطط، ج٤، ص١٩٩.

(٤) طبقات، ج٤، ص٣١٤.

(٥) الذهبي: سيراعلام، ج١٩، ص٩٦.

(٦) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣١٤.

## تەوەری شەشەم

## شێوازی وانە وتنەوە

## مەزهەبی شافیعی و ڕێچکەی ئەشعەری، مەرجی سەرەکی وانە وتنەوە و وەرگیرانی مامۆستا و خوێندکار بوون

بەهۆی گرنگی ئەم خوێندنگا نیزامییانە و بڵاوبوونەوەیان لە زۆربەی ناوچەو ویلایەتە جیاوازەکانی خیلافەتی عەبباسی دا (دیار بکر، عێراق، خوراسان، سەمەرقەند و ئەودیو ڕووباری جەیحۆن)،[١] گرنگییان پێ دەدرا و خەڵکی ئارەزوویان دەکرد منداڵەکانیان بۆ فێربوون ڕوو لەو خوێندنگایانە بکەن، هەرچەندە خوێندکار و مامۆستاکان مەرجی ئاینی و مەزهەبیان بۆ وەرگیران بۆ دانرابووو، بەمەش سەرچاوەی بیرو هزری ئەو خوێندنگایانە لە بیری (نظام الملک)ەوە سەرچاوەیان گرتبوو، جگەلە ئارەزووی بڵاوکردنەوەی زانست و زانیاریی، ویستی زیادبوونی لایەنگری خۆشی لەنێوچینی خوێندەواردا هەبووە، واتە هەمووساڵێکی خوێندنی نیزامییەکان تیمێکی گەورە لە زانستخوازان لەسەر بنەڕەتی ئەو بیرو مەزهەبەی وەزیر دەیویست، پێدەگەیەنران، هەربۆیە ئەویش لەماوەی ئەو ساڵەدا داهاتێکی زۆری بە بڕی شەست هەزاردینار بۆ تەرخانکردبوو، بەهۆی زۆری بڕی ئەو داهاتەوە (نظام الملک)ی وەزیر ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی گەورە ببووەوە لەلایەن دەسەڵاتدار و سەرکردەکانی سوپاوە''ئەو پارەیەی لە (بیت المال) دەردەکرێت سوپایەکی پێ دادەمەزرێت کە ئاڵاکەی لەسەر دیواری فەلەستین دەچەقێنرێت''، وەزیر وەڵامی دەدانەوە ئەوان نوقمی ئارەزو و خۆشی دونیان و منیش مەبەستمە بەهۆی خوێندنگەکانەوە لە گوناهان پاک ببمەوە و بەخودای خۆم بگەم.[٢]

(نظام الملک) سوربوو لەسەر ئەوەی مامۆستاکانی پێویستە شافیعی مەزهەب و جگە لە شافیعی بوون ئەشعەریەتیشیان بۆ لەبەر چاو گیرابوو، چونکە ڕێبازی دڵخوازی وەزیر خۆی بوو،[٣] هەروەها بەخشین و هاوکاری و وەقفەکانیش مەرجی شافیعی بوونیان لەسەر دانرابوو،''خوێندنگاکانی بۆ

---

(١) الطرطوشي: سراج الملوک، ص١٢٨.

(٢) الطرطوشي: سراج الملوک، ص١٢٨؛ مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص٢٥٢.

(٣) (مەرج بوو لەسەر مەزهەبی شافیعی بێت بەهەموو ڕێگا سەرەکی و لقەکانیشەوە).(ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٤).

شافیعی مەزهەبەکان دامەزراندبوو"،[١] ئەو پابەندبوونەی وەزیر بۆ مەزهەبی شافیعی و ڕێبازی ئەشعەری و کردنیان بەڕێباز و پرۆگرامی خوێندنگەکان بێ هۆ و لەخۆڕا نەبوو، بەڵکو بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی شافیعی، ئەشعەری گونجاوترین ڕێباز بووە بتوانێت ڕابەرایەتی بزوتنەوەیەکی بەرەنگاری هزری شیعە لەو کاتەدا بکات، چونکە بە بەراورد بە مەزهەبەکانی دیکەی سوننی شافیعی عەقڵی بۆبەرگری لە بابەتە ئیمانییەکان بەکارهێناوە بەبێ ڕۆچوون و کەم تەرخەمی، بۆ نموونە مالیکی و حەنەفی بەهۆی بێ دەسەلاتییان لەبەرامبەر ڕووکەشی دەقەکاندا(ظواهر النصوص) ڕەتیانکردووەتەوە لێکدانەوەی بۆبکەن و نەرمونیانتربوون لەبەرامبەریاندا، جیاوازییەکی دیکەی ئەشعەری لە حەنبەلی و گونجاوی بۆ سەرمەزهەبوونی دەسەلات و خوێندنگەکان، ئەوەبوو ئەشعەری ئاستەنگ و ڕێگری دانەنابوو بۆ گفتوگۆ و لێک نزیکبوونەوە لە نێوان فێرکارییە ئاینییەکان و بنەما ژیرییەکاندا، لە کاتێکدا حەنبەلییەکان وتە و گفتووگۆیان لە کاروبارە ئاینییەکاندا بە ترس و کاریگەربوون بە بیروبۆچوونی بەرامبەر زانیووە،[٢] جگەلەوەش هەریەک لەو مەزهەبانە خاوەنی شوێنکەوتەی زۆرنەبوون لەڕۆژهەلاتی ئیسلامی و لەبەغداد و چەند شوێنێکی کەمدا سنووردارببوون.[٣]

فێربوون و وانەوتنەوە لە هەر لقێک لە لقەکانی خوێندنگە نیزامییەکان هێندە گرنگ و جێگە بایەخی هەمووان بوو، بەتایبەت نیزامییەی بەغداد هەندێک لەزاناو پەروەردەکاران ئامادەی گۆڕینی مەزهەب و ڕێچکەی خۆیان بوون، تاوەکو بتوانن وانەی تێدا بڵێنەوە و ئەو پێگە گرنگە بەدەست بهێنن، وەک (الوجیە النحوي ت ٦١٢ک/ ١٢١٥ز) مەزهەبی حەنەفی خۆی بۆ شافیعی گۆڕی، چونکە مەرجی وانە وتنەوە بوو،[٤] یاخود هەندێکیان لەکاتی وتار و ئامۆژگاری و وانەوتنەوەکانیاندا لایەنگریی مەزهەب و

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص١٠٢؛ ابي شامة: الروضتين، ج١، ص٩٩.

(٢) امينة بيطار: تاريخ العصر العباسي، ص ص٢٧٠-٢٧١؛ مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص٢٥٤.

(٣) بدوي: تاريخ السياسي والفكري، ص١٨٤.

(٤) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص٧٢٦؛ مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص٢٦٥.

(ألا مبلغ عني الوجيه رسالـــة | وإن كان لا تجدي لديه الرسائل
تمذهبت للنعمان بعد ابن حنبل | وذلـك لـمـا أعــوزتک المآكـل
وما اخترت رأي الشافعي تدينا | ولكنما تهوى الذي هو حــاصــل
وعما قليل أنت لا شك صائر | إلى مالک فافطن لما أنت قائل؟).(ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص٧٢٦).(کێ ئەم پەیامەی من ئەگەیەنێتە وەجیە هەرچەندە پەیامەکەش سودی نییە، چویتە سەر ڕێبازی (ابوحنیفة النعمان) لەپاش (ابن حنبل) کاتێک برسێتی تەنگی پێهەڵچنیت بۆچوونی شافیعیت هەڵنەبژارد لەپێناو ئاینداری بەڵکو

بیری (نظام الملک)ی وەزیریان دەکرد، وەک(أبو القاسم البکري) لەساڵی(٤٧٥ک/١٠٨٢ز) لە وتارێکی لە نیزامییەی بەغداد ڕەخنەی لە حەنبەلییەکان گرت ووتی:'' وَمَا كَفَرَ سُلَيْمَانُ وَلَكِنَّ الشَّيَاطِينَ كَفَرُوا''،(١) ''والله ما كفر أحمد ولكن أصحابه كفروا''.(٢)

لە ساڵی(٤٦٩ک/١٠٧٦ز) (٣) لە بەغداد ئاژاوەیەک لە نێوان هەردوو مەزهەبی ئەشعەری و حەنبەلی درووست بوو، (ابو اسحاق الشیرازي) مامۆستای نیزامییە لە نامەیەکدا داوای هاوکاری و بەدەمەوە هاتنی وەزیری سەلجوقی کرد، وەڵامی وەزیر پشتگیری مەزهەبی ئەشعەری و شیرازی مامۆستای خوێندنگەی نیزامییەی کرد،(٤) دواتر وەهای لێهات مامۆستاکانی خوێندنگەی نیزامییە لەوتارەکانیاندا بەئاشکرا دژایەتی حەنبەلیەکانیان دەکرد و وەزیریشیان بۆ ئەو دژایەتی و ڕووبەڕووبوونەوەیە هاندەدا و ڕاپانگەیاند، پێویستە وەزیر لێیان بێدەنگ نەبێت،(٥) ئەو ئاژاوە و ململانێ مەزهەبییە خەریک بوو خوێندنگە نیزامییەکان لە ئامانجی خۆی کە بەرگرییکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی هزری شیعەبوو، لابدات.(٦)

(خالد علال) ڕایەکی مام ناوەندی و بێلایەنی وەزیر دەخاتەڕوو لە وەڵامی نامەی شیرازی مامۆستای نیزامییەدا، کەداوای هاوکاری و بەدەمەوەچوونی زۆرتری وەزیری سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوە حەنبەلیەکانی لێکردووە، بەڵام وەزیری سەلجوقی وەک دەسەڵاتدارێکی دادپەروەر وەڵامی دەداتەوە:''سیاسەتی پادشا ئامانجی دادپەروەریە لە نێوان خەڵک، نەک ئارزووی بۆ مەزهەبێک بەبێ ئەوانی دیکە''.(٧)

---

شوێن ئارەزووکەوتی بێگومان ماوەیەکی دیکە هەمدیس ڕێبازت دەگۆڕی بۆسەر مالیک هەربۆیە وریای وتەکانت بە).

(١) سورة: البقرة: الاية ١٠٢. (خۆ ئاشکراشە کە سولەیمان کافر و جادووگەر نەبوو، بەڵکو شەیاتینەکان جادوویان داهێنا و کافر و بێ بڕوابوون. کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان، ل ٢٨).

(٢) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢٨٢.

(٣) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢٦١.

(٤) السبكي: طبقات، ج٤، ص٢٣٤-٢٣٥؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص٥٩.

(٥) خالد كبير علال: الأزمة العقيدية بين الأشاعرة وأهل الحديث خلال القرنين ٥-٦ الهجريين(مظاهرها، آثارها، أسبابها، والحلول المقترحة لها، ط١، دار الإمام مالك، البليدة، جزائر، ٢٠٠٥م، ص١٧٥.

(٦) البدوي: تاريخ السياسي والفكري، ص٢٠٢.

(٧) الأزمة العقيدية، ص١٧٦.

## تەوەری حەوتەم

## دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان لە میسر و شام

هیچ دەق و بەڵگەیەک نییە ئاماژە بەبوونی ئەو جۆرە خوێندنگایانە و شێوازەی نیزامییەکان تاوەکو سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی، دەیەم و یازدەیەمی زاینیی بکات،[١] کە بوونی خوێندنگا لە میسر و ڕۆژئاوای ئیسلامی بسەلمێنێت، (ابن خلكان) مێژووی دامەزراندنی خوێندنگە لە میسر دەباتەوە پاشتر و ئاماژەدەکات، هەتاکو سەردەمی سوڵتان (صلاح الدين) ئەیوبی میسر خوێندنگەی تایبەت بە مەزهەبی سوننەی لێنەبووە،[٢]

دواتر ئەم خوێندنگایانە و دامەزراندنیان گەشتە میسر، هەرچەندە ئەوکات میسر لەژێردەسەڵاتی خەلیفەی فاتمییەکاندابوو، هەروەها مەزهەبیان پێچەوانەی مەزهەبی خوێندنگا نیزامییەکان بوو،[٣] ''مەزهەبی وڵاتی میسر مەزهەبی ئیمامی بوو''.[٤]

یەکەم جار وانەوتنەوەی خوێندنگە لەسەردەمی خیلافەتی (العزيز بالله نزار بن المعز٣٦٥-٣٨٦هـ/٩٧٥-٩٩٦م) و وەزارەتی (يعقوب بن كلس٣٦٨-٣٨٠هـ/٩٧٨-٩٩٠م) لە خوێندنگەی ئەزهەر لە سەر مەزهەبی خۆیان واتە شیعە خوێندراوە،[٥] هەروەها لەشاری (فسطاط) میسر و (دار العلم) لە قاهیرە بەهەمانشێوە وانە فیقهییەکان لەسەر مەزهەبی شیعەی تێدا دەخوێندران، تاوەکو ئەو کاتەی دەوڵەتی فاتیمی شیعی لەسەر دەستی سوڵتان (صلاح الدين) ئەیوبی لەساڵی(٥٦٧ک/١١٧١ز)کۆتاییهات، مەزهەبی شیعەش وەک مەزهەبی دەسەڵاتدار لە میسر بوونی نەما و مەزهەبی سوننە جێگەیگرتەوە،[٦] هەردوو مەزهەبی شافیعی و مالیکی پەیڕەو کران، (صلاح الدين) دەستیکرد بە دامەزراندنی خوێندنگەکان و بۆ هەریەکەیان مەزهەب و وانەی دیاریکرد و لەخوێندندا پەیڕوییان لێدەکردن.[٧]

---

(١) محمد أسعد طلس: التربية والتعليم في الإسلام، ص١٠٩.

(٢) وفيات الاعيان، ج٧، ص٢٠٦.

(٣) المقريزي: المواعظ، ج٤، ص١٩٩.

(٤) ابن خلكان: وفيات الاعيان، ج٧، ص٢٠٦.

(٥) ناجى معروف: نشأة المدارس، ص٧.

(٦) شلبي: تاريخ التربية الإسلامية، ص٤٢٠.

(٧) شلبي: تاريخ التربية الإسلامية، ص١٩٦.

جگە لە میسر لە دیمەشق و حەلەب لەسەر ئەو دوو مەزهەبە خوێندنگە کرانەوە، یەکەم خوێندنگەی نویَ لە میسر (المدرسة الناصرية) لە تەنیشت مزگەوتی (العتيق) بوو، دواتر خوێندنگەی (القمحية) و (السيوفية) [1] لە قاهیرە کرانەوە، پاشان کوڕ و نەوەکانی (صلاح الدين) بەهەمان ڕێچکەی سوڵتان لە زۆر شوێنی میسر و شام و جەزیرە[2] درێژەیان بە کردنەوەی خوێنگەکان داوە.[3]

---

(١) بۆ زانینی زیاتر سەبارەت بەو (خوێندنگایانە) بڕوانە: (المقريزي: المواعظ والاعتبار بذكر الخطط والآثار، ج٤، ص ص٢٠٠-٢٠١).

(٢) مەبەست لە جەزیرەی (جزيرة ابن عمر)ە، شارێک بووە دەکەوتە سەرووی موسڵەوە، ماوەی نێوان ئەم شارە و موسڵ بە پێ سێ ڕۆژە ڕێگابووە ، حەسەنی کوڕی عومەری کوڕی خەتاب دایمەزراندووە، تەنها یەک لای نەبێت لاکانی دیکەی ئەم شارە بە ئاوی ڕووباری دیجلە دەورەدرابوون. (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢، ص١٣٨).

(٣) المقريزي: المواعظ، ج٤، ص٢٠٠؛ ناجي معروف: نشأة المدارس المستقلة، ص٧.

## باسی دووەم

## لقەکانی خوێندنگە نیزامییەکان، نیزامییەی بەغداد وەک گرنگترین لقیان

لەسەر بنچینەی ئەو بۆچوونەی کەبەشێکی زۆر لە مێژوونووسان گەشەکردنی ڕاستەقینەی قوتابخانە دەبەنەوە سەردەمی (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقی،[1] هەرلەو ڕووەوە ژمارەیەکی زۆری قوتابخانەی لەناوچە جیاوازەکانی دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسییدا دامەزراندوە و بە خوێندنگە نیزامییەکان ناسراون،[2] لەو ڕوانگەیەوە ئاماژە بە ناوی ئەو خوێندنگایانە و گرنگترینی ئەو خوێندنگایانە دراوە.

### تەوەری یەکەم

### گرنگترین خوێندنگە نیزامییەکان

بەلەبەرچاوگرتنی گرنگی و بایەخی ئەو خوێندنگایانە زۆرێک لە مێژوونووسان لە دووتوێی پەڕەی کتێبەکانیاندا ئاماژەیان بەو خوێندنگایانە کردووە، چونکە ئەو خوێندنگایانە تەنها لە بەغداد و ناوچەکانی نزیک لە پایتەختی خیلافەت دانەمەزرابوون، بەڵکو زۆرێک لەناوچەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی گرتبووەوە، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و ئەو شارانەی کەوتبوونەژێردەسەڵاتی سەلجوقییەوە،[3] چونکە ناوەندی ئاڕاستەکردنی بیرو هزری ئەو دەسەڵاتەبوون، بەتایبەت بینیان بوار و بۆشای و ڕەوشێکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی بیری سوننی هاتەکایەوە، بەهۆی بوونی ئەو گروپە شیعییە بەربڵاوانەی لە ناوچەکانی وڵاتی فارس و عێراقی عەرەبی و شام تاوەکو میسری فاتیمی هەبوون، وەزیری سەلجوقی دامەزراندنی خوێندنگەکانی وەک هۆکارێکی بەهێزی ڕووبەڕووبوونەوەی بیری شیعی خستەبواری جێبەجێکردنەوە، هەربۆیە لقی ئەو خوێندنگایانە تەواوی ئەو ناوچە جوگرافیا جیاوازانەی گرتەوە و وەک تۆڕێکی زانستی لەژێر چاودێریی ڕاستەوخۆی وەزیری دامەزرێنەردا

---

(١) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣١٤.

(٢) (شلبي) پێی وایە ناونانی ئەو خوێندنگایانە بەناوی نیزامییەوەن و نەکراون بەناوی سوڵتانەکانی سەلجوقییەوە بۆ بەهێزی کەسایەتی وەزیری سەلجوقی دەگەڕێتەوە.(تاريخ التربية الإسلامية، ص٣٥٣).

(٣) محمد أسعد: التربية والتعليم، ص١١٠.

کاریان دەکرد، چونکە خۆی بڕیاری لەسەر دابوون وەک (السبکي) ئاماژەی پێدەکات:"ئەو فەرمانڕەوا و کاربەدەست بوو، کۆڕ و دانیشتنەکانی پڕبوون لە زانایان".[١]

لەباسی یەکەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان پێکردووە لە هەریەک لەناوچە و شارەکانی دیکەی ژێردەسەڵاتی عەبباسی و سەلجوقی، جگە لە خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد خوێندنگەی بەڵخ، خوێندنگەی نیسابور، خوێندنگەی (هراة)، خوێندنگەی ئیسفەهان، خوێندنگەی بەسرە، خوێندنگەی (مرو)، خوێندنگەی (آمل) لە (طبرستان)، خوێندنگەی موسڵ[٢] دامەزرێنراون، هەر لەگەڵ ئەم خوێندنگایانەدا نەخۆشخانە و مزگەوت[٣] و (الربط) [٤]هەندێ ماڵ و شوێنی بۆ هەژار و بێ دەرەتان و ئەوانەی بۆ خوێندن دەمانەوە درووستکردبوو،[٥] بەم کارانەشی ناو و پایەیەکی باشی بۆ خۆی پەیداکردبوو،[٦] وەک قەزوینی ئاماژەی پێدەکات:"خێرێکە هیچ کەس پێش (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقی نەکەوتووە لەو بوارەدا".[٧]

---

(١) طبقات، ج٤، ص٣١٣؛ عائشة تازي: الجهود العلمية للوزير السلجوقي نظام الملك الطوسي في مقاومة الوجود الشيعي بالمشرق الاسلامي خلال القرن(٥هـ/١١م)، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، شعبة التاريخ، جامعة حسيبة بن بو علي، ٢٠١٨م، ص٦٨.

(٢) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣١٣.

(٣) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٤.

(٤) الربط: واتای جیاوازی هەیە، لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامی ئەو ماڵانەن کە هەژاران و ئەوانەی بۆ پەرستش و فێربوون تێیدا دەمانەوە، وەک (رباط البغدادية للشيخة زينب البغدادية) درووستکراوە لە ساڵی(٦٨٤ک/١٢٨٥ز)..لەگەڵ ژمارەیەک لەو ئافرەتانەی بۆ خوێندن و خواپەرستی تێیدابوون دەمانەوە، لە ڕۆژئاوای ئیسلامی شوێنێکی سەربازیی بووە، چواردەورێکی فراوانی هەبووە و ژوورێکی تێدا بووە لە نهۆمێک یاخود دوو نهۆم پێکهاتبوو، بەشی سەرەوەی بەکارهاتووە بۆ بانگدان و چاودێری کردنی کەناراوەکان لەبەر مەترسی هێرشی کەشتی گەلی لەلایەن ڕۆمەکانەوە، (الرباط) قەڵایەکی بەرگرییە ناوەکەشی لە (مرابطة المجاهدين)ەوە وەرگیراوە. (محمد منير مرسى: التربيه الاسلاميه، ص٣٠٣).

(٥) السبكي: طبقات، ج٤، ص٣١٢.

(٦) الطرطوشي: سراج الملوک، ص١٢٨.

(٧) آثار البلاد، ص٣٤٠.

## تەوەری دووەم

## نیزامییەی بەغداد

دامەزراندنی خوێندنگەی نیزامی سەرەتا بە خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد لە مانگی زیلحیجەی ساڵی(٤٥٧ک/ ١٠٦٥ز) لە بەری ڕۆژئاوای شاری بەغدادەوە لە کەناری ڕووباری دیجلەو، دەستی بە دروستکردن و دامەزراندنی کرد،[١] (الذهبي) ئاماژە بەگەورەیی ئەو خوێندنگەیەی وەزیری سەلجوقی لە شاری بەغداد دایمەزراندووە دەکات،[٢] لە دوای نزیکەی دووساڵی تەواوو لە ڕۆژی (شەمە،١٠ی زیلقەعەدەی ساڵی(٤٥٩ک/ ١٠٦٧ز) خوێندنگەکە بەڕووی فێرخواز و مامۆستاکانیدا کرایەوە.[٣]

گەورەترین و بەناوبانگترینی ئەو خوێندنگایانە کە ناوبانگی زۆر و بەربڵاوی بووبێت خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد بووە،[٤] لە گرنگترینی خوێندنگەی شوێنکەوتووانی مەزهەبی سوننە لەسەردەمی سەلجوقییەکان دەژمێردرێت، بە بەراورد بە خوێندنگە نیزامییەکانی دیکە مێژوونووسان زیاتر گرنگیان بەم خوێندنگەیە داوە و هەواڵ و دەنگوباسیان تۆمارکردووە.

نیزامییەی بەغداد بە دایکی خوێندنگە نیزامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی[٥]و کۆنترین خوێندنگەی شاری بەغداد و بە یەکەم ماڵ و فێرگەی زانست لە خیلافەتی ئیسلامیدا دادەنرێت،[٦] بەڵکو بە یەکەم خوێندنگەی دروستکراو لەلایەن (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقییەوە لە ئیسلامدا دادەنرێت،[٧] ڕۆژانە نزیکەی سێ سەد خوێندکار تێیدا ئامادەی وانە خوێندن بوون.[٨]

بەهۆی گرنگی ئەم خوێندنگایەوە نەک مێژوونووسان بەتەنها، بەڵکو ئەو نامە و وتار و گفتوگۆیانەی مامۆستا و خوێندکار و ئەوانەی کاریان لە نیزامییەی بەغداد کردووە، نووسراونەتەوە و جارێکی دیکە جێ بایەخی مێژوونووسانن، شیرازی مامۆستای نیزامییەی بەغداد لە گەشتێکی لە

---

(١) الطرطوشي: سراج الملوک، ص١٢٩.

(٢) سیراعلام، ج١٩، ص٩٤.

(٣) ابن الأثیر: الکامل، ج٨، ص٢١٢.

(٤) ابن جبیر: رحلة، ص٢٠٥.

(٥) أبو الفتوح: التاریخ السیاسي، ص١٨٠.

(٦) محمود شکري الالوسي: تاریخ مساجد بغداد وآثارها، تهذیب/ محمد بهجة الأثري، دار الاسلام، بغداد، ١٩٢٧م، ص١٠١.

(٧) الصفدي: الوافي بالوفیات، ج١٢، ص٧٨؛ الدواداري: کنز الدرر، ج٦، ص٤٧٩.

(٨) إبن العماد: شذرات، ج٥، ص٣٣٩.

بەغدادوە بەرەو خوراسان ساڵی(٤٧٥ک/١٠٨٢ز) لەنامەکەیدا ئاراستەی خەلیفەی عەبباسی و (ملک شا)ی دەکات دەڵێت:''نەڕۆشتمە هەر وڵات و تەنانەت لادێیەکەوە مەگەر دادوەرەکەی، وتاربێژێکەی، یاخود فەتوادەرەکەی، لە خوێندکارەکانی من بوون''،[1] ئەوەش بەڵگەیە لەسەر زۆریی ژمارەی ئەو خوێندکارانەی لەو خوێندنگایانەدا خوێندوویانە.

نیزامییەی بەغداد کەوتبووە بەغدادی پایتەختی خیلافەتەوە، لەوێ توانایەکی باشی ماددی و ڕۆحی خرابووە خزمەتی ئەو خوێندنگەیەوە،[2] جگە لەو بودجە و دووکان و موڵکانەی کە داهاتەکەیان تایبەت کرابوون بۆ خزمەتی ئەم خوێندنگایە، بوونی شوێنی تایبەتی وانە وتنەوە و شوێنی حەوانەوە و کتێبخانە، کە خودی (نظام الملک) خۆی کتێبی زۆری بەکتێبخانەی نیزامییەی بەغداد بەخشی بوو،[3] واتە گەنجینەی کتێبی هەبوو،[4] کەسی تایبەت تەرخانکرابوو بۆ ئەو کارە وەک(أبا زکریاء التبریزي خازن خزانة الکتب٤٢١-٥٠٢هـ/١٠٣٠-١١٠٩م)،[5] کە چیرۆکنووسێکی دیار و خاوەن دانراوێکی زۆر بووە، هەروەها (أبو یوسف الإسفراینی) [6]، واتە ئەوانەی وەک مامۆستا و فەرمانبەر لەو خوێندنگایانەدا دادەنران کەسانی خوێندەوار و دیاری نێو کۆمەڵگەبوون.[7]

ماوەی دروستکردنی ئەم خوێندنگایە لە نێوان ساڵانی(٤٥٧-٤٥٩ک/١٠٦٤-١٠٦٦ز)،[8] و تەمەنی نزیکەی پێنج سەدە درێژبوو، کاریگەریشی لەڕووی تەلارسازی و سیستمی وانەوتنەوەش لەسەر خوێندنگەکانی پاش خۆی بەڕوونی دیاربوون، هەروەها کاریگەریی مامۆستا و دەرچووەکانی هەرایەکی زانستی و ئاینی وای نایەوە، کە دەنگدانەوەی سنوری خیلافەت و دەسەڵاتی سەلجوقی لەم

---

(١) ابن العماد: شذرات، ج٥، ص٣٢٤.

(٢) البدوي: التاریخ السیاسي، ص١٨٩؛مریزن: الحیاة العلمیة في العراق، ص٢٤٦.

(٣) ابن الاثیر: الکامل، ج٨، ص١٦٦.

(٤) ابن الاثیر: الکامل، ج٨، ص٣١١.

(٥) القزویني: آثار البلاد، ص٣٤٠.

(٦) (ابو یوسف الخازن الاسفراییني): گەشتیکردووە بۆ عێراق و شام و پاشان لە بەغداد جێگیربووە، لای دادوەر(ابي الطیب الطبري) خوێندوویەتی، گەنجینەداری کتێبخانەی نیزامییە بووە، زانایەکی ناسراوی (الاصول) بووە لەسەر ڕێبازی ئەشعەری، زانیاری لەبارەی ئەدەبەوە زۆر بووە، ڕێنووسێکی جوانی زانیووە، کتێب و دانراوی هەبووە(المستظهري، سیر الخلفاء، محاسن الاداب، بدائع الاخبار وروائع الاشعار)، لە (٤٨٨ک/١٠٩٥ز) کۆچی دوایی کردووە.(صلاح الدین: فوات الوفیات، تح/ احسان عباس، ط١، دار صادر، بیروت، ١٩٧٤م، ج٤، ص ٣٣٥).

(٧) السبکي: طبقات، ج٤، ص٣٥٩؛ مریزن: الحیاة العلمیة في العراق، ص٢٦٢.

(٨) ابن الاثیر: الکامل، ج٨، ص٢١٢.

پەڕی ڕۆژهەڵاتییەوە تاوەکو ئەوپەڕی ڕۆژئاوای بەتەواوی گرتەوە،[١] لە هەریەک لەو جێگەو شارانەی ئەو خوێندنگایانەی لێبوو یاسا و ڕێسای تایبەت بەخۆی هەبوو.[٢]

ڕێگای گەیشتن بە خوێندنگەی نیزامییە لەبەغداد بەئاسانی بەدەست نەدەهات، مەگەر خوێندکار و ئەوانەی ئارەزوویان هەبوو ببنە خوێندکاری ئەو خوێندنگانە ناو و ناوبانگێکی زانستی و دیاریان هەبوایە و بیانتوانیایە بەهۆی توانا زانستییەکەیانەوە پلە و پێگەیەک لە کۆڕی وەزیری سەلجوقی بەدەستبهێنن،[٣] ئەوەش بەهۆی ئەو ناوبانگە زانستییەی نیزامییەی بەغداد لەو کاتەدا هەیبووە و زیاتر وەک خوێندنگەیەکی فەرمی سوننی مەزهەبی شافیعی ناسراوە.

ئەو کاتەی خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد کرایەوە خودی وەزیری سەلجوقی بۆ بەشداری لەو بۆنە گرنگەدا گەیشتە بەغدادی پایتەخت و لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو و دیاری گەورە زانایان و خەڵکی ئەو شارە بەشداری ئەو بۆنەیەیان کرد، شاعیر و ئەوانەی لەوێدا ئامادەبوون پیاهەڵدان و دوعای خێری زۆریان بۆ وەزیر و کارە باشەکەی کردووە،[٤] بەتەواوەتی نازانرێت چ کاتێک و کێ ئەو ناوەی لەو خوێندنگایانە ناوە، بەڵام هۆکاری ناولێنانی نیزامییەکان بۆ ناوی (نظام الملک) وەزیری سەلجوقی دەگەڕێتەوە و تەرتوشی ئاماژە بە بوونی ناوی (نظام الملک) لەسەر ئەو خوێندنگایە(نیزامییەی بەغداد) دەکات،[٥] هەروەها ئەو مامۆستایانەشی لەو خوێندنگەیەدا وانەیان وتۆتەوە بەهەمان شێوە لە زانا و کەسایەتییە زانستییە زۆر دیار و بەتواناکان بوون، کە ئەهلی زانست لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای جیهانی ئیسلامیەوە بۆ فێربوون ڕوویان لێکردوون.[٦]

---

(١) الطرطوشي: سراج الملوک، ص١٢٩.

(٢) طلس : التربية والتعليم، ص١١٢.

(٣) السبكي: طبقات، ج٦، ص٢٠٥.

(٤) القزويني: آثار البلاد، ص٣٤٠.

(٥) سراج الملوک، ص١٢٩.

(٦) ابن العماد: شذرات، ج٥، ص٣٢٤.

## تەوەری سێیەم

## لقەکانی دیکەی خوێندنگە نیزامییەکان

له کاتێکدا خوێندنگەکانی دیکە بەو جۆرە لەبارەیانەوە نەنووسراوە، هەرچەندە ئەوەنەبێت خوێندنگەکانی دیکە بێ ڕۆڵ و گرنگی بووبێتن، ئەبی شامە هەموویان بە دیار و بەناوبانگ ئاماژە پێدەکات، هیچ ولاتێک بێبەش نەبووە لە خێروبێری (نظام الملك) ونەبوونی ئەو خوێندنگایانە، تەنانەت شوێنێکی وەک (جزيرة ابن عمر) ئەو بە شوێنێک لە بنمیچێکی زەوی ناوی دەبات، کە خوێندنگەیەکی گەورەی نیزامییەی تێدابووە.[١]

١-خوێندنگەی نیسابور لە خوراسان (نظام الملك)ی وەزیر بۆ ئیمام حەرەمەینی دامەزراندووە لەدوای گەڕانەوەی بۆ ئەو شارە، کە پێشتر و لەسەردەمی (عميد الملك)ی وەزیری (طغرل بك) ئاوارە بووبوو، لەهەر زنجیرە وانە وتنەوەیەکیدا سێسەد خوێندکار(فقيه)ی لەدەوروبەر بووە، لەوانەش ئەبو حامیدی (الغزالي) دەرچووی ئەو خوێندنگایە بووە، کە زانایەکی گەورە و کەسایەتییەکی پایە بڵندی مێژووی ئیسلامییە،[٢] (امام الحرمين) مامۆستای (الغزالي)، خوێندکارەکەی بە دەریایەکی قوڵ لە زانست ناو دەبات،[٣] دواتر و لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا بوو بە مامۆستای هەمان خوێندنگە و وانەی تێدا وتۆتەوە.[٤]

٢-گرنگی شاری ئیسفەهان لەهەرێمی خوراسان تەنها لە ناوەندی بوونی بازرگانی و مەڵبەندە زانستییەکەیدا کورت نابێتەوە، بەڵکو پێگە جوگرافییەکەی شوێنی چاوتێبڕینی سوڵتان و خواجەی وەزیر بووە، چونکە دەکەوتە ناوەندی ولاتی فارسەوە،[٥]هەوڵەکانی (نظام الملك) بەتەنها بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی ئەوشارە هاوتا و زیاتر بووە لەلایەنەکانی دیکەی شارستانی ئەو شارە، خزمەتەکانی وەزیر گەیشتە خوێندکاران و ئەوانەی فەرموودەیان دەگێڕایەوە و لایەنگرانی هونەر و وێژە، ماڵێک نەمایەوە وشەی تێدا نەنووسرێتەوە و نوکتە و دەنگی پێکەنینی شەوگەڕو کۆڕی هونەریان نەبیسترێت، لە دوای سەدەی پێنجەمی کۆچی، یازدەیەمی زایینی و کردنەوەی

---

(١) الروضتين، ج١، ص٩٨.

(٢) القزويني: آثار البلاد، ص٣٥٣.

(٣) السبكي: طبقات، ج٦، ص١٩٦.

(٤) السبكي: طبقات، ج٦، ص٢٠٠.

(٥) الاصفهاني: محاسن أصفهان، تح/ عارف أحمد عبد الغني، ط١، دار كنان، بغداد، ٢٠١٠م، ص١٩.

نیزامییەی ئیسفەهان لەلایەن خواجەی وەزیرەوە، ئیتر خوێندەوارانی دەرۆشتنە دەرەوە بۆ وەرگرتنی زانست و وڵات بە وڵات بەدوای فەرموودەیەکدا دەگەڕان.[1]

٣-خوێندنگەی (مرو) [2] نیزامولموک دایمەزراند و وانە وتنەوەی بە(أبي المظفر بن السمعاني) سپارد ، لە دوای ڕۆشتنی ئەو زانایە بۆ شاری (مرو) ساڵی(٤٦٨ک/١٠٧٥ز) و دوای گۆڕینی مەزهەبی خۆی لە حەنەفیەوە بۆ شافیعی، کە بۆماوەی سی ساڵ بەرگری لێکرد، ئەم مەزهەب گۆڕینەشی دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، (یاقوت الحموي) لە گەشتێکی خۆی بۆ شاری (مرو) لە ساڵی(٦١٦ک/١٢١٩ز) و مانەوەی بۆ سێ ساڵ لەوێ، بەلایەنی زانستی و بوونی گەنجینەی کتێب و ژمارەیەکی زۆری کتێب دا، هەڵدەدات، یەکێک لەوانە کتێبخانەی نیزامییەی (مرو) خۆی بوو.[3]

٤-نیزامییەی بەسرە، زانیاری زۆر لەلایەن مێژوونووسانەوە سەبارەت بەخوێندنگەی بەسرە تۆمارنەکراوە، (ابن الاثیر) لە ڕووداوەکانی ساڵی(٤٩٩ک/١١٠٥ز) ئاماژە بەو خوێندنگەیە دەکات، کە گوندێکی نزیک میربەد و هاوسێی گۆڕی تەڵحەی کوڕی عوبێدوڵای هاوەڵی پەیامبەر(د.خ) بووە.[4]

٥-نیزامییەی موسڵ لەلایەن مێژوونووسانەوە ئاماژەی پێکراوە، بەتایبەت خوێندنگەی موسڵ و زۆرێک لە زانایانی ئەو شارە، ئەوانەی وانەیان تێدا وتۆتەوە، ناویان لە کتێبە مێژووییەکاندا هاتووە،[5] (ابن الجبیر) ئاماژە بە بوونی زیاتر لە شەش خوێندنگە لە شاری موسڵ دەدات.[6]

---

(١) الاصفهاني: محاسن، ص٣١.

(٢) شاری (مرو): بەناوبانگترینی شاری خوراسان بووە، چیرۆکی زۆر لەبارەی درووست بوونییەوە هەیە، یەکێک لەوانە ئەوەیە کە ئەسکەندەری مەکدۆنی بە دامەزرێنەری دادەنێت، لەدوای ئەوەی بەسەر دارای سێیەم دا سەرکەوت، لە جەنگی(ابسوس).(یحیی بن حمزة: مدینة مرو والسلاجقة، ط١، مکتبة الثقافة الدینیة، القاهرة، ٢٠٠٧م، ص ص٩-١٠). لەسەر نەخشەی چینییەکان لە سەرەتای سەدەی چواردەی زایینی پێی وتراوە(ما-لی-ووە)، یۆنانییەکان بە(مرگیابی)ناویان بردووە، ئەسکەندەر ناوی ناوە(مروخانوس)، هەروەها(میلانوس)، بە(مارجینا) هاتووە، تەبەری بە(خداە دشمن) هێناویەتی، باوترین ناو شاری (مرو)ی پێیناسرێت(مرو الشاهجان)بووە.(نادر محمد اسماعیل محمد: دور العلماء المسلمین في مرو فی خدمة الحضارة الاسلامیة منذ منتصف القرن الثالث حتی نهایة القرن الرابع الهجری، رسالة ماجستیر، معهد الدراسات والبحوث الاسیویة، قسم الحضارات الاسیویة، جامعة القاهرة، ٢٠٠٦م، ص ص ٥-٦).

(٣) معجم البلدان، ج٥، ص١١٤.

(٤) الکامل، ج٨، ص٥٢٠.

(٥) ابن الاثیر: الکامل، ج٩، ص٤٤٣؛ السبکي: طبقات، ج٨، ص١١٤.

(٦) رحلة، ص٢١١.

٦-خوێندنگەی (هراة) لەناوچەی سنوری باکوری ئەفغانستانی ئێستابووە، (أبوبکر الشاشي٤٢٩-٥٠٧هـ/١٠٣٧-١١١٤م) بەفەرمانی خواجەی وەزیر لە شاری (هراة) وانەی تێدا وتۆتەوە.[١]

٧-شاری بەڵخ یەکێک بووە لەشارە دڵگیرەکانی خوراسان (نظام الملک) خوێندنگەی بەڵخی لێ دامەزراندووە و مامۆستاشی بۆ دابینکردووە وەک(أبو القاسم عبدالله بن طاهر ت ٥٢٦ هـ/١١٣١م).[٢]

٨-(آمل) ناوی یەکێکە لە شارە گەورەکانی (طبرستان) لە دەشتاییەکانیدا، چونکە (طبرستان) دەشت و شاخی هەبووە، ئەو شارە زانای گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، لەوانە تەبەری خاوەنی تەفسیر و مێژوونووسی بەناوبانگ،[٣] خوێندنگەی (آمل) یەکێک بووە لە نیزامییە گرنگەکان لە جیهانی ئیسلامیدا و ژمارەیەکی زۆری زانایان وانەیان تێدا وتوەتەوە لەوانە(أبو بکر المبارک بن کامل الخفاف٤٩٥-٥٤٣هـ/١١٠٢-١١٤٩م).[٤]

---

(١) السبکي: طبقات، ج٤، ص١٩٠.

(٢) السبکي: طبقات، ج٥، ص٤٢٩.

(٣) یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص٥٧.

(٤)الصفدي: الوافي بالوفیات، ج١٩، ص١٦٧؛ السبکي: طبقات، ج٧، ص٣٢٦.

## باسی سێیەم

# ئەو زانایانەی لە خوێندنگە نیزامییەکان وانەیان وتۆتەوە و ڕۆڵیان هەبووە

## تەوەری یەکەم

### هەڵبژاردنی زانا و وانەبێژانی نیزامییەکان لەلایەن (نظام الملک)ەوە

هەر ئەو کاتەی خواجە بزورگ پلەی وەزیری وەرگرت و ڕوویکردە بەغداد کە ڕووگەی شەرعزان و زانایان و هۆنەران بوو، بەهۆی ئەوەی خۆی بەئاگابوو لە زانستە شەرعییەکان، بەڵکو (السبکي) دەڵێت:''لەسەردەمی (نظام الملک)دا هیچ کەس هێندەی ئەو توانای لە لێکدان و ژمێرکاری و دارشتندا نەبوو، بەزمان پاراوی ناسرابوو بەهەردوو زمانی فارسی و عەرەبی''[١] واتە خۆی کەسێکی شارەزا و زانستخوازبووە، کۆڕەکانی بەئامادەبوونی زانا و فەقیهەکان ناسرابوو،[٢] گوێی لە گەورە زانایانی ئەوێ دەگرت و ناوەکانیانی وەردەگرت، ئەمەش لەپاشتر و لە دامەزراندنی نیزامییەکاندا سوودی لێبینیوون.

دامەزراندن و کردنەوەی خوێندنگە نیزامییەکان خەون و ئامانجی وەزیری سەلجوقی بوو، هەربۆیە مەرجی بۆ وانە وتنەوە و ئەو زانایانەی وانەیان تێدا دەوتەوە دانابوو، پێویست بوو وانەبێژان کەسانی ئامۆژیار و خاوەنی کتێب و نووسراوی خۆیان بن، ئەمەش هانی زۆرێک لە زانا و فەقیهەکانی دەدا هەوڵی بەدەستهێنانی پێگەی مامۆستاییی نیزامییەکان بدەن، تاوەکو ئەو ئەندازەیەی دوومامۆستای هەمان وانە ڕۆژناڕۆژێکیان بۆ وانە وتنەوەکە بەردەکەوت.[٣]

کاتێک خوێندنگەکانی لەهەر شارێک لەشارە ئیسلامییەکان دادەمەزراند زانایەکی خاوەن پێگە و ناسراوی ئەوشارەی بە زانست و پەیوەست بەئاینی بۆ هەڵدەبژارد،[٤] مەرج بوو خوێندنگەکان قورئان، هەروەها ''ئسوڵی فیقهی و فیقهـ لەسەر مەزهەبی شافیعی و زانستی کەلام لەسەر بنەڕەت و تێڕوانینی ئەشعەرییان تێدا بخوێنرێت''،[٥] شەرحی ئسوڵ و ڕوونکردنەوەی بەڵگەکانی،[٦] هەروەها (النحو،

---

(١) طبقات، ج٤، ص٣١٣.

(٢) ابن کثیر: البدایة والنهایة، ج١٦، ص١٢٦.

(٣) ابن قاضي شهبة: طبقات الشافعیة، تح/ الحافظ عبد العلیم خان، عالم الکتب، بیروت، ١٤٠٧هـ ج١، ص٢٦٧.

(٤) طلس: التربیة والتعلیم، ص١١٢.

(٥) عبدالهادي: نظام الملک، ص٣٥٩.

(٦) الاصفهاني: تاریخ دولة ال سلجوق، ص٣٢.

الصرف، البلاغة) كه بەزمانی عەرەبی دەخوێندران،[1] جگە لەو وانە ئیسلامییە شەرعییانە هەندێک وانەی تایبەت و بواری دیکەی تێدا دەخوێندرا، وەک زانستی پزیشکی،[2] (شیخ مهذب الدين بن هبل٥١٥-٦١٠هـ/١١٢١-١٢١٣م) یەکێک بوو لەو کەسانەی لەو بوارەدا سەرکەوتوو بوو، هەروەها لەبواری ژمێرياريی و بیرکاريدا سەرکەوتنيان بەدەستهێنا، لەو بوارەشدا (احمد بن نبات الهمامي ت ٦٣١هـ/١٢٣٣م) بۆ ماوەی چل ساڵ لە نيزامييەی بەغداد وانەی وتۆتەوە و خەڵکی فێری زانستی ژمێرياری دەکرد، کتێبی (غنية الحساب في علم الحساب)ی لەو بوارەدا داناوە.[3]

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٤.

(٢) ابن أبي أصيبعة: عيون الأنباء في طبقات الأطباء، تح/ نزار رضاء، دار مكتبة الحياة، بيروت، ١٩٩٥م، ص٤٠٨.

(٣) الزركلي: الأعلام، ج١، ص١٠٦.

## تەوەری دووەم

## هەڵسەنگاندنی توانای ئەو کەسانەی ئارەزوویان دەکرد ببنە مامۆستای نیزامییەکان، مەرج و پێوەرەکانی وەزیر بۆ ئەو پلەیە

وەزیر توانا و زانیاری مامۆستاکانی لەڕێگای ئەو وانە و کۆڕانەوە[١]تاقیدەکردەوە کە لە بۆنە جیاوازەکاندا دەبەستران و گفتوگۆی زانستی تێدا ئەنجام دەدرا، ئەو کۆڕانە زیاتر ڕۆژانی هەینی لەپاش نوێژی عەسر دەبەستران،[٢] ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە زانستییانە هاوشێوەی نیزامییەکانی دواتر پێگەیەکی گرنگی هەبوو، (ابن عساکر) لەباسکردنی زانایەکی وەک (الغزالي) دەڵێت:"لە کۆڕی (نظام الملک) دا پێگەیەکی ڕەزامەندی لەسەر دراوی وەرگرتووە و ڕەزامەندی لەسەردراوە".[٣]

لە ساڵی(٤٦٨ک/١٠٧٥ز) (أبي المظفر) لە کۆڕێکدا لە نیسابور وەزیر بۆی ڕێکخستبوو، لەدوای پرسیار و وەڵام و دەرکەوتنی پلەی بەرزی ئەو زانایە وەک مامۆستا دایمەزراند.[٤]

پرسیاری بۆ ئامادە دەکردن و ئاراستەی دەکردن، هەرکام لەوان لەڕووی زیرەکی و توانای زانستییەوە کەوتبانە چوارچێوە و بیری وەزیر و دڵخوازی بوونایە ئاراستەی ئەو ڕێگایەی دەکرد کە خۆی مەبەستی بوو، هەرکەسێکیانی بۆ ئەو جێگەیە دیاریدەکرد بەشیاوی ئەو کارەی بزانیایە، ئەوانەی بواری زانستی وەک مامۆستا دادەمەزراند یاخود خوێندنگەی بۆدەکردنەوە و وەقفی بۆ تەرخاندەکردن و دەیانردن بۆ ئەو ویلایەتانەی زۆرترین نەخوێندەواری تێدابووایە.[٥]

---

(١) ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانە لەسەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی، دەیەم و یازدەیەمی زایینی زیاتر پەرەیان سەند، کاریگەریەکی گەورەیان لە پێشخستن و بەرەو پێشچوونی زانستی ئیسلامییدا بەشێوازێکی گشتی هەبوو، گفتگۆی لەڕێگەی زانست و زمانەوانییەوە بۆ سەرکەوتن بەسەر بەرامبەردا تێدا هەبووە، مەرجیش بووە گفتوگۆکار خاوەنی کتێب و نووسین و توانای بیروڕاگۆڕینەوەی هەبێت و هیچ جۆرە ڕک و کینەیەکی زانستی نەبووبێت، ئامانج لێی گفتوگۆی زانستی و گەشتن بە ڕاستی بووە، (نظام الملک)ی وەزیر سوودی لەم کۆڕانە دیووە بۆ هەڵبژاردنی وانە بێژ و مامۆستایانی نیزامییەکان.( طلس: التربیة والتعلیم، ص١٣٨).

(٢) ابن جبیر: رحلة، ص١٩٥.

(٣) تاریخ دمشق، ج٥٥، ص٢٠١.

(٤) السبکي: طبقات، ج٥، ص٣٤٤.

(٥) الاصفهاني: تاریخ دولة ال سلجوق، ص٥٤.

هەر مامۆستا و وانەبێژێک دیاریدەکران، لەوخوێندنگایانەدا دادەمەزران بەپێ ئەو مەرج و خواستانەی خواجەی وەزیر هەیبوون لە پێگەکەی خۆیدا وەک مامۆستا بۆ هەمیشە دەمایەوە،[١] مامۆستاکان بەرپرسبوون لە ئامادەکردنی وانە و ڕێکخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن،[٢] لەپاش مردنیشی یەکێک لە خوێندکارەکانی خۆی یاخود کوڕێکی، کە خوێندکاری نیزامییە بووایە دیاریدەکرد و لەشوێنی ئەو وانەی دەوتەوە،[٣] زاراوەی (المدرس) وانەبێژ و پاشان (استاذ) بۆ پلەیەکی بالاتری مامۆستا و (النائب) بۆ وانەوتنەوە لەکاتی سەرقاڵی و نەخۆشی مامۆستای خوێندنگەکەدابەکارهاتووە، هەروەها (المعید) [٤] بۆ وانەوتنەوە لەنێو خوێنکارەکانیدا وەک هاوکارێک دیاری دەکرا بەکاردەهات،[٥] فرمانی (المعید) بۆ یەکەمجار لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، یازدەیەمی زایینی دەرکەوتووە و لەپێش ئەو مێژوەوە نەبووە، دەرکەوتنی پەیوەندی بە خوێندنگە نیزامییەکانەوە هەیە.[٦]

---

(١) السبکي: طبقات، ج٥، ص١٢٤.

(٢) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٦٢.

(٣) ابن عساكر: تاريخ دمشق، ج٣٤، ص٣١٠.

(٤) ابن قاضي شهبة: طبقات الشافعية، ج٢، ص٧٤.

(٥) عبدالهادي: نظام الملك، ص ص٣٥٧-٣٥٨.

(٦) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٦٢؛ مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص٢٦٥.

## تەوەری سێیەم

## بەناوبانگترین ئەو مامۆستایانەی لە خوێندنگە نیزامییەکاندا وانەیان وتۆتەوە

وەک ئاماژەی پێکرا (نظام الملک)ی وەزیر بۆ باشترین مامۆستا و زاناکانی ئەو سەردەمەی جیهانی ئیسلامی گەڕاوە تاوەکو لە نیزامییەکاندا و بەتایبەت لە نیزامییەی بەغداد وەک مامۆستا وانەبڵێنەوە و ئامانجەکانی ئەو خوێندنگایانەیان پێ بەدیبهێنێت، بە پێچەوانەشەوە زانا و شارەزایانی بواری شەرع و ئەوانەی مەرج و پێودانگەکانی وەزیر و دەسەڵات دەیگرتنەوە ئارەزوومەندبوون و دەیانویست ببنە مامۆستا و وانەبێژی ئەو خوێندنگایانە، چونکە ئەو خوێندنگایانە پێگەیەکی بەرزی ڕۆشنبیری و زانستییان هەبوو،[١] لەو خوێندنگایانە و لەسەردەستی مامۆستاکانیان ژمارەیەکی زۆر و بەرچاو لە کەسایەتییە دیارەکانی دواتری جیهانی ئیسلامی و مەزهەبی سوننی دەرچوون، بوونە ڕۆڵگێڕی سەر گۆڕەپانی ڕووداوە هزری و لێکەوتە سیاسی و بگرە سەربازییەکانی پاش سەردەمی وەزیری سەلجوقی و ئەو خوێندنگایانەش.

١-یەکەم کەس و مامۆستای نیزامییەی بەغداد (ابو نصر بن محمد بن صباغ) (ت ٤٧٧ک/١٠٨٤ز) بوو،[٢] بۆ ماوەی بیست ڕۆژ ئەرکی وانە وتنەوەی لەئەستۆ گرت[٣] و پاشان٢- (ابو اسحاق الشیرازي) (ت ٤٧٦ک/١٠٨٣ز)کە (نظام الملک)ی وەزیر خوێندنگای نیزامییەی بەغدادی لە بەر پێگەی ئەو دامەزراند، پاشتریش لەژێر چاودێری شیرازی خوێندگاکە بەڕێوەچوو،[٤] دانراوی زۆری هەن لەوانە (التنبیة والتبصرة)لە ئسوڵی فیقهی شافیعیدا نووسیویەتی، (طبقات الفقهاء)دەربارەی ژیاننامەی کۆمەڵێک لە زاناو فەقیهەکانی پێش سەردەمی خۆی بووە، لەسەربنەچە، کار، کتێبەکانیان، مامۆستا و خوێندکارەکانیان بووە، لەدوای مردنی شیرازی ئەبو نەسر جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ وانە وتنەوەی نیزامییە، بەهەمانشێوە ئەمیش خاوەنی ژمارەیەک نووسرا و کتێبە لەوانە (الشامل والکامل وکفایة المسائل).[٥]

---

(١) شلبي: تاريخ التربية الإسلامية، ص٢٣٣.

(٢) السبكي: طبقات، ج٥، ص١٢٤.

(٣) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٣، ص٢١٨.

(٤) ابن قاضي شهبة: طبقات الشافعية، ج١، ص٢٣٩.

(٥) ابن الاثير: الكامل، ج٨، ص٢١٢؛ الصفدي: الوافي بالوفيات، ج٦، ص٤٢.

٣-یەکێکی دیکە لەوانەی مامۆستای خوێندنگەی نیزامییە بووە (أبو سعد، عبد الرحمن بن مأمون) (ت ٤٧٨ک/ ١٠٨٥ز)، دانراوی زۆری هەیە لەبوارەکانی (الخلاف و اصول الدين) لەسەر ڕێبازی ئەشعەری، وانەی لای زۆر مامۆستا خوێندووە لەوانە (أبي القاسم القشيري)، لە دوای شیرازییەوە لە نیزامییە وانەی وتۆتەوە، ماوەیەک لایانبردووە و پاشان کراوەتەوە بەمامۆستا و لەو خوێندنگایە ماوەتەوە تاوەکو مردووە.(١)

٤-لەبەناوبانگترین و کاریگەرترین مامۆستایانی خوێندنگە نیزامییەکان و بەتایبەت نیزامییەی بەغداد (أبو حامد الغزالي) (ت ٥٠٥ک/ ١١١١ز)،(٢) لە باسی دووەمی کۆتا بەشی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە ڕۆڵی (الغزالي) کراوە لەبەرەنگابوونەوەی هزری شیعە و شیعەگەرییدا، بە (حجة الإسلام) ناسراوە، چونکە بە:"کۆکەرەوەی زانستە دیار و جۆراوجۆرەکان لە چەمک و گواستراوە جۆراو جۆرەکان"دادەنرێ.(٣)

٥-(امام الحرمين ابو المعالم الجويني) (ت ٤٧٨ک/ ١٠٨٥ز) ناسراو بە (شيخ الشافعية) (٤) مامۆستای خوێندنگەی نیسابور بووە بۆ ماوەی سی ساڵ بەبێ دابڕان، خۆی خاوەنی دوانگە، وتار، ئامۆژگاری و وانە وتنەوەی خوێندنگەکەبووە، ژمارەیەکی زۆر لە گەورە زانایانی خوێندنگە نیزامییەکان لەسەر

---

(١) السبكي: طبقات، ج٥، ص ص١٠٦-١٠٧.

(٢) أبو حامد الغزالي: لە (الطوس) لەدایکبووە و هەرلەوێش بەشێک لەوانەکانی سەرەتای فەقێیەتی لای (الإمام أحمد الرادكاني) خوێندووە، پاشان ڕوویکردووەتە نەیسابور و وانە جیاوازەکانی لای (امام الحرمين) تەواووکردووە، لەماوەیەکی کەمدا دەرکەوتوو دیاربووە لەبواری زانستی شەرعی و قورئاندا، لەکۆڕەکانی (نظام الملک)دا توانیویەتی پێگەیەک بۆخۆی داگیربکات و ببێتە مامۆستای نیزامییەی بەغداد، پلەو پێگەیەکی بەرزی لەو خوێندنگایە هەبووە ژمارەیەکی زۆر لە دانراو کتێبی لەبوارە جیاوازەکانی شەریعەتی ئیسلامی و هزرە جیاوازەکاندا هەیە، لەساڵی(٤٨٩ک/١٠٩٥ز) ڕووی لە شام و میسر و ڕۆژئاوای جیهانی ئیسلامی کرد، لە کۆتایی تەمەنیدا ڕووی لە زێد و وڵاتی خۆیی کردەوە، لە کتێبە بەناوبانگەکانی (إحياء علوم الدين، الأربعين، الرسائل التي من تأملها علم محل الرجل من فنون العلم، تهافت الفلاسفه...) زۆرێکی دیکە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە غەزالی بڕوانە (السبكي: طبقات، ج٦، ص ص٢٠٤-٢٢١؛ الزركلي: الاعلام، ج٧، ص ص٢٢-٢٣؛ رضا محمد: ابو حامد الغزالي، مكتبة الوفد، مصر، ١٩٢٤م).

(٣) طبقات، ج٦، ص١٩١.

(٤) ابن قاضي شهبة: طبقات، ج١، ص٢٥٥.

دەستی ئەم مامۆستایە دەرچوون و پێگەشتوون، لەوانە ئەبو حامیدی (الغزالي) و( الکیا أبي الحسن هراسي) (ت٥٠٤ ک).[١]

٦-(أبي النجیب عبد القاهر بن عبد الله بن محمد السهروردي الشافعي) (ت ٥٦٣ک/ ١١٦٧ز)،[٢] قوتابخانەیەک و (رباط) ێکی بۆخۆی دامەزراندووە، خەڵکی سوهرەوەرد بووە،[٣] زانستی بەجۆرێک بووە، گەیشتوەتە پلەیەک ناسناوی پلەی موفتی عێراقی وەرگرتووە، پاشان بۆماوەی دووساڵ مامۆستای نیزامییەی بەغداد بووە.

هەندێک لەو خوێندکارانەی دەرچووی خوێندنگە نیزامییەکان (بەتایبەت نیزامییەی بەغداد) بوون، پاشان وەک مامۆستا یاخود دادوەرو فەرمانبەر کاریانکردووە

٧-(بهاء الدين يوسف بن شداد) (ت ٦٣٢ک/ ١٢٣٥ز)،[٤] خوێندکاری نیزامییە بووە لە(٥٦٦ تاوەکو ٥٧٠ک/١١٧٠-١١٧٤ز) لە نیزامییەی بەغداد خوێندوویەتی، پاشان بووەبە مامۆستا و بۆ ماوەی چوارساڵ وانەی تێدا وتووەتەوە، کتێبی مێژوویی بەناوبانگ (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية)و(سيرة صلاح الدين) [٥]ی نووسیووە لەبارەی تەواووی ڕووداو ژیانی سەرکردەی کوردی (صلاح الدين) ئەیوبییەوە[٦] بەو پێیەی ئەو مێژوونووسە خۆی لەگەڵ سوڵتان بووە.

لەسەر دەستی ئەم مامۆستا و زانایانە کۆمەڵێک خوێندکار لەو خوێندنگایانەدا دەرچوون و پێگەیشتن، کە پاشتر بوونە هۆ و ئامرازێکی بەهێز بۆ بە ئامانج گەیشتنی ئەو مەبەستەی خوێندنگا نیزامییەکانی بۆ دامەزرابوون، هەروەک لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژە بەهۆکاری دامەزراندنیان کراوە، بەتایبەتی هۆکاری هزری، کە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی بیری شیعە و شیعەگەراییدا دەبینیەوە ، زۆری ژمارەی ئەو خوێندکارانە بەئەندازەیەک بوون شیرازی مامۆستای نیزامییەی بەغداد

---

(١)الصفدي: الوافي بالوفيات، ج١٩، ص١١٧؛ السبكي: طبقات، ج١، ص٢١٩.

(٢) السبكي: طبقات، ج٧، ص١٥٩.

(٣) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص٤٢٧.

(٤) الزركلي: الأعلام، ج٨، ص٢٣٠.

(٥) ابن العماد: شذرات، ج٧، ص٢٧٧.

(٦) السبكي: طبقات، ج٧، ص٣٤٠.

له گەشتێکیدا بەرەو خوراسان دەڵێت:''گەشتمە هەر شار و گوندێک دادوەرەکەی یاخود موفتیەکەی یان وتاربێژی ئەو جێگایە لە خوێندکارانم یاخود هاوڕێیانی خۆم بوون''.[١]

٨-(أبو المظفر السمعاني) (ت ٤٨٩ک/ ١٠٩٥ز) لەسەرەتادا هاوشێوەی باوکی[٢] حەنەفی مەزهەب بوو دوای ڕۆیشتنی بۆ بەغداد و خوێندنی وانە لەو خوێندنگایە لای (الشیرازي و ابن الصباغ)، پاشان چووە سەر مەزهەبی شافیعی لە ساڵی(٤٦٨ک/١٠٧٥ز)،[٣] دواتر بەرەو طوس و نیسابور گەشتیکرد و (نظام الملک) پێشوازی لێکرد و ڕێگای دا وانە و ئامۆژگاری لە خوێندنگەکەیدا پێشکەش بکات، پاشان گەڕاوەتەوە (مرو) و لەوێش وانەی وتۆتەوە و خەڵک لەسەردەستی فێربوون،[٤] زانایەکی پایە بڵندی بوارەجیاوازەکانی زانستە ئیسلامییە جیاوازەکان بووە،[٥] لە کتێبەکانی (الاصطلام، البرهان، الأمالي لە حەدیسدا)، بۆ ئەهلی سوننە و جەماعە دەمارگیربووە، دڕک بووە لە چاوی نەیارەکانیدا)،[٦] زۆر دانراوی دیکە لە بوارە جیاجیاکانی شەریعەتی ئیسلامیدا هەیە.

بەهەمانشێوەی مامۆستاکانی نیزامییە زۆر خوێندکار لەسەر دەستی ئەم زانایە فێربوون و پاشان ئەوانیش مامۆستا و زانایان لێدەرچووە وەک

٩-(أبو الفتح أسعد بن أبي نصر بن الفضل القرشي، العمري، المیهني، صاحب (التعلیقة) البدیعة)، لە (مرو) خوێندویەتی، پاشان ڕوویکردوەتە غەزنە و لەوێ دەرکەوتووە، لە ساڵی(٥٠٧ک/١١١٣ز) لە خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد وانەی وتۆتەوە، شەست وشەش ساڵ ژیاوە ولە ساڵی (٥٢٧ک/١١٣٢ز) لە هەمەدا کۆچی دوایی کردوە.[٧]

---

(١) السبکي: طبقات، ج٤، ص٢١٦.

(٢) ( أبو منصور السمعاني، محمد بن عبد الجبار القاضي المروزي الحنفي): باوکی (أبي المظفر السمعاني) یە، لە (مرو) لە شەوالی ساڵی(٤٥٠ک/١٠٥٨ز)مردوە، ئیمامێکی خواناسی شارەزا بووە لە نەحو، زمانەوانی، چەندین دانراویشی هەبووە). (ابن العماد: شذرات، ج٥، ص٢١٩).

(٣) الذهبي: سیراعلام، ج١٩، ص١١٦؛ محمد سعد السید: الحیاة الفکریی، ص٩٢.

(٤) السبکي: طبقات، ج٧، ص٣٠٤.

(٥) (یا سائلي عن علم الزمان            وعالم العصر لدى الأعیان

لست ترى في عالم العیان            کابن أبي المظفر السمعاني). (السبکي: طبقات، ج٧، ص٩).

(٦) الذهبي: سیراعلام، ج١٩، ص١١٦.

(٧) الذهبي: سیراعلام، ج١٩، ص ص٦٣٣-٦٣٤.

١٠-مێژوونووسی شامی (ابن عساكر) ( ت ٥٧١ک/ ١١٧٥ز) لە خوێندنگەی نیزامییە خوێندویەتی لەپاش گەڕانەوەی بۆ وڵاتی خۆی کتێبە بەناوبانگەکەی (تاريخ دمشق)ی نووسیووە کە لە هەشتا بەرگ پێکهاتووە.(١)

١١-یەکێکی دیکە لە دەرچووانی خوێندنگە نیزامییەکان (العماد الكاتب الاصفهاني) ( ت ٥٩٧ک/ ١٢٠٠ز)، لە نیزامییەی بەغداد لای (الشيخ أبي منصور سعيد بن الرزاز) خوێندویەتی، لە بەناوبانگترینی ئەو دەرچووانە بووە کە هەندێک پۆستی ئیداری و بەڕێوەبەرێتی دەوڵەتی وەرگرتووە،(٢) پاشان ڕوویکردۆتە شام و لای نورەدین مەحمودی زەنگی ماوەتەوە و خوێندنگەی (العمادية)ی پێ سپاردوە.(٣)

١٢-دەرچوویەکی دیکە (إدريس بن حمزة بن علي، أبو الحسن الشامي الرملي العثماني) ( ت ٥٠٤ک/ ١١١٠ز)بوو، خەڵکی (الرملة) بووە شارێکە لە شارەکانی فەلەستین، لە بەغداد لای شیرازی وانەی خوێندووە، ڕوویکردووەتە خوراسان و وڵاتی ئەودیو ڕووبار، پاشان لە سەمەرقەند نیشتەجێ بووە، لەوێ بووە بە مامۆستا تاوەکو کۆتایی تەمەنی ماوەتەوە.(٤)

١٣-(أبي الحجاج يوسف عبد العزيز اللخمي الميورقي) لە مەیروقەی خۆرهەڵاتی ئەندەلوس بووە، لە نیزامییەی بەغداد لای (أبي الحسن الطبري) ناسراو بە (كيا الهراسي) وانەی خوێندووە، پاشان ڕۆشتووە بۆ ئەسکەندەریە و لەوێ ماوەتەوە و وانەی فیقهی شافیعی زانستی فەرموودەی تێدا وتوەتەوە تاوەکو مردووە لە (٥٢٣ک/ ١١٢٨ز).(٥)

هەندێک لەو دەرچووانەی خوێندنگەی نیزامییە کە پلەی دادوەریان وەرگرتووە یاخود لەو بوارەدا کاریانکردووە، ١-(عبدالله الجويني) ( ت ٦٠٥ک/ ١٢٠٨ز) دادوەری بەسرە بووە تاوەکو مردنی،(٦) ٢-(يحيى ابن القاسم بن المفرج أبو زكريا التكريتي) ( ت ٦١٦ک/ ١٢١٩ز) لە تکریت خوێندویەتی، پاشان ڕوویکردووەتە موسڵ و لای (سعيد بن الشهرزوري) ( ت ٥٧٦هـ/١١٨٠م) خوێندویەتی، دواتر لای

---

(١) ابن العماد: شذرات، ج١، ض٤٥.

(٢) ابو الفتوح بدوي: التاريخ السياسي والفكري، ص١٩٢.

(٣) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص٧١١.

(٤) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٧، ص١٢١.

(٥) ابو الفتوح بدوي: التاريخ السياسي والفكري، ص١٩٠.

(٦) السبكي: طبقات، ج٨، ص١٠٠.

هەریەک لە (أبي النجيب السهروردي و يوسف الدمشقي) لە بەغداد خوێندویەتی و پاشان گەڕاوەتەوە شارەکەی خۆی و بووە بە دادوەر و ماوەیەکیش وانەی وتووەتەوە، دواتر گەڕاوەتەوە نیزامییەی بەغداد و لە (٦٠٧ک/ ١٢١٠ز) بووە بەمامۆستا لەوێ.[1]

ئەمانەی سەرەوە هەندێک بوون لە مامۆستا و خوێندکارە دیار و بەناوبانگەکانی خوێندنگە نیزامییەکان، بەتایبەت خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد، لەو خوێندنگەیەدا فێری شەریعەت و زانستە شەرعییە ئیسلامییەکان بوون، هەر لەوێ بوونە هەڵگری بیری ئەو خوێندنگایانە و بەرەو ناوچەو شارەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی هەنگاویان هەڵگرت، ئەوەی فێری بووبوون وەریانگێڕایە سەر زمانی کرداری، ئەوان کۆمەڵە سەربازێک بوون لەسوپای هزر و بیری ڕووبەڕووبوونەوەی هزری جیاواز لە هزری مەزهەبی سوننی و ڕێبازی ئەشعەری.

تێبینی دەکرێت خوێندنگە نیزامییەکان ڕۆڵێکی کاریگەرییان لە ناردنەدەرەوەی هزری سوننی بۆ ناوچەکانی دیکەی ئیسلامی هەبووە، پرۆژەی دەسەڵاتی سەلجوقی بۆ هەرێمەکانی دیکە بەڕێکردووە، هەربۆیە ئاساییە کولتوری هێزێکی نوێ لەسەر گۆڕەپانی سیاسی لە وڵاتی شام و پرۆژەی بزوتنەوەی جیهادی دژ بە شیعە و خاچ درووشمەکان دەرکەوت لە هەمانکاتدا.

---

(١) السبكي: طبقات، ج٨، ص ص٣٥٦-٣٥٧.

# بەشی چوارەم

# ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان

# لە بەرەنگاربووەنەوەی شیعەگەرییدا

## باسی یەکەم

## ئەو وانانەی لە خوێندنگە نیزامییەکان دەخوێندران

## باسی دووەم

## ڕۆڵی (الغزالي) مامۆستا و زانایانی خوێندنگە نیزامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی شیعەگەرییدا

## باسی سێیەم

## ڕۆڵ و کاریگەریی خوێندنگە نیزامییەکان لە نێو کۆمەڵگە و دەسەڵات

# باسی یەکەم

## ئەو بابەتانەی لە خوێندنگە نیزامییەکان دەخوێندران

لەسەرەتادا خوێندنگە نیزامییەکان بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامییەکان دامەزرابوون، پڕۆژەیەکی درێژکراوەی خوێندن بوون هاوشێوەی ئەوەی لەمزگەوتەکاندا دەخوێندران، لەسەر خوێندنی ئیسلامی و زمانەوانی دامەزرا بوون،[١] دەبوو هەر بەوجۆرە بێت نەدەتوانرا بەرنامەیەکی خوێندنی دیکەی پێچەوانەی بیری خەڵک لەزانستە شەرعییەکان و جیاوازبن لەو چوار مەزهەبەی هەبوون،[٢] بەتایبەت وەزیر خۆی لەسەر فیقهی مەزهەبی شافیعی[٣] و ڕێبازی ئەشعەری بوو،[٤] ئەشعەری لەوکاتەدا گونجاوترین گروپی سوننە بوو بتوانێت سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی زانستی بەرهەڵستکاریی لەو جۆرە بکات، دابینکردنی پێداویستی و لایەنی ئابووریی خوێندنگاکان لەلایەن وەزیرەوە بوو، هەربۆیە بەرنامەو میتۆدی خوێندیان بەپێی پلان و بیرکردنەوەی وەزیربووە، ئەویش کەسێکی پابەندی ئاینی و لایەنگری مەزهەب و ڕێچکەیەکی دیاریکراو بوو، کەدەبوو خوێندنی ئەو خوێندنگایانەی لەسەر بڕوات.[٥]

لەگەڵ ئەوەشدا دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان وردە وردە بەرەوپێشچوونی بابەتی و میتۆدی خوێندن و زانستی جیاواز لەوانەی پێشخۆی هێنایە نێوبواری خوێندن، ئەو ئاڕاستەیە وەڵامدەرەوەی ڕۆحیی ئەو کات بوو، کە ئەو خوێندنگانە تێیدا گەشەیانکردبوو،[٦] بەتایبەت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، چونکە ناوچە جوگرافییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بوەیهییە شیعەکان فەرمانڕەواییان دەکردن.[٧]

---

(١) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٥٧.

(٢) الشلبي: تاريخ التربية الإسلامية، دار الكشاف، بيروت، ص٩٧.

(٣) ((نظام الملک) دەڵێت:''هیچ مەزهەبێک لە دونیادا بەقەد مەزهەبی من(ابي حنيفة و الشافعي) باشتر و بەهێزتر نیە، مەزهەبەکانی دیکە داهێنەر(بدعة) شوێنکەوتەی ئارەزوو و (شبهات)ن''، پابەندییەکە (الب ارسلان)ی نیگەرانکردووە و وتویەتی''ئای بەداخەوە! خۆزگە وەزیرەکەم شافیعی نەبووایە'').(نظام الملك: سيرالملوک، ص١٣٣).

(٤) السبكي: طبقات، ج٧، ص٢٩٦.

(٥) نظام الملك: سيرالملوک، ص٢٢؛ مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص٢٦٨.

(٦) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٥٦.

(٧) الشلبي: تاريخ التربية الإسلامي، ص٩٨.

دروستبوونی ئەو خوێندنگایانە پرۆژەیەک بوو بۆ وەستانەوە بەڕووی هزری شیعەدا،[١] لەبەرئەوە (نظام الملك) وای دەبینی زانست باشترین هۆکارە بۆ ڕووناککردنەوە و داگیرکردنی بیری خەڵکی بۆ تێگەشتنیان لەڕاستی و ناڕاستی،[٢] پێی وابوو، پێویستە بیری پوچ و خەیاڵی ئەفسانەیی لە مێشک و دەروونیان دەربچێت، ئەویش بە پاڵپشتی مەزهەبی سوننە[٣]و ڕێبازی ئەشعەری ئەو هەوڵە بدرێت، کە خۆی هەڵگری ئەو باوەڕەبوو،[٤] چونکە لەو ماوەیەدا(٤٥٥ک/١٠٦٣ز) شیعە(ئیسماعیلی و ئیمامی) چالاکی زۆر و جۆراوجۆری هزریان هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی خۆیان، وەزیریش بۆ بەرگرتن لەبیری شیعە وای بینیوە، سەرکەوتن بەدەستنایەت تەنها بەچالاکی هاوشێوەی هەوڵەکانی ئەوان نەبێت، بەڵام بەبیرو تێڕوانینی سوننە پاڵپشتی ئەو سەرکەوتنە دەبێت.[٥]

(نظام الملك)ی وەزیر چۆن مامۆستاکانی لە کۆڕی زانستی و بە هەڵسەگاندن و تاقیکردنەوە هەڵدەبژارد، بەهەمان شێوە لەدیاریکردنی وانەکانی ئەو خوێندنگایانەدا پەنای بۆ دیاریکردنی میتۆد و پەیڕەوێکی دیاریکراو بردووە.[٦] تاوەکو خوێندکاران لەسەری بڕۆن و پەروەردەیان بەپێی ئەو سەرچاوانەبێت.[٧]

وانەکانی خوێندن بەچڕیی خۆیان لە زانستە شەرعییەکاندا دەبینییەوە، بەتایبەت لەسەر مەزهەبی سوننی لەڕووی فیقهی[٨]و ئەشعەری لەبارەی(اصول العقيدة)وە، گومانی تێدانییە پاشماوەی زانستیی شافیعی وەک(الفقه والاصول والعقائد وسيرته الذاتية) باڵی کێشابوو بەسەر پەیڕە و بەرنامەی خوێندنی ئەو خوێندنگایانەدا، نەوەک تەنها لەڕووی فیقهەوە، بەڵکو لەبارەی فەرمانە شەرعی و کردەییەکانیشەوە کاریگەریەکی باڵا و ڕۆڵێکی بەرچاو و شوێنەواریی دوورو درێژی لەسەر

---

(١) أبو الفتوح، التاريخ السياسي، ص١٧٦.

(٢) نظام الملك: سيرالملوک، ص٥١.

(٣) (بە مەزهەبی خێر و چاکە ناوی دەبرد).(نظام الملك: سيرالملوک، ص)١٠٤.

(٤) السبكي: طبقات، ج٧، ص٢٩٧.

(٥) أبو الفتوح: التاريخ السياسي، ص١٧٦.

(٦) لێرەدا مەبەست سەرچاوەی بابەتەخوێندراوەکانە، کە خۆی دەبینییەوە لە زانستە ئیسلامییەکاندا، نەوەک چوارچێوە و شێوەی دیاریکراوی وانەکان بێت، چونکە لەسەرەتاو تاکوماوەیەکی زۆر نەمیتۆدێکی دیاریکراوی وانە وتنەوە و نەکاتێکی پەیڕەولێکراو هەبوون بۆ خوێندنگاکان.(توێژەر)

(٧) أبو الفتوح: التاريخ السياسي، ص١٨٣.

(٨) تێگەشتنێکی قوڵ و دەرچەیەکە بەهۆیەوە دەتوانرێت مەبەست و ئامانجی وتە و کردارەکان بزانرێت.(محمد أبو زهرة: أصول الفقه، دار الفكر العربي، ١٩٥٨م، ص٦)، خوای گەورەش دەفەرموێت:''فما لهؤلاء القوم لايكادون يفقهون حديثا''(سورة النساء: الاية ٧٨)واتە''ئەوە ئەو خەڵکە چییانە؟ خەریکە لە هیچ شتێک تێنەگەن و لە حەقیقەت حاڵی نەبن''.(کاکە مەحموود: تەفسیری ڕامان، ل٢٠٥).

جێهێشتن،[1] هەروەها لەبارەی زمانەوە بەهەمان شێوە کاریگەریی شافیعی بەسەر خوێندنگاکانەوە دیارە، بۆ نموونە کەسێک بیەوێت شارەزای قورئان ببێت لەبارەی ئایەتەکانی(الناسخ والمنسوخ) مەرجی لەسەرداناوە زمانی عەرەبی بزانێت، چونکە قورئان بنەڕەت و سەرچاوەی یاسا و شەریعەتی ئیسلامە.[2]

خوێندنی وانەکان لە خوێندنگە نیزامییەکاندا بواروبەشی جیاواز و تایبەت بوون بە زانستە شەرعییەکان، وەک بەشێک بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەی قورئان، بەشێک بۆ فێربوونی(الفقه والأصول)، یەکێکی دیکە بۆ خوێندنی فەرموودەی پەیامبەر(د.خ) و ئامۆژگاری، لقی دیکەیان هەبوو بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی، (نظام الملک)ی وەزیر مەرجی خوێندنی قورئان و زمانی عەرەبی دانابوو،[3] لەبەرکردنی تەواوی قورئان بە خوێندن و نوسین و زانینی ڕێزمان مەرجی سەرەکی مامۆستایانی ئەو خوێندنگایانەبوون،[4] لەبەرئەوەی خوێندنی وانەکان بەزمانی عەرەبی بوون، تەواوی کتێبەکان بەجیاوازی تایبەتمەندیانەوە بەزمانی عەرەبی نوسرابوون، تاکو ئەو ڕادەیە نوسین و تێکەڵکردنی هەندێک زاراوەی زمانەکانی دیکەی جگە لەعەرەبی بخرایەتە نێو دانراو و وانەکانیانەوە دەبووە جێگای تانە و گاڵتەئامێزی هەندێک لە زانایان، ڕەخنە لە (الغزالي) مامۆستای هەردوو خوێندنگەی نیزامییەی بەغداد و نیسابور گیراوە، وێڕای زمانپاراویی و بەهێزیی توانای دەربڕینی بەهۆی بەکارهێنانی هەندێک زاراوەی فارسی کە زمانی دایک و ناوچەی لەدایکبوونی خۆیەتی لە کتێبی(کیمیاء السعادة).[5]

بۆچوونی ئەوزانایانە و خودی وەزیریش بۆ بەگرنگزانین و پێویستی خوێندنی وانەکان بەزمانی عەرەبی بە پیرۆزدانان و لەپیشبوونی هەردوو بابەتی قورئان و فەرموودەی پەیامبەر(د.خ) بووە، پێیان وابووە ڕاستی هەردووکیان نازانرێت لەڕێگای زانستی شیکردنەوەی زمانەوە نەبێت، هەربۆیە خوێندنی وانەکان لەو خوێندنگایانەدا دەبوو بەزمانی عەرەبی بن.[6]

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٤.

(٢) أبو زهرة: أصول الفقه، ص٣٨١.

(٣) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٣٠٤؛ مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص٢٦٣.

(٤) مرسي: التربية الإسلامية، ص٢٩٠.

(٥) الصريفيني: المنتخب من كتاب السياق لتاريخ نيسابور، تح/ خالد حيدر، دار الفكر، سوريا، ١٤٤١هـ ص٧٦.

(٦) يوهان فك: العربية(دراسات في اللغة واللهجات والأساليب)، تر/ عبدالحليم النجار، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١٤م، ص٢١٠.

## تەوەری یەکەم

## گرنگترینی ئەو وانانەی لە خوێندنگە نیزامییەکاندا دەخوێندران

(علوم القران،[١] تفسير القران الكريم،[٢] علم الحديث،[٣] الفقه،[٤] الاصول،[٥] علم الكلام،[٦] النحو،[٧] الأدب،[٨] علم الفرائض[٩]).

قورئان تەوەری سەرەکی خوێندن بوو، بابەتەکانی دیکە لقی لاوەکی بوون لەدوای قورئان، تەواوی زانایان و مسوڵمانان کۆکبوون قورئان و فەرموودەی پەیامبەر(د.خ) کلیلی دەرگای خوێندن بووە بۆ

---

(١) علوم القران: لەڕووی زمانەوانیەوە بریتیە لەوجۆرە زانستانەی کە دەگەنەوە بە قورئانی پیرۆز، لەڕووی واتاوە مەبەست پێی وەرگرتنی زانستی شەرعیە لە قورئانەوە.(عتر الحلبي: علوم القران الكريم، ط١، مطبعة الصباح، دمشق، ١٩٩٣م، ص٧).

(٢) علم التفسير: لەڕووکاردا تەفسیر(شرۆڤە)ی قورئان نازانرێت، مەگەر ئەوەی لە پەیامبەر(د-خ)ەوە بیسترابێت، ئەوەش لەچەند ئایەتێکی کەمدایە، لەبەرئەوەی پەنا ببرێت بۆ بەڵگە و ژیریی، کەبەهۆیانەوە خودای گەورە ویستوویەتی بەندەکانی بیربکەنەوە و فەرمانی بە پەیامبەرەکەی نەکردووە، ڕوونکردنەوە لەسەر واتا و مەبەستەکانی هەموو ئایەتە قورئانییەکان ئاماژەپێبکات.(السيوطي: الاتقان في علوم القران، تح/ محمد ابو الفضل ابراهيم، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٧٤م، ج٤، ص ص١٩٦-١٩٧). ڕوونکردنەوەی شتێک و خستنەڕووی واتاکەیەتی، زانستێکە مسوڵمانان بۆ تێگەشتن لە ئایەتەکانی قورئان گرنگیان پێداوە.(يحيى محمد نبهان: معجم مصطلحات التأريخ، ط١، يافا للنشر والتوزع، عمان، ٢٠٠٧م، ص١٩٨.)

(٣) علم الحديث: تایبەت بە گێڕانەوە، زانستێکە گواستنەوەی فەرموودەکانی پەیامبەر(د.خ) و کردارەکانی، گێڕانەوەکانی، ڕێکخستنەکانی، بژارکردنی وتەکانی دەگرێتەوە.(السيوطي: تدريب الراوي في شرح تقريب النواوي، تح/ أبو قتيبة نظر محمد الفاريابي، دار طيبة، المملكة العربية السعودية، د. ت، ج١، ص ص٢٦-٢٧).

(٤) الفقه: بریتیە لە زانستی یاسا شەرعییە کارپێکراوە بەدەستهاتووەکان لە بەڵگە جیاکراوە وردەکانی.(الإسنوي: التمهيد في تخريج الفروع على الأصول، تح/ محمد حسن هيتو، ط٢، مؤسسة الرساله، بيروت، ١٩٨١م، ص٥٠)؛ الفقه: لەڕووی زمانەوانیەوە: تێگەشتنێکی ڕەهایە چ دیار بێت یاخود پەنهان و شاراوە، لەڕوی زاراوەوە: هاو واتای دەربڕی(الشرع)ە، زانیارییە لە هەموو ئەوەی لای خوداوە هاتووە.(وزارة الأوقاف والشؤن الإسلامية، الكويتية: الموسوعة الفقهية، ط٢، طباعة ذات السلال، الكويت، ١٩٨٣م، ص ص١١-١٢).

(٥) الاصول: لە(شرح الطحاوية) بە پیرۆزترین زانستی ئاینی ناوی دەبات، ئەگەر زانست بە پیرۆزی زانراوبێت، هەروەها بە فیقهی گەورەترین لەچاو فیقهی لقەکاندا دایدەنێت(الفقه الاكبر)، بریتیە لە شەریعەتێکی گەرەنتیکراو بۆ ڕێگری و فەرمانەکانی.(أبي العز الحنفي: شرح العقيدة الطحاوية، تح/ أبو عبدالله مصطفى، ط١، دار إبن رجب، مصر، ٢٠٠٢م، ص١٧).

(٦) علم الكلام: زانستێکە بەرگری لە بیروباوەڕ(العقيدة)ی ئیسلامی دەکات بە بەڵگەی ژیری و وەڵامدانەوەی لەڕێ دەرچووەکان لەبیروباوەڕ.(إبن خلدون: تاريخ إبن خلدون، ج١، ص٥٨٠)، غەزالی لەبارەی زانستی کەلامەوە دەڵێت:" پاشان دەستمکرد بەزانستی کەلام، بەدەستمهێنا، ژیریم پەی پێبرد، کتێبی لێکۆڵەرانم لەوبارەوە خوێندەوە، هەر دانراوێک لەوبارەوە ویستومە دامناوە توشی زانستانێکی پێویست بەمەبەستی ئەو بووم، نەوەک بەمەبەستی من، بەڵکو مەبەستی ئەو پاراستنی بیروباوەڕ(عقيدة)ی ئەهلی سوننە بوو، وەپارێزگاری کردنی لە تێکدانی لەلایەن ئەهلی داهێنانەوە(البدعة).(الغزالي: المنقذ من الضلال، دار الكتب الحديثة، مصر، د. ت، ص١١٨).

(٧) النحو: شیکردنەوەی گوفتار(الكلام)ی عەرەبیە، نەحو مەبەست و ڕێگایە دەشێت دەم (کات) یاخود ناوێک بێت(نحوت نحوك أي قصدت قصدك).(ابن منظور: لسان العرب، ج١٥، ص٣٠٩).

(٨) ئەدەب و هۆنراوە لەوسەردەمەدا زیاتر گەشابوونەوە بەتایبەت لە عێراق، گرنگیان بە نووسینەوەی هۆنراوە و پەخشان و گێڕانەوە و ڕەخنەی ئەدەبی دەدا، ژمارەی ئاراستە جیاوازەکانی نووسەران زۆربوون، بە مەزهەبی جۆراوجۆرەوە، ئەنجامی ئەدەبی سەردەمی سەلجوقی ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و هزری سەردەمی خۆی بوو.(مريزن: الحياة العلمية في العراق، ص ص٣٦٩-٣٧٢).

(٩) علم الفرائض: زانستێکە پەیوەندی بەکاروباری میرات ماڵ و موڵکی مردوو و دابەشکردنی لە نێوان پێشیاوەکانیدا هەیە.(النووي: روضة الطالبين وعمدة المفتين، تح/ زهير الشاويش، ط٣، المكتب الاسلامي، بيروت، ١٩٩١م، ج٦، ص٣).

خوێندکارانی تازە پێگەشتوو،[1] لەم بارەیەوە ئیبن خەلدون دڵنیایی دەدات:''بزانە کە فێرکردنی قورئان بۆ منداڵانی نێر دروشمێکی ئاینییە و هەموو ئاینزاکان لەسەری ڕۆشتوون، هاوکات هەموو ناوچەکانیان هانداوە بۆ ئەوەی پەیڕەوی ئەو ڕێچکەیە بکەن، چونکە بەزوویی لە دڵ جێگیر دەبێت و بڕوا پتەو دەکات، باوەڕ لە ئایەتەکانی قورئانەوە بەهێز دەبێت ئەمە جگە لە هەندێک لە دەقەکانی فەرموودە، تا وای لێهات قورئان ببووە بنەڕەتی فێرکردن بۆ دامەزراندنی هەموو ئەوانەی کە ژیری و ئەقڵ لەدوای پڕۆسەی فێربوون وەردەگرن''.[٢]

هەر لە سەرەتاوە خوێندکار پێویستبوو پیتەکانی قورئان لەبەربکات، بەهۆیانەوە بتوانێت سەرکەوێت بەرەو بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە پاشان (اصول) و ئەو بابەتانەی دیکەی زانستی ئیسلامی.[٣]

---

١ لەبارەی تەمەنێکی دیاریکراو بۆ فێربوونی منداڵان، پەیامبەری ئیسلام دەفەرموێت:''مروا ابنائكم بالصلاة لسبع سنين، واضربوهم عليها لعشر سنين، ...''.(أحمد بن حنبل: مسند الإمام أحمد بن حنبل، تح/ شعيب الأرنؤوط، عادل مرشد، وأخرون، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت، ٢٠٠١م، ج١١، ص٣٦٩، الرقم٦٧٥٦؛ ابو داود: سنن ابي داود، ج١، ص١٣٣، الرقم٤٩٥).(واتە: بۆ نوێژکردنی منداڵەکانتان لە حەوت ساڵیدا فەرمانیان پێبکەن، لەسەر نەکردنی نوێژ لە دەساڵیدا لێیان بدەن،..).

(٢) تاريخ ابن خلدون، ج١، ص٧٤٠.

(٣) الشيزري: نهاية الرتبة في طلب الحسبة، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، ١٩٤٦م، ص١٠٣.

## تەوەری دووەم

## زنجیرە و پلەبەندی ڕێبازی خوێندن

هەڕەمی خوێندن لەخوارەوە بۆ سەرەوە واتە خوێندکار لە ئاسانەوە بەرەو قورسی بابەتەکان سەردەکەوت، سەرەتا بە(العلوم النقلیة) کە لەسەر زمان و بەهێزییەکانی زمان ڕاوەستابوو، پاشان خوێندکار دەگەیشتە زانستە ژیرییەکان، ئەوانەی گرنگییان بە بیرکردنەوەی مرۆڤ دەدا، (النحو و الصرف) وانەکانی سەرەتای قۆناغەکانی خوێندنی دووروودرێژی خوێندکاربوون، (الفقه والاصول) کۆتایی ئەو ڕێگایەبوون کە خوێندکار هاوڕێی تەواوکردنیان بوون، چونکە فیقهـ بەواتای تایبەتی فەلسەفەی(التشریع) یاسادانان بوو لەسەر جیاوازیی مەزهەبەکان، قۆناغی هەڵێنجانی مافەکان و مامەڵەکردن بوو لەگەڵیان، کەسی زانستخواز بەشێکی زۆری تەمەنی لەگەڵ بەسەر دەبرد، بەشێوازێکی بازنەیی خوێندکارەکان دادەنیشتن و گوێیان بۆ وانەکان ڕادەگرت،[1] ئەمەش هەمان ئەو شێوازەبوو کە لە مزگەوتەکاندا پەیڕەوی لێ دەکرا.

لەدوای فێرکردنە بنچینەییەکانی بنەما ئیسلامییەکان و توانای نووسین و خوێندنەوە هەریەک لەو خوێندکارانە گەر بیانویستایە ڕەوانەی پلەی دواتری خوێندن دەکران، لەیەکێک لە خانەکانی زانستی شەرعیدا خوێندکارەکان ئامادەی تایبەتمەندی یەکێک لەو زانستانە دەکران و بڕوانامەی لای مامۆستاکەی(شیخە) وەردەگرت، قۆناغی پاشتر میتۆدێکی خوێندنی چڕ و وردتریان وەردەگرت، بۆ نموونە مامۆستایەکی وەک (الغزالي) لەوقۆناغەی خوێندنی خوێندکاراندا زانستی بۆ زانستی ئاینیی و زانستی ژیری دابەش کردووە،[2] هەروەک (الغزالي) زانستە ژیرییەکەشی بۆ دونیایی و دواڕۆژی دابەش کردووە، ژیرییە دونیاییەکە وەک زانستی پزیشکی و ژمێریاری و ئەندازە و ئەستێرەناسی، ژیرییە دواڕۆژیەکە وەک زانستی دەروون و دڵ وبەڵا و زانستی خوداناسی ناو و تایبەتمەندییەکانی (اسماء الصفاة) دەخاتەڕوو.[3]

---

(١) مقلیه: دور العلماء في الحیاة العامة، ص١٣٧.

(٢) زانایانی مسوڵمان (العلوم النقلیة) بە زانستی(العقیدة والشریعة)ی ئیسلامی دەناسێنن، زانستی ژیری(العلوم العقلیة) مەبەستیان پێی زانستی فەلسەفە، بیرکاری، ئەندازە، گەردووناسی، پزیشکی، سروشت، کیمیا، مۆسیقا، جوگرافیا و مێژووە.(مرسي: التربیة الإسلامیة، ص٢٧٧).

(٣) إحیاء علوم الدین، دار المعرفة، بیروت، د. ت، ج٣، ص١٨.

هەندێک لەو خوێندکارانە لەپاش تەواوکردنی وانەکان لای مامۆستاکەیان لە یەکێک لەو بوارانەدا بەدیار دەکەوتن و پسپۆڕییان وەردەگرت، وەک(عبد الله بن إبراهيم بن عبد الله أبو حكيم ت٤٧٦هـ/١٠٨٢م) لەسەر دەستی شیرازی مامۆستای لە(الفرائض والحساب) توانایەکی باشی پەیداکردبوو.[١]

(١) ابن قاضي شهبة: طبقات، ج١، ص ص٢٤٦-٢٤٧.

## تەوەری سێیەم

## میتۆدی خوێندن و ئازادی خوێندکار لە هەڵبژاردنی وانە و مامۆستاکەیدا

دامەزراندنی مامۆستاکان لەدەسەڵاتی وەزیر خۆیدا بوو،[١] وەک چۆن ساڵی(٤٨٤ک/١٠٩١ز) بە ئامادەبوونی گەورەزانایانی ئەوکاتە و لەدوای گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوە (الغزالي) وەک مامۆستای نیزامییەی بەغداد دامەزراند،[٢] لە هەمان کاتی هەڵبژاردنی مامۆستاکاندا لە کۆڕی وەزیر دیاریدەکرا ئەو مامۆستایە چ وانەیەک بڵێتەوە و لەسەر چ دانراو و پەیڕەوێک بڕوات، ئەگەر نا کتێبێکی دیاریکراو وەک میتۆد دانەنراوە مامۆستا یاخود شێخی خوێندنگەکان لەسەری بڕۆن و خوێندکارانی لەسەر ئاڕاستە بکەن.

(نظام الملک)ی وەزیر پێی وابوو، هەمووکەس مافی ڕادەربڕین و ئازادی هەڵبژاردنی هەیە لەوەی دەیەوێت،[٣] خوێندکار ئازادبوو لەهەڵبژاردنی ئەو مامۆستایەی دەیویست وانەی لابخوێنێت،[٤] هەروەها ئەو بابەتەی ئارەزووی دەکرد تێیدا قوڵببێتەوە و تایبەتمەندی تێدا وەرگرێت،[٥] (أبی الفتح) [٦] لەبارەی ئازادی هەڵبژاردنی مامۆستا و وانەوەکانەوە دەڵێت:''لەهەندێک لە زانستخوازانەوە گێڕراوەتەوە وتویەتی هاوڕێیەتی جوەینییم کردووە لە خوراسان پاشان ڕۆشتمە عێراق هاوڕێیەتی ئەبو ئیسحاقی شیرازیم کردو ڕێگای وانە وتنەوەی باشتربوو لە جوەینیی ئینجا ڕۆشتمە شام بینیم ڕێگای ئەبا فەتح لەڕێگای وانەوتنەوەی هەردووکیان باشترە ''.[٧]

---

(١) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٦٢.

(٢) ابن خلكان: وفيات الأعيان، ج٤، ص٢١٧.

(٣) نظام الملک: سيرالملوک، ص١٢٩.

(٤) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٦١.

(٥) الزرنوجي: تعليم المتعلم طريق التعلم، تح/ مروان قباني، ط١، المكتب الإسلامي، بيروت، ١٩٨١م، ص٧١.

(٦) (نصر بن إبراهيم بن نصر بن إبراهيم بن داود المقدسي الفقيه أبو الفتح المعروف قديما بابن أبي حافظ والمشهور الآن بالشيخ أبي نصر(پیاوێکی خواناس ئارەزووی ئاین و زانستی کردووە، خاوەنی کتێبی( الانتخاب الدمشقي و الحجة على تارک المحجة و التهذيب و المقصود)و زۆری دیکەیە، لە ڕۆژی سێ شەممە نۆی موحەرەم ساڵی(٤٩٠ک/١٠٩٦ز) لە دیمەشق کۆچی دواییکردووە).(السبكي: طبقات، ج٥، ص ص٣٥١-٣٥٣).

(٧) السبكي: طبقات، ج٥، ص٣٥٣.

ئازادی له هه‌ڵبژاردنی مامۆستا و وانه‌کاندا به‌گه‌ڕانه‌وه بۆ ئایه‌تی(وشاورهم في الأمر)بووه،[١]

(نظام الملک)ی وه‌زیر خۆی ده‌ڵێت:''نه‌بوونی ڕاوێژ له کاروباردا له لاوازی بیروڕاوه‌یه''[٢] گفتوگۆ و مشتومڕ به‌تایبه‌ت له‌سه‌ر ئه‌و بابه‌تانه‌ی جیاوازییان له‌سه‌ر بوو له گرنگترین ئامرازه‌کانی فێرکردن بوو له‌و کاته‌دا، هه‌ربۆیه بواری گفتوگۆ له‌به‌رده‌م خوێندکاره‌کاندا کراوه‌بووه و هه‌رکه‌س له‌وان بۆی هه‌بووه به‌ته‌نها به‌گوێگرتن تێنه‌گشتبێت له‌ڕێگای پرسیار و وه‌ڵامه‌وه گفتوگۆبکه‌ن،[٣] به‌ڵام خوێندکار پێویست بوو سنور و شێوازی ئاکار و ڕه‌وشتی ئه‌و گفتوگۆیانه‌و مامۆستا و وانه‌کانیش بزانێت.[٤]

(ابن جبیر) له گه‌شته‌که‌ی خۆیدا وێنای شێوازی وانه خوێندن له نیزامییه‌ی به‌غداد ده‌کات، یه‌کێک له‌مامۆستاکان به‌ناوی (رضی الدین القزویني) (٥٨٠ک/١١٨٤ز) دوو وانه‌ی له نیزامییه‌ی به‌غداد پێشکه‌ش کردووه، باسی ئه‌وه ده‌کات چۆن ده‌ستیان به‌وانه‌ی زانستی ئسوڵ و پاشان ڕاڤه‌ی قورئان و فه‌رمووده‌ی په‌یامبه‌ر(د.خ)کردووه، پاشان وه‌ڵامدانه‌وه‌ی پرسیاری خوێندکاره‌کان و که‌مته‌رخه‌م نه‌بوونی مامۆستاکه‌یان له‌وه‌ڵامدانه‌وه‌ی ئه‌و پرسیارانه‌ی ئاڕاسته‌ی کراون.[٥]

---

(١) (سورة ال عمران: ألاية ١٥٩).(له کاره ستراتیژییه‌کاندا پرس و ڕا و مه‌شوره‌ت و ڕاوێژیان پێبکه. کاکه مه‌حموود: ته‌فسیری ڕامان، ل١٥٨).

(٢) سیرالملوک، ص١٢٩.

(٣) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٦٠.

(٤) الزرنوجي: تعليم المتعلم، ص٧٨.

(٥) رحلة، ص١٩٥.

## تەوەری چوارەم

## تەمەنی خوێندکار و ماوەی خوێندن لە نیزامییەکاندا

تەمەنێکی دیاریکراو بۆ وەرگرتنی خوێندکار لەو خوێندنگایانەدا نەبووە، بەهەمان شێوە ژمارەش بۆ وەرگرتنیان دیاریکراو نەبووە،[١] خوێندکار لەتەمەنی سی ساڵی و زیاتر یاخود لە بیست ساڵ کەمتر نەبووە، کە بۆ خوێندن وەرگیراوە، هەروەها کاتێکی دیاریکراو بۆ وانەیەک یاخود چەند وانەیەک لەڕۆژەکەدا نەبووە، بەڵکو وانەکە بەردەوامی هەبووە کاتژمێرێک یان زیاتر، یاخود وانەیەک بەیانی وانەیەکی دیکە ئێوارە خوێندراوە،[٢] یەکێک لە خوێندکارەکانی شیرازی(أبو علي الفارقي) ئاماژە بۆ چوارساڵی خوێندنی لای مامۆستاکەی دەکات، لەماوەی ئەو چوارساڵەدا مامۆستاکەی وانەکانی پێوتۆتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لانی کەمی ئەو ماوەیەی خوێندکار لەو خوێندنگایانەدا خوێندویەتی و بڕوانامەی پێ وەرگرتووە.[٣]

دواتر خوێندنگە نیزامییەکان بوونە سەرەتایەکی ڕێکخراو وێستگەیەکی گرنگی گۆڕانکاریی لە ژیانی هزری ئیسلامییدا بۆ هاتنەکایەی بیری زانستی نوێ و وەرگرتنی تایبەتمەندی لەبابەتە جیاوازەکاندا، بۆ نموونە(أبو زکریا التبریزي) ( ت ٥٠٢هـ/١١٠٨م) خاوەنی کتێبی(تهذیب غریب الحدیث) ([٤] بەشارەزای زمانەوانی لەوانەی نەحو لەخوێندنگەی نیزامییەی بەغداد ناوبانگی هەبووە و یەکێک بووە لە گەورە زانایانی زامانەوانی و ئەدەب و ڕەوانبێژی سەردەمی خۆی.[٥]

---

(١) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٦١.

(٢) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٧، ص٢٨٥.

(٣) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٧، ص٢٨٥.

(٤) ابن العماد: شذرات، ج٦، ص١٠.

(٥) ياقوت الحموي: معجم الأدباء، تح/ إحسان عباس، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٣م، ج٦، ص ص٢٨٢٣-٢٨٢٤.

## تەوەری پێنجەم

## دەمارگیری مەزهەبی لە خوێندنگە نیزامییەکاندا

سیستمی خوێندن و وانەوتنەوە لە نیزامییەکاندا لە دەمارگیریی مەزهەبی وەرگیرابوو، خۆی دەبینیەوە لەدژایەتیکردن و بەرپەرچدانەوەی مەزهبی شیعە و دەمارگیریی هزری و زۆربوونی شوێنکەوتەی گروپە جیاوازە مەزهەبی و فیکرییەکان،[١] خوێندنی زانستە ژیرییەکانی جگە لە بابەتی ئایینی لەو خوێندنگایانەدا نەدەخوێندران، یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی خوێندنگە نیزامییەکان بەخەرجدانی هەوڵێکی زۆری زانستی بۆ فێربوونی تەنها زانستە شەرعییەکانی وەک(علوم الشريعة و أصول الدين) بوو تاوەکو هاوتەریبن لەگەڵ ئامانجەکانی خوێندنگە نیزامییەکان، وەلاوەنانی زانستە کردەیی و بەرجەستەکانی وەک پزیشکی گەردوونی، کە سەرەتاکانی ئەم زانستانە لەسەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی یازدەیەمی زایینی دەرکەوتبوون.[٢]

لە سەرەتادا و تاوەکو کاتێکی زۆر خوێندن لە نیزامییەکاندا بریتی بوو لە ئاکارەکان و زانستە ئیسلامییەکان، بە سروشتی خۆی گرنگیدان و بایەخی بۆ زانستە ژیرییەکان نەهێشتبوەوە، ئەمەش بێ بەشکردنی خوێندکارەکانی و سنووردارکردنی هزریان بوو، بەجۆرێک سنورداری هزریی پەروەردە دەبوون لەئاست زانستە ژیرییەکاندا دەسەوسان دەبوون وەک ئەوەی ئەوروپییەکان لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دووچاری بووبوون.[٣]

ماوەیەکی دواتر کە ئەم خوێندنگایانە لە خوراسان دامەزران، پاشان لە عێراق و ناوچەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی،[٤] هەموو خوێندنگاکان شێوازی تایبەت و سرووشتێکی دیاریکراوی هەبوو، کاریگەربوو بەو ژینگە و ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ئاینییەی تێیکەوتبوو، خوێندکارەکانیش بەهەمانشێوە دەمارگیرییان بۆ ئەو خوێندنگا و مامۆستایە هەبووە کە وانەیان لاخوێندووە، لەدوای تەواوکردنی خوێندنیان دەبوونە ئامرازێکی ڕاگەیاندن بۆ هزر و بیری ئەو خوێندنگایانە (ابن تومرت) [٥] وەک

---

(١) مرسي: التربية الإسلامية، ص٢٩٧.

(٢) بدوي: التاريخ السياسي، ص٢٠٢.

(٣) نظام الملک: سيرالملوک، ص٢٣.

(٤) نظام الملک: سيرالملوک، ص٢٣.

(٥) خاوەنی بانگەشەی(سلطان عبدالمؤمن) پادشای مەغریب بوو، خەڵکی (جبل السوس) بووە لە مەغریبی دوور، بۆ فێربوون ڕووی لە خۆرهەڵاتی ئیسلامی کردووە، لای غەزالی و (الهراسي) زانستی وەرگرتووە، فیقهی لەسەر مەزهەبی

یەکێک لەخوێندکار و زانستخوازانی خوێندنگە نیزامییەکان لەوپەڕی مەغریبی دوورەوە بۆ خوێندن ڕووی لەبەغداد کردووە و لەپاش فێربوون و دەرچوونی گەڕاوەتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی و کەوتۆتە بڵاوکردنەوەی ئەوەی فێری بووە لەچوارچێوەی مەزهەبی سوننی(شافیعی، ئەشعەری)، دواتر بووە بە کەسایەتیەکی دیار و نوێنەرایەتی هزر و بیری خوێندنگە نیزامییەکانی لەوناوچانە کردووە.[١]

ئەو دانراوانەی بۆ وانە خوێندن دیاری دەکران مۆڵەت لە نوسەرەکەی وەردەگیرا و لەلایەن خوێندنکارانەوە هاوشێوەیەکیان لەبەر دەگیرایەوە و دووبارە دەنووسرانەوە یاخود لەبەردەکران،[٢] میتۆدێکی دیاریکراو بۆ وانە خوێندن نەبووە، تاوەکو خوێندکاران لەسەری بڕۆن و پەیڕەوی لێبکەن، بەڵکو زۆربەی کات خوێندنەوەکە کورتکراوەتەوە لە خوێندنەوە، نووسین و فێربوونی قورئان، مامۆستاکانیش فێری زمان و نەحو ئەو جۆرە بابەتانەیان دەکردن، هەر مامۆستایەک (الشیخ) ڕێگای تایبەتی خۆی بەو بوارە هەبووە.[٣]

خوێندکار هەبووە لەدوای تەواوکردنی ئەو وانە و بابەتانەی لای مامۆستاکەی فێری دەبوو دەگەیشتە کۆتا قۆناغ، پاشان خۆی ئارەزوومەندانە لەماڵ و شوێنی خۆیدا زیاتر گرنگی بە توانا و فێربوونی خۆی داوە تاکو لەبوارێکی زانستیدا کەسایەتییەکی هەڵکەوتووی لێدەرچووە، وەک (أبو البرکات ابن الأنباري) (٥١٣-٥٧٧هـ/١١١٩-١١٨١م).[٤]

---

شافیعی و کەلامی لەسەر ڕێبازی ئەشعەری وەرگرتووە، لەوپێناوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی فێری بووە زۆرشوێن گەڕاوە، لەوانە میسر، بەڵام لەوێ دەرکراوە.(السبکي: طبقات، ج٦، ص ص١٠٩-١١٠).

(١) السبكي: طبقات، ج٦، ص١٠٩.

(٢) ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١، ص٤١٨.

(٣) أحمد أمين: ضحى الإسلام(نشأة العلوم في العصر العباسي الأول)، مكتبة الأوسة، القاهرة، ١٩٨٨م، ج٢، ص٦٦.

(٤) ابن قاضي شهبة: طبقات الشافعية، ج٢، ص ص١٠-١١.

# باسی دووەم

# ڕۆڵی (الغزالي) مامۆستا و زانایانی خوێندنگە نیزامییەکان لە بەرەنگاربوونەوەی شیعەگەرییدا

## تەوەری یەکەم

## پێگەی زانایان لای سەلجوقییەکان

زانایان بەدرێژایی سەردەمەکانی ئیسلامی پێگەیەکی باڵایان لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا هەبووە، ڕۆڵی گرنگ و چالاکی جیاوازیان لە کایەکانی ژیاندا بینیووە، سەلجوقییەکان هەستیان بە گرنگی و پێگەی زانایان لە ڕاگرتن و ئارامکردنەوەی ڕەوشی کۆمەڵگەدا کردووە، هەربۆیە بەڕاوێژی وەزیرەکانیان سوربوون لە نزیککردنەوەی زانایان لە دەوڵەتەکەیان و خستونیانەتە چوارچێوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە،[1] (شلبی) دەڵێت:''دەستوەردانی دەسەڵاتەکان لە پەروەردەدا لەوکاتەوە دەستیپێکرد کە دەسەڵاتداران بابەتێکی دیاریکراویان خستەبواری خوێندنەوە، یاخود شوێنێکیان بۆ خوێندن دامەزراند''.[2]

لەو ڕوانگەیەشەوە سوڵتانەکان زۆرێک لە زانایانیان کردووە بە بریکاری خۆیان کار و فرمانی گرنگ و جیاوازیی کارگێڕیی و سیاسییان،[3] زانایانیش ئەو پشتگیریی و هێزە کۆمەڵایەتییانەی هەیانبووە بەکاریانهێناوە لەئەرک و فرمانە میرییەکەیاندا، چ وەک ڕاوێژکار[4] یاخود وەزیر و نوێنەری

(١) محمد عبد العضيم أبو النصر: السلاجقة تاريخهم السياسی والعسكری، ط١، عين للدراسات والبحوث، مصر، ٢٠٠١م، ص٣٢٨.

(٢) تاريخ التربية الإسلامية، ص١٩٤.

(٣) بۆ نموونە: (عميد الملك) بەیەکەم وەزیری سەلجوقییەکان دادەنرێت و ماوەی هەشت سال خزمەتی ئەو دەسەڵاتەی کردووە، لەساڵی(٤٤٧ک/١٠٥٥ز) هاوڕێیەتی سوڵتانی کردووە کەچووتە بەغداد و بۆیەکەمجار خەلیفەی عەبباسی بینیوە، لەبواری سیاسیدا خزمەتی زۆری دەوڵەتی سەلجوقی کردووە (البنداري: تاريخ دولة ال سلجوق، ص٩). زمانی فارسی و عەرەبی بەباشی زانیوە و وەک وەرگێڕی وتەکانی خەلیفە بۆ سوڵتان سودی لێبینیوە، پشتگیرییەکی زۆری کۆمەڵگەی هەبووە، بەو توانایەی هەیبووە ڕۆڵی دیاری لە ئاڕاستەکردنی ڕووداوەکانی دەوڵەتی سەلجوقی بینیوە.(احمد إبراهيم الشريف، حسن أحمد محمود: العالم الإسلامی فی العصر العباسی، ط٥، دار الفكر العربی، القاهرة، د. ت، ص٥٦٧).

(٤) ساڵی(٤٦٣ک/١٠٧٠ز) ئەرمانۆس پادشای ڕۆم بە دووهەزار سەربازی ڕۆمی، فەرەنج، ڕووس، گورج و نەتەوەی جیاوازی دیکەوە بەئاراستەی مسوڵمانان لەناوچەی مەلازگرد هاتن، (الب ارسلان) سوڵتانی سەلجوقی بەو هێرشە ترسا

سەرکردەی سەربازیی،[1] هەروەها گوێڕایەڵی و سەرخستنی دەوڵەت و سوڵتانیان بە پێویستییەک زانیوە، کە هیچ بواری بێ فرمانی تێدا نەبێت، تەنانەت ئەگەر سوڵتان لەسەر باوەڕێکیش بێت، کە دڵی هاوڵاتی و خەڵکی ئاسایی لەسەر کۆنەبێتەوە''دەسەڵات بە ئاینەوە دەمێنێتەوە، ئاین بەدەسەڵاتەوە بەهێز دەبێت''،[2]،[3] بەهۆی ئەوەی سوڵتان بە پاسەوانی ئاین دانراوە تاوەکو یاسا داڕێژراوەکانی ئاینی خودا جێ بەجێ دەبن، وەزیرەکانی دەوڵەتی سەلجوقی مەترسی زانایان، بەتایبەت زانایانی بەغدادیان دەزانی گەربێتوو وازیانلێبهێنن، هەربۆیە لەنێو دامەزراوە پەروەردەییەکان و خوێندنگەکاندا جێگایانکردنەوە و خوێندنگەکانیش لەژێر چاودێری و سەرپەرشتی وەزیردابوون، بەوەش بوارێک نەمایەوە بۆ نەیاران بۆ دەستگرتن بەسەر دامەزراوە پەروەردەییەکاندا، بە پێچەوانەوە لەڕێگای خوێندنگەکانەوە گورزێکی کوشندە بەر نەیارانی خیلافەت و دەسەڵاتی سەلجوقی کەوت.[4]

(نظام الملک)ی وەزیر لەڕێگەی ئەو خوێندنگایانەوە کاری بۆ یەکخستن و دروستکردنی یەک هزر و بیروباوەڕی مسوڵمانانی سوننە کردووە، لەوێشەوە هەموویانی هاوشانی کاری سیاسی بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت لەژێر دەسەڵاتی سوڵتان بەئاراستەی پاراستنی یەکگرتوویی خاکی مسوڵمانان برد،[5] ئەبو حامیدی (الغزالي) وەک زنجیرەیەک دەوڵەت و زانایان پێکەوە دەبەستێتەوە و

---

(أبو نصر محمد بن عبدالملک البخاري) زانایەکی راوێژکاریی بوو دڵنەوایی کردو پێیووت:''تۆ لەپێناو ئاینی خودا دەجەنگیت خوداش بەڵێنی سەرکەوتنی داوە''، ئەمەش واتە زانا و فەقیهەکان ڕاوێژیان بەهەند وەرگیراوە و سودیان لێبینراوە.(إبن الأثير: الكامل، ج٨، ص٢٢٣).

(١) خودی نیزامولک وەک کەسێکی خوێندەوار و زانا و فەقیهێک جگە لەڕووەکانی دیکەی دەوڵەت لەڕووی سەربازیشەوە دەوڵەتی سەلجوقی سوودی لەوزانایە وەرگرتووە.(إبن الأثير: الكامل، ج٨، ص١١٦)

(٢) الماوردي: أدب الدنيا والدين، دار مكتبة الحياة، ١٩٨٦م، ص١٣٥.

(٣) (ابن خلدون) لەوبارەیەوە دەڵێت:''خەڵک لەسەر ئاینی پادشاکانیانن، ئەگەر پادشا و بنەماڵەکەی دەستیانگرت بەسەر دەسەڵاتدا پێویستە بگەڕێنەوە بۆ پێش خۆیان و زۆریان لێوە فێربن و وەرگرن، نابێت بێئاگابن لە گەڕانەوە بۆ نەوەی سەردەمی خۆشیان''.(تاريخ ابن خلدون، ج١، ص٣٨).

(٤) أبو النصر: السلاجقة، ص٣٢٧؛ مريزن: الحياة العلمية في العراق/ ص٢٥٠؛ هيفاء: الوزير السلجوقي، ص١٥١.

(٥) علي أحمد الديري: نصوص متوحشة، ط١، أوال للدراسات والتوثيق، بيروت، ٢٠١٥م، ص ص٤١-٤٢.

هاوڵاتیش(الرعية) خستۆتە نێو هەرەمەکەوە و پەیوەستی باشی یاخود گەندەڵی وڵات بەهەریەکەیانەوە بەستۆتەوە.[١]

(ابن الجوزي) خەڵکی بۆ دووبەش دابەشکردووە، گشتی و تایبەت، زانایانی لە چینی تایبەت هەژمارکردووە، چونکە بە ئامرازێک بەدەست دەوڵەتەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکاردێن و پێویستە ویلایەتیان پێ بسپێردرێت.[٢]

خوێندنگە نیزامییەکان بەبەهێزی بەشداربوون لە دووبارە ڕۆڵگێڕانەوەی میتۆد و مەزهەبی سوننە لەژیانی مسوڵمانانداا، لە گرنگترینی ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییانە بەرتەسککردنەوەی دەسەڵات و هزری شیعەبوو، بەتایبەت لەدوای دەرچوونی ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری دەمارگیر[٣] و بڵاوکردنەوەی نووسین و کتێبی زۆری زانا و مامۆستایانی ئەو خوێندنگایانەوە.

---

(١) (گەندەڵی خەڵکی بەهۆی گەندەڵی پادشاوەیە، گەندەڵی پادشا بەهۆی گەندەڵ بوونی زانایانەوەیە، گەندەڵی زانایانیش بەهۆی زاڵبوونی خۆشەویستی سامان و زاڵبوونی خۆشەویستی دونیاوەیە بەسەریاندا).(الغزالي: إحياء علوم الدين، ج٢، ص٣٥٧).

(٢) المنتظم، ج١١، ص١٨.

(٣) الديري: نصوص متوحشة، ص٤٤.

## تەوەری دووەم

## ڕێبازی (الغزالي) لە ڕووبە ڕووبوونەوەی باتنییەکان

ئەبو حامیدی (الغزالي) لە دیارترینی ئەو بیریارانە بووە هەڵمەتێکی توندی جەنگی بۆسەر شیعە بەتایبەت باتنی و (الاسماعیلیون) دەستپێکردبوو،[1] لەو پێناوەشدا کتێب و نووسینی زۆری نووسیووە، دیارترینیان(فضائل المستظهرية و فضائح الباطنية) لە ساڵی(٤٨٨ک/١٠٩٥ز) لەسەر ڕاسپاردەی خەلیفە (المستظهر٤٨٧-٥١٢ک/١٠٩٤-١١١٨ز)بووە.[2]

(الغزالي) لەو کتێبەدا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ لێدان و تێڕوانین و دیدگای باتنییەکان، بەئامانجی بەتاڵکردنەوەی ئەوتێڕوانینە هزرییەیان کە دەیانویست لەڕێگەی بوونی پێشەوای بێ گوناهەوە بگەن بە دەسەڵات، ''لەسەر تەواوی خەڵکی پێویستە گوێڕایەڵبن و لە(پێشەوای بێ گوناهـ)ەوە فێربن تاوەکو خۆشی دونیا و دواڕۆژ بەدەستبهێنن''،[3] ئەویش هەڵمەتێکی توند دەکاتە سەر بانگەشەی بێ گوناهبوونی پێشەوای باتنییەکان، ''هیچ ژیرێک بانگەشەی پێ گوناهبوون لە قەدەغەکراوەکان ناکات و لە پارێزبەند لەسەرەکان (المحضورات) بخوات''،[4] میتۆدی (الغزالي) بۆ وەڵامی باتنییەکان ڕێگایەکی تایبەتە و هیچ کەس لەوانەی پێشووتری گفتوگۆیان لەسەر کردوون پێش ئەو نەوکەوتوون.

(الغزالي) وای بینیووە ئامانجی باتنییەکان[5] دەستگرتن بەسەر دەسەڵات و دەستگەیشتن بەسەر موڵک و ماڵی مسوڵمانان بەئاسانی و تۆڵەکردنەوە بووە لێیان،[6] سەرەتای بانگەوازەکەیان

---

(١)ابن الجوزي: المنتظم، ج١٧، ص١٢٦؛ السبكي: طبقات، ج٦، ص٢١٦.

(٢) الغزالي: فضائح الباطنية، تح/ عبدالرحمن بدوي، د، ط، دار الكتب الثقافية، الكويت، ٢٠١٥م، ص٣؛ نسيبه محمد: الجهود التاريخية في العراق في العصر السلجوقي، رسالة الماجستير، كلية الاداب والعلوم الانسانية، قسم التاريخ، جامعة دمشق، ٢٠١١م، ص١٦٧.

(٣) فضائح، ص٧٣.

(٤) فضائح، ص١١٢؛ بەختیار عبدالله: سەرهەڵدانی شیعەگەریی، ل٢٠٦.

(٥) باتنییەکان وادەناسرێن، کۆمەڵێک لەنێو ڕیزی مسوڵمانانادا دەرکەوتن کە ناخیان لەگەڵ ئاینی ئیسلامدا یەکناگرێتەوە، ڕەگ و دەمارگیریان دەچێتەوە سەر ئاگرپەرستەکان(المجوسيين) و هێشتا لەدڵیاندا ماوەتەوە، بۆ- بڵاوکردنەوەی گومان و گومڕایی لەنێو خەڵکدا، وتە و کرداریان لەڕووکاردا وەک ڕووکاری شەرعە و ناواخنیان لەزۆربەی خەڵک شاراوەبووە، هەموو ئەمانەشیان لە فەلسەفەی یۆنانییەوە پێگەیشتووە.(الجويني: تاريخ فاتح العالم، تح/ محمد بن عبدالوهاب القزويني، تر/ محمد السعيد جمال الدين، ط١، المركز القومي للترجمة، قاهرة، ص١٣٣).

(٦) أحمد عرفات: الفكر السياسي عند الباطنية و موقف الغزالي منه، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ١٩٩٣م، ص١٤١.

لەسەردەستی کۆمەڵێک لە ئاگرپەرستان و مەزدەکی و بتپەرست و خوازیارانی فەلسەفە بووە، ئەوانەی نکۆڵی دەکەن لە دروستکار و لێپرسینەوە و گەڕانەوەی کۆتایی و پەیامبەران بە ناڕاست لەقەڵەم دەدەن.. لەهەوڵدان چۆن مسوڵمانان پاشگەزبکەنەوە، بۆ ئەوەش باشترین ڕێگە لاسایی کردنەوەی بیروباوەڕی شیعەیان هەڵبژاردووە و خۆیان بردۆتەوە سەر بنەماڵەی پەیامبەر(د.خ).(١)

دە ناسناوی بۆ باتنییەکان بەکارهێناوە(الباطنية، القرامطة، القرمطية، الخرمية، الحرمدينية، الإسماعيلية، السبعية، البابكية، المحمرة و التعليمية)،(٢) شەهرستانی پێی وایە ناوەکانیان بەپێی زمانی نەتەوە و ناوچەی جوگرافییان جیاوازبووە، لە عێراق(الباطنية، القرامطة، المزدكية)، لە خوراسان(التعليمية، الملحدة) یان بۆ بەکارهاتووە.(٣)

لە کتێبی(المنقذ) دا ئاماژە بە سوربوونی دەکات لەسەر زانینی نهێنی و ڕاستییەکانی گروپە جیاوازە مەزهەبییە ئیسلامییەکان و بەدوای گروپی ڕزگاربوو دەگەڕێت، لەسەر بنەڕەتی ئەو فەرموودەیەی پەیامبەر(د.خ):"ئومەتی من دەبنە حەفتاوسێ گروپ، یەک دانەیان ڕزگاربووە(لە بەهەشتن)"،(٤) هەربۆیە لێنەگەڕاوە و هەموو گروپە جیاوازەکانی پشکنیوە و دانراو و نووسینی لەسەر نووسیوون،"زاڵدەبم بەسەر هەموو تاریکییەکان، هێرش دەکەمە سەر هەموو گرفتەکان، هەموو دوودڵییەکان دەسووتێنم، پشکنین لەبارەی بیروباوەڕی هەموو گروپەکان دەکەم، جیاکاریی لەنێوان ڕاستی و چەوتیدا دەکەم، لە هەناویان نایەمەدەرەوە تاوەکو ئەوەی تێیدایە دەیهێنمەدەرەوە، دەمەوێت ئەوەی لەڕووکەشیاندایە بزانم کۆی ئەوەیە لەڕووکاریاندا دیارە؟.(٥)

---

(١) أحمد عرفات: الفكر السياسي، ص١٤٢؛ فتحي محمد الزغبي: دور الامام الغزالي في مواجهة التاويل الباطني(دراسة تحليلية نقدية)، كلية اصول الدين والدعوة الاسلامية، قسم العقيدة والفلسفة، جامعة الازهر، ٢٠١٧م، ص٧٦١.

(٢)الغزالي: فضائح، ص١١؛ ابن الجوزي: تلبيس إبليس، دار الفكر، بيروت، ٢٠٠١م، ص٩٢.

(٣) الملل والنحل، ج١، ص١٩٢.

(٤) "ألا إن من قبلكم من أهل الكتاب افترقوا على ثنتين وسبعين ملة، وإن هذه الملة ستفترق على ثلاث وسبعين: ثنتان وسبعون في النار، وواحدة في الجنة".(أبو داود: سنن أبي داود، ج٤، ص١٩٨، الرقم، ٤٥٩٧). بۆ زانیاری دەربارەی ئەم فەرموودەیە و ڕێگەکانی گواستنەوەی فەرمووده و کاریگەرییەکانی ئەم فەرموودەیە، لەسەر جیهانی ئیسلامی لە قۆناغەکانی دواتردا، بڕوانە: سرتيب عزيز فارس: حديث افتراق الامة وآثاره الفكرية في المجتمع الاسلامي، رسالة الماجستير، دراسة توثيقية تحليلية لحديث الافتراق والاراء الواردة فيه، رسالة مقدمة الى مجلس فاكلتي العلوم الانسانية/سكول العلوم الاسلامية/ جامعة السليمانية، السليمانية، ٢٠١٤م.

(٥) الغزالي: المنقذ، ص١٠٩.

ئەمە لەکاتێکدا بووە بانگەوازی ئیسماعیلی و باتنییەکان لە ناوچەکانی فارس لە بڵاوبوونەوە و زیادبووندابوون، مەترسییان زیاتربووە و قەڵاو شورایان دامەزراندووە و تاڕادەیەکی زۆر خەڵکیان خستبووە مەترسییەوە،[١] مرۆڤیان دەرفاند و دەیانکوشت پاشان دەیانخستە نێو بیرەوە،[٢] لەبازنەیەکی فراواندا خەڵکی خاوەن هزر و سیاسیەکانیشیان غافڵکوژ دەکرد، لەسەرو هەموویانەوە کوشتنی خودی نیزامولکی وەزیری سەلجوقی بوو،[٣] هەروەها کوشتنی(أبا مسلم ٤٨٨ک/١٠٩٥ز) کەسایەتی ڕەی کە لەلایەن وەزیرەوە ڕاسپێردرابوو بۆ گرتنی (حسن صباح)،[٤] دواتر کوشتنی سەرکردە و دیارەکانی دەسەڵات لەلایەن گیانبازە باتنییەکانەوە بوو بەدیاردە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن.[٥]

ئەو شاڵاوە هزرییەی (الغزالي) بە ویستی دەسەڵات و ئارەزووی خودی خۆی بووە بۆ بەرگری کردن لە سوننە و جیهانی ئیسلامی لە گروپە هزرییە جیاوازەکان،[٦] لێرەوە دەوترێت دەسەڵات سودی لە توانای زانایان و ئەو پشتگیرییە جەماوەرییەی هەیانبووە وەرگرتووە، ئەمەش بەڕوونی بەرجەستە بوونی یەکێک لە ئامانجەکانی دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان دەخاتەڕوو، ئەویش بەرگری و ڕووبەڕووبوونەوەی هزر و کاریگەریی شیعەبووە، هەربۆیە ئەگەر هەڵوێستی (الغزالي) لەڕووبەڕووبوونەوە و جەنگی هزری بەرامبەر فەلسەفە و زانستی کەلام و گروپە جیاوازە شیعییەکان و بگرە سوننییە جیاوازەکانی پێچەوانەی هزری شافیعی و ئەشعەری ڕوونبکرێتەوە، ئەوا پێویستە لەو ڕاستیە بگەین ئەو فەرمانبەر بووە لای دەوڵەت و (نظام الملک)ی وەزیر، دەبوو هزری هاوتەریبی هزری دەوڵەت و سوڵتان بێت،[٧] ئەمەش کاریگەریی و جێکەوتی گەورەی لەسەر دەرچووانی ئەو خوێندنگایانە هەبوو کە لە پاشتر دەردەچوون و هەڵوێستێکی توندیان بەرامبەر نەیارەکانی دەسەڵات هەبووە، لەبەرئەوە وێنەیەکی زیندووی سەردەمی غەزالیمان بەرچاو دەکەوێت پڕە لە مەزهەب و گروپی جیاواز و بەریەککەوتن، کە پاڵی بە ئەو و دەرچووانی خوێندنگە نیزامییەکانەوە ناوە بەرەو ئەو ململانێیە و هەروابێ لایەن نەماونەتەوە.[٨]

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٧، ص٦٣.

(٢) ابن الجوزي: تلبيس إبليس، ص٩٨؛ فتحي محمد: دور الامام الغزالي، ص٧٨٦.

(٣) سبط ابن الجوزي: مرأة الزمان، ج١٩، ص٥١١؛ فتحي محمد: دور الامام الغزالي، ص٧٥٦.

(٤) فرهاد دفتري: الإسماعيليون تاريخهم وععقائدهم، ط١، دار الساقي مع معهد الإسماعيلية، بيروت، ٢٠١٢م، ص٥٣٣.

(٥) الجويني: تاريخ فاتح العالم، ج٣، ص١٨٦؛ ظافر اكرم قدوري ابراهيم: التجاهات السياسية والفكرية عند الحشاشين واثرها على بلاد المشرق وبلاد الشام، رسالة الدكتوراه، كلية التربية، ابن رشد، جامعة بغداد، بغداد، ٢٠١٢م، ص١٦٧.

(٦) محمد عقيل: المنهج الفلسقي عند الغزالي و ديكارت للوصول إلى الحقيقة، ط٢، دار الحديث، القاهرة، د. ت، ص٢٤.

(٧) الديري: نصوص متوحشة، ص٤٤.

(٨) الشريف طوطاو: المنهج النقدي في فلسفة أبى حامد الغزالى، ط١، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ٢٠١٣م، ص ص٤٣-٤٤.

(الغزالي) پرۆژەی وەڵامدانەوەی باتنی بە پێویستی و ئەرکێکی شەرعی ئاینی زانیوە، لەوبارەوە پۆلێنی کردوون، هەیانە بەبێباوەڕ(کافر) و هەشیانە بە داهێنەر(مبتدیع) ڕیزی کردوون، چ کات تۆبە و لێخۆشبوونیان وەردەگیرێت و چ وەختێک پەشیمانیان لێوەرناگیرێت.[١]

(الغزالي) مامۆستای نیزامییە ڕووبەڕووی بێباوەڕانی دەرەوەی بازنەی ئیسلام نەبۆتەوە تاوەکو بەئاسانی و لەڕێگای دەق و فەرموودەیەکەوە بیتوانیایە خەباتی لەدژیان ڕاگەیاندایە، بەڵکو ڕووبەڕووی کۆمەڵەیەک بووبووەوە، کە پێویست بوو لەڕێگای هزر و بیروباوەڕیەوە لەنێو بازنە و دیواری ئیسلامدا کە خۆیان بە خاوەنی بەرنامەو گروپێکی سەرەکی و ڕێگای ڕاستی ئاینەکە دەزانی[٢] بتوانێت گۆمراییەکانیان بخاتەڕوو، تاوەکو هەوڵەکانی لەدژیان ڕەوایەتی شەرعی وەرگرتایە، ئەمەش نەدەکرا و چالاک نەدەبوو گەر ئاشکراو ڕوون نەبوایە لە بنەڕەت و شوێنکەوتەیی بیروباوەڕ و ئامانجی دوور و نزیکی خۆی نەخستایەتە ڕوو،[٣] هەرکات بیرکردنەوە و هزری سەبارەت بە شیعە، بەتایبەت ئیسماعیلی و باتنی خستەڕوو کەمەندکێشی خەڵکی بەگشتی و زانایان و دەسەڵاتی دەکرد، پاشان دەیتوانی ڕووبەڕوویان ببێتەوە و مامەڵەی بێباوەڕیان لەگەل بکات، واتە ڕەوایەتی بە(جیهاد)یان دەدا و لەسەر ڕێچکەکە دەڕۆیشت و مەرج و یاساکانی بەسەردایاندا جێ بەجێ دەکرد،[٤] لە لایەکی دیکەوە وای بینیوە بەجێگەیاندنی فرمانی خەلیفە، کە ویستی دەسەڵات و سوڵتان بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی شیعەدا بەرجەستەی فرمانی خودایە و پێویستە(المأمور) پشتیوانی لەو ڕاستیەبکات کە هاوتەریبی دەسەڵاتە.[٥]

---

(١) الغزالي: فضائح، ص٦.

(٢) محمد الرحموني: الجهاد من الهجرة إلى الدعوة إلى الدولة، ط١، دار الطليعة، بيروت، ٢٠٠٢م، ص١٤٨.

(٣) غەزالی زۆر هەوڵی بە ئاراستەی پشکنینی تواناکانی داوە، بەئاراستەی لێکۆڵینەوەی ئەو توانایانە و بەکارهێنانیان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری دڵنیاکەرەوە، ئەو پشکنینانەی سەرکردایەتی ڕەخنەکانی بەئاراستە فەلسەفییەکان و زانستی کەلامی دەکردن، چونکە لەسەردەمی ئەودا، ئەو دوو زانستە دەیگەیاندن بە ڕاستی و دڵنیایی، غەزالی بڕوای وابوو ئەو بانگەشانە پێویستە لەڕێگای گومانکردنەوە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، چونکە گومانکردنە مرۆڤ بەرەو تاقیکاری هزرە زاڵەکان دەبات، گومان جۆرێکە لە دوودڵی هزری کە وا لەمرۆڤ دەکات پرسیار دەربارەی دەروونی بکات و بەدوای وەڵامەکاندا وێڵ بێت، لە کاتێکدا هێرشی دەکردەسەر گومانی ژیری(العقلي)، چونکە دەرگا لەبەردەم تێڕوانینی(بصيرة) دڵ دا دەکاتەوە.(يونج ولاثام وسيرجنت: الدين والتعليم والعلم في العصر العباسي، تر: قاسم عبده قاسم، ط١، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١٦م، ص٥٤٢).

(٤) محمد الرحموني: الجهاد، ص١٤٨.

(٥) الغزالي: فضائح، ص٤.

## تەوەری سێیەم

## تێڕوانینی ئیبن عەرەبی و ئیبن تەیمیە سەبارەت بە باتنییەکان

تێۆر و تێڕوانینەوەکانی (الغزالي) نەک تەنها لە نووسین و ئامۆژگارییەکانیدا سەبارەت بە دەوڵەت و بەشداری پێکردنی زانایان وەک دامەزراوەیەکی زانستی دەوڵەتی ڕەنگیان دابوویەوە، بەڵکو هەمان بیرو تێڕوانین لە خوێندکارەکانیشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، لەوانە (ابن العربي) هەڵوێستەکانی لەبواری ئسوڵ و تیۆری سیاسی هەمان تێڕوانینی (الغزالي) مامۆستای نیزامییە بوو،[1] ئیبن تەیمیەش وێڕای بوونی ڕەخنەی لەسەر هزری سۆفیگەری لای (الغزالي)، بەڵام لەڕووە سیاسییەکەیەوە هاوشێوەی ئیبن عەرەبی دژی بیری باتنی و بزوتنەوە (الاسماعيليون) و هاوشێوەکانیان بووە، لای ئەو تەواوی گروپی قەرامیتە و باتنییەکان لە جولەکە و مەسیحییەکان بێبڕواتربوون، بەڵکو لەوانەی هاوبەشیان بۆ پەروەردگار داناوە بێ بڕواترن،[2] پێی وایە ئەوان لەنەوەی(المجوس) ئاگرپەرستانن و مەزهەبیان لەمەزهەبی ئەو جۆرانەی شیعە خراپترە، کە عەلی کوڕی ئەبو تالیب بە خودا یاخود پەیامبەر دەزانن، نەیارییەکی بەردەوامی بۆ شیعە هەبووە و بەردەوام تۆمەتباری کردوون.[3]

ئیبن تەیمیە لەدرێژەی ڕوونکردنەوکانی لەسەر باتنییەکان دەچێتە سەر پشتگیری و هاوڕابوونی لەگەڵ بۆچوونی (الغزالي) و دەڵێت:''ئەبوحامیدی (الغزالي) لە کتێبەکەی(فضائح) وتویەتی:''ڕووی دەرەوەی مەزهەبەکەیان ڕەتکراوەیە و ناواخنیشی بێبڕواییە'',[4] وای دەبینێت باتنی و زۆربەی شیعەکان مەترسییان بۆسەر مسوڵمانان لە مەترسی جەنگاوەرە بێ باوەڕکان لە تەتەر و خاچ دروشم و فەرەنجەکان زیاترە.[5]

---

(١) أحكام القران، تح/ محمد عبدالقادر عطا، ط٣، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٣م، ج١، ص٥٧٤؛ عبد المجيد الصغير: ابوحامد الغزالي(دراسات في فكره وعصره وتاثيره)، الاداب والعلوم الانسانية، سلسلة: ندوات ومناضرات، رقم٩، جامعة محمد الخامس، المملكة المغربية، ١٩٨٨م، ص١٨٣.

(٢) مجموع الفتاوى، تح/ عبدالرحمن بن محمد بن قاسم، ط٣، دار الوفاء، مصر، ٢٠٠٥م، ج٣٥، ص١٤٩.

(٣) علاء الدين القزويني: نقض شبهات أهل السنة حول الشيعة، ط١، دار المستقبل الإسلامي، القاهرة، ٢٠٠٠م، ص٦٦.

(٤) مجموع الفتاوى، ج٣٥، ص١٢٩.

(٥) عرفات: الفكر السياسي، ص١٤٣.

شیعەبوونی باتنییەکان هۆکارێکە بۆ چوونە نێو ئیسلام و مسوڵمانەنەوە، ئاشنابوونیان بە ڕووداوەکانی نێو ئیسلام[١] و دژایەتیکردنی کەسانی دیاری مسوڵمانان ڕوونکەرەوەی دژایەتی باتنییەکانە بۆ ئیسلام و کاری سەرەکییان لێدانە لە بنەماکانی ئیسلام،[٢] لەڕووکاردا لای مسوڵمانە نەزانەکان وا خۆیان نیشان دەدەن شوێنکەوتەی عەلی کوڕی ئەبوتالیب و خۆشەویستی بنەماڵەی پەیامبەرن(د.خ)، لەڕاستیشدا نەباوەڕیان بەخودا و نە بە پەیامبەرەکەی و نە کتێبەکەی و نە بە فرمان بەچاکە و ڕێگریی لە خراپە هەیە، تەنها خۆیان بە خۆشەویستی ئیسلام و بنەماڵەی پەیامبەر(د.خ) داپۆشیوە، بە پیسترینی مەزهەبی سەرزەوی ناوی بردوون،[٣] لێکدانەوەکانیان کە یارمەتیدەرە بۆ دوورخستنەوەی هەموو پابەندییەکان و هاوکارە بۆ بڵاوکردنەوەی سەرلێشێواوی و دابەشبوون بڵاودەکەنەوە،[٤] ئەوان دەستی هاوکاریان بۆ خاچ دروشمەکان درێژکرد تاوەکو دەشتاییەکانی شام و قودسیان داگیرکرد، لە میسریش ڕێککەوتن لەگەڵ خاچ دروشمەکان بۆ کشانەوە لە وڵاتی ئیسلام، لەڕووانگەی شەریعەتەوە و بەتێڕوانینی سیاسی ئیبن تەیمیە پێی وابووە، نابێت شیعەی باتنی و ئیسماعیلی بۆ بەرگری لەسەر سنورەکان بەکاربێن و بە گوناهی گەورەی ئەژمارکردووە، بە کارهێنانیانی چواندووە بە بەکارهێنانی گورگ بۆ شوانی مەڕ، هەروەها وایدەبینێت تەڵەکەبازترینی خەڵکن بۆ مسوڵمانان، سورن لەسەر بەدەستەوەدانی قەڵاکان بە دوژمنانی مسوڵمانان، بەوجۆرە کاریگەریی هزری (الغزالي) مامۆستای نیزامییە بۆ هزری دوای غەزالیش هەمان تێڕوانینی غەزالییە بۆ شیعە و بەئاوێتەیەکی بیر(فکر)ی بێباوەڕی و(الباطل) پوچی و مەزهەبی ئاگرپەرست(المجوس) دەخرێنەڕوو.[٥]

---

(١) تیۆری(الرجعه والوصیة) یەکێک بوو لەو زاراوانەی(عبدالله بن سبأ) دایهێنا، تیۆری(الحق الإلهي) یەکەمین دەرگای کردنەوەی(التأويل) بوو، پلانی کوشتنی عومەری کوڕی خەتاب..و زۆر ڕووداوی دیکەی مێژووی ئیسلامی..بوونە- هۆکاری دروستکردنی جیاوازی و ناکۆکی لەنێو گروپەکانی سوننە و شیعە کە زانایانی سوننە بە داردەستی گروپە شیعەکانی دەزانن بۆ دروستکردنی ناکۆکی نێو مسوڵمانان.(أنور الجندي: المؤامرة على الإسلام، دار الإعتصام، مصر، د. ت، ص١١١).

(٢) عرفات: الفكر السياسي، ص١٤٤.

(٣) مجموع الفتاوى، ج٤، ص٥٠٨.

(٤) مجموع الفتاوى، ج١٣، ص٢٣٧.

(٥) الغزالي: فضائل الأنام من رسائل حجة الإسلام، تر/ نورالدين ال علي، د، ط، دار التونسية، ١٩٧٢م، ص٣١.

جگە لە (الغزالي) مێژوونووسانی دیکەی سوننە باتنی و (الاسماعيليون) بە گروپێکی دەرکەوتوو لە دوای ڕۆژگاری خەلیفەکانی ڕاشیدی و بوونی نەژادێکی ئاگرپەرستی لەدڵی ئەو گروپانەدا بۆ بڵاوکردنەوەی گومان و سەرلێشێواوی لەنێو خەڵکیدا هەژماردەکەن، ووتەکانیان ڕووکارێکی شەرعی و کرۆکێکی نادیاری هەبووە.[1]

(الغزالي) سیمیایەکی گەورەی دەوڵەتی سەلجوقی بوو، لەنزیک ڕووداو و ململانێکانی دەوڵەتی سەلجوقی لەگەڵ نەیارەکانی لە فاتیمی و (الاسماعيليون)، کە کاریان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی فاتیمی دەکرد، ژیاوە و (الغزالي) لایەنگری سەلجوقی و بەرگریکاری ئەوان بووە،[2] پێش خۆدابڕین و دوورکەوتنەوەی لە نیزامییەی بەغداد[3] فەیلەسوفی[4] دەوڵەت و لەئامێزی ئەودا دەژیا، نەخشە داڕێژەری وەزیری سەلجوقی بوو، بەشێکی زۆری دانراوەکانی لەڕێگای گەورەپیاوانی دەوڵەتدابووە، بەنەیارێکی سەرسەختی ئیسماعیلییە و حسن صباح ناسرابوو، لەو کاتەدا (الاسماعيليون) سەرنجیان خستبووە سەر بانگەوازی سیاسی و لەسەر ئەو وتەیە کاریاندەکرد(المعلم) واتە(الإمام) [5]، (الغزالي) لە وەڵامیاندا کتێبی(المستظهرية)ی نووسی و تێیدا ئەوانی بە مەزهەبێکی ئاینی فەلسەفی سیاسی خستەڕوو، هەوڵیداوە بیروڕا ئاینی و سیاسییەکانیان پوچ بکاتەوە، هەروەها بێ ناوەڕۆککردنی

---

(١) الجويني: تاريخ فاتح العالم، ج٣، ص١٣٣.

(٢) طوطاو: المنهج النقدي، ص٤٢.

(٣) غەزالی بۆماوەی ١٠ ساڵ وازی لە نیزامییەی بەغداد هێناو، (٤٨٨-٤٩٩ک/١٠٩٥-١١٠٥ز) لە جێگایەکی دیکەدا هەرخۆی ئاماژەدەکات یازدە ساڵی پێچووە، (المنقذ، ص١٩٧)، وەک خۆی وتویەتی:'' نزیکەی دەساڵ پێچمکردەوە بۆ خۆ دابڕین و خەڵوەت و تەنهایی، بۆ زۆرهۆکار کەلەژماردن نایەن''، لەیەکێک لە هۆکارەکاندا ئاماژەدەکات''مرۆڤ لەجەستە و دڵ پێک دێت، دەڵێ مەبەست لەدڵ ڕاستی ئەو ڕۆحەیە کە شوێنی ناسینی خودایە''، کەدەکرێت بەشێکی گرنگی دابڕانەکەی بۆ پاککردنەوەی دەروون و وەرگرتنی ڕاستی ئاینێک بێت کە هاوتا و تەریب بێت لەگەڵ ژیری.(الغزالي: المنقذ، ص١٨٨).

(٤) نووسەری کتێبی(الدين والتعليم)پێی وایە غەزالی فەیلەسوفی تەواوەتی نەبوو، چونکە نەیتوانی پشت بە گفتوگۆ مەنتیقییەکان دوور لە ڕاستییە ئیمانییەکان ببەستێت، هەروەک سۆفییەکی تەواوەتی نەبوو، چونکە نەیتوانی پشت بە تێڕوانینی ڕووناکی بەخش بۆ دۆزینەوەکان بەبێ گەیشتن بە ژیری(العقل) ببەستێت، بەڵکو لەو نێوەندەدا ئامانجی بوو ئاوێتەیەک لە ژیری و ڕۆحی پەیام بەخش دروستبکات، هەربۆیە ئەمەی وەک ڕەخنەیەک بۆ ئەو زانایە خستوەتە ڕوو .(یونج، ص٥٤٤).

(٥) غەزالی پێناسەی کورتی باتنیکان دەکات، بانگەشەی ئەوە دەکەن خوازیارانی زانستن، تایبەتمەندن بە لێوەرگرتن لە پێشەوای بێ گوناهـ(الإمام المعصوم).(الغزالي: المنقذ، ص١١٧).

فەلسەفەیانی بە مەبەست و ئامانجی داناوە، چونکە پێی وابووە بنەڕەتی مەزهەبەکەیان لەسەر پوچکردنەوەی بیروڕای بەرامبەر و تێکدانی ژیریی و بانگەشەی خەڵکی بۆ فێربوون لە ئیمامی بێ گوناهەوە ڕاوەستاوە، نەیانزانیوە زانست تەنها لەڕێگای فێربوونەوە دەست دەکەوێت.[١]

(١) ابن الجوزي: تلبيس إبليس، ص٩٥.

## تەوەری چوارەم

## هەڵوێستی شیعە(ئیسماعیلی و باتنیی) بەرامبەر (الغزالي)

کاریگەریی هزری (الغزالي) لەبواری وەڵامدانەوە لەسەر باتنییەکان بەهێزبوو، بەتایبەت لەدوای کتێبەکەی (المستظهرية) بوو بەهۆی گەمارۆدانی هزری شیعە و پاشەکشەیان، لەبەرامبەردا شیعە لە زۆرێک لەو بوارانەی (الغزالي) ڕووی ڕەخنەی ئاڕاستەکردبوون وەک فیقهـ و فەلسەفە و عیرفان کە ناوەندی بانگەشەی (الاسماعيليون) بوون، کەوتنە بەرگری و وەڵامدانەوەی (الغزالي) و خوێندنگە نیزامییەکان، وەڵامی ئەو تۆمەتانەی(فضائح)یان دەدایەوە، هەر لەنووسینی کتێبەکەی کە لە کەش و ژینگەیەکی سیاسی ئاڵۆزەوە باڵی بەسەر جیهانی ئیسلامی سوننەدا کێشابوو، مەبەستی شیعەکان لەکۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی دەیەمی زایینی گەشتنی دەوڵەتی فاتیمی بە لوتکەی گەشەکردن و ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی و تێپەڕکردنی سنوری دەسەڵاتی بۆ ناوجەرگەی دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسی بووە،[١] تاوەکو ڕۆڵی گرنگ و کاریگەریی (الاسماعيليون) لە بوونی وشیاری ئیسلامی بە لەبەرچاوگرتنی پێگەیان وەک کەمینەیەک،[٢] هەروەها سەردەمی غەزالییان بەئاوێنەی چاخێکی تاریک لەمێژووی ئیسلامی ناوزەد کردووە، سەردەمێک بووە بە ئاڵۆزی سیاسی و گێژاوی هزریی و کۆمەڵایەتی و دارمانی ڕۆحی جیاکراوەتەوە، (الغزالي) ئامادەی سەردەمی جەنگی بیروباوەڕەکان و ململانێی هزری و ڕەخنەیی گروپە جیاوازەکان لەیەکدی بووە،[٣] (الغزالي) خوی ئاماژە بەو ململانێ فیکری و ئاینییە جیاوازە دەکات، دەڵێت:''ئەگەر گەنجێکی کریستیانیت بدیایە هیچ گەشەو پەرەسەندنێکی بۆ جگە لە مەسیحیەت نەبوو، گەنجێکی جوولەکەش تەنها بۆ جولەکایەتی و مسوڵمانێک بۆ ئیسلام نەبێت ئارەزووی نەبوو''،[٤].[٥]

---

(١) علي بن وليد: دامغ الباطل وحتف المناضل، تح/ مصطفى غالب، مؤسسة عزالدين، بيروت، ١٩٨٢م، ج١، ص ص١٥-١٦.

(٢) شفيق ن. فيراني: صراع الإسماعيليون في العصور الوسطى، تر/ سيف الدين القصير، ط١، دار الساقي مع معهد الدراسات الإسماعيلي، بيروت، ٢٠١٤م، ص١٤؛ فتحي محمد: دور الامام الغزالي، ص٧٥٨.

(٣) طوطاو: المنهج النقدي، ص٤٠.

(٤) المنقذ، ص١١٠.

(٥) لێرەدا، غەزالی مەبەستی ئەو جۆرە خەڵکانەیە خوێندەوار نین و توانای فێربوونیان نیە، تواناکانیان هەست بەڕەخنە وەرناگرێت، هێندەی باوەڕی ئیمانی لەسەر خەڵکی پابەند بە ئایین دڵنیاییان بە لەسەر ڕاستی خۆیان و ناڕوایەتی بەرامبەریان هەیە، ئەو باوەڕەی لە منداڵیدا دەچێنرێت ڕەگێکی کوێری دەبێت.(یونج: الدين والتعليم، ص٥٤٣).

ستەم و لەناوبردنی بەکۆمەڵی ئیسماعیلی و باتنییەکان لە قەڵای ئەلەموت لە لایەن مەغۆلەکان و خۆشحاڵی جیهانی سوننە بەلەناوچوونی ئەو بنکە گرنگەی نیشتیمانی بەهێز و ناوەندی مسوڵمانی شیعە بوو، کە لەڕووی هزری و سیاسییەوە بەرەنگاری دەسەڵاتی فەرمانڕەوای دەکرد، چونکە لە ساڵی(٤٨٣ک/١٠٩٠ز) [١] حسن صباح توانی دەست بەسەر ئەو قەڵایەدا بگرێت،[٢] وەک پایتەختی شیعەی نزارییەکان[٣] و بووبوو بە بنکەیەکی سەرەکی و سەرەتایەکی نوێ بۆ چالاکی (الاسماعیلیون)، تێیدا توانایەکی باش و جوڵەیەکی ڕێکخراویان بۆ پاڵپشتی شیعە لەڕووی هزریی و سەربازییەوە ئاڕاستەی دەسەڵاتی خیلافەتی عەبباسی سوننی کردبوو،[٤] لەو ماوەیەدا (حسن صباح) بانگەوازکارێکی بەهێزی (الاسماعیلیون) بوو لە دەوروبەری دەیلەم و هەوڵی نوێبوونەوەی بانگەواز و چالاکییەکانی شیعەی لە ناوچەکانی فارس دەدا، ئەو هەوڵ و چالاکییانەی لە (نظام الملک)ی وەزیری سەلجوقی شاراوە نەبوون، وەزیریش ئەوانی بە نەیاری سەرسەختی خۆی و دەوڵەت لەقەڵەم دابوو،[٥] (نظام الملک) لەباسی گرووپی (الرافضة) لەژێر ڕۆشنایی فەرموودەی پەیامبەر(د.خ) [٦] ئاماژەیان پێدەکات:''نوێژی بەکۆمەڵ ناکەن، ئامادەی نوێژی هەینی نابن، نوێژی مردوو بەجێ ناهێنن، تانە لەپێشینە دەدەن(السلف)، شت زۆرە لەبارەیانەوە... بەڵام هێشتا باتنییەکان زۆر لەوان خراپترن،

---

(١) هەندێکی دیکە ئەو ساڵە پێشدەخەن بۆ نزیکەی ساڵی(٤٨٠ک/١٠٨٧ز).(فرهاد دفتري: الإسماعيليون، ص٥٣٣)، بەڵام(٤٨٠ک/١٠٨٧ز) سەرەتای دەستگرتنیان بوو بەسەر ئەو قەڵایەدا و لە سێ ساڵی پاشترو بەشێوازی ڕێکخراو چالاکیەکانیان دەستپێکرد.

(٢) استرویوا لودمیلا ولادیمیرونا: تاریخ اسماعیلیان در ایران(در سده های ٥-٧ هجری ١١-١٣ میلادی)، چ١، نشر اشارة، تهران، ١٣٧١هـ ش، ص٤٦.

(٣) لەدوای مردنی خەلیفەی هەشتەمی فاتیمی(المستنصر بالله ٤٨٧ک/١٠٩٤ز) شیعەکان بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بەناوی(نزار بن المستنصر بالله) کەدواتر بە نزارییەکان ناسران و لەڕووی ژمارەوە لەبەشەکەی دیکە کەمتربوون، لەوپەڕی شام و قهوستان و ئەلەموت و ئێران و ئەفغان و جگە لەو جێگایانەش بڵاوبوونەوە، دەوڵەتەکەیان لەسەر دەستی هۆلاکۆ لەساڵی(٦٥٤ک/١٢٥٦ز)لەناوچوو، بەشی دووەمیان پێیان دەوترا(الإسماعيلية المستعلية او الإسماعيلية الطيبية او البهرة).(حسن بن نوح بن يوسف بن محمد بن ادم الهندي: منتخبات إسماعيلية، تح/ عادل العوا، الجامعة السورية، دمشق، ١٩٥٨م، بداية الكتب ليست مرقمة بل معدود بالحروف، ص ح-ط).

(٤) فيراني: صراع الإسماعيليون، ص١٨.

(٥) دفدتري: الإسماعيليون، ص٥٣٣.

(٦) (قال رسول الله صلى الله عليه وسلم:''يظهر في آخر الزمان قوم يسمون الرافضة يرفضون الإسلام'').(أحمد بن حنبل: مسند الإمام أحمد، ج٢، ص١٨٧، الرقم ٨٠٩؛ ابن حبان: المجروحين من المحدثين والضعفاء والمتروكين، تح/ محمود ابراهيم زايد، ط١، دار الوعي، حلب، ١٣٩٦هـ ج١، ص٢٥٠).

هەربۆیە هەل لەپێش هەموو دەسەڵاتدارێکدایە ئەوانە لەسەر ڕووی وڵاتەکەیان لاببەن و لەشەڕ و ئاژاوەیان بەدووربن''.[1]

لەڕاستیدا هەموو ئەوانەی پێچەوانەی دەوڵەتی سەلجوقی بوون نەیهێشتن و ئاڕاستەی زانایانی وڵاتیشی کرد بۆ بەرهەمهێنانی هزرو کۆمەڵە دەقێک بۆ خستنە نێو بازنەی بێباوەڕکردنی بەرامبەرەوە، سەرەتا لە ڕووی بیرو هزرەوە و پاشان بە کردەیی گرووپی هاوشێوەی باتنییەکان بەرەو لەنێوچوون بەرن و کاریگەرییان لەسەر جیهانی ئیسلامی نەمێنێت.[2]

(الجويني) هاوسەفەر و مێژوونووسی هۆلاکۆ دەڵێت:''(حسن صباح) ئەوپەڕی هەوڵی دەدا بۆ هێنانە ژێرباری قەڵای ئەلەموت لەناوچەکانی دەوروبەرو سنوری ئەو ناوچەیە، هەرکەسیش فریوی بانگەشەکەی ئەوی نەخواردایە بە وێرانکردن، کوشتن، خوێن ڕشتن بەسەریدا زاڵ دەبوو''،[3] بەپێچەوانەوە شیعە هۆکاری هاوسۆزی و بەشداری خەڵکی دەوروبەری قەڵاکە و ناوچەکە بەگشتی لە شۆڕش و بانگەوازەکەدا بە هۆکاری کۆمەڵایەتی، ئابووریی و سیاسی جۆراوجۆرەوە کە پەیوەستبوون بە ستەمی دەسەڵاتی سەلجوقییەوە دەبەستنەوە،[4] هەروەها ئاماژە بە کاری توندوتیژ و کوشت و بڕی سەلجوقییەکان دژبە ئیسماعیلییەکان دەکەن، بەهەڵگری سیاسەتی دوژمنکارانەی دژ بە ئیسماعیلییەکان ناویان دەبەن، بەتایبەت سەلجوقییەکان سوێندیانخواردووە ئیسماعیلییەکان ڕیشەکێش بکەن، بە هۆکاری ئەوەی ئەوان (سەلجوقییەکان) پاڵەوانی نوێی جیهانی ئیسلام و مەزهەبی سوننەن، لەژێر دروشمی(شۆڕشی حەسەن گوزارشت لە نەتەوەگەریی فارسی دەکات)،[5] لەبەرئەوە سەلجوقییەکان بە چاوبڕین لە زەویە ئێرانییەکان و ئارەزووی داگیرکاریی لە ناوچەکانیان تاوانبار دەکەن، هەربۆیە ئاژاوەو وێرانکارییەکی زۆر لەو ناوچانەدا لەسەردەستی تورکەکان ڕوویداوە، کاتێکیش هۆلاکۆ (٦٥٤ک/١٢٥٦ز) [6] هێرشی کردەسەر زەوی و ناوچەی ئیسماعیلییەکان فرمانی بە کوشتنی هەموویان کرد.[7]

---

(١) نظام الملك: سيرالملوك، ص٢٠١.

(٢) الديري: نصوص متوحشة، ص٤٠.

(٣) تاريخ فاتح العالم، ص١٧٩.

(٤) دفتري: الإسماعيليون، ص٥٣٨.

(٥) دفتري: الإسماعيليون، ص٥٣٦.

(٦) الهندي: منتخبات اسماعيليه، ص ح.

(٧) فيراني: صراع البقاء، ص١٩.

بەو جۆرە (نظام الملک)ی وەزیر لەڕێگەی دەزگاکانی دەوڵەتەوە، کە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی خوێندنگە نیزامییەکان بووە جارێکی دیکە هزر و سیاسەتی دەوڵەتی دارشتەوە، واتە مەزهەبی سوننەی لەسەر هێڵەگشتییەکەی دەوڵەت بەرێخست و هەمووانی پێوە پەیوەستکرد، ڕایگەیاند بنەمای درووست ئەوەیە، ئەشعەری میراتگریەتی و جگە لەو، پوچ و گومڕاییە.[١]

(١) الديري: نصوص متوحشة، ص٤٦.

## باسی سێیەم

# ڕۆڵ و کاریگەریی خوێندنگە نیزامییەکان لە نێو کۆمەڵگە و دەسەڵات

## تەوەری یەکەم

## ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە نێو دەسەڵاتدا

دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان لەشارە ئیسلامییە جیاوازەکانی ئەوسەردەمە و دابینکردنی لایەنی ئابووریی و بژێوی مامۆستا[١]و داواکارییەکانیان و دانانی بەرنامە و وانەی خوێندنیان لەسەر بیروباوەڕی مەزهەبێکی دیاریکراو، سەرچاوەی لە بیری وەزیر و ئەویش بۆچوون و هزری خۆی لەسەرچاوەی بیر و هزری دەوڵەتەوە وەرگرتبوو،[٢] ئامانجی ڕوون و دیاریان سەپاندنی فەرهەنگی فەرمی دەوڵەت بوو بەڕووی شیعە نەیارەکانیان بەگشتی و ئیسماعیلی و باتنییەکان بەتایبەتی، هەوڵەکانیان بۆ پیادەکردنی مەزهەبی فەرمی دەوڵەت[٣]و تایبەتمەندیەکانی بوو، ئەوەش لەڕێگەی باشترینی زانایانی سەردەم و دروستکردنی نەوەیەک لە خوێندکار کە کار لەسەر بەڕوودا وەستانەوەی تەواوی هزرە جیاوازەکانی جگە لە هزری سوننە بکات،[٤] لەبەرئەوە زانایان هەستان بە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی سوننە و ڕۆڵێکی گەورەیان لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئەو خوێندنگایانەدا گێڕا.[٥]

پێشتر زانیمان خوێندنگە نیزامییەکان گەشەکردنیان لەسەردەمێک بووە، کە بیروبۆچوونە جیاواز و هزرە جۆراوجۆرەکان بڵاو و جۆراوجۆربوون، کاریگەریی گەورەیان لەسەر ڕای خەڵک بەگشتی و

---

(١) لەبەرامبەر دابینکردنی بژێوی و دەسهاتی مانگانە بۆ مامۆستا و زانایانی خوێندنگە نیزامییەکان، ڕەخنەی ئەوەیان لێگرتووە بابەتەکە گەیاندنی زانست و زانیاری لەڕێی خودا، بووە بە پیشەیەک و هەندێک لە زانایان پلە و پێگە و خۆشگوزەرانی دونیای پێ بەدەستدەهێنن.(عبدالهادی: نظام الملک، ص٤٠٤)

(٢) نظام الملک: سیر، ص٢٢-٢٣.

(٣) مەزهەبی فەرمی دەوڵەت سوننی بوو، لەکاتێکدا زۆربەی سەلجوقییەکان و تەنانەت سوڵتانی سەلجوقیش سەرمەزهەبی حەنەفییان هەڵگرتبوو، بەڵام (نظام الملک)ی وەزیر سوننەی شافیعی مەزهەب و ڕێبازی ئەشعەری هەڵگرتبوو، بەهۆی بەهێزی دەسەڵات و زۆری توانای خۆیەوە خوێندنگە نیزامییەکان لەسەر ئامانج و پلانەکانی ئەو کە بەرجەستەی بیرو هزری ئەویان لەسەر هەمان مەزهەب و ڕێچکە گرتبووە بەر کاریان دەکرد.(حسین امین: تاریخ العراق، ق٢، ص٥٧).

(٤) قنیفي: مدارس التعلیم ، ص٦٣.

(٥) مقلیه: دور العلماء في الحیاة العامة، ص١٣٤.

بیریاران بەتایبەت هەبووە،[١] کاریگەریی و لێکەوتەکانی لەسەر زانایان و و خەڵکی بەگشتی، هەمان کاریگەریی ڕۆشنبیری ئیسلامی بووە کە ئەو خوێندنگایانە دایانڕشتبوو، ئەویش خزمەتکردن بەئەهلی سوننە و جەماعە بوو،[٢] بۆ نموونە (الغزالي) لەپەیوەندی زانایان بەدەسەڵات و لەڕێگای ئەوانیشەوە گەیاندنی ئەو پەیوەندیە بەخەڵک و دروستکردنی کاریگەریی لەسەریان دەڵێت:''زانایان پزیشکن، دەسەڵاتداران خاوەن هێزن لە نەخۆشخانەکاندا، هەرنەخۆشێک دەرمان و چارەسەر وەرنەگرێت ڕادەستی دەسەڵات دەکرێت، ئەو ڕەفتاری لەگەڵ دەکات، هەروەک چۆن نەخۆشێک شێتی زاڵ ببێت بەسەریدا کۆت و بەند دەکرێت، بەو جۆرە شەڕی خۆی لە دەروونی خۆی و خەڵکی دوور دەخرێتەوە''،[٣] ئەمەش کاریگەریی خوێندنگەکان لەسەر زانایان و کاریگەریی ئەوان لەسەر دەسەڵات و بەپێچەوانەوە دەخاتەڕوو.

لێرەوە بە چنینەوەی دەستکەوتە هزرییەکانی خوێندنگە نیزامییەکان، دەکرێت زیاتر سەرنج بخرێتە سەرخوێندنگەی نیزامییەی بەغداد، چونکە بەناوبانگترینی خوێندنگە نیزامییەکان و فراوانترینیان بووە، بەهۆی گرنگی شوێن و پێگەی هەروەک لە پێشتردا ئاماژەی پێکراوە زۆربەی زانایان ئارەزووی وانە وتنەوەیان تێداکردووە،[٤] توانایەکی باشی دارایی و ڕۆحی(مەعنەوی) خرابووە خزمەتییەوە بەراورد بە خوێندنگەکانی دیکەی سەر بەدەسەڵاتی سەلجوقی، مامۆستاکانیشی لەزانا پایەبەرزەکانی جیهانی ئیسلامی بوون،[٥] ئەوانەشی لەسەردەستیان دەردەچوون لە دواتردا ڕابەرایەتی بزوتنەوە هزرییە سوننییەکانیان لەهەرێمەجیاوازەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا دەکرد.

هەر بۆیە نیزامییەی بەغداد لەوانی دیکە زیاتر بەرهەمی لەو بوارانەدا هەبووە، لەلایەکی دیکەوە، خوێندنگە نیزامییەکان ماوەیەکی زۆر بەردەوامییان هەبوو، بەتایبەت نیزامییەی بەغداد نزیکەی

---

(١) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٥٦.

(٢) مقليه: دور العلماء، ص١٣٤.

(٣) إحياء علوم الدين، ج٤، ص٥١.

(٤) السبكي: طبقات، ج٦، ص٢٠٥؛ حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٥٨.

(٥) عبدالهادی: نظام الملک، ص٣٧٤؛ ميسون: اثر المدرسة النظامية، ص٦٧.

چوارسەدە تەمەنی بووە، تاوەکو سەدەی نۆیەمی کۆچی چواردەیەمی زایینی بەردەوام بووە،[١] فەیروز ئابادی خاوەنی (قاموس المحيط) کۆتا مامۆستایە وانەی تێدا وتۆتەوە.[٢]

نیزامییەکانی دیکە وردە وردە و بەشێوەیەکی پلەبەندی بەرەو نەمان و ئاوابوون ڕۆشتوون لەماوەی سەدەی شەشەمی کۆچی دوازدەیەمی زایینی، چونکە لەدوای لێکهەڵوەشانی سەلجوقییەکان، جەنگ و ئاژاوە وڵاتی فارس و خوراسانی گرتبۆوە،[٣] بەڵام ئەوە نەبێ کاریگەرییان لەسەر خەڵک و کۆمەڵگەی ئیسلامی نەبووبێت، چونکە وەزیر لەڕێگای ئەو خوێندنگایانەوە بەگشتی توانی یەکێتی هزر و بیروباوەڕ درووستبکات و بیانخاتە خزمەتی دەسەڵاتەوە،[٤] شار و ناوچەیەکی وەک موسڵ ئاسانترین و باشترین جێگەبووە بۆ بڵاوکردنەوە و پاڵپشتیکردنی مەزهەبی سوننە، هەربۆیە (نظام الملك) لەڕێگای خوێندنگە نیزامییەکانەوە گرنگییەکی زۆری بەو ناوچانە داوە و چالاکییان تێیدا هەبووە، تاوەکو ئەو سروشتە سوننییەی هەیبووە پارێزگاری لێبکات بەرامبەر هزری شیعەگەرایی و بمێنێتەوە.[٥]

ئەنجامێکی دیکە پێگەیاندنی نەوەیەک لە زانایانی سوننەی شافیعی مەزهەب، کە دەمارگیری مەزهەبێکی دیاریکراووبوون، (نظام الملك) سوربوو لەسەر سەرنج ڕاکێشانی ئەوانەی بەتوانابوون لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەکۆڕ و دیدار و وانەوتنەوە، ڕۆڵێکی گەورەیان لە چوارچێوەی خزمەت بە ئامانجی خوێندنگە نیزامییەکان لەسەردەمی سەلجوقییەکان و دواتر گێڕاوە، کاریگەریی گەورەیان لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا هەبووە،[٦] دەسەڵاتی سەلجوقیش دەیزانی هیچ دوانگەیەکی دیکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتی شیعە هێندەی توانای زانایان و خودی زانست گرنگ نیە، کە بتوانێت

---

(١) الشلبي: تاريخ التربية الإسلامية، ص٢٣٦.

(٢) ئیمامی زمانەوانی بەناوبانگ(أبو طاهر مجد الدين محمد بن يعقوب بن محمد بن إبراهيم بن عمر الشيرازي الفيروز أبادي) (٧٢٩-٨١٧هـ/١٣٢٨-١٤١٤م)لە کارژین ی وڵاتی فارس لەدایک بووە، توانایەکی باشی لە زمانەوانی و وێژەدا هەبووە، لەنیزامییەی بەغداد و لای زانایانی سەردەمی خۆی خوێندوویەتی، لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە ڕێزێکی زۆری لێگیراوە بەوێنەی٠(شاه شجاع خاوەندی تەبریز).(محمد بن يعقوب الفيروز ابادي: القاموس المحيط، تح/ مكتب تحقيق التراث في مؤسسة الرسالة، ط٦، مؤسسة الرسالة، بيروت، ١٩٨٨م، ص ص٩-١٢).

(٣) الشلبي: تاريخ التربية الإسلامية، ص٢٣٦.

(٤) الديري: نصوص متوحشة، ص٤٢.

(٥) قنيفي: مدارس التعليم، ص١١٧.

(٦) الديري: نصوص متوحشة، ص٤٤.

هزری خەڵکی بۆخۆی کەمەندکێشبکات،[١] وەزیریش گرنگی زانستی لەڕووبەڕووبوونەوەی هزری نەیارەکانی کە شیعەبوون دەزانی، لەوبارەوە لەسیاسەتنامەکەیدا پێویستی دەسەڵاتداران بەگوێگرتن لە ئامۆژگاری زانایان لە هەفتەیەکدا بە دووجار دەخاتەڕوو.[٢]

بەهۆی کاریگەریی دەوڵەت و سیاسەتی ڕاستەوخۆی دەسەڵات لەسەر خوێندنگە نیزامییەکان ژمارەیەکی زۆری لە فەرمانبەر و کاربەدەست لە نێو دام و دەزگای دەوڵەتەدا بوونیان هەبووە، بەتایبەت فەرمانگەی دادوەریی[٣] و (الحسبة) ([٤] کە لەو سەردەمەدا گرنگترین دامەزراوەکانی دەوڵەت بوون، لەڕێگای ئەو دامەزراوانەوە و بە ڕاوێژی خواجەی وەزیر سیاسەتی دەوڵەت و سوڵتانی لەسەر بنەمای گومانکردن داڕشتبوو، هەربۆیە پێویستی کردبوو کە خۆی ڕاستەوخۆ و بێ سەرپشککردنی هیچ کەسێک چاودێری هەمووشوێنێک بکات، تاوەکو دڵنیابێ و هیچ کەس نەتوانێت پیلانگێڕیی دژی دەوڵەت ئەنجام بدات.[٥]

ئەو زانا و فەرمانبەرە دەرچووانە بەجیهانی ئیسلامیدا بڵاوبوونەوەبۆ پاڵپشتی پەیڕەوانی سوننە و سنوری شیعەی باتنی و ئیسماعیلییان تێپەڕکرد، گەیشتن بەو جێگایانە و وانەوتنەوە و کارکردنیان لە

(١) الشلبي: تاريخ التربية الإسلامية، ص٩٩.

(٢) نظام الملك: سيرالملوک، ص٩٧.

(٣) دادوەری لەلایەن زانایانی ئیسلامییەوەبە جۆراوجۆری پێناسەکانیانەوە بریتیەلە: جیاکردنەوەی ناکۆکی لەنێوان دووڕکابەر یاخود زیاتر بەفەرمانی خودا.(البجيرمي: تحفة الحبيب على شرح الخطيب، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٥م، ج٤، ص٣٧٨؛ بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە )دادوەری لەسەردەمەجیاوازە ئیسلامییەکاندا(بڕوانە: )رحيم كاظم: الحضارة العربية، ص ص٥٥-٦٦).

(٤) (الحسبة) لە ئیسلامدا بە ئەرکە ئاینیەکان دەژمێردرێت، چونکە فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە دەکات، (المحتسب) ئەو کەسە بووە فەرمانەکەی بەئەنجام گەیاندووە، ئەرکی ڕێگری کردن بووە لە خراپەو تاوان، موچەی لە(بيت المال) وەرگرتووە.(رابح اولاد ضياف: محاضرات في تاريخ النظم الإسلامية(مذكرة بيداغوجية موجهة لطلبة السنة الأولى ماجستير تاريخ وسيط)، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم التأريخ، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة، الجزائر، (٢٠١٥-٢٠١٦م)، ص٤٠). (نظام الملك) بە پێویستی زانیوە (محتسب) لە هەموو شارێک دابمەزرێت، کارەکەشی چاودێریکردنی کێشانە و نرخ و زانینی کڕین و فرۆش بێت، هەروەها چاودێری ئەو کاڵایانەی لەدەرەوە دێن و لەبازارەکاندا دەفرۆشرێن، وە فەرمان بە چاکە و ڕێگربن لە خراپە.(نظام الملك: سيرالملوک، ص٨٢؛ رحيم كاظم: الحضارة العربية، ص ص٦٧-٧١؛ عبد العزيز بن محمد بن مرشد: نظام الحسبة في الاسلام(دراسة مقارنة)، المعهد العالي للقضاء، الدراسات العليا، جامعة الامام محمد بن سعود الاسلامية، (١٣٩٢-١٣٩٣هـ) ، ص١٢).

(٥) نظام الملك: سيرالملوک، ص١١٢.

دامەزراوەی دەوڵەتدا یەکێک بوو لەنەخشەو ئامانجەکانی وەزیری سەلجوقی بۆ خوێندنگە نیزامییەکان، کە پێی وابوو پیاوانی دەوڵەت و فەرمانبەرانی دام و دەزگا کارگێڕییەکان پێویستە لە لایەن سوڵتانەوە دیاری بکرێن و نابێت لە ئایینەکانی جولەکە و مەسیحی و گروپە شیعە جیاوازەکانیش بن، هەرچەندە پێی وابووە ئەگەر فەرمانبەرێکی مسوڵمانی سوننی مەزهەبیش لەکارەکەیدا شیاو نەبوو پێویستە سزای توند بدرێت و لە کارەکەی دووربخرێتەوە.[1] وەزیر پێی وابووە ئەو زانا و فەرمانبەرانە گەیشتنیان بە هەرێمە جیاوازەکان بۆ جیاکردنەوە و ڕیشەکێشکردنی شەڕ و ئاژاوە و گەندەڵی بووە،[2]

(نظام الملک)ی وەزیر خۆی داڕێژەری ئامانجی نیزامییەکان بووە، هەربۆیە پێی وابووە شیعە یاخود(الرافضة) [3] و ئیسماعیلی و باتنی لەڕووی ئاینی وسیاسییەوە دوژمنی دەوڵەت و مەزهەبی سەرەکی دەوڵەتن،[4] هیچ ڕێگایەک بۆ ئاگربەس لەو نێوەندەدا نیە، جگە لەڕووبەڕووبوونەوەی هزری لەگەڵیاندا.[5]

---

(١) نظام الملك: سيرالملوک، ص٢٠٨؛ عبد الهادي: نظام الملک،ص٤٣٠.

(٢) نظام الملك: سيرالملوک، ص٩٧.

(٣) بە(الروافض) ناوبراوون، چونکە(زيد بن علي بن الحسين بن علي بن أبي طالب) دژی (هشام بن عبدالملك) دەرچوو(هەڵگەڕایەوە) سەربازەکانی هیشام تانەیان لێ داوە لەسەرئەوەی بەرگری لەئەبوبەکر نەکردبوو، زەیدیش ویستوویەتی ڕێگریان لەو کارە لێبکات ئەوان ڕەتیانکردۆتەوە، تەنها دووسەد سەربازی لەگەڵ ماوەتەوە پێی وتوون:''(زيد بن علي) ڕەتانکردمەوە؟'' وتیان:'' بەڵێ''، ئیتر ئەو ناوەیان بەسەردا براوە، چوار گروپن(الزيدية، الإمامية، الكيسانية و الرافضة).(الرازي: اعتقادات فرق المسلمين والمشركين، تح/ علي سامي النشار، دار الكتب العلمية، بيروت،١٩٨٢م، ص٥٢).

(٤) نظام الملك: سيرالملوک، ص٢٢٧.

(٥) الديري: نصوص متوحشة، ص٤٦.

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵی خوێندنگە نیزامییەکان لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامییدا

بە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سوننە و بەڕێوەبردنی دادگا و دروستکردنی زانا و موفتی لەلایەن نیزامییەکانەوە جارێکی دیکە بەشداربوون لە دووبارە ڕۆڵگێڕانەوەی مەزهەبی سوننە لەژیانی مسوڵمانانندا،[1] بڵاوبوونەوەی ئەو شێوازەی خوێندن، کە دەسەڵات چاودێریی کردووە، وێڕای لایەنی گرنگی پەروەردەییەکەی و پێگەیاندنی ئەو ژمارە لەزانایانی وەک (الغزالي) و سوهرەوەردی...هتد، بەڵام بوونی هەستی تاکمەزهەبی و دیاریکردنی بەشێک لە کۆمەڵگە بۆ سوود بینین و کردنەوەی جێگای خوێندن و وانەوتنەوە تەنها بۆ ئەو چینە، نەبووە هۆی گەشەکردنێکی گەورەتر و فراوان بۆ تەواوی کۆمەڵگەی ئیسلامی لەو کاتەدا، ئەمەش جۆرێک لە هزری دیاریکراوی بەرهەمهێنا، کە بەشێک لەوانەی لەو خوێندنگایانە پێگەشتن هەر زوو لە بیرکردنەوەدا بە بنبەست گەشتن و جگە لە هزر و مەزهەبی خۆی بە هیچی دیکە ڕازی نەدەبوون،[2] ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە و وتار مایەوە و تاوکو هەنوکە بەردەوامی هەیە.[3]

تەنانەت لەنێو خودی مەزهەبی سوننەدا کەسێکی وەک(محمد البروي) ([4]) وانەی لەخوێندنگەی نیزامییە وتۆتەوە و لەهەوڵی سەرخستنی ڕێبازی ئەشعەریدا سەرزەنشتی حەنبەلییەکانی کردووە، وتویەتی:"ئەگەر فەرمان بەدەست من بوایە سەرانەم لەسەر دادەنان"،[5] ئەمە لەو جۆرە کاریگەرییانەن کە لەسەر زانایان و ئەوانەی لەو خوێندنگا سوننیانەدا خوێندوویانە و وانەیانەن وتۆتەوە و ڕۆڵ و کاریگەرییان لەنێو کۆمەڵگە بڵاودەبووەوە و لێکەوتەکانیان بەڕوونی دەبوونە پاشماوە و ڕەنگیان لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا دەدایەوە، سەپاندنی تێڕوانینەکانی دەسەڵات و

---

(١) قنيفي: مدارس التعليم، ص٩٤.

(٢) مقدمة يوسف حسين بكار، لسيرالملوك، ص٢٣.

(٣) الديري: نصوص متوحشة، ص٤٥.

(٤) (أبو منصور بن عبد الله البروي الفقيه الشافعي)، ڕۆژی سێشەممە پازدەی(ذي القعدة) ساڵی(٥١٦ك/١١٢٢ز) لە (طوس) لەدایکبووە، لە ڕەمەزانی(٥٦٧ك/١١٧١ز) لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە، کەسێکی ئاماژە پێکراوو بووە لەبواری فیقهـ و زانستی کەلام و ئامۆژگاری، بەڕێوەبەری خوێندنگەی(البهائیە)ی نزیک لە نیزامییەی وەرگرتووە و هەموو ڕۆژێک چەند وانەیەکی تێدا وتووەتەوە، لە نیزامییەش ئامۆژگاری پێشکەش دەکرد، خەڵکی گشتی و تایبەتیش ئامادەی کۆڕەکانی دەبوون.(ابن خلكان: وفيات، ج٤، ص ص٢٢٥-٢٢٦).

(٥) سبط ابن الجوزي: مراة الزمان، ج٢١، ص١٨٤.

بەرجەستەکردنی لەڕێگای هێزەوە و بڵاوکردنەوەی هزری ڕەتکردنەوەی بەرامبەر تاڕادەی گەیشتن بە دووبەرەکی پێکهاتە مەزهەبییەکان لەو سەردەمەدا کەسەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەن.

(أبا يوسف القزويني المعتزلي) (ت ٤٨٨ک/١٠٩٥ز) ڕۆژێک ڕۆشتوەتە لای (نظام الملک)ی وەزیر کە دووپیاوی لەگەڵ بوون، یەکێکیان حەنبەلی و ئەوی دیکە ئەشعەری بووە، بەگاڵتەئامێزییەوە، وتویان:''سەرۆک وەزیران دەزانیت سەرانی ئەهلی ئاگر لەلات کۆبوونەتەوە؟ وتی''چۆن''؟ وتویان''(المعتزيلة)یەک، گومانلێکراوێک و ئەشعەرییەک لاتن، کە هەموومان، یەکتر بێ بڕواو (کافر)دەکەین''.[١]

لەلایەکی دیکەوە پرۆژەی خوێندنگاکان بوونە ناوەند و جێگەی سەرنجی زۆرلایەن و شوێنەواریان لەنووسین و گێڕانەوە شیعرییەکاندا بەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی دەرکەوتن، هەروەها بوون بە نموونە و بنەمایەک بۆ ئەوانەی دواتر ململانێیان بوو لەسەر کردنەوەی ئەو جۆرەی خوێندنگە، بۆ دەستکەوتنی پاداشتی ڕۆژی دوایی یاخود بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتییان، بەشێکی زۆریشیان ململانێ بوو لەگەڵ (نظام الملک).[٢]

یەکەم خوێندنگەی هاوشێوەی نیزامییەکان دامەزرا، خوێندنگەی (أبی سعيد المستوفی) بوو، لە لایەن (أبوسعيد المستوفی) ناسراو بە (شرف الملک)ەوە لە (باب الطاق) لە بەغداد، لەتەنیشت گۆڕی (أبی حنيفة) لە ساڵی(٤٥٩ک/١٠٦٦ز)دامەزرا، قوبەیەکیشی لەسەر گۆڕی (ابي حنيفة) درووستکرد،[٣] چونکە خۆی کەسێکی حەنەفی مەزهەب بوو، پاشان خوێندنگەیەکی لە شاری (مرو) دامەزراند.[٤]

دواتر لە ساڵی(٤٨٥ک/١٠٩٢ز) خوێندنگەیەکی دیکە بەهۆی ململانێی نیزامییەی بەغدادەوە[٥] و بۆ شوێنگرتنەوەی ئەو، خوێندنگەی(التاجية) [٦] لەلایەن(تاج الملوک أبو الغنائم) [٧] ەوە دامەزرا، لەکاتی هاتنی بۆ بەغداد لەگەڵ سوڵتان (ملک شا) و بوونی بە وەزیر لەدوای (نظام الملک).[٨]

---

(١) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٧، ص٢٢.

(٢) ذبيح الله صفا: تاريخ ادبيات در ايران، چ١، انتشارات فردوس، تهران، ١٣٤٩هـ ش، ج٢، ص٢٣٩.

(٣) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص١٢؛ الأصفهاني: دولة ال سلجوق، ص٣١.

(٤) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٧، ص٧٢.

(٥) نظام الملک: سيرالملوک، ص٢٢.

(٦) ناجی معروف: نشأة المدارس المستقلة، ص٢٠.

(٧) ابن الجوزي: المنتظم، ج١٦، ص٢٨١.

(٨) ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦، ص١٣٣.

پاشان نورەدین مەحمودی زەنگی[١] یەکەم کەس بوو کە خوێندنگەی لە دیمەشق کردەوە،[٢] بەهەمان شێوەی سەلجوقییەکان دەسەڵاتدارە زەنگیەکانیش کاریان لەسەر سیاسەتی ئەوان بۆ دامەزراندنی خوێندنگە و خانەقاکان کردووە، لەتەواووی هەرێمەکانی ژێردەستی خۆیاندا،[٣] وەک تەواوکارییەک بوو بۆ پرۆژەی سەلجوقییەکان، لەسەر زەنگییەکان ئاسان بوو ئەو بەرنامە و پلانەی سەلجوقییەکان کە دەستیان پێکردبوو تەواوکەن.[٤]

(نور الدين محمود) شانبەشانی هەوڵەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵمەتی خاچ درووشمەکان بیری مەترسی شیعەکانیشی هەبووە، ئەویش هاوشێوەی (نظام الملک)ی وەزیر پیاوێکی خوێندەوار و زانستخوازبووە، چۆن لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، بەو جۆرەش لەڕووی زانستی و هزرییەوە هەمان کاری کردووە، وڵاتی شام گۆڕەپانی بنەڕەتی هەوڵە زانستییەکانی ئەو بووە، لەوپێناوەدا دامەزراوەی زۆری وەک مزگەوت و (الربط) و خوێندنگەی بۆ بەرەنگاریی و نەهێشتنی گروپە جۆراوجۆرەکان و لەنێویشیاندا شیعە دامەزراندووە،[٥]

وێڕای ئامادەیی بەرچاوی گروپە شیعییەکان لە وڵاتی شام لەو کاتەدا، کە شانبەشانی چالاکی ئەوان سوننەکانیش چالاکی زانستی فراوانیان لە سایەی زەنگییەکاندا هەبووە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گرنگیدانی زەنگییەکان بە ژیانی زانستی و بەگەڕخستنی هەموو هەوڵێکیان بۆ لێدانی هزری شیعەی باتنیی، دووریش نییە زەنگییەکان بەهۆی کاریگەریی خوێندنگە نیزامییەکانەوە ئەو کارانەیان کردووە.[٦]

جیاوازی نێوان ئەزموونی وەزیری سەلجوقی لەگەڵ (نور الدين) ئەوەیە ڕەوشی سیاسی (نظام الملک) لە ڕووبەرێکی فراوانی وەک دەسەڵاتی سەلجوقی پێویست بوو ڕووبەڕووی هزری شیعە

---

(١) (نور الدين محمود بن عماد الدين زنكي التركي، أبو القاسم محمود ابن الأتابک قسيم الدولة أبي سعيد زنكي ابن الأمير الكبير آقسنقر التركي، السلطاني، الملكشاهي)، دەسەڵاتداری شام، لە ساڵی(٥١١ک/١١١٧ز) لەدایک بووە، ساڵی (٥٦٩ک/١١٧٣ز)مردووە.(الذهبي: سيراعلام، ج٢٠، ص٥٣١).

(٢) شلبي: تاريخ التربية الاسلامية، ص١٠٢.

(٣) الذهبي: سيراعلام، ج٢٠، ص٥٣٢؛ قنيفي: مدارس التعليم، ص١١٩.

(٤) قنيفي: مدارس التعليم، ص١١٧.

(٥) تازي عائشة: الجهود العلمية لنور الدين محمود في مقاومة الوجود الشيعي ببلاد الشام، مجلة عصور الجديد، جامعة وهران، عد ٢٧، الجزائر، (٢٠١٧-٢٠١٨م)، مج ٧، ص١٢٦؛ قنيفي: مدارس التعليم، ص١٣٦.

(٦) تازي: الجهود العلمية، ص١٢٧.

ببێتەوە لەو ناوچە جوگرافییە بەرفراوانەدا کەبەنزیکەی هەموو ڕۆژهەلاتی ئیسلامی دەگرتەوە، بەلام نورەدین و ئەوانەی پاش ئەو بابەتی شیعەگەریی لەسنورێکی بەرتەسکتری وەک باکوری شام و میسر زیاتر تێپەڕنەبووبوو، هەربۆیە کاریگەرییەکانیشیان جیاوازکەوتنەوە، لەناوچە زەنگییەکان شیعە وردەوردە بەرەو کۆتایی دەڕۆشتن، بەپێچەوانەی ئەوانەوە سنوری نیزامییە، تەنها توانیان هزریی شیعە سنورداربکەن بەبێ کۆتاییپێهێنانی هەوڵ و تواناکانی گروپە شیعەکان.[١]

ئەنجام و کاریگەریی کۆبوونەوەی زانایانی خوێندنگە نیزامییەکان و ویستی دەسەلاتداران بۆ پاڵپشتی و بلاوکردنەوەی زیاتری مەزهەبی سوننە یەکێک بوو لەسیما دیارەکانی ژیانی هزری و زانستی سەردەمی ئەو خوێندنگایانە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی و هەوڵدان بۆ بچووکردنەوەی سنوری دەسەلات و هزری شیعەگەریی،[٢] کە وەک گرنگترین ئامانجی ئەو خوێندنگایانە تاڕادەیەکی زۆرسەرکەوتنیان بەدەستهێنا،[٣] هەروەها بنەماڵەی ئەیبوبییەکان دەستیانکرد بە دامەزراندنی ئەو جۆرە خوێندنگایانە لە میسرو شام، لەپێناو تەواوکردنی ئەو ڕێگایەی کە خوێندنگە نیزامییەکانی بۆ دامەزرابوون، کە لەڕوانگەی سوننەکانەوە کاری بۆ سەروەری ئیسلامی ڕاستەقینە دەکرد، بەتایبەت لەو ناوچانەی شوێن و پێگەی دەسەلاتی شیعەبوون لەو قۆناغەدا وەک (مصر وشام)،[٤] بەهەمان شێوە گرنگیدانی سوڵتان سەلاحەدین بەدامەزراندنی خوێندنگەکان ئامانج لێیان ڕووبەڕووبوونەوەی بیری فاتمییەکان و مەزهەبی شیعە و بلاوکردنەوەی مەزهەبی شافیعی بوو لە میسر.[٥]

لەگەڵ هەمووئەوانەدا خوێندنگە نیزامییەکان لەو سەردەمەدا لەباشترینی ئەو دەستکەوتانەبوون بەهۆیانەوە وشیاری مرۆڤ و خۆیەکلاکردنەوەی زۆرێک لەخەڵکی بەخوێندکار و مامۆستاو و زاناوە لەخۆگرت و چاکترینی ئامرازبوون بۆ بلاوکردنەوەی زانست لەو سەردەمەدا.[٦]

بزاڤی زانستی لەسەردەمی سەلجوقییەکان بەهەوڵی زۆری (نظام الملک)ی وەزیر بە دامەزراندنی خوێندنگە نیزامییەکان لەگەڵ ئەو خوێندنگایانەشدا بوونی (الربط) و مزگەوتەکان، کاریگەریی

---

(١) أبو الفتوح: التاريخ السياسي والفكري، ص ص٢٠٥-٢٠٦.

(٢) قنيفي: مدارس التعليم، ص١١٨؛ هيفاء: الوزير السلجوقي، ص١٤٥.

(٣) مقليه: دور العلماء، ص١٣٥.

(٤) أبو الفتوح: التاريخ السياسي والفكري، ص٢٠٣.

(٥) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٦٥.

(٦) عبد الهادى: نظام الملک، ص٤٠٥.

گەورەیان لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی هەبوو، بە بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خوێندکاران بە گشتی و زانایان بەتایبەتی، هەروەها زیادبوونی بزوتنەوەی نووسین و دانراوە جۆراوجۆرەکان.[١]

هەرچۆنێک بێت بایەخی ئەو خوێندنگە نیزامییانە دەگەڕێتەوە بۆ وەزیری سەلجوقی (نظام الملک)، لەبارەیەوە (الذهبي) دەڵێت:''کەعبەی شکۆ، سەرچاوەی چاکە بوو، دانیشتنەکانی پڕبوون لە زانا و پارێزکارانی قورئان، فەرمانی بە کردنەوەی خوێندنگەکان کردووە، ئارەزووی زانستی بۆ هەمووکەس هەبوو''،[٢] خاوەنی ڕێز و گەورەیی بووە، پێنووسی بەبڕشت و زمانی دادوەر و سپاردەی پاراستووە.[٣]

(١) حسين امين: تاريخ العراق، ق٢، ص٧٤.

(٢) تاريخ الاسلام، ج٣٣، ص ص١٤٢-١٤٣.

(٣) ابن العديم: بغية الطلب، ج٥، ص٢٤٨٢.

# ئەنجام

**لە کۆتایی توێژینەوەکەمان بەم چەند ئەنجامە گەشتووین:**

یەکەم: نەبوونی سیستمێکی دیاریکراو بۆ دەسەڵاتی پاش پەیامبەر(د.خ) و دەستنیشان نەکردنی کەسێک بۆ یەکلاکردنەوە و نەهێشتنی درووستبوونی ململانێ لە سەر وەرگرتنی دەسەڵات، کە لەسەرەتاو هەوێنی هاتنەکایەی هەردوو مەزهەبی سەرەکی ئیسلام بوون، پاشان لەڕێگەی ئەوان و لەنێو هەناویانەوە چەندین گروپ و بیری جیاواز لەدایکبوون و ئەو ململانێ دوور و درێژ و دابەشکارییە هزری و مەزهەبیەی لێکەوتەوە، کە ڕەنگیدایەوە لە تەواوی کایەکانی ژیان و هەمووشتێکی دابەشی دووبەرە و بگرە زیاتریش کردووە، هەریەک لەوانە ئەوی دیکەی پێ ناڕەوا و وەک دژ و ڕکابەر مامەڵەیان لەگەڵ کردوون.

دووەم: لە دوای دەستبەسەردا گرتنی دەسەڵاتی بەغداد لە لایەن بوەیهییەکان و زەوتکردنی دەسەڵاتی خەلیفە و بگرە سوکایەتی پێکردن و لەناوبردنیشیان، لەوە بەدوا بوەیهییەکان لە عێراقدا هۆکاری جوڵاندنی ململانێ و دەمارگیریی مەزهەبی بوون، بە هۆکاری هەوڵە جۆراوجۆرەکانیان بۆ شیعەگەرایی و سڵنەکردنەوە لە هیچ ئەگەر و ڕووداوێک، کە پاشتر گۆڕا بۆ ناکۆکی هزری و ململانێی خوێناوی، بە تایبەت لە سەردەمی شیعەی ئیسماعیلی و باتنی دا.

سێیەم: سەلجوقییەکانیش بەهەمان شێوە لەدوای سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر بەغداد دا لەسەر حسابی خیلافەتی لاواز و دەسەڵاتی بوەیهیی بێهێز، هەوڵی پیادەکردنی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەدا، لەو پێناوەدا جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بیزەنتەکان لە دەرەوە، پێویست بوو خیلافەت لە نقوم بوون ڕزگار بکەن، ئەو ڕەوشە جگە لەڕووە سەربازییەکەی، لایەنی هزریشی هەبوو کە دەبوو لەڕێگەی زیندوو کردنەوەی مەزهەبی سوننە لە شیعەی نەیارەکانیان بدەن، ئەویش لەڕێگەی وەزیری بەتوانایانەوە و لەوێشەوە بەهۆکاری خوێندنگە نیزامییەکان ئەو کارەیان کرد و تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون.

چوارەم: (نظام الملک) کە بۆماوەی سی ساڵ وەزیری دەسەڵاتی سەلجوقییەکان بوو، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەی لە داڕشتنی نەخشەی سیاسی دەوڵەتی سەلجوقی و خیلافەتی عەبباسیدا هەبووە، هێزێکی گشتی بە چوارچێوەی دەوڵەت و پێکەوەبەستنێکی باشی بە پایەکانی خیلافەتی عەبباسی بەخشی، توانی لەڕێگەی ئاڕاستەکردنی سیاسەتی ئەو دەسەڵاتەوە کاریگەریی سیاسی،

ئابووریی، کارگێڕیی و سەربازیی، لە هەموویان گرنگتر سیاسەتی پەروەردەیی گۆڕانکارییەکی گەورە و پاشماوەیەکی هەمیشەیی لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی لەو کاتەدا و پاشان لەسەر شارستانیەتی ئیسلامیی بۆ هەمیشەیی جێبێڵێت، لە نێو ئەو گۆڕانکارییانەشدا هۆکاری سەرهەڵدانی ئاگری ململانێ و هەوڵی سڕینەوەی گروپە جیاوازەکان لە مەزهەبی سەرەکی دەسەڵاتی سەلجوقی بوو، بەتایبەت شیعە و گروپەکانی(ئیسماعیلی و باتنییەکان).

پێنجەم: وێڕای بوونی ڕای جیاوازی مێژوونووسان لەسەر هەبوونی خوێندنگە لە جیهانی ئیسلامیدا، بەڵام بەشێک لە مێژوونووسان پێیان وایە، خوێندنگە نیزامییەکان بە کۆنترین و ڕێکخراوترین خوێندنگەی تایبەت لە چوارچێوە و جوگرافیایەکی دیاریکراودا دادەنێین، ئەو خوێندنگانە ئامانجە کارگێڕیی و ئاینییەکانی خۆیان تاڕادەیەکی زۆر بەدیهێنا، لە ئامانجی یەکەمدا ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری لێهاتووی خستە نێو دام و دەزگا دەوڵەتییەکان و لەوەی دووەمدا ژمارەیەکی زیاتر لە تەیار بەهزری ئەو خوێندنگایانەی ئاڕاستەی بیری نەیارەکانی لە شیعە و گروپە جیاوازەکانی کرد و سەرکەوتووش بوون لە بەجێهێنانی ئەرکەکەیاندا.

